# گـــــۆران

## لــه نێوان زێی بادینان و رووباری خـــازر

بابەتەکانی مێژوویی و کۆمەلایەتی و کەلتوری دەڤەری گۆرانەتی لە خۆدەگرێت

نووسین و ئامادەکـردنی

**یاسین حەسەن گـۆران**

هەرێمی کوردستان ـ قەزای بەردەڕەش

٢٧١٤ی کوردی ـــــــــــــ ١٤٣٥ی کۆچی ـــــــــــــ ٢٠١٤ ی زاینی

# پێشکێشە بە....

ـ هەموو ئەو سەرکردە کوردانەی ناوی خۆیان بەچاکە لە لاپەرەی مێژوو تۆمار کردووە.

ـ هەموو کوردێکی گیان لەسەر دەست و نەتەوە پەرست، ئەوانەی بڕوای بەمێژووی رابردوو و ئێستاو ئایندەی گەلەکەی خۆیان هەیەو تێنووی بابەتی مێژووینە.

ـ هەموو ئەو کەسانەی گەرەکیانە زانیاری لە سەر دەڤەری گۆرانەتی بزانن

ـ باب و باپیرانمان،دایك و داپیرانمان کە رووداوەکانیان دەکردە ساڵنامەی خۆیان.

ـ نەوەکانمان کاتی هەندێ زاراوەی مێژوویی دەبیستن لە گوێجکەیان دەزرینگیتەوە وەکو : ساڵی بەفری سۆر ، سەفەر بەلەك ، وەزنەو سێ لیرە ،گرانی گەورە ، ساڵی کلۆ پێکورە ، قات و قڕی ، ،ساڵی لافاوەکە،خوبزو هەوا، ساڵی رۆژگیران،حیشکە ساڵی...هتد.

ـ هەموو خزم و ناسیارو دۆست برادەران ،بە تایبەتی تەمەندارەکانی زانیاری مێژووییان پێمبەخشیوەو،ئەو کەسانەی هاوکاری منیان کردییە .

ـ یەکە یەکەی ئەندامی خێزانەکەم لەگەل رێزم

# پێرستی بابەتەکان



| بەش و لێدوانەکان | بابەتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| | پێشکێشە | |
| | پێشەکی | |
| **بەشی یەکەم** | ڕەگ و ریشەی مێژووی گۆران | |
| لێدوانی یەکەم | ئەسلیان ،بیروبۆچوونەکان ،زارگۆتنیان | |
| | تیرەو بەرەبابەکانی ئەسلی گۆران، وشەی گۆران گۆرانەتی و دەڤەری گۆرانەتی ، پێکەوە ژیان ، | |
| | دیالیکتی گۆران بەگشتی ،زار ئاخافتنی گۆران | |
| لێدوانی دووەم | دەشتی ناوکوڕ و ستراتیژیەتی دەشتی ناوکوڕ ، | |
| لێدوانی سێیەم | هێرشی میری سۆران، هۆیەکانی هێرشەکە | |
| | ڕێرەوی لەشکری نادر شاە | |
| لێدوانی چارەم | ئەسڵ و شوێنی ڕەشگەرییان ، پێناسەی چەند | |
| | گوندێك( زەنگەنان ،گۆمەزەرد،بەنێنان ،مۆریلان)، | |
| | هاتنی گێژ بۆ دەڤەری گۆرانەتی . | |
| لێدوانی پێنجەم | بۆت ، هاتنیان و بەرەبابی بۆتانیەکان . | |
| | شێخ بزێنی ، | |
| | هاتنی مامە سەنی بۆ دەڤەری گۆرانەتی | |
| **بەشی دووەم** | قەزای بەردەرەش . | |
| لێدوانی یەکەم | قەزای بەردەرەش . | |
| | شوێنی جوگرافیای قەزای بەردەرەش . | |
| | عشائر السبعە بۆ ؟ ناوی بەردەڕەش . | |

| | | |
|---|---|---|
| | ناحیە و بەقەزا بوونی بەردەڕەش . | |
| | بەردەرەش لە دووای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول . | |
| لێدوانی دووەم | ناحیەکانی(کەلەك ،دارەتوو ، روڤیا ) . | |
| | قەزای شێخان (ئێسفنێ ) . | |
| **بەشی سێیەم** | روداو و شوێنەوارەکان دەڤەری گۆرانەتی . | |
| لێدوانی یەکەم | شەڕی گۆگامیلا ٣٣١پ ز لە نێوان فارس و یۆنانیەکان لە دەڤەری گۆرانەتی روویدابوو . | |
| لێدوانی دووەم | کارێز ، خرابەکان ،دەراوەکان . | |
| لێدوانی سێیەم | کاولە گوند و کاولە ئاشەکان . | |
| **بەشی چارەم** | بنەمالەی شێخ و سەیدەکان . | |
| لێدوانی یەکەم | هاتنی شێخ و سەیدەکان بۆ دەڤەری گۆرانەتی . | |
| لێدوانی دووەم | مێژوونامەی دەڤەری گۆرانەتی . | |
| **بەشی پێنجەم** | جۆراو جۆر لە دەڤەری گۆرانەتی . | |
| لێدوانی یەکەم | کەش و هەوا ناسی لە دەڤەری گۆرانەتی | |
| لێدوانی دووەم | لاوك ، زێبار و سورچی | |
| لێدوانی سێیەم | سەرهەلدان (شەعبانێ ) ،جوولەکە ، | |
| لێدوانی چارەم | ئابووری | |
| لێدوانی پێنجەم | لێرە و لەوێ لەنێوان زیێ بادینان و رووباری خازر | |
| | ژیانی نووسەر. | |
| | بەرهەمەکانی نووسەر . | |
| | سەرچاوەکان . | |

# پێشەکی: ...

یـەکێك لـە هـەرە هۆکارەکـانی گـرنگ بـۆ ناسـاندنی گـەل و میللـەتان بـێ گومـان مێژوویـە رابردوومان بۆ دەگێرێتەوە لە ئێستا و ئاینده سوودی لێوەردەگرین ،هەرمیللـەتێك مێـژووی رابـردووی نـەبێت نەشـێت ئاینـدەی خـۆی دروسـت بکـات ،مێـژوو هـزری گەلانـەو کۆگـای ئـەزموونی نەتـەوەکانی سـەرکەوتوو و بـن کـەوتووە دیاردەکـات ،قوتابخانـەی ژیـار و زانسـتی مرۆڤایەتیـە ، گەنجینـەی کۆکردنـەوەی رووداوەکانی کـە بەسـەر ژیـانی مرۆڤایەتیـدا هـاتووە ،هەموو گەلێك بە مێژوویەکەی خۆی دێتە ناسین ، مێژوو دەکرێتەسێ بەش:

١ـ مێژووی کۆن : لە٣٥٠٠ پ . ز تاکو لەناو چوونی رۆما لە ٤٧٦زاینی .

٢ـ مێژووی ناوەراست :لە٤٧٦ز تاکو رووخانی قستەنتینیە لە ١٤٥٣ زاینی ،

٣ـ مێژووی نوێ: لە رووخانی قستەنتینیە لە ١٤٥٣ زاینی تاکو ئەمرۆ .

مێژووی ناوەراست ئەورپیەکان بە مێژووی چەرخی تاریکی ناویان دەبرد ، بـەلام لـە ئیسلام بە مێژووی چەرخی کەشەسەندنەو پەرەپێدان ناویان دەبرد بەلکو چەرخی زێرین بوو .

گـرانترین کـار توێژینـەوەی مێـژووی گەلانـە بـە تایبـەتی مێـژووی کـورد لـە بەرکـەمی یـان نەبوونی سەرچاوەی راستەقینەی مێژوویی ،داخەکـەم مێژوونووسـانی کـۆن زیـاتر بایـەخیان بـە مێـژووی مـیر و پاشـاو دەسـتهەلاتدارەکان داوە چـینی چەوسـاوەو رەشـو رووت لـەبیر کرایە،هەر چەندە کورد لەنەتەوە کۆنەکانی سەر ڕووی زەمینە پـێش ٦٠٠٠ هـەزار سـال لـە کتێبە کۆنەکانی مێژوویی ناوی کورد هاتووە ،لە کوردستان گەشـتی نـووح لەنگـەری گـرت لـە گونـدی هەشتکانی بناری چیای جودی دەسپێکی لانکەی ژیانەوەی مرۆڤ بوو بۆجاری دووەم.

یەکەم کەس ووشەی کوردستانی بەکارهێناله سەدەی دووازدەهـەمی زاینـی سـنجەری مـەلیکی سەلجوقی بوو، وەیەکەم کەس کە باسی ووشەی کوردستانی کـرد حمـدالله المستوفی القزوینـی بوو سالی ٧٤٠ کۆچی لە کتێبەکەی بە ناوی (نوزهەت القلوب ) .

دەڤـەری گۆرانـەتی پانتاییـەکی پـان وبـەرینی بەخۆیەوەگرتیـە، بریتییـە لەدەشـتی نـاوکورو کەندو زورگەکانی ناوچەی بۆتان، خەلکێکی زۆر لەودەڤەرە دەژین ، دانیشـتوانی گونـدە کـانی جرِن،لەزۆر تیرەوبەرەباب وعەشیرەت پێکهاتیە دەتوانین بلێین گۆران عەشیرەت نییـە ،گۆران

لەعەشیرەت مـەزنترە، بـەلکو میللـەتێکی گـەورەن ، شـارەزابوون لـە مێـژووی رابـردووی نەتەوەکەت، ئێستاو ئاینـدەت بـۆ رەوشـەن دەکات ،والەمرۆڤـ دەکات کە هەلـەکانی رابـردوو دووبارە نەکاتەوە، بەلکو سوود لێبێتە وەرگرتن ،هەر چەندە توێژینـەوەی زانستی ئـەکادیمی تێروتەسەل لە سەر دەڤەری گۆرانـەتی نەکرایـە،یان کتێبێکـی چاپکراوی پڕزانیـاری لـە سـەر دەڤـەری گۆرانـەتی نەنووسـرایە ،ببێتـە سەرچـاوە بـۆ رۆلـەکانی داهـاتوودا لەهـەمان کاتـدا دەڤـەری گۆرانـەتی مێژوویـەکی زۆرکـۆنی هەیە،شـوێنەوارەکانی باشـترین بەلگـەن، هـەروەها بەردەڕەش بەکۆنترین ناحییەکانی کوردستان دێتە هەژمارتن، ئـەو دەڤـەرە زۆر دەولەمەنـدە بەئـەدەبی سـەرزاران و کـەلتوور و داب و نـەریتی کـۆنی رەسـەنی کـوردەواری لـە خۆگرتییـە. هەروەها شوێنەواری مێـژوویی جاخـەکانی کـۆنی تێـدا بەرچاوە ،بەتایبـەتی خرابـەکانی نـاو دەشتی ناکور کە دروست بـوونی بـۆ سـەردەمی ئەسکەندەری مـە قدۆنی دەگەرێتەوەشـەڕی گۆگـامیلا لەسـالی ٣٣١پ ـ ز لـە نێـوان هـەردوو ئیمبراتوریـیـەتی یونـانی و فارسـی لـەناو جەرگەی دەڤەری گۆرانەتی رویدابوو ،دەڤەری گۆرانەتی بـە تایبـەتی دەشـتی نـاوکور رێگـای هاتووچۆی کاروانی بازرگانان و لەشکرکێشی بووە رێگای هاتوو چۆی مـەلیك و شاهان بـووە . لە مێژوودا دەشتی ناوکور بە رێگای شاهانە ناوبرایە هەروەها بـەرێگای حـەریر نـاودەبرا . لەدوواییـدا بـەپێی توانـای خـۆم وەکـو تـاکێکی دەڤـەری گۆرانـەتی هەولـدا ئـەو زانیاریانـە بنووسـمـەوە هیڤیـدارم پێناسـەیەك بێـت وەکـو ناسـنامەی مێـژوویی دەڤـەری گۆرانـەتی لـەدووارۆژدا ببێتـە سەرچـاوەیەکی مێـژوویی ئـەم دەڤـەرە ، هەرکـەموکرتییکی هـەبێت لـێم ببورن لەگەل رێزم .

**شوێنی**:دەڤەری گۆرانەتی بازنەی پێکەوە گەیاندن بووە لەنێوان سۆران و بادینان ، لەکۆنەوەشوێنێکی ستراتیژی هەبووە.رێگای لەشکر کێشی هەردوو ئیمپراتۆریەتی روم وفارس بووە، هەروەها رێگا ی کاروانسەرای هاتووچۆی قافلەو بازرگانان بووە بەرهەمی وولاتانی رۆژ هەلات:ئێران .هند .پاکستان بەدەڤەری گۆرانەتی تێپەربووە بۆ وولاتانی رۆژئاوا ئەورۆپاو شام ومیصر، هەروەها بەپێچەوانەوە.کاروانچیانی شەمزینان و رەواندز وخۆشناوەتی کەل وپەل و،بەرهەمی خۆیان بەودەڤەرە تێپەراندییە بۆشاری موصل

بۆمەبەستی بازرگانی،پێداگەرایتنەوەهەندێ سەرچاوەیمێژوو ئاماژەیان پێداوە ،دەشتی ناوکورڕێگای هاتوو چۆی مەلیکان بووە بۆیە بۆیە دەڵێن بەرێگای حەریر ومەلیکان دەناسرێ

**پێکهاتەی کۆمەلایەتی**:دانیشتوانی ئەو دەڤەرە خەلکی خۆجێی نین پێش ١٥٠ سەدو پەنجا تاکو ٣٠٠ سال تیرەوبەرەبابەکان لەشوێنی تری کوردستانی گەورەهاتونە لەو دەڤەرە ئاکنجی بوونە ، وە زۆر تیرەوبەرەباب و عەشیرەتی تێدایە، تەمەندارەکان زۆربەیان مێژووی هاتنی خۆیان دەزانن.

**تیرەوبەرەبابەکان زۆرن ئەمانەن** : رەشگەری ،بۆت ،گێژ،زەنگەنە ،رۆژبەیانی، خدری ،شێخ بزێنی ، بلباس ،میرانی ،کاوانی ،بەستۆرەیی ، بەرازی ، تۆبزی ، ئۆرمزیان ، ئۆمەریلی ،کەوخۆمزەی ،مامەسەنی ، ئاژگەیی ، مووسەیی ، بەگزادە ،زەند ، شکاك ، بارزانی ،باجەلان،هەمەوەند ،خانی،زراری ،کلاش کەر ،قەرەج ، قاپقاسی ، .......... سەرەرای ئەوانە موزوری و زێدك وهەرکی وزێبار و سورچی تێداهەنە پێکهاتەیەکی ئالۆزەو بەخزمایەتی ێکچەقینە ئەوانە بەشانازیەوە هەموویان دەلێن ئێمە گۆرانین ،واتا گۆران عەشیرەت نیە لەعەشیرەت گورەترە بەلکو نەتەوەیەکی گەورەنە .کۆمەلگای گۆران بەلاو بوتنەوە لەسەنتەری شاری موصل ولە قەزاکانی بەردەرەش و شێخان و حەمدانیە و ناحیەی باشیك هەروەها لە قەزای خەبات و لە پارێزگای هەولێر هەنە و پێیان دەلێن مالە بۆتەکە.......

**کەلتوروزمانی**: گرد بونەوەی ئەو تیرەو بەرەبابە جۆراو جۆرانە لەیەك دەڤەردا بێ ،گومان دەبێتە مایەی دەولەمەندی کەلتووروداب ونەریتی کۆنی کوردەواری ، دیالێکتی زارگۆتنی زمانی کوردی جۆراوجۆری تێدایە ؛ گوێ بیستی ووشەی رەسەنی کوردی دەبیت ، ئەو دەڤەرە زەمینەیەکی گونجاوە بۆکۆکردنەوەی پەیڤی رەسەن کەدەبێتە کەرستەیەکی موکوم بۆ پێك هێنانی زمانی ستاندەری یەکگرتوی کوردی، شێوەی ئاخافتنی گۆرانەتی لە دیالێکتی سوارنی نزیکە چونکە زۆربەی بەرە باب و تیرەکان لەسۆران هاتوونە لێرە ئاکنجی بونە، دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی لەهەردوو زارگۆتنی سۆاران وبادینان دەگەن خەلکەکەی بچێتە هەولێر پێیان دەلێن تۆ بادینی، ئەگەر بچنە شاری دهۆك پێیان دبێژن

هنگۆ خەلکێ سۆرانن.لەهەردوو لابوونە، دەتوانین بلێین زارگۆتنی گۆرانەتی زارگۆتنێکی سۆرمانجییە(سۆران+کرمانجی).دووای خوێندنەوەم بۆ چەند کتێبێکی مێژوویی بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی بەپێی توانای خۆم ،مێژوو پێکهاتەی کۆمەلایەتی ئەو دەڤەرە بنووسمەوە لەبەر ئەوەی هێچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئەکادیمی نیە باسی مێژووی ئەو دەڤەرە بکات چونکە مێژوو ستوونی رابردوو و داهاتووی دەنەخشێنی ئێمەش با شانازی بە مێژووی خۆمان بکەین،هەروەکوپێغەمبەرمان محەمەد(د.خ )فەرمویەتی:(تعلموا أنسابكم ما تصلون به أرحامكم ) من بەئومێدم ئەو پەرتوکە ببێتە پێناسەی دەڤەری گۆرانەتی، داخوازم لەکەسانی تر دەولەمەند تری بکەن هەر کەم وکورییەکی هەبێت لێم ببورن .

**دانانی : یاسین حەسەن گۆران**

**سەرپەرستیاری بنەرەتی لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش**

**بە پشتیوانی خـــودای مەزن لەساڵی ١٩٩٤تاکـــــو ٢٠١٤تەواو بوو**

# بەشی یەکەم

# ڕەگـــ و ریشەی مێژووی گـــۆران

## لێدوانی یەکەم : ئەسلیان ،بیرۆبۆچونەکان ،زارگۆتنیان

### ئەسل و رەچەلەکی گۆران:

بیروبۆچـوونی زۆر لێـك جـودا هەیـە دەربـارەی رەگ ورەچـەلەگی گـۆران، گەریـدەو مێژوونووسەکان زۆرلێکۆلینەوەو توێژینەوەیان لە بارەی گۆران نووسووە ،هەریەك بە مـەیلی بەرژەوەنـدی تایبەتمەنـدی خـۆی بیروبۆچوونی دەربڕیـوە . هەنـدەکیان دەلـێن نەتەوەیەکن لە وولاتـی فارس هاتوونە ولە دەوروبەری شاری موسل ئاکنجی بوونە، یان دەلێن کۆمەلە یان قەوارەیەکی سەربەخۆن ، هەیەدەلێ فارسن ،بیروڕای لە هـەموو موکـوم تـرو پەسندتر لـە سـەر ڕەگ و رەچـەلەکی گـۆران ، دەلـێن گـۆران پاشمـاوەی ئیمبراتۆریـەتی میـدیاکانن لـە سـالێ (٦١٢ پ.م) ئیمبراتۆریـەتی ئاشـووریان شـکاند ،کوردی گۆران قەلای موسلیان ئاوەدانکردو لە لە دەشتی موسل و دەشتی ناوکور چەندەها گوندیان ئاوەدان کردەوە تێدا دانیشتن ، زۆر بەلگەی مێـژوویی موکـوم دان بەو بیروبۆچوونە دادنێن ، ( ١ )

ئێمە کە باسی مێژووی کورد دەکەین لە موسل ،واتـە لەسـەر مێـژووی کـۆنی گۆران لـە رۆژهەلاتی موسل دەدوێین کە ئێستا کوردی گۆران و شەبەك تێدا دەژین. مێـژوویان لـە موسـل بـۆ مێـژووی کـورد دەگەرێتـەوەلێك جـودا بـوونی ئـەو بیروبۆجوونانـە چـەند ئاراسـتە یـەك سـەرهەلدەدات ، مێـژوونووس ومامۆسـتای زمانـەوانی گـەورەی کـورد مامۆستا (مسعود محمد) ئەندامی کۆردی زانیاری عیراقی لە ناملیکەی یەکی بچووکدا لـە تـۆی (٦٠) لاپـەرەیی بە ناونیشـانی (زمـانی کـورد )هەنـدێ راستیەکانی مێـژوویی تێـدا دیـار دەکـات ودەلێـت : لـە زانیارییـەکانی مێـژووی بـەناوبانگی کۆمەلەیـەکی لـە رەکی سپی لە دەڤەری ئەرمەنـەکان کە دەکەوێتە باکووری دەریـای خـەزەر پـێش زایـین

جێنیشـی ببـوون ، ببوونـە دوو کۆمـەل چینچـینێکیان بـەرەو ڕۆژئـاوا ڕۆیشـتن لـە ئـەورووپای ئێسـتا بەلابوونـەوە . چین دیکـە بـەرەو ڕۆژئـاوا ڕۆیشـتن بوونـە دوو بـەش چینێەکان لە هند مانەوە چینی دیکە هاتنە ئیران کۆمەلەی دابەش بوونی یەکەم پێیان دەگـۆتری( هـۆز وخێلـەکانی هندوئـەورپی)، وەبـە چـینی دووەم دەلـێن (هنـدوئیرانی) ماوەیەك بەسەرچوو بە هندئەورپییەکانیان کۆت (ئاری)هندییەکانی لە باکووری هند بە سانسـکریتی هـەمویان ئـاری تـەواون هەنـدێك چـودانە لەگـەل دارفین وئەوانـەی لـە ناوەراست و باشووری وولاتـی هنـد دادەنبشـن لـە ڕووی زمانەوانیـەوە دوای کۆچـکردنیان ودابەش بوونی شێوەی ئاخافتینان بە دیار دەکەوێت کە

١ ـ خێـل وهۆزەکـانی هندوئـەورپی پـێش لێکجـودا بوونـەوەیان بەیـەك زمـان دەئـاخفتن وبەچـەند شـێوەزارێکی لێـك نزیکیـان هـەبوو،زاراوەی زۆر لـە نیوانیانـدا پێـك دەچـوون ووشەکانیان یەك مانـای هـەبوو بـەلام لـە ڕووی فۆنۆتیـك و دەربرِینـی ووشـەکان لـە ناوچـە یـەك بـۆ ناوچـەیەکی تـر هەنـدی چودایی هـەبوو ئـەوەش بـەپێی دوور ونزیکـی شـوێنیان و ماوەی لێك چودا بوونیان بە دیار دەکەت .

٢ـ نزیك بوونەوەی سانسکریتی لە گەل گەلی ئاری هـەر لـە سـەرەتای لێـك چـودا بوونـەوەیان بۆ دووگەل ولێـك نزیـك بوونـەوەیان پـارێزراوبوو لەبـەر کتێبـی (veela)ی هنـدی وکتێبـی ئاڤێسـتا (avesta) ئـەو هـەردوو کتێبـە بوونـە مایـەی پاراسـتن و لێـك نزیـك بوونـەوەی زمـانی سانسـکریتی وزمـانی ئێرانـی ، کـە هـەردووکیان زمـانی ئەصـلی ئارییاییـەکان نـەبوو ، وێکچوونیان زۆر لێك نزیك بوو هەر وەکو دوو منـدالی جمـك لـە دایـك ببـوون ،هەنـدێ جار ووشەکانیان لێك نە دەکرایەوە ئەوەندە لێك نزیك بوون و پێـك دەچـوون. ٣ـ وێـك چـوونی زمانـەکانی کـە ئیرانیـەکان ئاخفتنیـان پێـدەکرد لەگـەل ئاریاکـان نزیـك بوونـەوە و وێـك چوونیان لەگەل سانسکریتی ، هەروەها لەگەل لقەکانی ئەورووپی نزیك بـوون ، ئـەوەش زێـدە بکەین ئاینی زەردەشت ئیرانی داگرتبوو ببو مایـەی مانـەوە و لێـك نزیـك بـوونی زمانـەکان مەبەستی ئێمـە ئەوەیە:ـگەلی هندوئـەوربی بوونـە دووبـەش ،بەشێکیان چوونە هنـد بەشـی دیکە چوونە پانتایی یان ترۆپکەی ئاریان ،لەوێ چەند گەلێك لێیان پێك هات وەکو بلوش

وكـورد وفـارس وگـۆران وشـەبەك و**گاجیـك** وئوزبـەگ بەسـەر ناوچـەكانی دەوروبـەریان بـەلاوەبوون ، هـەر لـە كۆنـەوە هەنـدێ لـە كـوردی گۆران هـاتبوون لـە موصل ودەشـتەكانی ڕۆژهەلاتی موسل جێ نیشی ببوون(٢)

كوردی كۆران (گۆران و شەبەك) لە كۆنەوە موسلیان بنیات ناوە ، بەلكو یەكەم كـەس بوونـە لە ئاوەدانكردنی ئەوشارە دەسپێكی ئاوەدانكردنەوەی بە قەلای (نوادشـێر ) نـاونرا ،زۆر سـەر چاوەی مێـژووی موكوم وبڕواپێكـراو ئـەوە دەسـەلمێنن وئامـاژەی پێدەكـەن كـە (نوادشـێر)ی كـوردی میـدی ئـەو قەلایـەی دامەزرانـدووە لـە لای ڕۆژئـاوای ڕووبـاری دیجلـە پـێش هـاتنی ئاشـوورییەكان بۆ ناوچـەكە بـە مـاوەی نـزیكتر لـە پێـنج سـەدە ، تـاوەكو ببێتـە ویستگەی ڕاوەسـتانی كـاروانی بازرگـانی كـە لـە ڕۆژهـەلات دەهـاتن بـەرەو ڕۆژ ئـاوا هـەر وەهـا بـە پێچەوانەوە بە ڕێگای بازرگانی كۆن كە ناسـرا بـوو بـە ڕێگای (حـەریر) یـان ڕێگای قـەتار وكاروانچـیان ئـەو ڕێگایـە بـە دەشـتی ڕۆژهـەلاتی موسـل كـە دەكاتە(دەشـتی نـاوكور وولات شـەبەك)ی ئێـستا تێپـەڕدەبوون ڕۆژهـەلاتی بـە بـەرۆژئاوا دەبەسـتەوە كـە دەگاتـە لێـواری دەریاری سپی ناوەراست لـەو سـەردەمی وولاتـی ڤینیقیـاتی كۆن ووولات شام بـوو . كـە تـاكو ئێستا ڕێگای نوێی هاتوو چوو هەرمایە بـاژێری موصل لەگـەل حەلـەب دەبەسـتەوە ، ڕێگـای كۆنی بەرێ دەگرتەوە كە ئێستا ڕێگای شەمەندە فەرە)(٣) .

(پیـاوێكی زیـرەك وبلیمـەت بـە نـاوی دیـوكس لـە نـاو میـدیاكان سـەری هەلـدا وبـاژێری هەمـەدانی كردبـوو پایتـەختی خـۆی، پاشـان كوڕەكـەی (فراسۆرت)شـوێنی كـرت ، وولاتـی ئەسلی میدیاكان تەپۆلكە (هەزەبە) ی ئیران بوو ، ئاشوورییەكان بەردەوام هێرشیان دەكـردە سەریان، سالی (٦٣٢)پ .ز مەلیكێكی میدی بە ناوی فرارتس پەیدا بوو شلیمانسـەری سـێیەم ئەو مەلیكەی كوشت، پاشان برای كەیكاوس كەیخەسرەو هاتە گۆرەپـانێ سـوپایەكی ڕێكخـست ، سـالی (٦١٥)پ .ز بـەرەو وولاتـی ئاشـوور كەوتـەرێ بـەردەوام بـوو لـە هێـرش كـردن سـالی (٦١٤)پ.م شاری تاربیزی داگیركردو ، پاشان بەرەو شاری ئاشـوور (الشرقات)رۆیشـت وتێكـی شكاند، گەیشتە مەلیكی بابلی هاوپەیمانیان لەگەل یەكدی بەسـت بـۆ لێـدانی وولاتـی ئاشـوور لە موسـل ، سـنووری خۆیـان دیـاركرد میـدیاكان كەوتنـە ڕۆژهـەلاتی ئاوی دیجلـە ،بابلیـەكان

کەوتنە رۆژئاوای ئاوی دیجلە ،وەلە سالی (٦١٢)بە تـەواوی موسـل کەوتـە ژێـر دەستهەلاتیان تاگو سنوریان گەیشتە حەران لە سوریای ئێستا(٤)

پـێش هـاتنی ئاشـوورییەکان بـۆ موسـل بـێ گومـان کـورد لـە وێنـدەری ژیـاوون ئینجـا ئاشـوورییەکان هـاتن داگیریـان کـرد ، هـەر لەبەرهەنـدێ بـۆ جـاری دووەم لـە ئاشـووریان سندرایەوەو دووبارە کورد گەرایەوە شاری موسل دەشتەکانی رۆژهەلاتی ئـاوی دیجلـە ، (کـاتی ساسانیەکان وولاتیان داگیرکـرد دووای بـێ هێـزی ئاشـوورییەکان کردیانـە هـێ خۆیـان قـەلای موسلیان نوژەن کردەوە کەپێی دەگوترا قەلای عبوری، سوپای خۆیان تێـدا جێنیشـی کردبـوو ، لـە دەوروبـەری گونـد و ئاواهیـان دامەزرانـد وخـانوو بـەرەیان بـۆ جۆتیـاران وسـنعەتکاران دروست کردو تێدا ئاکنجی بوون ئەوانە لە ڕولەی کورد نەسارا بوون(٥)

باسیل نیکیـتین ئـەو بـیرو بـۆ چوونەی ابن اسیر پەسنددەکات دەلێت :(فارسـەکان لـە سـالی (٧١٤)پ.ز بەرەو باشوور رۆیشتن میدیاییەکان دەسـتهەلاتی تـەواوی خۆیـان بەسـەر هـەموو ناوچەکان داگرت ، تاکو مانیەکان هاتن کە مۆرکی ئیرانیان پیوە دیـار بـوو، پاشـان سـیتیەکان ئـەوانیش ب رەگـەز وبنچینە ئیرانـین لـە دووای رووخـانی وولاتـی ئاشـووریان لـە ناوچـوونی نینوی لە سالی (٦١٢)پ .م بـۆ شـاییەکی گـەورە لـە ناوچـەکە پەیـدابوو ، پـر نەکرایـەوە بـە والایـی مـابۆە تـاکو هەنـدی هـۆز وخێلـی ئیرانـی (لـە رۆژهـەلاتی کوردسـتانی گـەورە) هـاتن نەوەیـەکی نۆیـان دامزرانـدن لـە رۆژ هـەلاتی ئـاوی دیجلـە) ئـەوانیش گـۆرانن کـە ئیسـتا نەوەکانیان لە وڵات شەبەك و دەشتی ناوکوڕ دەژین(٦)

هەروەها قەشە سلێمان سائغ دەلێت(ئەوانـە لەلای رۆژهـەلات هـاتن لـەو ناوچـەیە نیشـتەجێ بوون هـەر وەکـو برایـەکانیان کـورد وعـەرەب کـە لـە مـاوەی جودا جودا هاتوونـە لـە موسـل ئاکنجی بوونە(٧)

بـەلام گومـان تێـدا نیـە گـوردی گۆران(گـۆران و شـەبەك) لـە پـێش هـەموو نەتەوەیـەك لـەو شوێنە نیشتە جێ بوونـە خـاکی کەسیان داگیر نەکردییـە بـەلکو نەتـەوەکانی تر(عـەرەب و تـورك) بـەزولم و ستـەم لـە سـەردەمەکانی گۆرانکـاری بـاری سیاسـی و روداوەکـانی مێـژوویی

هەرهێزێك بۆ بەرژەوەنـدی خـۆی لایـەنگرانی خۆیـان ڕادەکێشا بـۆ قـایم کردنـی جەلـەوی دەستهەلاتیان ، بە تایبەتی لە دووای هاتنی ئیسلام ،( ٨ )

مێژوونووسی ئەلمانی (فون هامەر) لە سالی ١٧٧٤ لە دایك بووە دەلێت : دانیشتوانی موسـل بـە کـوردی دەپـەیڤین وئـەوان کـوردن سـەرەرای هەنـدێ زمـانی عـەرەبی وفارسـی وتـورکی دەزانـن مێژوونووسـی بـەناوبانگ (لسـترانج) بیروبۆچـوونی سـەرەوە دەسـەلمێنێت و داکـۆکی لەسـەر ئـەو راسـتیە دەکـات دەلێـت: خـەلکی موسـل هـەر لـە زۆر کۆنـەوە کـوردن بـە زمـانی کوردی دەئاخڤتن ،مێژوونووسی بـە ناوبـانگ کـورد ئـەمین زەکـی بـەگ دەلێـت: دانیشـتووانی موسل کوردن بە تایبەت لـە سـەردەمی سـەدەی چارەم پـەرەیان ساندبوو ،نووسـەر چـەلەبی زادە دەلێت : کاتێ سەردانی بازێری موسل کردبـوو لـە سـالی ١٦٣٨ ز پـەرتووکی خـۆی دانـا بە ناوی (کشف الذنون) دیتبووی خەلکی موسل بە زمانی کوردی قسەیان دەکـرد ،گەریـدەی بەناوبانگی ئیتالی (مـارکۆ بۆلـۆ) لـە سـالی ١٢٨٠ ز لـە نـاو شـاری موسـل تێپـەرببوو دەلێـت: کاتێمرۆڤ بچیتە دەرەوەی شوورەی موسل چاوی بە چەند عەشـیرەت وخێلـی گـورج و تونـدو چـەلەنگ دەکـەویت بـە ژیـانی کۆچەرایـەتی دەژیـان ومـەروماڵاتیان بـەخێو دەکـرد ئەوانـە بەکورد ناودەبرێن(٩) .

ووشەی (نوادشێر) لێکبدەینـەوە لـە رووی زمانەوانیـەوە، نـو= نـوێ ـ ا د= ئاباد دێـت کـورت کرایتەوە ، واتە = ئاوەدانی شێر = شێر ئـاژەلێکی زیرەکـە وسـەرۆکی هەموو ئاژەلانـە ، کـورد هەر لە کۆنەوە ناوی شێر لە مندالی خۆی ناوە ووشەکە دەبێتە (نـوێ + ئابـاد + شـێر) ، نـوێ + ئـاوا + شـێر = نـوێ ئـاوا بـە درێـژای مێـژووی بوویتـە : نـەی نـەوا بوویتـە نەینـەوا، واتـە شاری نوێ ئاوا (١٠)

سـەرکردەی یۆنـانی (کزینفـۆن ـ زەینـەفۆن) لەگـەل (١٠) دە هـەزار سـەرباز لـە ناوەراسـتی سەدەی پێنچەم ، باسی کشانەوەی خۆی دەکات لە وولاتی بابل بەرەو باکوور ، شـان بەشـانی کەناری دیجلە ، باس لە هەبوونی کورد دەکات بـە (کـاردۆخ ) ناویـان دەبـات ، گەیشـتە موسـل گونـدێکی بچـووك بـوو (بەموسـێلا) نـاوی دەبـات گونـدەکانی دەشـت مەبەسـتی دەشـتی رۆژهەلاتی موسل (دەشـتی نـاوکوڕ دەشـتی شەبەکستان) ە خانووەکانیـان پڕبـوون لـە گـەنم

وجۆ و دانەوێله ، هەروەها دەلێت ئەوانە زۆر بە دلێرانە بەرگریان لە ماڵ ومنداڵ و کەل وپەلی خۆیان دەکرد ، چەند سەربازی لەشکری زەینەفون هاتبوو کوشتن ، پێویستی بە (٧) هەفت رۆژ هەبوو بۆ تێپەربوون لە زەوی کاردۆخیەکان تاکو بگاتە ولاتی خۆی، زینەفۆن بەزمانی یۆنانی موسل بە موسیلا یان مسبێلا ناودەبات (١١)

هەتا ئێستا لە دەڤەری گۆرانەتی بە موسل دەلێن مویسل ،گۆران لە دەشتی موسل شانازی بە کوردایەتی خۆیان دەکەن، هەروەکودەڤەرەکانی تری کوردستان هەولی زۆر بۆ بەعەرەب کردنیان کراوە ،زۆر لە خانەوادە و گوندەکانی گۆرانەتی تووشی راگواستنەوە و بە عەرەب کردن هاتن لە سالی ١٩٧٥ ، پاش راگواستنەوەیان بە سەدان مالی گۆرانان لە بناری چیای مەقلوب سەربەقەزای شێخان وێران کران وراگەاستنەوە بۆ هەردوو گۆمەلگەی جرەو کەلەکچی هەروەها گوندەکانی ولات شەبەك بەتایبەتی لە سالی ١٩٨٨_١٩٨٩هاتنەراگواستنەوە بۆ کۆمەلگە زۆرە ملێیەکان لەباسرمەی دەشتی هەریر ناوچەی چەچەمال تەنها لەبەر ئەوەی لە سەرژمێری سالی١٩٧٧ناوی خۆیان بە کورد تۆمار کردبوو (١٢)

## شوێنی ئەسلی گۆران بەدیدی مێژوونووسان:

هەروەکو ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرفنامە زمانی سەرەکی کوردەکانی بۆ چوار بەش رێز کردووە،: وەکو (لۆر، کرمانج، کەلهور، گۆران) بەلام دینیان جیاوازەو لەسەر زەمێنێکی فراوان ژیان دەکەن لە باشوورو ناوەندی کوردستان لە دەڤەری سلێمانیو سنەو کێوەکانی هەورامانو دالاّ هۆو بەشێك لە دەشتی فراوانی ماهیدەشتو بەشێکی گەورەی کرماشان تا دەگاتە نزیکی هەمەدان، بەپێی بەلگە مێژووییەکان گۆرانەکان کۆنترین عەشیرەتن لە میللەتی کورد، هەندێ لە تیرەکانی ئەمانەن : تیرژیو سەیدی و سەرپڵی و زەهاویو قەسریو هەورامیو نیوەنجیو گەهوارەییو قەلخانیو تفەنگچیو کرندیو دەیان تیرەی دیکە، بەلام عەشیرەتی گۆران لە سەرەزەمینێکی فراوان لە کوردستان دابەش بووینە، زۆرینەی کوردەکانی باشووری رۆژئاوایی ئێران گۆرانن،و ئەهلی حەقی دانیشتووی هەمەدانو ئازەربایجانو تارانو باکوری ئێران گۆرانن.مێژوونووسی عەرەبی یاسین العمری

لەسـەدەی چواردەدا نووسـیویەتی: (وڵاتـی گـۆران چیاکانی هەمـەدانو شـارەزوورە، عومـەری مەبەستی چیاکانی زاگرۆسە، ئەوناوچە پانو بەرینە شاخاوییە یـە هـەر لەکەنـداوی عـەرەبی تاکو دەگاتـە زنجیـرە چیاکانی ئارارات دەگرێتـەوە مێژوونووسـە کوردەکان ئـەو دەڤەرانـەیان دەست نیشان کردییە

١- لەناوچەکانی پشتگوە – کلهور لە (بەدرە تاوەکو کرمانشاە)یە .

٢- ناوچەکانی ئەردەلان لەنێوان (ناوی سیروانو زێی بچووك)دایە.

٣-ناوچەکانی شارەزوور شارەکانی (سنەو سلێمانیو کەرکوك) دەگرێتەوە .

٤- دەشـتی سمنـان لەرۆژهـەڵاتی تـەهران تـاکو دەگاتـە کرمانشـاە بەدرێـژایی مێـژوو گـۆران بەخۆیان فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی خۆیان کردبوو، لەوەش زیـاتر بەنیازبوونـە دەوڵـەتێکی گـەورەی سـەربەخۆ بۆناوچـەکانی گۆرانـان دابمـەزرێنن. بـەڵام بەدرێـژایی مێـژوو مـەلیكو پاشایەکانی ئێرانی دژی گۆران رادەوەسـتان ،ئەگـەر لەگـەڵ ویستو خواسـتی ئـەوان نەبانایـە چونکە هێزێکی بەسەنگی مەترسیداربوون(١٣).

جاف ژیانی کۆچەراتیان گۆڕا نیشتەجێ بوون پەیوندی دەرەبەگایەتی لەنێوانیان پچرا بە خۆیان گۆت گۆران ،ئەوگۆڕان و گۆڕانکارییە بە سەر خێلی کەلهور و جاف داهات زۆر تیرەو بەرەبابی ترلە دووای ژیانی شارستانی و ئاسوودە دەگەران تاکو جێگیربن ،بوونە پارچەیەك لەگەل گۆران ، پشکداری پێکهینانی ئاوەدانکردنی کۆمەلگایەکی شارستانی گۆرانیان کردبوو ( ١٤ )

کەسی گۆران کاری چاندنو هەرەوەزی دەکەن لە ئەردەلان دەژین، هەروەها ئەوتیرەوبەرەبابانەی کۆچەرن لە نێوان باشووری ئەردەلان ورۆژئاوای کرمانشاە هاتوچۆ دەکەن ئەوانیش گۆرانن(١٥)

دەتوانین بلێین زۆربەی هۆزو خێلەکانی باشووری کوردسـتان لـە بنـەمادا پەیوەنـدیان لەگـەل گـۆران هەیـە وەکـو: رۆژبیـان و زەنگەنەوتالـەبانی زەنـد و جنگنـی سیامەنسوری ئەسـل و رەچەلەکیان بۆ گۆران دەگەرێتـەوە ،هـەروەها گەیلانیـەکان و بابانیـەکان و راوەندییـەکان و مەروانیەکان و مەمیانی و گێژ هەموویان گۆرانن ( ١٦ ).

هەنـدێ لـە ڕۆژهەلاتناسـان گـۆران لـە کـورد جـودا دەکەنـەوە گوایـە گـۆران نەتەوەیـەکی سـەربەخۆنە ،بەلام(میجرسـۆن) گۆرانـەکان لـە کـورد جیـا ناکاتـەوە، مینۆرسـکیو باسـیل نیکـتین، بەهـەمان شـێوە ، هـەروەها ئـەو شـوێنەی مینۆرسـکی باسـی لێوەدەکـات شـوێنی نیشتەجێ ی دێرینی مادەکانە،

## گۆران بەبیرو بۆچوونی مێژوونووسان

١- (شارل ولیام ولسن)و (هانری راولنسن) وابۆی دەچن ناوی گۆران واتە دانیشتووانی چیا لەوشەی (Gur) گۆر یان Gir= گیر واتە بڵندی.

١- سۆن (Sun) دەڵێت: گۆران وشەیەکی کرمانجیە.

٢- سترابو (Estirabo) وابۆی دەچێت وشەی گۆران، بە واتای کۆن دێت بەمیللەتێك ناو دەبرێت کرمانجن= کوردن.

٣- دیسان سۆن (sun) ناوی گۆران بەپاسەوان وجوتیاران دەگوترێ .

٥-ئۆمان (Omman) بەدزو جەردە دەڵێن گۆران.

ڕاستە لەناوچەی باڵەکایەتی بەدزو جەردە دەڵێن گۆران.

٦-گۆران دراوسێی میدیانە بەڵام میدیای نین، لەزمانیش بەمیدیاکان ناچن.

٧- شـارل ڕیـو (Sharls Rie) دەڵێـت: گـۆران لەوشـەی گـۆڕان = وەلگـەڕان هـاتووە، لـەئاگر پەرستی هەلگەڕاینەتە سەر ئایینی ئیسلام بەڵام دەبێ لەگەڵ وشەی گاوران تێکەڵ نەکەین.

٨- لەلێکۆڵینەوەی مێژوویی بەدیار دەکـەوێت کەمیـدیاو فـرس ناگەڕێنـەوە سـەر ڕەچـەڵەکی ئارامییان،بەڵام بناغەی گۆران دەگەڕێتەوە بۆ ئارامیان. واتە گۆران سەر بەئۆرامیانن ئۆرامان یان ئەورامان ڕاستیەکەی ناوچەی هەورامانی ئێستا دەگرێتەوە.

٩- ئۆممان (Omman) دەڵێت: گۆران هەر لەکۆندا گەلێکی شارستانی بوونە.

١٠- مامۆسـتای مێژوونووسـی خوالێخۆشـبوو شـەهید مـەلا جـەمیل ڕۆژبـەیانی دەڵێـت: دەوڵـەتی حسـنویە وعباریـەو ئەردەلانیـە، لـەنێوان گـەلێك دامەزرانـە کەشێوەی ئاخافتنیـان گـۆرانی کـوردی تـەواوە، شارسـتانیەتی خۆیـان پاراسـتیە، بەپێچـەوانەی کـوردە ڕەوەنـدو کۆچەرەییەکان.

١١-هاكۆبیان دەڵێت: گۆران لـه نـاوی گـەلی كـۆنی گائورانیـه هـاتووه ، ئەمانـەش لـه نووسینه بسماریەكان ناویان به گەلێكی خاكی ئۆرارتووەكان هاتووه، پاشان دەڵێت : دوورنیـه گـائورتی هـەر گـەلی كیمـری بـن .هـەر وەهـا دەڵێـت دووریـش نیـه گـۆران لـه گـورهران یـا وەرهـران هاتبێت.⋆

١٢-هـادی رەشـید بەهمـەنی دەڵێـت : هـەموو هـۆزانی نێـوان شـیرازو كەنـداو و سـنەو كەركووك و هۆزانی شەبەك و زازاكان به زاراوەی گۆران قسەیان كردوو ، هەر وەهـا نووسـەر دەڵێـت بلـوج و براخـۆیی و ژمارەیـەك لـه دانیشـتوانی قـەرەباخ و بایەزیـدیش بـه زاراوەی گۆران قسەیان كردووه .

١٣ـــ ئـەمیر ئـەمینی هـەورامیان بـه ئەشـكانیان دەزانێـت و زاراوەی گـۆران ـــ یـش كـه هەورامیـەكانی ئـەمڕۆ پێـی دەدوێـن بـه كـۆنترین زمـانی ئێـران دادەنێـت كـه تـاكو ئـەمڕۆ گۆڕانێكی ئەوتۆی بەسەردانەهاتووه.

١٤ـ خوالێخۆشبوو شەوكەت شێخ یەزدین دەڵێ :خێلی گۆران له ناوچەی گۆرانی ئیسلام ئابادی رۆژئاواو گوندەكانی دەورو بەری دەژین و بریتین له دوو بەش : زنجاری و كەرەندەندی، خێلی زنجاری له گاهواره نیشتەجێن، پاشان دەڵێت : گۆران له چوار تیره پێكهاتوون به ناوی حەیدەری ، چوپانكاره، بیویچ (بیوهێچ) ، تفەنگچی.

هەروەها: باجەلان، زەنگەنه، شێخ بزێنی، چۆپانی، گێـژ، مووسـەیی، بلبـاس،داودی، جـەباری، ... هەمویان گۆرانن لەدەوروبەری كفری و كەركووك‌وخانەقین بەلاوون ( ١٧ ).

١٥ـ **مینۆرسكی دەڵێت** : گۆران سەرەتا له گێل و گاوباره هـاتوون، گاوبـارەش لەسـەر زمـانی عەرەبی بووەته (جابرقه ـــ گابرقه) پاشان گابرقه بووەته گۆران ،

ـ ئیتر بەدرێژایی رۆژگار بـه هـەر هۆیەكـەوه بووبێـت هۆزگـەلی گـۆران بـۆ رۆژئـاوای شـاری كرماشـان وئوسـتانی سـنه و رێگـەی نێـوان بەغـداو كرماشـان بـڵاو بوونەتـەوه، ژمارەیـەكی زۆریشیان له گوندەكانی دەشتی رۆژهەلاتی موسل به تایبەتی له قـەزای بـەردەڕەش و قـەزای شێخان لەبناری چیای مەقلوب وناحیەی باشیك وبناری‌چیازەردك له هەندێ گونـدی سـەر بـه بەرتله نیشتەجێ بوون ، هەروەها له مەندەلی وقازانیه و دوشتخ یش جێوارن ،

ــ ژمارەیەکی زۆریشیان لە نێوان شاری باقووبە و شاری بەغدا نیشتەجێن وتواونەتەوە لە بۆتەی ڕەگەزی عەرەب و پێیان دەڵێن جوران لە ڕەکەوە کوردی گۆرانن ، خۆیان دەڵێن لە ئێرانەوە(کوردستانی ڕۆژهەلات) هاتووین،

ــ هەر وەها دەڵێن هەندێك لە دلێمیەکانیش خۆیان بە گۆران حیساب دەکەن و هاتوچۆی گۆرانەکانی دەڤەری بەردەڕەش دەکەن. دوورنیە هۆزی (گەوران)یئوردەن وسوریا وهۆزی گەورك هەرگۆران بن وهۆزی (گاوان)ی خاوەنی شاری حیللەش کە زیاتر لە (٤٠٠) ساڵ پارێزگاری عەبباسیەکانیان کردووە هەر لە ڕەسەنی گۆرانن،بەشێکی زۆری ئەم هۆزە لە قۆچان وشێروان نیشتەجێن ، لەبەر ئەوەی هاوسێی تورکانن ،بۆیە داب ونەریتیان بە داب و نەریتی تورکی کارتێکراوە.بە بیروڕای مینۆرسکی گۆران وتات و تالش لە (ما وراو النهرێن) هاتوونەتە ئێران(١٨) .

## ١٦ـ گۆران بەبیرو بۆچوونی مێژوونووسە ئێرانیەکان:

بە قسەی زۆربەی مێژوونووسە ئێرانیەکان ، گۆرانەکان کاتی خۆی لە خۆرهەڵاتی چیای زاگرۆس ولە ناوچەکانی زنجانو ئازەربایجانەوە ئاودیوی خۆرئاوای چیای زاگرۆس بووینە ، گۆرانەکانیش هەمیشە بە سەربەستی ژیاون ومیرنشین و ئیمارەتیان دروست کردووە.. بەبۆچوونی هەندێك لە زماناسان ناوی (گۆران)یش واتای کۆبوونەوەو لەشکر ئامادەکردن دەگەیەنێت.(فیردەوسی)یش لە شانامەکەیدا بەم بەیتە شیعرە باس لە سوپای گۆرانان دەکات:وزێن دورتر ارس رزم سوز ــ چو گۆران شه ان گرد لشکر فروز ،

مەردوخی دەڵێت (ماد)ناوێك بە خۆی وکوڕەکانیەوە توانیویەتی ئیمپراتۆریەتی ماد دروست بکات و هەر ناوچەیەك لە وڵاتەکەی بە ناوی کوڕێکییەوە ناو نراوە وەك :کورد، دەیلەم ، گێل، خەزەر، پارس، ئابات وگارموك . ناوی (گارمۆك)یش بەدرێژایی ڕۆژگار گۆڕاوەو بووە بە (گۆران).ناوی گۆران لە زمانی عەرەبیش بووەتە جوران ،دووریش نیە هۆزی گاوان ـ جوران یش هەر گۆران بن ، بەڵام لەسەدەکانی ئەم دواییە بێجگە لە ناوی هۆزی گۆران لە ئوستانی سلێمانی بە ڕێنجەریش گوتراوە گۆران.

# تیرەو بەرەبابەکانی رەسەنی گۆران

لەکێتبی (هۆزێت کورد) هاتووە،[٦] شەش تیرەی گۆرانان، لە رۆژئاوای شاری کرمانشاه دادەنیشن ئەوانەن: (قەڵغانی، بێبیانی، نەیرێژی، گەهوارە، کانی زنجیری، رێزهۆ) نزیکەی ٦ شەش هەزار ماڵ دەبن.

هەروەها ٢ دوو هەزار ماڵ لەشاری سنەو، هەورامان ژاراوەو دووپلنگان نیشتەجێنە بە زار ئاخافتنی گۆرانی دەپەڤین. لەکێتبی (عشائر کوردستان) هاتووە کۆمەڵگای گۆرانان لەنێوان کەرمانشانێ تاکو دەگاتە شاری پاوە، بەشێوەی دیالیکتی گۆرانی دەئاخڤن ئەوەش ناوی تیرەو بەرەبابەکانن."بیبی یان، بیوەنیج، دانی یالی، گەوارە، گەهوارە حیدەری، نرژی، قەلخانی بەهرامی (خەلکان)، قەلخانی سیپەری (خەلکان، شەبان کارە، چۆپانی، کارەتڤەنگی،تڤەنگچەی، یاسەمی".

بەراستی گۆران میللەتێکی گەورەن لە کۆمەلە تیرەو خێل و هۆزی جۆراو جۆری کوردی ڕەسەن پێکهاتیە لە کرمانشاە و زەهاو شارەزورو خانەقین کەرکوك و موسل بەلاْون ،

لە دەڤەری بادینان تیرەو هۆز و عەشیرەتەکانی لە ژێر چەتری گۆران ئەمانەن :شارك ، شكاك ،لۆما ،خنت بری،شایلۆ ، زرگی ، شێخ بزێنی ، گیرە ، ئەو ناوانە لە سەرچاوە مێژووییەکانی کۆن هاتووە ،ناوەکانی ئێستا لە سەر زارانە نوێ پەیدابوونە لە ئەنجامی رکابەری و شەڕو پێدادانەکانی نێوان ئیمبراتۆریەتی فارسی هەردوو دەستهەلاتدارانی عەباسی و عوسمانیەکان پێگەی شەڕیان کوردستان بوو ، دەبووە هۆی گۆچکردن و پەرگەندە بوونی هۆز و خێلەکان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر پە پێی بریاری قەلەمڕەی دەستهەلاتیان بۆ مەبەستی بەرژەوەندییەکانیان،پاراستنی دەولەتیان دیواریکی بەرگریان وەکو لەمبەرێك بەرامبەر ناحەزانیان بە خوێن و لاشەی کورد دیەلرێکیان دروستدەکرد بۆ پاراستنو موکوم کردنی دەستهەلاتیان، لە سەر حیسابی کوردی ڕەش و رووت ،ئەوەش هەمووی دەبێتە هۆی جولە کردن و گۆرینی شوێنی دیمۆگرافی دانیشتوانان.

## ووشەی گۆران

گۆران ناوێکەبەکۆمەلـە تـیرەو هـۆز و خێـل دەگۆترێـت، بەشـێکی گـرنگن لـە پێکهاتـەی کۆمـەلگای کـوردی کـە لـە ناوچـەو دەڤـەرەکانی کەرمانشـاە وهەمـەدان و دەهلـەران ودەشـتی شارەزورو خانەقین و دیالـەو حـەلوانی کـۆن و موسـل وقـەزای بـەردەرەش و شـێخان ناحیـەی باشیك وبەرتلە بەلاون ، ئەو گۆرانانەی هاتوونەتە دەڤەری بادینان لە شوێنی ئەسلی خۆیـان دابڕانـە لەبـەر ئەگـەرێن سیاسـی و کۆمەلایـەتی و قـات و قـڕی ...... دەڤـەری گۆرانـەتی لـە بادینان پێکهاتەیەکی بەرچاوەو لە پارێزگای دهۆك و موسل پێکدەهێنیت ،

بیرو بۆچوونەکان وابۆی دەچن، وشەی گۆران لە گۆڕان هاتیە بۆنموونە:-

١ـ زۆر تـیرەو بـەرەبابی گـۆران، لەکوردسـتانی رۆژهـەلات، لـە نێـوان تـەهران‌و کرمانشـاەو دەڤەرەکانی کەرکوك وسلێمانی‌و موکریانی هاتوونـە لەدەڤـەری نێـوان رووبـاری زێـی گـەورەو هەردوو رووباری خازرو گۆمر نیشتەجێ بوونە وەکو(گێژ، چۆپانی، شـێخ بزێنـی، باجـەلان، زەنگەنـــە،بلباس، موســـەی ،هەمەوەند،رۆژبـــەیانی، رەشگەریی،ســـووورداش.جاف ،وەنـــد ، مامەســـەنی ،هەمەوەنـــد ،،سیامەنسـوری ،شـابازی ....، ئەوانـــە هـــەموویان بەڕەچـــەڵەك گۆرانن، هەربۆیە ئەو دەڤەرە بە گۆران ناودەبرێت.

٢ـ لێدوانی بورهان تـەورێزی دەربـارەی گـۆران نووسـیتی : ووشـەی گـۆران بەکۆمەلەیـەکی ئاگرپەرست دەگۆترێت پاشماوەی زەردەشتیەکانن ، دوو فەرمان سەرهەلدەدات:

یەکەم : ئەسلی گۆران بۆ ووشەی ( گۆر )ی کوردی دەگەرێنتەوە، بەواتای ئاگر دێت .

دووەم:ناوی سۆران نزیکە لە گۆران، سـۆران لـە ووشـەی سـۆر سـوخر (سـوهر) کـوردی کـۆن وەرگیرایە ،بە واتای رۆژ دێت ، گریمـان نـاوی گـۆران لـە گـۆر یـان ئـاگر هـاتبێ ،واتـە گـۆران ناوێکە بە ئاگرپەرستان دەگۆترێ ( ١٩ )،

٣-خـەڵکی ناوچـەی گۆرانـەتی لـە کۆنـەوە کـاری سـەرەکیان بـەخێوکردنی مـەڕو مـالاتو کۆچەرایەتی بووە، لە خاکی پڕپیتو بەرەکەتی ناوچەکە لـەژیانی کۆچـەرایەتی گـۆڕاون بـۆ سەرکاری وەدەستهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی، لەبەر هەندێ بەناوچەی گۆران ناو دەبرێت.

٣-ئەو دەڤەرەی ئێستا گـۆران تێـدا دادەنیشـن، ئێزدخانـە بوولـە گـەل کـوردی موسـولمان تێـدا دەژیـان، بـەلام شالاوی لەشـکری یـەك لـە دووای یـەکی میرانـی سـۆران ، هێرشـی لەهـەموو

بـەرفرەتر هێرشـی میرمەحەمـەدی روانـدزی لەبـەهاری سـاڵی (١٨٣١ز) بـەناوی غـەزا بـۆ سەرئێزدییان دەستی پێکردبوو، کەسی ئیزدی تێدانەما ئەوەی هـەڵات، ئـەوەی کـوژرا ئـەوەی بوو بەئیسلام کە ئێستا بەشێخانی نـاو دەبـرێن. ناوچـەکە هاتـە گـۆڕان تـیرەو بـەرەبابی تـر تێدا ئاکنجی بوون دەڵێن لەبەر هەندێ ئەو دەڤەرە بەگۆران ناودەبرێت.

٤- وشەی گۆران ووشەیەکی لێکدراو بێت = گوهـ + ران گوهـ بەواتای چیا دێت: گوهستان. ران بەسەرا راکێشرایە وەکو دەڵێن کاریتەران، تەماشا بکەین چەند زنجیرە چیایەك وەکو زنجیرە چیای ئاکرێ، باکورمان، خێرێ بەسەر باکووری دەشتی ناوکور خۆیان راکێشایە گوهران بوویتە (گۆران).

٥- دەشێت بێژین ئەو ناوچەیە پێش هاتنی ئیسلام ئاگر پەرست بوونە زەرادەشتی بـوون لـە ئـاینی خۆیـان وەڵگەڕانـە بـۆ سـەر ئـایینی ئیسـلام، گـۆڕان بەسـەر ئۆلیـان داهـاتووە، لەبـەر هەندێ بەگۆران ناودەبرێت.

٦- دەڤـەری گۆرانـەتی لەکۆنـدا شـوێنێکی سـتراتیژی هـەبووە، رێگـای کـاروانو لەشـکربووە، بازنــە ئاسـابووە، فەرمانڕەوایـەتی میرنشـینانی سـۆرانو بادینـانی پێکـەوە بەسـتیتەوە، زۆر سـەرە رێـی لێبویتـەوە هـەر شـوێنێك زیـاتر لەچـوار رێگـای لێبـبێتـەوە پێـی دەگـوترێ، گـۆی رێیـان :گـۆی + رێ یـان ، بوویتـە گـۆران . ئـەوە هـەموویان بـیرو بۆچـوون بـوو، بـەڵام بـیرو بۆچوونی یەکەم لەهەموویان بەهێزترە.

له کتێبی (القبائل الكردية فى الامبراطوريه العثمانية )مارك سايكس لاپەرە(٤٠) دەڵێت: ؟ سەر خێزانن گۆران کوردی بابانن .

# دەڤەری گــــــــــــــۆران

# لەنێوان

# زێی بادینان و رووباری خازر وئاوی گۆمردا

دەڤـەری گۆرانـەتی پانتاییـەکی گـەورەی بـەخۆوە گرتیـە، خـاکێکی کشـتوکاڵی پـڕ پیـتو بەرەکـەتی هەیـە، رووبەرەکـەی (١٥٨٠)کـم٢ دەبێـت، زیـاتر لـە(١٠٥٣٥٠) کەسـی تێـدا دەژیت.

گـۆران لەبنەڕەتـدا عەشـیرەت نین،بـەلکو میللـەتێکی گـەورەن یـان نەتەوەیـەکی مـەزنن، خەسلەتی عەشیرەتگەریان پێوە دیار نیە، کۆمەڵگایـەکی کوردی گەورەیـە ، حـەزیان لـەژیانی ئازادییە. گۆران لەزۆر تیرەو بەرەبایی جۆراو جۆر پێك هاتیە سەرەکییەکانیان ئەوانەن:-

١- رەشگەری: چاربرا بوونـە (مـیران، شاسـوار، قەمبـەر، چۆپان) لەناوچـەی نێـوان رانیـەو قەڵادزێ، لەقەندیلی ئاکۆیان لە ساڵی ١٤٣٣ ز لە ژێر سـەرکردایەتی مـیر وەلی بـەگ دەژیـان ، لە ساڵی ١٤٧٧ وەلی بەگ لەگوندی رەشگەری کۆچی دووایـی کردبـو ،ئێسـتا نـەوەکانی مـیر وەلی بەگ بە ناوی مامند ئاغا براکانی سوار ئاغا و عبدالقادر ئاغا لـە رانیـە دەژیـن ،دوای زۆر بوون پەرەساندنیان لە سەردەمی قەلەمڕەوی دەستهەلاتدارانی میرانی سۆران هاتینـە بـۆ قەزای بەردەڕەش و شێخان ئێستا بەسەر ئەو گوندانـە بـلاون: (بـەنێنان، دارەتـوو، زەنگـەنان، گۆمەزەرد، کەونەباك، گربدەو، ئامیان، بیوك، خاروك، دالـەرێ، مـۆریلان، بـارەوان، دوگنـدانی گەورەو بچووك، زمزمۆك، مەمو زین، خرابەیاسین، دۆستەك، گردەپان.

٢- گێـــژ: بنەچـەیان بـۆ قـەرە تەپـەونارین لەقــەزای کفـری سـەربەپارێزگای کـەرکوك دەگەڕێتـەوە، بـەرەبابی مـاڵی مشیر ئاغـای دەگرتەوە،ئێسـتا لـەو گوندانـە نیشـتەجێ بوونـە سـنووریان لـە قـەزای شـێخانو هـەردوو ناحیـەی بـەردەڕەشو بەعشـیقەدایە بەسـەر ئـەو گوندانە بلاون (روڤیـە، یەکمالـە، سـیگردك، دینـاران، پیرچاوش، دولێجانی کچکە، خـەمیس کچـك، پیربـووب، گربـەویلی کچکە، گربـەویلی گـەورە، بامـەرزی، ئیسـماوە، کـانی هەسـبانی گـەورە، کـانی هەسـپانی کچـکە، گرێگـا، جوجـەری کچکە، جوجـەری گـەورە، کەنـدا لەسـۆر،

گرکە چوو، ئەلاهی، حەسەنیە، دووبەردان، سێکانی کچکە، سێکانی گەورە ،گولیجە، قەڵاتۆك ،کانی غەزال . . ) زۆربەی گوندەکانیان دەکەونە ناودەشتی ناوکور.

گێژەکانی سەر لێواری رۆژئاوای روباری خازر نزیك بناری چیای مەقلوب ئمانەن :

سێ برا بوون ئۆمەر و کنار و دەرباز هەروەها عساف و شاباز وجندی ئامۆزای یەکن هاتبوونە سێکانی کچکە(جامعە ) لە وێ بەلاوبوونەوە بۆ گوندەکانی دیارمان کرد، لە نارینی دەڤەری کفری هاتبوون بە ئەسل بۆ بابانیەکان دەگەرێنەوە،حسێن پاشای جەلیلی ناکۆکی هەبوو لەگەل ئێزدیان گێژەکان هاتبوون لە دەوروبەری شاری موسل ئاکنجی کران ، بۆ پالپشتی و یارمەتیدانی حسێن پاشای جەلیلی والی موسل ، گێ ژلە کەلارو بازیان جمجمال ناحیەی جبارە جەلەولاو هەنە بەناوبانگ تریان علی عباس گێژ وحاج خلیل حسن .........

٣-بۆت: هۆزێکی کۆنی کوردە لە چیای جودی شەرنەخ لەجزیرەی بۆتان‌و دەوروبەری‌دەژین، بۆت لە رووی واتاوە بەمانای بت دێت چونکە شوێنی ئەسلی بۆتان زۆر پەیکەرو شوێنەواری تێدا دروست کرایە،بۆتان رۆلێکی گرنگی هەبووەبەتایبەتی لە سەردەمی میرنشینی بەدرخانیەکان ، لەسەردەستی بدرخان پاشا ١٨١٣ دوای لەناوچوونی شۆرشیان لەساڵی ١٨٤٢-١٨٤٦ز لەدێر گوڵ‌و کەلێ بورجێ‌و ئەوانەی تر لەدەڤەری شەرنەخ‌وجزیرەی بۆتان و شوێنەکانی تری‌باکوری کوردستان بەجیاجیا هاتوونە، بۆتەکانی ناوچەی گۆرانەتی لەرووی سیماو رووخسار دەبنە دووبەش، بەبۆتەسۆرو بۆتەرەش ناودەبرێن، هەموویان بەسەریەکەون لەسنووری قەزای بەردەڕەش‌و ناحیەی کەلەك، قەزای حەمدانیە بڵاون، تیرەو بەرەبابەکانیان ئەوانەن (عەباسی، خەمانی، لۆلکی، لۆلکی سێ برابوونە (بازید – کەکۆ- ئەحمەد)، تۆبزی، قەیاسی پالانی، گەردی، خویتەلی، یاقوبی تیرەیەکی بۆتانی مەسیحینە لەشارۆچکەی قەرەقۆش سەربەپارێزگای موسڵ دادەنیشن. تێکرای بۆت بەسەر ئەو گوندانە بڵاون:-( گردەپان، گەلووك، بەرگێل، کەورە سۆر، گەویلان، کەلکان، شەمسەخڕ، شێخالك، دڕین بۆت، ترپەسپی، دووسەرە، قاتێ سی گەورە، گۆراو بەشیریان، هەنجیرۆك، کەلەك، ئاچ قەلا، تورکوماس، سێودینان، قەسرۆك، حەسار .........).

٤- زەنگەنـــە: لەکـــەرکوكو خانـــەقین، کفـــریو دەوروبـــەری، ئیـــبراهیم خـــان چـــی، سۆماك،کرمانشاه، هـەلیلان، بـلاون، دەبنـە چـەند بـەش: / فـارس ئاغـا. / رۆسـتم ئاغـا/، ئیسماعیلی/خەنجەر بـاز/ کوچـك /عباسـی/ ئـال وەیسی/شـەروال شـین/مەلا مـەحمودی/. هەندێك لەوتیرەو بەرەبابانەبەرەو دەڤەری گۆران هاتوونـە لەکەلـەکی یاسین ئاغا بوونەتـە دووبـەش بەشـێکیان لەگونـدی شێخەمیروباسـخرەو دەوروبـەری ژیـاون ئێسـتا لـە زۆربـەی گونـــدەکانی رۆژهـــەلاتی شەبەکســـتان ئاکنجینـــە ، ئەوانـــەی تـــر لەگونـــدی زەنگـــەنان، بەردەڕەشی کچکە وگوندی شیوەوە جێگای خۆیان کردیتەوە،پەیوەندیان بەهێزە ،

٥- شـێخ بزێنـی: لەسنووری رۆژهـەڵاتی رەشـگەری وگێـژ دانـە لـەو گوندانـە دادەنیشن (کەلـەکی یاسـین ئاغـا، خـاروك، چـەمە، زێلکـەی عەتکۆ،دەربێسـتان و تـۆبزاوا و جووجـەر). شوێنی ئەصلی شـێخ بزێنـی دەکەوێتـە قـەراغ رووبـاری زێـی بچووك (زاب الاسفل) لـەنێوان سنووری هەر دووقەزای چەمچەمالو کۆیسنجق، ماڵی یاسین ئاغـای لەگونـدی پەلکانـە سـاڵی ١٨٠٨ هاتوونە ماڵی (حوسێن کـەفتی) ئێزدیـان لەکەلـەکی عەبدولعـەزیزی یـان داسنی پـێ دەگـۆترا دەرکردییـە بوخۆیـان تێـدا دانیشـتینە، لەبـەر هەنـدێ بەکەلـەکی یاسـین ئاغـا نـاو دەبرێ.بە درێژی باس دەکەین .

٦- رۆژبیـانیو بـەرازی ئۆمـەربلو مووسـەییو داوودیخۆیـان بـەگۆران دەژمێـرن، ئۆمەربل بەشێکن لە بەرازی ،بەرازی و ئۆمەربلو لە کوردستانی تورکیا لـە گونـدی بـەرازی هاتبوونە بنێ چیای مەقلوبی دووگوندیان ئاوەدان کرد بەناوی بەرازی گـەورەو کچکە پاشـان چووبوونە گونـدی شەمسەخرِدارەتوو، دوای تـەخت کردنـی گشت گونـدەکانیان کەوتبوونـە رۆژئاوای ئاوی خازر هەر لەبن چیای مـەقلوبی بـەرەو بـاکوور تـاکو دەگاتـە ناحیـەی مرێبـا، رژێـم سـاڵانی هـەفتا کـان خەڵکـەکانی راگواسـتنەوە بـەزۆرەملێ بـۆ هـەردوو کۆمەڵگـەی کەلەکچیو چرِەنیشـتەجێیانی کـرد بەعـەرەب کـران، زێـدی بـابو باپیرانیـان پـێش ئـازادی عیـراق لـەژێر تـەعریب دابوون،لەدووای ئازادی عیـراق گەرِانـەوە سـەر لـە نـوێ گونـدەکانیان ئاوەدانکردەوە .

٧- زۆر تیرەو بەرەبابی تری بەرچاو هەنە، بەسەر گوندەکانی گۆرانان بڵاون وەکو خدری(خضری) زانای ئاینیان تێدا هەلکەوتووە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە خزمەتی ئاینی ئیسلام بە تایبەتی لە ناو شاری موسل ، هەروەها (، ئۆرمزیار، مامەسەنی ، بلباس، زراری، ، کلاش کەر، سورداشی ، کەوخۆمزەی، قەڤقازی، نهێلی،شکاك، باجەلان، شێخانی کە بەرەچەلەك ئێزدی بوون، بوونەتە ئیسلام....)لە دەڤەری گۆرانەتی بەلاون .

بەڕاستی پێکهاتەی دانیشتووانی گوندەکانی گۆرانان ئالۆزوتێك چەقیوە، لەدەرەوەی دەڤەرەکەیان لەهەر یەکێکیان بپرسی بەشانازییەوە دەڵێ من گۆرانم سەرەڕای ئەوانە هەموو زۆر لەخانەوادەی عەشیرەتەکانی هەرکیو سورچیو زێباریو مزوریو میرانی کۆچەر لێرەو لەوێ لەدەڤەری گۆران دەژین.

## بەڵاوبوونەوەی گۆران لەشوێنی ئەسڵی خۆیان بۆ شوێنەکانی تریکوردستانی گەورە بۆ ئەوهۆیانە دەگەرێتەوە:

١- لەسەردەمی فەرمانڕوایەتی ساسانیەکان ئەو دەشتە بەرینەیپڕ پیتو بەرەکەتەی گۆرانان، لە دەوروبەری شاری کەرمانشاه، دانیشتووانی گۆران بوون، بەفەرمانی دەستهەلاتداری ساسانیەکان بەبەرشالاوی راگوستنەوە کەوتبوون، خەلکی فورسیان لەشوێنی گۆرانەکان نیشتەجێ کردبوو.

٢- ساسانیەکانو سەفەوییەکان،دەوروبەری پایتەختی خۆیان بەکەسانی متمانەی خۆیان قایم دەکرد، کوردیان دەرکرد بوو گۆڕایان بەفارسەکان وولاتی ئەسفهانو کاشان وقوم کە مەزهەب شیعە بوونو لەوسەردەمی هەژاریو نەداری قاتو قڕی لەناو خەڵك بەلاو بوو، شوێنە کشتوکاڵیەکانی پڕ پیت بەرەکەت لەکوردی گۆران بەزوڵم ستەم لێیان هاتە ساندنەوە پەرگەندەی شوێن و شارەکانی تر بوون .

٣- هەروەها گۆرانەکانی ناوچەی ئەردەلانیش بەبەرشالاوی دەرکردن ڕاگواستنەوە کەوتبوون بەتایبەتی لە سەردەمی جێ نشینە عەباسییەکان.

٤- لەئەنجامی لەشکرکێشی دوو هێزی رکابەر بۆسەریەکدی سەرکەوتنی لایەكو شکانی لایەکەی تر، دەبووهۆی گۆرینی دانیشتووانی ناوچەکان بەچەند تیرەو بەرەبابیکی نەتەوەی

ترپڕدەکرانـەوە، ئەوگۆڕانکاریـە زۆرجـار بەسـەر ناوچـەی گۆرانـەتی هـاتووەن کـاتی میراتـی ئـەردەلانو بابـانو سـۆران هێرشـیان بـۆ سەرموسـڵ دەهێنـا، ناوچـەی گۆرانـەتی گۆڕانکـاری بەسەردەهات.

٥- ناوچـەی گۆرانـەتی بەتایبـەتی دەشـتی نـاوکوور دەڤـەرەکی دەولەمەنـدە لـەرووی‌کاری کشـتووکاڵیو بـەخێوکردنی مـەروماڵات لەسـاڵانی گرانـیو قـاتو قـڕی خـەلکانێك ڕوویـان تێدەکرد و دەمانەوە.

٦- ڕێگای کاروانچیاتی بووە خەڵکێك هاتوونە تێدا ناکنجی بوونە.

٧- جـاری واهـەبوو، بـەهۆی نەخۆشـی تـاعوون خـەلکی ئـەو دەڤـەرە قـڕ بوونـە بـە والایـی مایتەوە ناچار کەسانی تر هاتوون تێدا دانیشتوونە لەهەندێ شوێن ئامـاژە پێکـراوە، چـەند جارێـك ناوچـەی گۆرانـەتی بەتایبـەتی دەشـتی نـاوکور بەبەرڤایرۆسـی تـاعون کەوتوونـە دانیشتوانی قڕ کردبوو.ڤایرۆسێکی تایبەتی هەبوو لەگەل ئاووهەواکەی نەشونمایدەکرد،

٨- باری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی دوژمنداریو ژن ڕواندن خەڵك لەناوچەکانی خۆیان بەدوور دەکەتنەوە ، لێرەدا ئەوەی شایەنی گۆتنە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەی گۆرانەتی مێـژووی زنجـیرەی بـەرەبابی خۆیـان دەزانـن کەنۆپشـت هـەتا یازدەپشـتەولە شـوێنی بـاپیرە گەورەی خۆیان کەلێ هاتوونە دیاردەکەن، مەرج نیە کەلەتیرەو بـەرەبایی گۆرانـان بـن. بـەلاّم کەلـەنێوان ئـاوی زێـی بادینـانو ڕووبـاری خـازر ئـاکنجی بـوون، نـاوی گـۆران پێوەیـان لکاوە.دەگێرنەوە پێش هاتنو پێکهاتەی دانیشتووانی ئێستا خـەلکانی پێشـتری دیسان گۆران بوونە،بەلاّم لەبەر بارودۆخی سیاسـی لـەکۆتایی سـەدەی پازدەم وسـەرەتای سـەدەی شازدەم گۆانکاری بەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچەیە هاتووە.

## موسل پێش هاتنی ئیسلام

مێژوونووسان بە تایبەتی مێژوونووسانی عـەرەبی کۆن ، لـە نووسینەکانیانباسـی عـەرەب چ بەکەسی عەشیرەت یان ژیـار وشارسـتانیەت، لـە عـیراق ئاماژەیـان پێنەدرایـە ، ئـەوە لـە پـێش هـاتنی کردنـەوەی ئسـلامی تـەنها بـاس لـە شارسـتانیەتی ئاشـوور وبابـل وئەکـەد وسـۆمەر دەکـرێن لـە باشـووری عـیراق ، یەکـەم هـۆزی عـەرەبی بـە نـاوی (ربیعـە کـوری نەسـر)لەگەل

خانەوادەی خۆی لە سەردەمی مەلیکی ساسانی ئەویش نامەیەکی ئاراستەی مەلیك کردبوو دووای ڕەزامەندی پێدان لە بیابانی عیراق لای ڕۆژ ئاوای ئاوی فورات کە درێژە پێدانی بیابانی خاکی سعودییە،لەوێندەری جێنیش بوون بۆ چەراندنی مەڕ ومالاتیان وخۆیان بپاێزن لە دەستی دز وجەردەی ئەعرابەکان لە دوورگەی عەرەبی سعودی دەهاتن دز وتالانی خەلکیان دەکرد .

دەربارەی ئەو بابەتە زانا وشارەزا (جواد علی گاهر)لەکتێبە مێژووییەکەی بە ناو بانگ بە ناو نیشانی (مفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام) دەلێت : (ربیعە کوری نەسر )ئەوەی بە سەر دلێ داهاتبوو  بە مندالێ وخانەوادەی خۆی گۆتبوو خۆتان  ئامادەبکن داکو بەرەو عیراق کۆچ بکەین بۆ ئەو مەبەستە نامەیکی بۆ مەلیکی ساسانی نووسیبو کە پێی دەگۆترا (سابور کوری خرزاد)  ڕەزامەندی دا لە حیرەی ئەوانی نیشتەجێ کردبوو کە ئەو سەردەمی پایتەختی فارسی لە مەدائین بوو ئێستا شوێنەواری مایە لە نزیك بەغداد ، هاتنی عەرەب بۆ عیراق بە تایبەتی بۆ شاری مۆسل دەگەرێتەوە بۆ مێژووی ١٨ کۆجی بەرامبەر (٦٣٩)ز لە سەردەمی جێ نشیی موسولمان عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزابوونی خودای لە سەربێت) هەروەها مێژوونووسی بەناوبانگی عەرەبی(البلاذری) لە کتیبەکەی خۆی (فتوح البلدان) دەلێت : لە سالی ٢٠ بیستی کۆچی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (عتبە بن فرقد السلمی) ڕەوانەی موسلی کردبوو وەکو سەر لەشکر خەلکی موسل شەڕیان لەگەلی کرد ، قەلای ڕۆژ هەلاتی گرت ولە ئاوی دیجلەی پەرییەوە لەگەل خودانێ قەلای  پێکهاتن سەرانە بە ئیسلام بدەن . پاشان دەشتی (المرج)وگوندەکانی خاکی (باهۆزە )و (باعدرێ ) و(الحنانە) و( المعلە) و(دامیر) و وەهەموو قەلایەکانی کوردان . وە مێژوونووس (البلاذری ) دەلێت لە باپیری دەگێریتەوە : یەکەم کەسی عەرەب پێ هاویشتە شاری موصل (هرپمە بن عرفجە البارقی)  سەر لە شکری ئیسلام بوو ، لە سالی ١٦ شازدەی کۆچی سەر لەشکری موسلمانان موسلی کردەوە ناوی (ربعی بن الاکفل العزی )بوو ، دووای کردنەوەی  موسل لەشکری موسلمانان ویستی درێژە بە ڕێرەوی خۆیبدات بەرەو باکووری موسل بڕوات ، کەسی عەرەب نەبوو وەکو ڕێپیشاندەر شارەزایی هەبێت، هەموو خەلکی موسل زمانی ئاخفتنیان بە

کوردی بـوو ، مێـژووی تەبـەری ئامـاژەی پێدایـە لەشـکری موسـلمان پرسـیاری پشـت چیای مەقلوبیان کرد، ئایا ئـاوەدانی تێداهەیـە و کـێ لـە وێنـدەرێ دەژیـن ،کـەس نـەیوو بـە زمـانی عەرەبی وولامیان بداتەوە گۆتیان پشت گوهی واتە لە پشت چیای مەقلوب.

لە مێژووی تەبەری جوزئی(٤) چار لاپەرە (٣٥) نووسرایە (پشتی گوهی) مەبەستی پشتی چیای مەقلوبی(دەڤەری گۆرانەتی شەربە هەردوو قەزای بەردەرەش و شێخان ) دەگرتـەوە ،تەبەری ئەو دەستەی واژەیەی لە خەلکی کوردی موسل وەرگرتووە ،کوردی گۆران . ئـاخفتن و زاراوەیان وەکو زمانی کوردی لۆرستانە ،

لۆردکارزۆن شارەزا لە کاروبـاری رۆژهـەلاتی ناوەراسـت و وەزیـری دەرەوەی بـەریتانی بـوو لـە سەردەمی مۆرکردنی پەیمانی لـۆزان سـالی ١٩٢٣ دەلێت:لۆرییـەکان کـوردی ئیرانـی رەسـەنن لە سەرەوەی رووباری دیز دادەنیشن بۆ لای شاری کەرمانشاە لە رەگـەز وتـوخمی لۆلۆییـەکانن ، سەجەرەی کەریم خانی زەند بـۆ ئـەوان دەگەرێتـەوە ، لـە سـەدەی شازدە بـە وولاتـی لـەری بچووك دەگۆترا(لۆرستان ) یان بە لۆرستانی فەیلیەکان ناودەبرا ، لە سەدەی نـۆزدە لۆرسـتان کرایە دوو بەش

١ ـ پشت گوە : ئەو دەڤەرە دەکەوێتە رۆژ هەلاتی چیای کەبیرەگوە

٢ ـ پێشی گوە : ئەو دەڤەرە دەکەوێتە رۆژهەلاتی چیای گوە دەڤەری گوە بە لۆرستان ناودەبرێت ، هەروەها دەڤەری پشتگوە بە وولاتی فەیلی ناودەبرێت(٢٠)

زۆربـەی هـەرە زۆری کـوردی گـۆران لـە دەڤـەرەکانی لۆرسـتانی بچـوك لۆرسـتانی گـەورە لـە رۆژهەلاتی کوردستانی لە بناری زنجیرە چیای زاگرۆسـی بەدرێـژای مێـژوو لـە سـەردەمەکانی بەرێ لە پێشتر باسمان کرد هاتوونـە لـە موسـل ودەشـتی رۆژهـەلاتی موسـل ئـاکنجی بوونـە ، شێوەی ئاخفتن زاراوەکانی زمانیان بە دیالێکێ زمانی کوردی لۆرستان دەچیت کە شـێوەزاری گۆرانـە ،چـونکی ووشـەی پشـتگوە وپـێش گـوە لـە لۆرسـتان بـە کاردێـت ،کوردەکـانی موسـل هەمان زاراوەیان بە کارهێناوە لە دەشتی موسل بە خـەلکی دانیشـتووی نێـوان موسـل وچیای مـەقلوب گۆتراە پـێش گـوە واتـە دەڤـەری پـێش چیای مـەقلوب ، پشـتگوە بـە دانیشـتووانی کوردی پاش چیای مەقلوب گۆترایە هەمان ناو لێنـانی لۆرسـتان ، کـوردی شـەبەك لـە موسـل

بـەكاریان هێنـاوە ، بـێ گومـان ئـەو ڕوونكردنەوەیـە ئـەوە دەگەیـەنێ پـێش هـاتنی ئیسـلام كوردی گۆران لە موسل دانیشتینە پێشكەوتنی ئـەو شـارە لەسـەر دەسـتی ئـەوان بـووە ، یـەك مالـە عـەرەب لـەو شـارە نـەبووە . هـەمووی كـوردی گـۆران بوونە(لـە سـەردەمی كردنـەوەی موسـل لـە لایـەن لەشـكری ئیسـلام موسـل شارۆچـكەیەكی بچـووك بـووە ،دەسـتی ئـاوەدانی هێشتان تێـدا پـەرەی نەسـاندبوو ،تـەنها دوو گـەرەكی لێهـەبوو یـەكێكیان كـوردی زەردەشـتی بوون بەئاگر پەرستەكان ناویان دەبرد كەرەكی تر مەسیحی بوون لە گەل هەنـدێ مالـە جـوو ، هیچ سیما و روخساری عـەرەبی لـەو شـارەكە دیـار نـەبووە، دووای هـاتنی ئیسلام لـە سـالّی (٦٤١ ) ز خانەوادەكانی عەرەب لێی ئاكنجی بـوون ،چـونكە ئـاو و هەوایـەكی خۆشـی هـەبوو پاوان لەوەرگای گونجاوی هەبوو بۆ مەڕو مالاتیان زۆر لە بار بوو)(٢١ )

زۆر لە تیرەو بەربابەكانی موسل هـەر لـە كۆنـەوە لـە شـاری موصـل دەژیـن پێیـان دەگـۆترێ مسلاوی یـان بـە خۆیـان دەلـێن ئێمـە میسـلاوین بـی گـۆمـان ئـەوان رەگ و رچـەلەكیان لـە توخمی عەرەب نیە جیاوازی زۆریان هەیە لەگـەل عـەرەب لـە رووی سـیماو روخساریان یـان مامەلـەی رۆژانـە و شـیوازی ژیانیـان تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە ، ئەوانـەی دەلـێن ئێمـە مسلاوین زۆر پێیـان ناخۆشـە بلـێن هنگـو عـەرەبن گیانیـان بـە ووشـەی عـەرەب سـەخلەت دەبێـت، بـێ گومـان ئەوانە.بەرەچـەلەك كـوردن یـان جوولەكـە بوونـە بوویتنـە ئیسـلام یـان زەردەشـتیەكان بوونــە بڕوایـان بــە ئـاینی ئیسـلام هێنایــە یــان هەنــدێكیان پاشمــاوەی عوسمانیەكان بوونە

ناوی هەندێ خانەوادەوبنەمالەی مسلاویئەوانەن: (نەقیب ،الجوٌمرد، الدێوەچـی ،العومـەری ،یاسین ئەفندی المفتی ، قرە مستەفا بەگ ،صابونچی ،عمرئاغا الشوێخ ،الدملۆچـی ،كەشمولـە ،الرووا‌س ،..)ولـە شـارە مایتنـەوە . زۆر بـەرەبابی كـوردی گـۆران وخـەلكی چیایی‌و شـەبەك وهیتر.... لەگـەل خـەلكی موسـل توایتـەوە خۆیـان بـە عـەرەب هەژمارناكـەن چـونكی ئەوانـە هـەموویان كـەلتوور وداب نـەریت و شـیوازی ژیاننیـان جودایـە لەگـەل تـاكی عەرەبـەكانی كوسل،مسلاوی چەند پەندیان هەیە لەسەر عەرەب دەلێن : ـپێویست ناكات لێرە بیلێین .

# گۆرانەتی

ئەو دەڤەرەی گۆران تێدا ئاکنجی بوونە پێی دەگوترێ گۆرانەتی سنووری رووباری زێی گەورە سنووری رۆژهەلاتە، هەر لەگوندی چەمە، بگرە بەرەو باشوور تاکو دەگاتە گوندی وەردەك مەخلەتی پێ دەگوترێ ئاوی زێی بادینان وررووباری خازر لەوێندەرێ تێکەلّ دەبێت، سنووری رۆژئاوای رووباری گومر، چیای مەقلوب، چیا زەروك تاکو دەگاتە وەردەك-مخلەت. ، سنووری باکووری ناحیەی مرێبا، ریزەگوندی بەربنی کە دەکەوتە بناری زنجیرە چیای باکورمان وئاکرێ تاکو دەگاتە زوورگی بەردەسۆر. لەشێوەی سیگۆشە هەلکەفتیە بنکەی لەباکوورە بێدەشتی زنجیرە چیای ئاکرێو باکورمانە، سەری دەکەوێتە گوندی وەردەك. دەشتێکی کشتوکالّی پڕ پیتو بەرەکەتی بەخۆیەوە گرتووە بەدەشتی ناوکور ناودەبرێت، ناحەزان چاویان تێ بڕیبوو ئەو پەندە بلاوە دەلّێن (ئەگەر سالّ حییشکە، دەشتی ناوکور سەرپشکە،بەلّام زەوالی مشکە) ناوکور بەواتای ناوقورڕدێت. باشووری دەشتی ناوکور ملە زوورگێکی درێژی بەخۆیەوە گرتیە هەر لەچیای مەقلوب دەست دەکات بەگوندی دارەتوو تێدەپەڕێت تاکو خۆی لەئاوی زێی بادینان دەدات بە ملە زوورگی رێی سەری ناودەبرێت ئەوملە زورگەدەشتی ناوکور لەناوچەی بۆتان جودا دەکاتەوە.

ناوچەی گۆرانەتی لەبارەی بەڕێوەبردنی کارگێرییەوە بەسەر هەردوو قەزای بەردەڕەش و شێخان دابەش کرایە، چەند گوندێکی دەکەوێتە سەر قەزای حەمدانیە- برتلە و ناحیەی باشیك.گوندەکانی گۆران کە دەکەونە رۆژئاوای رووباری خازر بەدوو قۆناغ لەسالّانی هەفتاکان و هەشتاکان بەبەرشالّاوی تەعریب کردن کەوتن، هاتنە راگواستنەوە بۆ کۆمەلّگەی کەلەکچی و کۆمەلّگەی چرە، هەتا ئێستا گوندەکانیان ئازاد نەکرانە.تاکو راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ گەرانەوە سەر زێدی بابوباپیرانیان.

# پێكەوە ژیان

بە درێژایی مێژوو نەتەوەی جۆراو جۆر لـە موسل ژیـاون ،پەیوەنـدی كۆمەلایـەتی و ئـاینی یان لە نێوانیان هەبووە ، ئاینی زەردەشتی زال بووە بەسەر هەموویان ئـەنجا ئـاینی مەسیحی بەلام دووای هاتنی ئیسلام لە سالی ٢١ كۆچی زۆربـەیان بوونـە موسلمان ، بـەلام پەیوەنـدی كۆمەلایـەتیان نەپچرا بـەلكو بـە هێزتـر بـوو هـیچ ڕووداوێكـی نـەخوازراو لـە مێـژوو بـاس نەكرایە لە نێوان پێكهاتەكان(گۆران ، ئێزدی ،كاكەیی ، مەسیحی ، ) ڕوویـدابێت بـە تایبـەتی ڕۆژهەلاتی شاری موسل گۆرەپانی لێبوردەیی پێكەوە ژیانی ئاینی نەتـەوەكان بـووە ، فـرە ئاینی لەخۆ دەگرێت: ئیسلام ئێزدی ،كاكەیی ، مەسیحی ، پەیوەندیەكانیان زۆر بـەهێز بـووە ،داب و نەریتەكانیان زۆر لێك نزیكن ،جگە لە مەراسیمی ژن هێنـان نـەبێت ،لـە خێـر و شـەڕ و خۆشی و نەخۆشی و بۆنـە ئاینیـەكانی یەكدی ئامادە دەبـوون ، سـەردانی شـوێنی پیرۆزی ئاینی یەكتر دەكەن ئەوەش ئەوە دەگەیەنی بیرو بووچوونی ئـاینی كۆنیـان لێـك نزیـك بـووە، یەك ئاین بوونە ، هـەر وەهـا جوداییـەكی بەرچـاو لـە نێـوان شـێوە ئاخفتنیـان نـەبووە لێـك تێگەیشتتونە،ئەو نەتەوانە هیندو ئەوروپینـە لـە كۆنـەوە دیاردەكـانی سروشـتیان دەپەرسـت وەكو: ڕۆژ ،هەیڤ ،دار ،ئاگر ،ڕۆناهی ،ڕوبار ... گۆران وشەبەك و كاكەیی و ئێـزدی پاشماوەی ئاینی زەرادەشتی بوون ،سەربە نەتەوە گەورەی كـورد بـوون ، لـە شـوێنی خۆیـان مایتنـەوە و بـەردەوامن لـە پێكـەوەژیان، بەرژەوەنـدی گشـتی هاوبەشـی خۆیـان دەپـارێزن ،گۆران لەگـەل شەبەك وكاكـەیی و ئێـزدی بـرا مەسـیحیەكان بـە سـەدان سالە پێكـەوە دەژیـن وپەیوەنـدیان خۆشـــە،بەرزكردنەوەی دروشمـــی پێكـــەوە ژیـــان فاكتـــەری ســـەرەكیە بـــۆ پاراســـتنی پەیوەندییـــەكانیان، هـــەموویان هاوســـنووری یـــەكترن ،هـــیچ لایـــەكییان پـــەلاماری خـــاكی یـەكتریان نەداوە،هـەروەها گۆران پەیوەنـدی باشـی هـەبوەو هەیـە لەگـەل سورچـی و زێبـار، ،گۆران یان شەبەك كـاتی منـدالی خۆیـان سـونەت دەكـرد لـە كۆشـی كەسـێكی ئێـزدی سـونەت دەكـرا بـۆ ئـەوەی خـوێنی خـوێنی موسـلمانی دراوسـێیان بـرژێتـە كۆشـی ئێزدیەكـە تـاوەكو خوێنیـان تێكـەل بێـت، دەبوونـە بـرای یەكدی پێیـان دەگـۆت (كریفـێ خـوینێ ) بـۆ ئـەوەی

پەیوەندی یان موكوم بێت ،هەموو شتیان لێك حەلال دەبوو ئیلاّ ما حەڕمە الله ، ئەوە دەگەیەنێت پەیوەنی لایەكان زێدە بە هێزو موكوم بووە ،
سەرەڕای ئەمانە هەموو مامۆستایانی فەلەو شەبەك و ئێزدی خزمەتی قوتابخانەكانی دەڤەری گۆرانەتیان كردووە ، زۆر تیرەو بەرەبابەكانی كۆنی گۆران وشەپەك و كاكەیی و ئێزدی دەگەنە یەكدی دەبنە خوێنی یەكتر ، جگە لە لێكجودایی ئاین و بیرو بۆچوونیان ،هیچ كاتێك كێشەی ئاینی تایفە گەری و عەشایری لە نێوان پێكهاتەكان ڕووینەداوە،هەموو لایەن و پێكهاتەكان كڕین و فرۆشتنیان لە كەل یەكدی هەبوو ،
باشترین بەلگەلە كتێبی ابن حوقل لاپەرە ١٩٦ باسی بازاری یەك شەمە (سوق الاحد ) دەكات دەكەوێتە سەر ئاوی خازر لە بناری چیای مەقلوب سەربە دەڤەری گۆرانەتی گۆرینەوەی بازرگانی بەرهەمی كشتوكالی و بەروبومی سپیایی لێئەنجام دەدرا ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ی پێكەوە دەبەستەوە،
لە گۆڤاری سەرهەلدان ژمارە١٣،١٢سالی١٩٩٤دهۆك لە وتاری كاك شاخەوان هاتیە::شەبەك و گۆران و سارولی لە دەوری میری لەری (شاوبردی )گرد بوونەوە دوای شكست هێنانی مێر لە دژیشاە عەباسی سەفەوی ، بۆ جاری دووەم گەرایەوە بۆ شەر دیسان شكستی خواردبوو ، بۆیە لە نێوان سالانی ١٦٠٠ــ ١٦٢٠ز میری لەری شاوبردیبە دوواكەوتووەكانی خۆی كە گۆران بوون پەنای بردبوو بەر دەولەتی عوسمانی ،میری لەری شاوبردی موسلی هلبژارد بۆ ئەوەی خۆی دوور رابگرێت لە دەستهەلاتداری عوسمانی و لە هۆزو خێل و عەشیرەتەكان لەمبەر و بەربەستێك دروست بكات لە دەوری شاری موسل دژی سەفەوییەكان( شەبەك لە روباری خەوسەر تاكو روباری خازر ؛ گۆران لە ئاوی خازر بەلای چیای مەقلوبی تاكو دەگاتە زێی بادینان ؛سارولی لە ڕۆژهەلاتی سەبەكستان كە دەكەونە باشووری دەڤەری گۆرانەتی تاكو ببنە دیوارێكی قایم دژی هەر پەلامارێكی سەفەوییەكان چونكی دوژمنی ئەون ،میری لەری شاوبردی لە كتێبی شەرەفنامە ئاماژەی پێكرایە بەدرێژی باسی لێوە دەكات ،

## (دیالێکت)ی زارئاخافتنی گۆران بە گشتی:

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.عبدالواحد مشیر دزەیی لە کتێبی خۆی ـ زاراوە کوردیەکان ـ چاپی ٢٠١١ لاپەرە ٨٥ ، سنووری جوگرافیای زاری گۆران لە مەریوانەوە تاکو سیروان (هەورامان)ە و لە ڕۆژئاوای دیاربەکر بە ئورفە و خەرپوت و دەرسیم (زازا)کە شاری دەرسیم گەورەترین شاری ئەو شێوەزارەیە. کە پەیوەندی و لێکچوونێکی هەرە زۆری لەگەڵ شێوەزمانی گۆرانی دا هەیە و وەك زمانێکی سەرەکی و پیرۆز یەکەم جار لەلایەن عەولەویەکانەوە پارێزراوە ،هەرچۆن گۆرانیش لەلایەن یارسانەکان و هەورامانیەکانەوە پارێزراوە و ڕێزی لێگیراوە ،بەڵام نەك تایبەتمەندی تەنها بە عەولەوییەکانەوە بێترزارۆچکەکانی زاری گۆران(گۆران و زازا)ك (هەورامان ،زەنگەنە،کاکایی،زازا) دەگرێتەوە .ناوەندی زمانی گۆرانی ،هەورامان و ناوەندی زمانی زازاکی ،(دەرسیم)ە،لەباشووری کوردستان لەهەردوو بەشی ئێران وعێراق هەرێمی بەرینی گەرمیان،(هەلەبجە،زەهاو،مەریوان،دینەوەر،هەمەدان،کرماشان،خانەقین و تا بگاتە مەندەلی و هەموو مەڵبەندی هەورامان کە پێگەی (ئەردەلانییەکان)بووە،لەژێر کاریگەری زمانی گۆرانیدا بووە .شێوەزارەکانی دیملی بریتی بوون لە:سیوەرکی،کۆڕی،هازۆ یان (هەرزۆ)،موتکی (مۆتی)،شەبەکی و دامبولی .زاراوەی تاڵیشی ئێستا لە بەرزاییەکانی گێلاندا لەقەراخی ڕۆژئاوای دەریای مازندەران قسەی پێدەکرێت .

هەموو دوژمنێك و ناحەزانی هەر نەتەوەیەك کاتێك بیانەوێت ناسنامەی هەر میللەتێك بشێوێنێتن وتێکیبدەن ، سەرەتا هەول دەدات زمانی میللەتە لە ناو ببات و زمانی خۆی بە سەریان بسەپێنی ، زمانە ئەسلیەکەی بتاوێنتەوە ،ئەوە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دوژمنان تووشی میللەتی کورد هاتیە بە تایبەتی کۆمەلگای گۆران چ لە لۆرستان کە شوێنی بنچینەی نەژادی گۆران بوو لەلایەن فارسەکان تووشی دژایەتی کردنی زمان هاتبوون . هەروەها لە دەڤەری موسل چەندەها شالاوی زمان گۆرین و ڕەگەزپەرستی هاتبوون ، سەرەڕای هەندێ ناسنامەی زمان وکەسایەتی خۆیان پاراستووە.زۆربەی ڕۆژهەلاتناسان لە نووسینەکانیان کۆکن لە سەر ئەوەی کە زمانی کوردی لقێك نیە یان دیالیکتێك نیە لە زمانی فارسی بە

لکو زمانی کوردی خودان تایبەتمەندی وسەربە خۆی خۆی هەیە لە وانە رۆژهەلاتناسان جستی ( Justi وسوسین(Socin) ئەوە دەسەلمێنن (٢٢)

گەلی کورد پێش بەلاوبوونەوە وکۆچکردنی ، لە نیشتمانی کۆنی خۆی لە دەشت ترۆپکەی کە دەکەوێتە رۆژهەلات وباکوور رۆژهەلاتی دەریای قەزوین لە کۆمەلە خێل وهۆز پێك هاتبوون یەك گەل بوون بەیەك زمان ئاخفتنیان دەکرد پێیان دەگۆت (زمانی هندو ئۆرپی) ئەمرۆکە هەموو ئەو گەلانە بەو زمانانە دەپەیڤن پێیان دەگۆترێ زمانی ئاری ، زمانی هندوئۆرپی کە زمانی کوردییە یەکێکە لە لقەکانی بە درێژایی مێژوو نە شونمایی کردو پەرەی ساند .مێژووی دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش زایین ، لە دووای بە لابوونەوەی ببو سێ کۆمەلە ،

یەکەم: کۆمەلەی ئەوروپا ودەوروبەری

دووەم: کۆمەلەی هندو دەوروبەری

سێیەم : ئەو کۆمەلەی بەرەو ئاسیای بچووك وچیای زاگرۆس هاتبوون ، ئەوانیش کوتیەکان ومیدیاکان بوون کە باپیرە گەورەی گەلی کوردن هەروەها بارتیەکان چوونە باکوور وفارسەکان چوو بوونە باشووری ئیران ، ئەوانە هەموویان کۆمەلە زمانێکی لێك نزیك بوون پێیان دەگۆتریت کومەلەی زمانی ئیرانی(٢٣)

زمانی کوردی زمانی لێکتێگەیشتنە لە نێوان هەموو کوردانی خەلکی کوردستانی گەورە، سەرەڕای زۆری لێك جوودایی لە نێوان دیالێکتیەکان و زارئاخافتنیان ئەوەش لە هەموو زمانێك هەیە زمانی کوردی پالپشتێکی گرنگە بۆ پیکەوە گرێدانی تاکی کورد لەگەل یەکدی ، هەروەها مایەی گواستنەوەی هزروبیرو زانیاری و روشنبیری گشتی یە لە نێوان کەسانی کورد ، هەروەها گواستنەوەی کەلتور و دیاردەکان وداب و نەریتی کۆنی کوردە بۆنەوەکانی ئێستاو داهاتوو ، زمانی کوردی پێشتر باسمان کرد لە زمانی فارسی وەرنەگیراوە خۆی لە خۆیدا زمانێکی زیندووی سەربە خۆیە لە رووی رێزمان و ووشە سازی و زاراوەکانی تایبەتمەندی خۆی هەیە.ئەوە زیاتر لە (٢٠٠٠ )دووهەزار سالە چەندەها کارەسات ومال وێرانی بە سەر ئەو میللەتە هاتووە ، وەکو پێویست خودان قەوارەی سیاسی خۆی نەبووە

سەرەڕای هەندێ زمانی خۆی لە فەوتان ولە نـاوبردن پاراسـتووە . هـەروەها نـەبوونی ڕێگای هاتووچۆ لە نێوان هۆز وخێڵەکان و خاکە سەختەکەیو وزنجیرە چیاکانی دەبوونـە لـە مبـەر بـۆ پێکـەوە گەیشـتنیان و دژایـەتی کردنـی فەرمانڕوایـەکان ودەسـتهەلاتی دوژمنـانی بـە درێژایی مێژوو ، سەرەڕای ئـەو هۆیانـە هـەموو شـێوە زارەکانی زمـانی کوردی تایبەتمەنـدی خۆی بەپاك وخاوێنی پاراستووە . هەرچەندە هەنـدە ووشـەی دەرەکی و نـامۆ هاتووتـە نـاو زمانی کوردی ئەوەش لە بەر پەیوەندی بازرگانی و هەندێ بەرژەوەنـدی گشتی ، لێـك نزیـك بوونیـان و ژیـانی هاوبەشـیان لەگـەل گـەلانی دەوروبـەریان کاریگـەری کردۆتـە سـەزمان ، وەلەبەر زۆری شێوە زارەکانی زمانی کوردی هەندێ لـە توێـژەران زمـانی کـوردی دەدەنـە پـال زمـانێکی تـر وەکـو زمـانی فارسـی یـان تـورکی یـان ئەرمـەنی...زۆری شـێوە زارەکـانی زمـانی کـوردی دەگەڕێتـەوە بـۆ دەولەمەنـدی ئـەو زمانـە ، چـونکە زیـاتر پـەیڤ و زاراوەکـان لـەخۆ دەگرێت ودەبێتە هۆی پاراستنی زمان ومانەوەی بە شێوەیەکی یەکگرتوو و بتـەو لـە فـەوتان ڕزگـاری دەکات.ئەدمۆنـدز دەربـارەی زۆری ژمارەکـانی شـێوەزاری زمـانی کـوردی دەلێـت:( کوردسـتان خـاوەن چـیای بـەرز وبلنـدە ڕێگاکـانی هەولـدێرو سـەختە ، چـەندەها سـەدەیە خـاوەن قەبارەیـەکی ڕامیـاریی و کـەلتوورێکی ڕوشـنبیری هاوبەشـی نـەبووە. هەرچـەندە جیاوازی لە نێوان شێوەزارەکانی هـەبووە لـە و دۆلـەی بـۆ دۆلێکـی تر.بـەلام ئاکاری سـەرەکی زمانی کوردی دیارو بەرچاوە لە ناو ئەو هـەموو شـێوەزارەکانی لێـك جودای زمـانی کـوردی ، هـەروەها دوری ولێـك جـودای هـۆز وخێلـەکانی پێکهاتـەی کـوردی ، ڕاڤـە کردنـی ئـەو لێکجوداییە ئەو دەگەیـەنێت ، ئـەو شـێوەزارانەی لـە زمـانێکی کـۆنی ڕەسـەنی کوردی بـەهێز وەرگیرایە ئەویشی زمانی میدی یە ) لە کتێبی کورد وتورك وعەرەب ل١١-١٢ (٢٤)

لـە پێشـتر ڕوونمـانکردەوە هـاتنی کـوردی گـۆران و (گـۆران و شـەبەك)ی ئێسـتا بـۆ موسـل دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میدیاکان لە سالی (٦١٢)پ .ز شاری موسلیان ئـاوەدانکرد . لێـرە بـەدیار دەکـەوێت شـێوەزاری گـۆران لـە موسـل لقێکـی سـەرەکی زمـانی کـۆنی کـوردی میدیاییەکانـە، لـە مەلبەنـدی میـدیاکان لـە زنجیـرە چـیاکانی زاگـرۆس لـە سـەردەمی خـۆی

هاتوونه له دەشتەكانی رۆژهەلاتی موسل جێ نیش بوونه بۆ پاراستنی رێگای هاتوو چۆی كاروانچیانی بازرگانی هاتوو چۆیان دەكرد له نێوان رۆژهەلات ورۆژئاوا (٢٥)

توێژەری كورد فوئادحەمه خورشید له وبارەیەوه دەلێت:باسیل نیكیتین شێوەزارەكانی زمانی كوردی به هەله دابەشی كردیه:(زمانی كوردی به سەر چەند كۆمەلەیەك دابەش كردیه) وەكو :

١ـ لەر . ٢ـ كەلهور (له هەرێمی كەرمانشاه وهەورامان ).

٣ـ سۆرانی (له سلێمانی ،راوەندوز ، شنو ،ساپلاغ).

٤ـ گۆران له (ئاكرێ ، ئامێدی، دیاربەكر، بەتلیسس، بایەزید)(٢٦)

زۆر له رۆژهەلاتناسان پەیرەوی دابەشكردنی كۆنی كلاسیكیان بۆ شێوزارەكانی زمانی كوردی داناوە:ـ

١ـ كرمانجی باكوور ٢ـ كرمانجی باشوور ٣ـ لەری ٤ـ گۆرانیبەلام تێگەیشتن وراستیەكانی جوگرافی وزمانەوانی وایكردووه پەیرەوی ئەو دابەشه هاوچەرخه بكەین:

أ ـ كرمانجی باكوور : ئەو شێوزاره بەربەلاوه له بەشەكانی باكوور وباكووری رۆژئاوای كوردستان

ب ـ كرمانجی ناوەراست :ئەو شێوەزاره بەربەرلاوەیه له ناوەندو ناوەراستی كوردستان

ج ـ كرمانجی باشوور: ئەو شێواەزاره بەربەلاوانەیه له ناوچەكانی باشوور وباشووری رۆژهەلاتی كوردستان كه دەناسرێت به لۆرستان.

دـشێوەزاریگۆران.(٢٧)مێژوونووسی كوردشەرەفنجانی بدلیس له كتێبی (شەرەفنامه)(٢٨)

ماموستا هەژار موكریانی كردۆیەتی به كوردی دەلێت: شێوەزارەكانی كوردی دەكرێته چەند بەشی ئەوانەی

١ـ كرمانجی ٢ـ كەلهوری ٣ـ لەڕی ٤ـ گۆرانی ،

ماموستا توفیق وەهبی بەم شێوەیه شێوەزاری كوردی دابەش دەكات

١ـ كرمانجی پێك دێت له

أ ـ كرمانجی باكوور لقەكانی (بادینانی، بۆتانی، ئەشتیایی، هەكاری ، بایەزیدی)

ب ـ كرمانجی باشوور لقەكانی (موكری ،مەهاباد،سۆران،هەولێر، سلیمانی وكەركووك،سنائی ،ئەردەلانی)

٢ـ لۆری پێك دێت لە

أ ـ بەختیاری ب ـ لەكی ج ـ فەیلی د ـ كەلهوڕی هـ ـ مامەسەنی

٣ ـ گۆرانی پێك دێت لە : أ ـ باجەلانی ب ـ كاكەیی ج ـ زەنگەنە د ـ هەورامی

٤ ـ زازایی

بە دیار دەكەوێت زمانی كوردی هاوچەرخ پێك دێت لە كۆمەلەیەك شێوەزار سنوورەكانی جوگرافی ورامیاری دەیانكاتە دوو بەشی:

١ ـ كۆمەلەی باكوور : لە باكووری كوردستان بەلاوە و بەكرمانجی ناودەبرێت جگە لە شێوەزاری زازایی كە دەكەوێتە ناوچەی دەوروبەری دەرسیم

٢ـ كۆمەلەی باشوور : ئەو كۆمەلەیە كوردنشین پارچەی باشووری رۆژهەلاتی كوردستان پێی دەدوێن(٢٩)

زانای روسی زمانی كوردی دابەشی كردیە بە سەر پێنج شێوەزار :

١ ـ كرمانجی باكوور ٢ـ لۆری ٣ـ كەلهوری ٤ـ گۆرانی ٥ـ زازایی

دەربارەی شێوەزاری كرمانجی باكوور نووسیتی ودەلێت:( ئەو دیالیكتە لە هەموو كوردستانی رۆژئاوا بەربەلاوە بگرە هەر لە موسل تاكو دەگاتە ئاسیای بچووك(٣٠)

دەربارەی زازا مینۆرسكی دەلێت: (دەبێ باسی لە دانیشتووانی ناوچەی دەرسیم لە پارێزكای خەربونت بكەین دەكەوێتەنێوان هەر دوو لقی ڕووباری ئاوی فۆرات پێكدەهێنین، ژمارەی كورد لەوێ( ٧ ) هەشت كەرەت ژمارەیان زۆرترە ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەل ڕێژەی غەیرە كورد ئەوان بە زمانی كوردی دەدوێن و شێوەزاریان زازاییە ، ئاینێكی دیاری كراویان هەیە ئەویش عەلی پەرستیە ، كەلتوور ژیانی كومەلایەتیان كوردی تەواوە (٣١)

مێجەرسۆن دەلێت ( سەرەڕای شێوازاری موكری ولقەكانی چەند شێوەزاریكی تر هەیە لە كوردستان ئەوانەی پێی دەدوێن كوردی رەسەنن لەوانە لە هەموویان گرنگتر زمانی زازا

کۆمەلەیـــەکی گـــەورەی کـــوردن بەلاوبووتنـــەوە لـــە بـــاکووری دیاربـــەکرو دەوروبـــەری ئەزرەبەیجان وەلە هەندێك ناوچەی ئەنەزۆل .نەتەوەیەکی شاخاوینە وزێدە زیرەك وئازانـە بە شێوەزاری ئاری زۆر پەتی دەدوێن )کوردی رەسەنن(٣٢)

زارئاخافتنی کوردی گۆران زۆر نزیکە لە زارئاخافتنی زازا بـە ئاسانی لێك تێدەگەن چونکە لە بنەرەتدا کوردی گۆرانی موسل و زازا لـە کوردسـتانی تورکیا لـە مەلبەنـدی میدیاکان بـۆ ئەو دوو شوێنە بەلاوبووتنەوە (٣٣)

فۆاد حمە خورشید شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەش دەکات :

أ ـ شێوەزاری کرمانجی باکوور ب ـ شێوەزاری کرمانجی ناوەراست ،

ج ـ شیوەزاری کرمانجی باشوور، شیوەزاری کوردی یە لە باکوورە هەرێمـەکانی رێگای گشتی درێژە بێدەدات هەر لە قەسر شیرین کەرمانشاە ومەلایەر تـاکو دەگاتـە دەوروبـەری بـاکووری رۆژهەلاتی کەنداوی عەرەبی لە باشـوور ، ئـەوە شـێوەزارێکی خێـل وهۆزەکـانی لـەری کـوردن لـەو ناوچـانەی سـەرەوە پێـی دەدوێـن کـە بـە هـەرێمی لەرسـتان ناودەبرێـت لەرپارچـەیەکی گرنك و ناوداری گەلی کوردە دەبنە دوو بەشی ،

١ـ لەری گەورە : عەشیرەتەکانی بەختیاری ومامەسەنی وکوهگلۆ دەگرتەوە

٢ـ لـەری بچـووك : لـە زۆر کۆمەلـەی گـەورەی عەشـیرەتەکانی کـوردی زۆر کـۆن ،هـەر بـە درێژایی مێژووی کۆن کورد لەو هەرێمانە دادەنیشین عەشیرەتە بە نـاو بانگـەکانیان : دلفـان ، بالاگریوە،........لـە ناوچـەکانی پێشـی گـوهی دادەنیشـن ، فەیلیـەکان لـە پشـتی گـوهی دادەنیشـن لـە پێشـتر بـە کۆمەلـەی خێـل وعەشـیرەتەکانی لـەری بچـووك بـە فەیلیـەکان دەگۆترا.بەلام ئەمرۆ بـەخێل وعەشیرەتەکانی پشـتی گـوە دەلـێن فەیلی.شێوەزاری کرمـانجی باشوور بە سەرچەند لقێك دابە شکرایە :

أ ـ لەری ئەصلی ب ـ لەکی ج ـ کەلهوری د ـ بەختیاری هـ ـ مامەسەنی و ـ کوهگلویی

لەری رەسەن :ئەو شێوەزارەیە کە کوردەکـانی پشـتی گـوە ئاخـافتنی پێدەکـەن ،بـەلام لـەکی: ئەو شێوەزارەیە کە خێلەکانی کوردی ناوچەکانی پێشی گوە لە لۆرستان پێی دەدوێن

**کەلهور :** عەشیرەت وخێڵەکانی لە ناو دەقی چیای زاگرۆس دەژین دەبنـە دوو لـق (شـاەزادە )و(مەنسوری).

## د ـ شێوە زاری گۆران:ـ

لەنزیك کرمانشاه خێل و هۆزەکانی هەورامان وریجاب و کاندۆلە هەر وەها لق وپۆپەکانی رەچەلەکی خێلەکانی سنجابی وگۆران وباجەلان.هەروەها شەبەکەکانی لە دەشتی رۆژهەلاتی شاری موسل لە دۆلی رووباری خەوسەر نەمانە هەموویان بە شێوەزاری گۆران دەدوێن.

## شێوەزاری گۆرانی دەبێتە چار لق: ـ

١ ـ گۆرانی رەسەن ٢ـ هەورامی

٣ ـ باجەلانی ٤ ـ زازایی

**گۆرانی رەسـەن:** ناوچـەکانی کرنـد زەهـاو جـوانروا هەنـدێ کاکاییـەکان تـاوق لەگـەل عەشیرەتی زەنگەی نزیك گفری**هـەورامی:** یـەکانلا شـێوەزاریان زۆر رێـك ونیانـە کاریگـەری خـۆی هەیـە دانیشـووانی چـیاکانی هـەورامان پـاوە وپلنگـان ودەوروبـەری بـەو شـێوەزارە دەدوێن.

**شـێوزاری باجـەلانی:** پـەرت وبـەلاوە لـە رۆژ هـەلاتی موسـل گـۆران شـێوە ئاخافتنیـان باجەلانیە،زۆر گوندی شەبەکستان باجەلانن شێوە ئاخافتنیان باجەلانیـە ،لـەزەها و،باکووری لۆرستان، نزیك شاری خانقین وەلە قۆرەتو وهۆرێن وشێخان (یەکـەی کـارگێری مەیـدان ) لـە عیراق شێوە ئاخافتنی ئەو ناوچانە باجەلانیە.

**زازا :** :شـێوەی ئاخـافتنی زازا لقێکـە لـە شـێوەزاری گـۆران بـەلام ئـەوەی جێکـای سـەر سۆڕمانە لە ناو سنووری هەرێمی شێوەزارەکانی گۆران نیـە ، شـێوەزاری زازا دەکەوێتـە نێـوان شارەکانی ئـەرزەرۆم ـ موشـێ ـ خـەربوت ) ئـەرزنجان لـە بـاکووری کوردسـتان بـە شـێوەیەکی روونـتر دەکەوێتـە نێـوان هـەر دوولقـی رووبـاری مـوراد سـۆ وفـورات سـۆ تـاکۆ خـالی پێکگـە پیشنیان لە باشووری چیای مشیرداغ ، واتە دەڤەرەکانی دەرسیم دەگرێتەوە (٣٤)

باسمان کرد زمانی کوردی بۆ کۆمەڵەی ئێرانی دەگەرێتەوە یەکێکە لە تۆپەلی زمانی هندوئەوروپی ، هەرچەندە زمانی کوردی هەندێ پەیوەندی بە زمانی فارسی هەیە ، بەلام زمانی کوردی خاوەنی کەسایەتیەکی سەر بە خۆی هەیە لە رووی زاراوەکان و ووشە سازیدا ، هەروەها رێزمانێکی دەولەمەندی سەر بە خۆی هەیە ، رەستەکانی بەرێکی دێتە ئاوێتەکردن(زمانی هەموو کوردەکان دوو شێوەزاری سەرەکیە : بەسەر ناوچەکانی باکوور وباشووری کوردستان بەم شێوەیە بەلاوبوویتەوە :

١ ـ شێوەزاری کرمانجی ـ باکوور ـ ٢ـ شێوەزاری کوردی ـ باشوور ـ

لە رۆژنامەی روناهی (النور) ژمارە(٨)هاتیە شێوەزارەی گۆران لە زمانی کوردی زمانی هۆنراوە وهۆزان بوو لە سەلتەنەتی مەلیکەکانی ئەردەلانی ومیرەکانی بابانیەکان لە سولەیمانی هۆزانڤانەکان لەو سەردەمی هۆنراوە وشیعری خۆیان بە شێوەزارەی گۆران دەهۆندەوەو دەخوێندەوە ، کە زمانی وێژە وپێشکەوتنی کەلتوری شارستانیەتی کورد بوو ، ئەورۆکە قزلباشەکانی تورکیا ـ باجەلان وزازا ـ کۆمەلەی کاکاییەکان لە عیراق ولە ئیران هەروەها هۆز وخێلەکانی هەورامان لە زاگرۆس ،بەرەو باشوور تاکو دەگاتە خانقین وکرمانشاە)بە شێوەزاری گۆران دەئاخفتن(٣٥)

زمانی کوردی لە سەر دەستی هۆزانڤانی کورد بابا تاهیری هەمەدانی پەرەی ساند کە بەشێوەزاری گۆرانی رەسەن هۆزانی دەهۆنیەوە لە سالی (٩٣٥)زاینی لە دایك بووە هۆزانەکانی دلداری و ئاینی بوو ووشەی زۆر رەسەنی کوردی لە دیوانی هۆزانی خۆی بەکار هێناوە بە شێوەزاری گۆرانە ودەلێن رەچەلەکی بۆ لۆر دەگەرێتەوە کە دەکاتە ناوپشتی شێوەزاری گۆران کە زمانی میدیاکان وکتێبی ئاڤێستایە (٣٦)

لە بەر هەندێ دەتوانین زمانی کوردی پۆلین بکەین بە (٣)سێ شیوەزاری سەرەکی : ـ

١ ـ شێوەزاری دبێژیت : شێوەزارەکانی خەلکانی خۆجێی ئەو ناوچانە لە خۆ دەگرێت: بایەزیدی هەکاری ، بۆتان ، شەمدینان، بەهدینان،شێوەئاخافتنی رۆژئاوا ، وەهەموو شێوەزارێك لەو شێوەزارانەی خۆجێ لق وپۆپی لێهەلدەستیت ، بەپێی بەربلاوی و هۆز وگوند وخێلەکان بەیوەستە

٢ـ شـێوەزاری دەلێـت: شـێوەزارەكانی خـەلكانی خـۆجیێ ئـەو ناوچـانە لـە خـۆ دەگریـت :سـۆرانی، مـوكری ،ئـەردەلانی ،سـلێمانی،گەرمیانی ،ئەوانـەش هـەموویان لـق وچـلی خۆیـان هەیە

٣ ـ شــێوەزاریگۆران (ماچــۆ) :شـێوەزارەكانی(لەری رەســەن ، بــەختیاری ، مامەســەنی ،كوهكلوی، لەكی، كەلهوری ،گۆرانی رەسەن، هەورامی ،شەبەك، باجەلانی) (٣٧)

دووای روونكردنــەوە ودیــاری كردنــی شــیوێنەكانی شــێوەزارەكانی كــوردی بــە هــەموو لقەكانیــەوە ، بـە دیـار دەكـەویت شێوەزاری گۆران ـ شـێوەزارێكی كـوردی پـەتی و رەسـەنە ، هەروەها پاراوترەو پەیوەندیەكی نزیكی هەیە لەگەل زمانی كۆنی كـوردی .شێوەزاری گۆران ڕەگ ورەچـەلەكی زمـانی كوردیـە و لـە سـەنتەری لاندكـەی شارسـتانیەتی كـوردی هـاتووە لـە زنجیرە چیاكانی زاگـرۆس بەلاوبوویتـەوە نەشونمای كردیـە كـە دەكەوێتـە رۆژئـاوای كۆمـاری ئیسلامی یان لە رۆژهەلاتی كوردسـتانی مـەزن هـەر لـە پارێزگاكـانی هەمـەدان وكەرمانشاە و قەسر شـیرین تـاكو دەگاتـە چـیاكانی هـەورامان بـە هـەموو خێـل و هـۆز وعەشـیرەتەكانی لـە ناوچـەكانی هـەرێمی لۆرسـتان دەژیـن وەكـو شـێوەزارەكانی لـەر ولـەك ومـەلهور وبـەختیاری ومامەسەنی وكوهكلوری وگۆرانی وبەهەموو لقەكانی دەگریتەوە.گوتمان شێوەزاری گـۆران بـۆ زمـانی كۆنی كوردی رەسەن دەگەرێتەوە لەبەر ئەو هۆیانە :

١ ـ زمانی میدیاكان بـاكووری رۆژ ئـاوای ئیرانـی لـە خـۆ دەگریت مەلبەنـدی ئـەو ناوچانەی شێوەزاری گۆران تێدا دەگریتەوە

٢ ـ كتێبە پیرۆزەكەی زەردەشت بەزمانی میدیاكان نووسرایتەوە

٣ ـ شێوەزاری گۆران كۆمەلەیەكی زۆری ووشەی كوردی رەسەنی تێدا پارێزراوە بـە زینـدویی مایتەوە

٤ ـ شـێوەزاری گـۆران زمـان حـالی میـدیاكان بـوو لـە سـالی (٦١٢)پ.ز شـێوەزاری گـۆران بـە شێكی گرنگی شێوەزاری زمانی كوردییە .

٥ــ مەلبەنـدی کـوردی کوردسـتانی باشـوور هۆزەکـانی لـەك وکـەلهور وگـۆران و لـە... ) لەخۆدەگریت ئەوانە هـەموویان ناوپشتی شێوەزاری گۆرانەکە دەکەوێتـە ناوەراسـتی زنجیرە چیای زاگرۆس .

٦ ـ شێوە زمـانی هۆزانڤانـەکانی کـورد دەسـپێك بـە شـێوەزاری گـۆران هۆزانیـان دەهۆنـدەوە وەکو بابا تاهیر هەمەدانی .

٧ـ دەستهەلاتداران و رژێمەکانی یەك لە دووای یەکی عیراقـی هەتائێستا دژایـەتی شـێوەزاری کوردی گۆران و شـەبەکیان لـە موسل کـردووە لەبـەر ئـەوەی بـە شـێوەزاری کـوردی گـۆرانی رەسەن دەدوێن ،

ـشێوەزاری باجەلان تێکەل لەگـەل شێوەزاری گـۆران وهـەورامان وکـەلهور بووەلەبـەر هەنـدێ گۆرانکاری بەسەر زارئاخافتنیان داهاتیە . هاتنی باجەلان لـە لۆرسـتان بـۆ دەشـتی موسـل بـە خۆرایی نەبووە پەیوەندی خزمایـەتی وناسیاری لـە نێوانیـان هـەبووە بەرەزامەنـدی خـەلکی گۆرانی خۆجێ و دەستهەلاتی ئەو سەردەمی هاتوونە دەشتی موسل. (٣٨)

دیالێکتی زمانی کوردی، لەلایەن پسپۆرانی زماننـاسی کرایتە ٥ پێنـج بەش، ئەمانەن:

١- کرمانجی سەرو. ٢- کرمانجی خوارو. ٣- لۆر. ٤- گۆران ٥- زازا.

هەر دیالێکتەی زمانی کوردی چەند شێوە زارگۆتنی جودای ئاخـافتنی بـەخۆوە دەگرێـت بـۆ نموونە جۆرەکانی دیالێکتی گۆران بە گشتی دەکرێتە (٤) چار بەشی لێك جودا ئەمانـەن: :

١ـ باجەلانی ٢ـ کاکەی ٣ـ زەنگەنە ٤ـ هەورامی ٥ـ زازایی

لەسـەردەمی پێشـوو، ئۆسـتانی کوردسـتان — سـنە- و هـەردووپارێزگای سـلێمانیو کـەرکووك دانیشتوانیان بە دیالێکتی گـۆرانی دەئـاخفتن، تـاکو فـەرمانڕەوای بابانییـەکان لەپەرەسـەندن دابوو.بـەلام لـەدووای شـەری گیتـی یەکـەمو بەلابوونـەوەی رۆژنامـەو نووسـین بەشـێوەی زارگۆتنی کرمانجی خواروو (سۆرانی) هـەنگاو هـەنگاو پـەرەی سـاندوو کـەلتووری زمـانی زال بـوو بەسـەر ناوچـەکانی موکریـانو سـلێمانیو کـەرکووك لێـرەوە زارگـۆتنی شـێوەی گـۆرانی بەهەموو شێوەکانی بەرەوکزی ونەمان رۆیشت وتووشی گۆشەگیری هات .

بەدرێـژایی فـەرمانڕەوایی ئیمـارەتی ئـەردەلان زاراوەی گـۆران زمـانی رەسمـی ئیمـارەت و

رۆشـنبیران و زمـانی خەڵکەکـە بـووە بـەجۆرێ شـاعیرانی لوڕسـتانیش هـەر بـەم زاراوەیـە هەڵبەسـتیان هۆنیوەتـەوە، دوای نـەمانی ئیمـارەتی ئـەردەلاَن ئـەم زاراوەیـە لـە نووسـین گلۆرەی بەرەو لێژی رۆیشت و زمانیخەڵکەکەش بە زاراوەی سۆرانی گۆڕاو ، ئـەمڕۆ زاراوەی گۆران زیـاتر لـە هـەورامان قسـەی پـێ دەکرێـت. هەنـدێ مێـژوونووس لـەو بـاوەڕەدان کـە زاراوەی گۆران زمانی مادەکانـەو ئـەمڕۆ کۆمـەڵێك شێوەزاری لێ بۆتـەوە وەك :زازا، گێلـەکی، تـالش وتـات (ئـازەری) ، ،ئەگـەر سـەیری شـیعری شـاعیرە کۆنـەکانی فـارس بکـەین دەبیـنین مـۆرکێکی تـەواوی زاراوەی گـۆرانی بەسـەرەوەیە و پێـوەی دیـارە ، کەواتـە لـە ئـەنجام دا دەگەینـە ئـەوەی کـە زاراوەی هـەورامانی زاراوەی گۆرانـەو ئـەم زاراوەیـەش پاشمـاوەی زمـانی (مـاد )ە و لەسـەردەمی ساسـانیەکانیش بـە زمـانی پەهلـەوی بـاکوور ناسـراوەو هـەموو زاراوەکـانی ئـەمڕۆی خـوارووو و خـوارووی رۆژئـاوای دەریاچـەی قـەزوینیش زۆر نزیکـە لـە زاراوەی گۆران ، بـۆ نموونـە : زاراوەی ئـازەری یـا پەهلـەوی ئـازەری زاراوەیەکـە لـە چـەند گوندێکی ئازەربایجان قسەی پێدەکەن ، بە تایبەتیش گوندەکانی دەورو بەری خەلخال .

## دیالێکتی گۆران لە دەڤەری گۆرانەتی

گوتمـان دانیشـتووانی ناوچـەی گۆرانـەتی لـەزۆر تـیرەو بـەرەبابی جـۆراو جـۆر پێکهاتیـەو تێکهەکێشـرانە، ئـەوەش دەبتـە هـۆی دەوڵەتمەنـدی کـەلتوورو زمـانی بەتایبـەتی لـەرووی ئـەدەبی سـەرزاران بابەتـەکانی فۆلکلـۆریو دابو نـەریت ، هـەروەها زۆر شـێوەی ئاخـافتنی جودا جودای تێدایە، بۆ نموونە: خوێن ـ خوین ـ خوون ، یـان :دەم ـ دەو ـ دەڤـ ،یـان لـە کێندەرێ ـ له کۆ ـــ له کیڤە ،یان:چی دەلێی ـــ چت گۆت، چدێژیت ـــ جت بێژی ،یان ناتوانم ـ نەشێم، پێناوەستم ـ نکارم ،یان له کێندەر ـ له کۆ ـ له کیڤه

دانیشـتووانی هـەر دوو گونـدی بەردەرەشـی کچـکەو شـێوەرە دەکەونـە رۆژئـاوای سـنووری سەنتـەری شارەوانی بەردەرەش، زەنگەنەی تێدا دادەنیشتن لەئاخافتنیان دەڵێن:(ئـەرا چـێ د چـۆگەی بـازار = لەبـەر چـی دەچیە بـازار)، ( چ ئـاش کـردگن = چ خواردنێکتـان کـردووە.)، (وەرە بشـەم بـەت = وەرە پێـت بلـێم)، رابوەسـتە دابگـەم بـەت = راوەسـتە دابـێم بـۆ لات)، (بەهێلکە دەڵێن = خایە).

لەگوندەکانی دەشتی ناوکور بەم شێوەیە دەپەیڤن:-( بیـژە باوکـت کالـەکی بۆمـان هاوردگـە = بەباوکت بلێ گوندۆرەی بۆمان هێنایە)(خەرمان پڕ بیگە لەزارۆك وازی دەکەن= جۆخینـان پڕ بووە لەمندالٚ گەمەی دەکەن).یان دەلێن:گۆێجکەم ژان دکەت = گوێم دەئێشیت ، گونـدەکانی بـن چـیای مقلـوبی شـێخان، ئێسـتا لـە هـەردوو کۆمەلگـەی چـڕەو کەلەکچـی دادەنیشن بەتایبـەتی ئۆمـەربل وداودی و رۆژبیـانی ئاخافتنیـان جفرەیـەکی تایبـەتی هیەیـە بـەخۆیان نـەبێت کـەس لێیـان تێناگـات چـەند رسـتەیەکی ئاخافتنیـان: رەشـەکەی دەم بەشەکەم بدەرێ،چەقلەفسانێ تێدەکەین ، ڕمە لە دیوارمان هاتکە ، واتە:هاتوومـە بـۆ مـەقلی ،هێلکەو ڕوونـی تێدەکـەین ،مێوانمـان هاتییـە ،یـان دەلـێن شاقەکی دا لـەبن شـاقم ، واتـە : بالیفێکی دانا بن کەوشم ،

دەڤـەری گۆرانـەتی دەکەوێـتە سـەر هێلـی زمـانی یەکگرتوولـە نێـوان بادینـان و سـۆرانە زۆر دەوڵەمەنـدە بەکەرسـتەی زمانـەوانی بـۆ پێکهینـانی زمـانی سـتاندەری کـوردی، دانیشـوانی لەهەردوو دیالێکتی سۆرانیو کرمانجی سـەروو دەگـەن ، خـەڵکانی دەڤـەری گۆرانـەتی سـەفەر بکەنبۆهەولێر پێیان دەڵێن ئێوە خەلکی بادینانن ئەگەر بۆ شاری دهـۆك بچن دێـژن هنگۆ سۆرانینە لەهەردوو شێوەی زارگۆتنی سۆرانی و بادینی (سۆرنجی) دەگەن،(٣٩).

# لێدوانی دووەم : دەشتی ناوکوڕ

دەشتی ناکوڕ دەشتێکی پان بەرینە ،خاکێکی ڕەشی بە پیت و بەرەکەتی هەیە،کشتوکالی دێمی و بەراوی لێدەکرێت. زێدە بارانی لێبباریت دەبتە زەنەك،دەغل ودانی زەرد ولدەگەڕێت و دەخنکێ ، دەشتی ناوکور،زیاتر لە ١٥٠ سەد و پەنجا گوندی بەخۆیەوە گرتیە،گوندێ هەرە بچووکی ٥٠ مال دەبێت، لەگەڵ دوو کۆمەلگەی گەورە(چڕەو کەلەکچی)یە ، دەشتێکی پانو بەرینی پڕ پیتو بەرەکەتە، خاکێکی رەشی ئاو هەلگری

بەپێزی هەیە، زستانان باران بباری مرۆڤ بەپیادە نەبە سواری نەشێت تێدا بڕوات. لە کاتی زستان هاتبایە پە یوەندی لە نێوان گوندەکان دەپچراو هاتوو چۆ نەدەما ،لەبەر زۆری قوڕ ،لە ئەسل دا دەشتی ناوقوڕە،بەلام بوویتە دەشتی ناوکوڕ ،لە هەندێ ناوچە بە قوڕ دەلێن کوڕ،دەشتی ناوکوڕ پێناسەیە بۆ گۆرانەتی، هەر بلێی لەدەشتی ناوکوڕ دەژیم دەلێن تۆ گۆرانی.لەسالانی هەشتاکان تاکو ئەمڕۆ زێدە تر لە٤٠٠ چارسەد بیری ئیرتیوازی تێدا لێدرایە،زۆر بەیان سەربەخۆ ئاوی لەبەردەڕوات جگە لەسەدان بیری دەست لێدەر زێدەتر برنج‌وو کونجی‌و شینایی تری لەبەر دەکرێن.لەبەر پیت‌و بەرەکەتی ئەو دەشتەیە،خەلکانی دەوروبەری کێشەیان بۆ دانیشتووانی دروست دەکرد. بەچاوی هەلپەرکاری تەماشایان دەکرد هەولی داگیرکردنی گوندەکانی کرابوو لە لایەن کەسانی تەمەعکار. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم چەند مالە دەولەمەندی موسلاوی وەکو مالی (عومەر ، توحەلە، عەباوی، چادرچی ،سابونچی ، نایف هەواس...). چەند پارچە مولکیان لەگوندەکانی گۆرانەتی کریبوو.

## ستراتیژییەتی دەشتی ناوکوڕ

دەشتی ناوکوڕ پێدەشتی زنجیرە چیاکانی ئاکرێ و باکورمان چیاپانکەیە، شوێنەکەی بازنە بەندە دەڤەری بادینان بەدەڤەری سۆران دەبەستەوە.هەر لەسەردەمی جاخە کۆنەکان تاکو ئەمڕۆ ڕێگای دەربازبوون وهاتووچۆی سەربازی بازرگانی بووە، بەتایبەتی بگرە هەر لەچەرخی هەردوو ئیمبراتۆرییەتی ماددو ئاشوورییەکان،هەر وەها ڕێگای ستراتیژیەتی هاتووچۆی ئیمراتۆرییەتی فارسی‌ویۆنانی بوو، چونکە توژینەوەی مێژووی وابۆی دەچن، گردە دەشت کردەکانی ناو دەشتی ناوکور لەسەردەمی ماددو ئاشوورییەکان ومەلیك ئەسکەندەری مەقدۆنی دروست کراوە، پەنابەخوا لەداهاتوو باسی لێوەدەکەین .لەکۆنەوە دەشتی ناوکور بەرێگای مەلیکان ناودەبرا چونکە مەلیك‌و پاشاو میرەکان هەریەکە

لەسەردەمی خۆیدا تێدا تێپەرینە چ بۆ مەبەستی سەردانی یەكتری یان لەگەڵ لەشكری خۆیان بەرەوگۆرەپانی شەڕگە تێدا رۆیشتوونە.دەشتی ناوكوڕ لەشێنەیی و ئاشتیدا بەردەوام وەكو دەرگای كاروان سەرای تێپەڕ بوونی قافلەو بازرگانان بووە،لەو شوێنە پێگەیشتوونەو تێدا پەرت بوونە.بازرگانی شامو یەمەن بەو دەشتە تێپەڕینە بەرەو فارسو پاكستان ،بازرگانانی شەمدینانو برادۆستی بەو دەشتە تێپەڕینە بۆ بازاڕێ موسل هەروەها كاروانچیانی ئامێدیو زاخۆو ئەلقوش بەدەشتی ناوكور تیپەڕینە بەرو بازاڕی عەزەو قۆنیا لەهەولێر، كەلو پەلی خۆیان پێك گۆریتەوە یان بەپارەی سەردەم قەڕساندیتیان. چونكە رێگاو بانی ناو دەقی چیاكان لەبەر دزو جەردە لەمەترسیا بوو، دوای راپەڕینی گەلی كوردستان لەبەهاری ١٩٩١ رێگای هاتووچۆی دەشتی ناوكوڕ دیسان بەگڕكەوتەوە. كەشو هەوای دەشتی ناوكوڕ دەكەوتە نێوان كەشو هەوای چیاكانو زورگەكان، هەوای لەبارە بۆ بەرهەمی كشتوكاڵی وبەخێوكردنی مەڕ مالات، رێژەی باران بارینی سالانە دەكاتە ٤٠٠ ملم،

لەكۆنەوە دەشتی ناوكووڕ هەمووی زلكاوو دەحلەو دڕیو بیشەلان بووە، گیانلەبەری زیان بەخش تێدا ژیاوە،بگرە هەر لەپێشوولەی تاكو دەگاتە دوڕووندەو دەعبای گەورە ، لەبەر هەندێ لەسەردەمی دەستهەلاتداری حەزرەتی سلیمان پێغەمبەر ئەو دەشتەی وەكو زیندانی بەكار هێنابوو، هەر كەسێك چ لە ئینسو جن و بالندە سەرپێچی فەرمانیان بكردابایە دەیهاویشتە ناو ئەو دەشتە خوای گەورە فەرموویەتی (وحشر لسليمان جنوده من الجن والانس والطير فهم يوزعون) صدق الله العظيم سوورەتی نەمل ئایەتی (١٧)، لەهەر چوار لای دەشتی ناوكوور بەرزای زوورگو چیا هەیە وەكو ڕووانگە بەكارهاتوو بۆ چاودێری زیندانیان.

## دەشتی ناوكوڕ بەمێرگ ناودەبرا

لەكتێبی (كتاب الرؤساء ) دانانی (تۆما اسقف )لەچەرخەكانی ناوەڕاست دەشتی ناوكوڕ بە المرج (مێرگ)هاتووەو دەڵێت:(ناوچەی مێرگ یان بەسریانی (مرگا)ی پێدەگۆترێ ئەو

ناچـەیەی لەشـێوەی سێگۆشـەیەکی دوولا یەکسانەو بنکەکـەی لـەباکووره، سـەری دەکەوێتـە باشوور، خالی تێکەڵ بـوونی ئـاوی خازره لەگـەڵ ئـاوی زێـیَ گـەوره لـە باشـوور، خـالی تێکـەڵ بـوونی ئـاوی خـازر لەگـەڵ ئـاوی زێـیَ بادینـان دەگرتەوه.سـنووری رۆژهـەڵاتی ئـەو ناوچـە دەشتاییە رووباری زێی گەورەیە، سنووری رۆژئـاوای رووبـاری خـازرو لقـی گۆمره بـەمێرگ ناوبرایە چونکە خاکەکی بەپیتو بەرەکەتو ئاوەکی زۆری تێدایە.( ٤١ )

هـەروەها لـەکتێبی (الاكراد في الكتب البلدانيين والرحالـه المسلمين) دانـانی مێـژوو نووسـی کورد مامۆستا زبـیر بـلال اسماعیـل هـاتووه: " ناوچـەیەکی پـانو بەرینـە، ئـاوایی زۆری تێـدا پڕن لەدانیشتووان کاری سـەرەکیان بـەخێوکردنی مـەڕو مـاڵاتو چێڵ وچوالەلە گـەل کـاری کشتوکالی، رەزو باغیان هەیە،دەشتێکی بەپینی پڕ پیت و بەرەکەتـە بـە دۆلی (مـرج) مێـرگ ناو دەبرێـت باژێرەك تێدایە بـەبازاڕی یـەك شـەممە بەناوبانگە چـەند بـازاڕی تـری تێدایـە، لـەکاتو سـاتی دیـاری کـراو کـڕینو فرۆشـتنی تێـدا ئـەنجام دەدرەێـت، بەرهـەمی کشـتوکالی وسـپیاتی لەوێنـدەریَ پێـك دەگۆرنـەوە،یان بـەپارە دەهاتـە قەڕسـتاندن، زۆربـەی بازرینگـان وکاروانچییەکان کوردو ئاکرەیی

# لێدوانی سێیەم

## هێرشی میر مەحەمدی رواندزیَ بۆ سەر ئێزدیان

میر مەحەمەد لەساڵی ١١٩٨ ك تا ١٢٥٣ ك ژیاوە ، بەرامبەر ١٧٨٤ تـا ١٨٣٧ ی سـاڵی زایینی لەتەرابزۆن کوژرا ،زنجیرەی بـۆ بەرەبابـەکانی میرانـی سـۆران دەگەرێتـەوە ، دەناسـریَ بەمیری گەورە یان میری کۆرە.ئێزدی نموونەی هەرەکۆنی دانیشتوانی کوردستانن دیرۆکیـان بۆ پێش سـەردەمی زەردەشـتی و کتێبـی ئاڤێستا دەگەرێتـەوە ئێزدییـەکان لەهـەردوو قـەزای شـــنگارو شــێخان وناوچـــەی گۆرانـــەتی ، لەســـەدەکانی ڕابـــردوو رۆلێکـــی کاریگـــەرییان لـەڕووداوەکانی ناوچـەکەدا هـەبووە ، لـەناو خۆیانـدا دەسـتەلاتەکی نیمچـە سـەربەخۆیان هەبووە ، کەس نەدەوێرا دەستیان لیَ بدات ، هەتاکو فەرمانی میر مەحەمەدی.

رەوانـدزی لەسـالی ١٨٣٢ز لـەڕووباری زێـی بادینـان پەڕیـەوەو بەناوچـەی گۆرانـەتی و سورچیاندا هێرشـی بردبـوو سـەر ئێزدیـان . چـونکە ناوچـەکانی گۆرانـەتی و سورچـی تـا رووباری خازرولقی گۆمل و ناوچەی سلێڤانی و تاکو دەگاتـە سـەرئاوی دیجلـە ، لەگـەڵ شاری دهۆك و ئەو ناوچانە مەڵبەنـدی ئێزدخانـە بـووە ، هـەمووی کـەفتبوو بـەر شالاّوی هێرشـی لەشـکری مـیر مـەحەمـەدی رەوانـدزی ، لەشـکری مـیر لـەزاخۆ بـەرەو دیاربـەکرو حەلـەب و بەدلیس و وان کەفتبووە رێ

لەکتێبی ( القضية الكردية ) ی معروف چیا وەك هاتیـە . سـاڵی ١٢٤٤ ك عـەلی بـەگی مـیری کوردی داسنێ ، عـەلی ئاغـای بالەتـەی ئـەلقۆش کوشـتبوو ، مـەلا یـەحیای مـوزوری زانایـەکی گەورەی ئایینی بوو ، برازای عەلی ئاغای بالەتییە ، بۆ تۆڵە سـاندنەوەی خـوێنی عـەلی ئاغـا ، مەلا یەحیا پەنا بۆ میری سۆران لە ڕەواندز بردبوو.لـەدوای گەیشتنی مـەلا یـەحیا ، سـەعید پاشای ئامێدی لەئیسماعیل پاشای برازای تورەبوو ئـەویش پـەنای بـۆ مـیری گـەورە بردبـوو . مەلا یەحیاوسەعید پاشا هەردووکیان میری سۆرانیان هاندەدا بـۆ لـەناوبردنی دەسـتەلاتدرای میرانی ئامێدی ، بۆ ئەو مەبەستە میر چەك و تفاقی خـۆی ئامـادە کردبـوو ، خـۆی لەخـۆیـدا ئەو هێرشە لەهزری میر مەحەمەد هەبوو لـەئاداری سـاڵی ١٨٣١ز بەرامبـەر ١٢٤٧ك مـیر مەحەمەد (٣) سێ لەشکری ئامادە کردبوو، لەچل هەزار کەس پێك هـاتبوو ، لـە دەراوەکـانی کەڵەك و دالەرێ وگرمامك و چەمە لەئاوی زێی بادینان پەڕیـەوە ، پێـی خـۆی لەسـەر خـاکی گۆرانەتی داناو شەڕ لەگـەڵ ئێزدیـان دەسـتی پێکـرد لەشـکری یەکـەم بەسـەرۆکایەتی رەسـول بەگی برای مـیر بـوو لەشـکری دووەم لـەژێر فەرمانـدەی عەبـدوڵلاّ سـەرهەنگ بـوو لەشـکری سێ یەم جەنابی میر بەخۆی سەرداری دەکـرد سـەید حوسـێن رەشـوانی سـەر لەشـکری مـیری سۆران بـوو لـەزاری چـەند تەمەنـدارانی ناوچـەی گۆرانـەتی دەڵێن:لـەدووای پەرینـەوەی مـیر مەحەمـەد رەوانـدزی لـەزێیبادینان لـە مـاڵێ بـاپیرە گـەورەی حـاجی سـلێمان لـە گونـدی بەنێنانێ سەربە قەزای بەردەرەش مێوان ببوو چـەند سـەر مـەرێکیان بۆیـان سـەربڕی بـوو ، لە دەسپێکی شەڕ ئێزدی شکان عـەلی بـەگی مـیری ئێزدیـان هـەلاتبوو چووبووە چیای تـۆری

عابدین ،میری سۆران لە گـردی گوێنجك دەورەی گرتبـوو ،خـۆی بەدەسـتەوەداو یەخسیربوو، مـیری گـەورە رانەوەسـتا بـەرەو شـاری موسـڵ کەفتـەرێ مەحەمـەد بێگی والی موسـڵ ترسـی لێپەیدا بوو ناچار بوو پردی سەر ئاوی دیجلەی رووخاند ،بورجـو سـەنگەرەکانی دەوروبـەری شاری موصلی قایم کرددەرگاکانی توند لەسەر خۆ توونـد قەپات کـرد مـیر محمـدی رەوانـدزی زەفـەری بەشـاری موصـل دانەبرد،جەلەوی‌لەشـکری خـۆی بـەرەو زاخـۆ ودهـۆك وئامێـدی سوڕاندەوە ،زیاتر لە ١٠٠٠٠ دەهەزار کەسی ئێزدیانی بەیەخسیر گرتبوو . (٤٢)

## هۆیە کانی هێرشی میر مەحەمەدی رەواندزی بۆ سەر بادینان:

١ ـ ئاوات و خواستی میر ئەوەبوو گشت ناوچە کوردییەکان یەك بخات .

٢- میر بەنیاز بوو دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ رابگەینێ ، ئەوە بیرو بۆچونی زۆربەی مێژوو ناسانی کوردە .

٣- بەپێی شەریعەتی ئیسلام حوکوم بگێری ، یەکسانی و دادپەروەری لەناو کۆمەل بەلاو بکاتەوە ، چونکە میر بەبێ فتوای پیاوانی ئاینی هیچی نەدەکرد .

٤- ناوچەکانی بادینان لەژێر زولم و زۆرداری ئاغا و شێخەکان بوو ،خەلکانی کەوتبوونە نێوان بەرداشی رکابەرانی بنەمالەی میرانی ئامێدی ،

٥- چەند تیرە بەرەبابەکی سۆرانی لەناوچەی گۆرانەتی نیشتەجێ ببوون ببوونە هاوکارو رێنیشاندەری لەشکری میر.

٦- تۆلەی خوێنی عەلی ئاغای بالەتەی وەربگرێتەوەو سەعید پاشای ئامێدی بگەرێنتەوە

## تێپەر بوونی میری سۆران بەناوچەی گۆرانەتی لەبەر ئەو هۆیانەبوو :

١- ناوچەی گۆرانەتی ناوچەیەکی کشتوکالی پر پیت و بەرەکەتە و خەرجی و خۆراك و زەخیرەی لەشکری لێ دابین دەکرا

٢- ئێزدیەکی زۆر لەناوچەی گۆرانەتی ئاکنجی ببوون بۆ نمونە کەلەکی یاسین ئاغا بەکەلەکی عبدلعەزیز ناو دەبرا ،تۆلەی خوێنی مەلا یحیای موزوری بکاتەوە ،

٣- چەند تیرە بەرەبابێکی سۆرانی لە ناوچەی گۆرانەتی نیشتە جێ ببووجێگای ئومێدو متمانەی میربوون .

٤- بنه ماڵەی میرانی ئامێدی هەندێ کەسیان لێره ، لەئاکرێ و دەشتی ناوکوور خۆیان حەشار دابوو هاوکاری میریان کردبوو.

٥- ناوچەی گۆرانەتی دەشتی ناوکووری بەخۆوەگرتیه لەشکر بەئاسانیدەپەڕێتەوە و ڕێگایەکی قەد بڕەبەرەوئەلقۆش و شاری موسل و دیاربەکر ... .

٦- خەلکی ناوچەکه لەبەر نەبوونی هێمنی و ئاسوودەیی لەژێر زوڵم بوون دوژمنانی کوردمیللەتی پارچەپارچه کردبوو شەڕو ناکۆکی لەنێوانیان ڕوویدەدا ، میری ڕەواندز ئەوەی هەڵقۆزیەو ئاشتیان بکات و یەکیان بخاتەوە.

٧- زێی بادینان لەسنوری ناوچەی گۆرانەتی زۆر دەراوی پەرینەوەی بەخۆوە گرتبوو وەکو دەراوەکانی کەلەکی یاسین ئاغا و دالەرێ و گرمامك وچەمه، قایغ دروست کرابوو ١٢ هێستری بەبارەوە دەپەڕاندەوە ببو ڕێگایەکی یارمەتی دەر .

## پیلانی (شەمێ )ی دایکی عەلی بەگی ئێزدی

عەلی بەگی ئێزدی (٣) سێ سالان بەیەخسیری لەرەواندز مابۆوە ،عەلی بەگی ئێزدی لەژیانیدا وەجاغ کۆر بوو تەنها کیژەکی هەبوو ناوی (گۆلێ) بوو ، بەئەبو گولێ ناویان دەبرد . میر داوای لەعەلی بەگی ئێزدی کردبوو ناوی شەهادەی بینێ وببێته ئیسلام عەلی بەگی ئێزدی گوتی / نابم بەموسولمان لەسەر دینێ خۆ دەمێنمەوە، بمکوژه لەملاکەخووین ناپارێمەوە ؛ میری سۆران عەلی بەگی ئێزدی کوشت و (٣) سێ ڕۆژان مەیتێ عەلی بەگی بەجسری کاولۆکان هەلواسرابوو، ٦ شەش مانگ بەسەر کوشتنی عەلی بەگی تێپەری ، شەمێ دایکی عەلی بەگی ئێزدی چوو بوو خزمەتی میر محەمەد ڕەواندزی پێی گۆت : میرم بەراستی لەدووای کوشتنی (عەلی بەگی ) کۆرم ژیان پلەو پایەی ئێمه لەناو ئێزدخانه نەمایه، حەزدەکەم بەخۆ و مال و مندالەوە بمانگۆزییەوە ڕەواندزێ لەتەنیشت جەنابت بژین ، شەمێ ٨ هەشت ڕۆژان لەرەواندزێ مابۆوە و له مالی میری مێوان ببوو،شەمێ به ١٢ دوازدە سوارەوە گەراوەباعەدرێ .دەلێن میر ٦٠سواری ڕەوانەی باعەدرێ کردبوو بۆ گواستنەوەی مالی شەمێ بۆ ڕەواندزێ به گەیشتنی سوارەکان شەمێ دایکی میر عەلی بەگ هەر ٦٠ سواری میری له باعەدرێ کوشتبوو ،دیسان هێرش کرایەوە سەر ئێزدانه .

دەڵێن بە درێژایی مێژووی نوێی هارچەرخ تاکو ئێستا[٧٢] فەرمان کرایتە سەر ئێزدخانە،

## لەشکری نادر شاە

## بۆ داگیرکردنی موسل بەناوچەی گۆرانەتی تێدە پەڕێت

نـاوە نـاوە نـاکۆکی لـەنێوان کەسایەتیەکانی بنەماڵەی میرانـی ئامێدی پەیـدادەبوو، زەرەرو زیان بەدانیشتووانی دەڤەرەکە دەکەوت، سەرەڕای هەنـدێ، سـاڵی ١٧٤١ ز پەیوەنـدی نێـوان عوسمانیـەکانو ئێـران لـە تەنگـەژە دابـوو هـەردوو هـەروگیفیان لەیەکدی دەکـرد. نـادر شـا شـاڵاوی سـێیەمی کـردە سـەرعێراق بـۆ مەبەسـتی داگیرکردنـی هـەولێر وکـەرکوك موسـل بەغـدا، نـادر شـاە لەشـکرێکی ١٧٠ سـەدو هـەفتا هـەزار کـەس پێکهێنـابوو، لەسـنووری ڕۆژهەڵاتی عیراق لەناوچەی مەنـدەلیو شارەزوور لـەهاوینی ١٧٤٣ز پەڕییـەوە بـۆ چـوونە سـەر بەغدا.بـەڵام نـادر شاە تـەکتیکێکی سـەربازی بـەکارهێنابوو، ڕێگـای خـۆی گـۆڕی بـەرەو شـاری موسـڵ کەوتـەڕێ ، لـەئابی ١٧٤٣ هـەردوو شـاری کـەرکوكو هـەولێری داگیرکـرد، خەڵکی هاندەدا بۆ داگیرکردنی شاری موسڵ گەیشتە سـەر ئـاوی زێـی بادینـان بـەدەراوەکانی گونـدی گرمامـك دالـەڕێ وچـەمە پەڕیـەوە نـاو خـاکی بادینـان ، بـەناو دەڤـەری گۆرانـەتی کەوت، لەبەر ئەوەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە، بەپیتو بەرەکـەت بـوو، دەغـلو دان، ڕەزو بـاغو مەڕو ماڵاتی زۆری تێدا هەبوو، زەخیرەی لەشکری دابینکـرد، تێکـڕای ناوچـەکانی گۆرانـەتی ، ئاکری ، زێبـار، کەوتـە بـەر شـاڵاوی لەشـکری نـادر شـای ئێرانـی، دەسـتیان کردبـوو بـەتاڵان کردنی گوندەکانیان.

نادر شاە بەخۆی شەوێك لەگونـدی زەنگەنانی سـەربە ناحیـەی دارەتـووی قـەزای بـەردەڕەش دەمێنێتـەوەو، ڕۆژی پاشـتر بـەناو گونـدی بـەردەڕەش وەلەدبـەگی (بەردەڕەشـی گـەورە) کـە ئێستا سەنتەری قەزای بەردەڕەشە ڕادەوەستێت پلانـی خـۆی دادەڕێـژێت بـۆ خۆئامـادەکردن بەرەو داگیرکردنـی شـاری موسڵ.هەروەها بەئـەلقۆشو باعـەدرێ تێدەپـەڕێت بـە شـێوەیەکی زۆر نامەردانە وەکو کلۆ پێکورە پاش خۆیـان تـاق دەکـرد بـەتاڵان کـردنو سـووتان وکوشـتن خەڵکیان بەعجاندبوو، دوومانگی ڕەبەق، ئابلۆقەی شاری موسڵی دابـوو زەفـەریان پێدانـەبرد

بـوو، لـەمانگی ت٢ / ١٧٤٣ بـەرەو ئێـران گەڕایـەوە ،چـل و دوو ڕۆژان گـەمارۆی شـاری موسلی دابوو پێی نەگیرا بە شکەستی نائومێدی لەشکرەکەی گەراندەوە ، (٤٣)

## ئەمیر قوباد پاشا ناوچەی گۆرانەتی تالآن دەکات

ئـەمیر قوبـاد پاشـا کـوڕی سـوڵتان حسـین بـەگی مـیری ئامێـدی بـوو؛ هـزرو بـیری ئـەوەبوو فەرمانڕەوایـەتی ئامێـدی بگرتـە دەسـتو هـەرێمی بادینـان بکاتـە بـن ڕکێفـی خـۆی، ئـەو ڕفتـارەی وای لـە قوبادپاشـاکردبوو خـەڵکی بادینـان بێـزی لێبکەنـەوە، چـونکە ببـووە مایـەی دروسـتکردنی دووبـەرەکیو ئاژاوەنانـەوە لـەناو خـەڵکی.بۆ ئـەو مەبەسـتە قوبـاد پاشـا خـۆی گەیاندبووە والی بەغـداو سـەردانی مـیری بابـانی کردبـوو لەقەلاچوولان، بـۆ پاڵپشـتی کردنـی، مرازی حاسڵ نەکرا، نائومێدییەك لـەناو نـاخی هەلگیرسـابوو. والی بەغـداو بابانیـەکان بـەدڵ دەیانخواسـت میرانـی ئامێـدی لەناوببـەن ، کەچـی بۆیـان نەدەڕەخسا، بۆیـە دەسـتی کردبـوو بـەئازاردانو تـالان کردنـیو مـاڵو سامانی لایـەنگرانی مـیری ئامێـدی بەتایبـەتی لەناوچـەی گۆرانـەتی وئـاکرێ. لـەکتێبی (پـێ ڕەش) بـارزانو بزوتنـەوەی هۆشـیاری ئـازادیخوازی کـوردی دەڵێت:لەکاتی مردنی محەمەد تەیار پاشا لەساڵی ١٧٩٨ز دوومیر سەری هەڵدا، مـاڵو موڵـك سەروەت کەوتە بندەسـتی (سمایل بـەگ)و (خـال ئـەحمـەد) دەسـتیان بەسـەر دەشـتی نـاوکوڕ ودەڤـەری گۆرانــەتی داگرتبــوو، چــەند شــانەیان لەســەر گونــدەکانی گۆرانــان دانــابوو، بــۆ مەبەستی کۆکردنەوەی خەرجو خـەراجی ئـەو ناوچـە بـەپیتو بەرەکەتـە لەسـەرانەی مـەڕو مالأتو دەغڵو دان و بەرهەمەکانی تر.

لەبـەر نـاکۆکی بـەرەبابی میرانـی ئامێـدی قوبـاد باشـا بەهـەڵی زانیبـوو، لەسـەردەمی مـیر مرادخـانی ئامێـدی ١٧٩٨-١٨٠٤ز، بـەبێ ئاگـاداری فـەرمانڕەوایانی ئامێـدی، قوبادپاشـا هـەلیکوتابووە سـەرخەزینەکانی بـاجی سالأنەی دەڤـەری گۆرانـەتی، بـەتالأنی بردبـوو ئـەوە جـاری یەکـەمی نـەبوو، بـەڵکو چـەند جـارێکی دیکـە ڕویـدابوو، مـاڵو سـامانێکی زۆری لەلایەنگرانی میر مراد خانی ئامێدی ساندبوو، بۆ خۆ بـەهێزکردنو بـژێوی دارو دەسـتەکەی خۆی پێ دابینبکات.(٤٤)

ئیبراهیم ڕەشاوایی بەگۆرانی دەڵێت:-

هەرچی ڕۆژا محەمەد تەیار مرد

دووئاغا ڕابوون وەك خورت

دەشتا ناوکوڕ لێهەلگرت

هەر قوباد بەگۆ گورگێ هار

وان تالانکر خەزینە دار

هەر وەکو جاری جار ....... هتد

## لەشکریبابانی لەناوچەی گۆرانەتی سالی ١٨٠٣ کوشتارێکی زۆری لێکەوتبوو.

باسمان کرد ئەمیر قوباد بەگی ئامێدی ویستو خواستی ئەوە بوو ببێتە میری ئامێدی، بەردەوام لەڕکابەری دابوو لەگەڵ بنەماڵەکەی، دووبارە قوباد بەگ پەنای بۆ والی بەغدا بردبوو، ئەمجارە والی بەغدا فەرمانی بۆ عەبدولڕحمان پاشای بابانی دەرکردبوو، هێزێك لەسنووری دەستهەلاتی خۆی ئامادەبکاتو لەشکرکێشی بکاتە سەر پایتەختی میرانی ئامێدی لەئامێدیو میرمرادخانی ئامێدی لەفەرمانڕەوایەتی بادینان لابداتو قوبادبەگ جێنیشی بێتو بەمیری بادینان دایبمەرزێنێت. ئەوەی شیاوی گۆتنە، هەرهەندبوو عەبدولڕەحمان پاشای بابانی لەدەراوەکانی زێی بادینان پەڕییەوە بۆ ناو دەڤەری گۆرانەتی دەستیان کردبوو بەتالان کردنو سووتاندنی ئەو گوندانەی کەوتبوونە سەر ڕێگای لەشکری بابانی تاکو گەیشتبووە ئامێدی هەروەها دەڤەری شێخان وئیزدخانە تووشی کارەساتی وێرانکاری هاتبوون لەشکری بابانی گەیشتبوونە دەوروبەری ئامێدی، دوو مانگی ڕەبەق قەلای ئامێدیان ئابلۆقە دابوو، زەفەرەیان پێ نەبردبوو بەشەرمەزاری پاشەکشێیان کردبوو. بەسالاچووەکانی ناوچەی گۆرانەتی دەگێڕنەوە:

لەدەوروبەری سالێ ١٨٠٣ ز، لەشکری بابانیەکان زیانیان بەناوچەکانی بادینان گەیاندبوو، کاتی بەنائومێدی گەڕانەوە خەلکی ژێر دەستهەلاتی فەرمانڕەوایەتی میرانی ئامێدی لەدژیان ڕاپەڕین ، لەنزیك گوندی زەنگەنان بەرۆکی لەشکری بابانیان گرتبوو زیاتر لە ٧٠ کەسیان لێیان کوشتبوو، ، لەناو گۆڕستانی گوندی زەنگەنان وادیارە هەرلەبەر ڕەفتاری

نابەجێیان خەڵك بەسووكایەتی ناویان دەبردن و پێیان دەگۆتن (بەبە)كان، لەجیاتی بڵێن بابانیەكان بە شەڕی بەبە یان شكانی لەشكری بەبە ناودەبەن.

# لێدوانی چارەم : ڕەشگەری ، پێناسەی چەند گوندێك ،گێژ.

**ڕەشگەری**:ڕەشگەری لەدەوروبەری سالآنی ١٧٣٩ی زایینی چواربرابوونە بەناوی:(قەمبەر- چۆپان- شاسوار- میران) ٥٥٪ی دانیشتوانی پێكدەهێنێت،لەگوندی كۆپیتانی سەری چیای قەندیلی ئاكۆیان لەناوچەی قەلادزێ، لەسەردەمی هێرشی ئەردەلانییەكان لەشكری میرانی سۆران و بۆ سەر قەلای ئامێدی و شاری مووسڵ هاتینە لەدەڤەری گۆرانەتی ئاكنجیبوونەو بەرەچەلەك دەگەرێنەوە بۆماڵی هەباس باییز بالوول لەگوندی دووگۆمانی بن چیای ماخۆبزنێ لەناوچەی سەنگەسەر ئێستا دەژین، هەروەها خوێنی ماڵی هەباس مامەند ئاغای سەركەپكانن بنەماڵەكەیان بەشاسواری ئاكۆیان ناودەبرێن. ئێستا لەدۆڵی شاور دەژین كەبە دۆڵەڕەقە دەناسرێ زیاتر وای بۆ دەچم ڕەشگەری لەگەل هەڵمەتی شالآوی لەشكری میرانی سۆران بۆسەرشاری مووسڵ لەدەڤەری گۆرانەتی هاتوونە نیشتەجێ بووبن،شاسواری لەشوێنی ئەسڵیی خۆیان لەبەر چەند كێشەییێكی كۆمەلآیەتی لەكاتی مەراسیمی ژن گواستنەوە گوایە دوای نانخواردن شەڕە كفتەیان كردووەو بوویتە شەڕە خەنجەر، چەند زەلامێكیان لێكوژراوە هاتونەتە بازێڕی ڕواندزێ ساڵێك لەلای میرعەلی پاشا بەگ مایتنەوەو دوای هێرشی میری سۆارن عەلی پاشا بۆ سەر دەڤەری بادینان پێش هێرشەكەی میر محەمەدی گەورەی ڕواندزی بۆ سەر ئێزدییان ،ئێزدی لەناوچەكە دەركردووەو بۆشاییەك پەیدا ببوو لەدەڤەری گۆرانەتی میر عەلی بەگ داوای لەشاسوارییەكان كردبوو بچنە دەڤەری گۆرانەتی لەبەردەڕەش ئاكنجی ببن.

بیروبۆچوونی دووەم لەسەر هاتنی ڕەشگەریان بۆ ناوچەی بەردەڕەش كەڕاستره دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی لەشكری میری ئەردەلانیان بۆ سەر شاری مووسڵ بەسەرۆكایەتی خان

ئەحمـەدخانی ئـەردەڵان* لەسـاڵی ١٠٢٥ ی کۆچـی کورسـی فەرمانڕەوایـەتی ئـەردەڵانی گرتبووە دەست خۆی، ، پاشان جلەوی لەشکری بەرەو داسنی خالیدی وەرگەڕانـدبوو، دوای شەڕو پێکـدادان لەشـکری میرخـان ئەحمـەدی ئـەردەڵانی سـەرکەفت بـەرەو شـاری مووسـڵ کەفتەڕێ زانییان خان هات حاکمی مووسڵ خۆی گەیانـدبووە حەلـەب و مووسـڵ بـەبێ شـەڕ بەرەو پیری خان ئەحمەد هاتبوون. خـان ئەحمـەد زیارەتی گۆڕی نـەبی یوونسی لەمووسـڵ کردبـوو، نامـەی بـۆ گشـت کەسـایەتی بەرەبابـەکان ڕەوانـەکردبوو سـەرکەوتنی خـۆی تێـدا دیـارکردبوو. خـان ئەحمـەدی ئـەردەڵانی زیـاتر لـە هـەفت سـاڵی پێچـوبوو تـاکو گەڕایـەوە ئەردەڵان، شا عەباسی سەفەوی خوشکی خۆی بەناوی زەرین کلاو پێ بەخشیبوو... کـوڕێکی لێ ببـوو نـاوی لێنـابوو سورخاب بـەگ، شا عـەباس چاوی کوڕەکەی ئەحمـەدی کۆرەکردبـوو نەکو شوێنی باوکی بگرێت(٤٥ )

خـان ئەحمـەدی ئـەردەڵانی کـەزانی وەکـو گـورگی هـاری لێهـاتبوو پـەلاماری سـەلتەنەتی سەفەوییەکانی دابـوو لـەدووای خـان ئەحمـەدی.خان ئەحمـەدخانی سێیەم ١١٥٣ك =١٧٤٠ز پەیوەنـدی لەگـەل نـادر شـای بەسـتبوو ئـەویش دیسان لەشـکری خـۆی هێنابوو بۆ داگیرکردنی مووسڵ ،ڕێگای هاتووچۆی ئـەو لەشکرانەی بەناوچـەی بـەردەڕەش بـەرەو مووسـڵ دەڕۆیشـتن لـەماڵی خانـەوادەکانی ناوچـەی بـەردەڕەش مایتنـەوە هـەتا ئێسـتا پـەرەیان سـەندووە، لەئـەنجامی هـاتنی لەشـکرو شـەڕو پێکـدادان جوگرافییـای دانیشـتوان دێتەگۆڕین، کەسانی تر ژیانی نوێ دادەمەزرێنن. (٤٦)

لەشکری میر محەمـەدی رواندزی ئـەویش کاریگـەرییێکی مـەزنی لەسـەر ناوچـەی گۆرانـەتی هـەبوو، چـونکە زێـدەتر لـە(١٠٠٠٠)دە هـەزار کەسـی لەئێزدیخانـە گـرتو کوشـتبوو، پێکهاتـەی دانیشـتوانی دەڤـەری گۆرانـەتی سـەر لـەنوێ دامەزرانـدەوە. ئـەوەی سـەرکەوتوو سوودمەند دەبێت دەبێتە خاوەن دەسەلات.

**شوێنی ئەسڵی رەشگەرییان:** شوێنی ئەسڵی رەشگەرییان دەکەوێتە ناودەشتی بن

---

*لە زاری چەند کەسێکی تەمەنداری ناوچەی گۆرانەتی وەرگیرایە.

چیای قەندیلی لەسەرێ دۆڵی شەهیدان دەستپێدەکاتو لەو گوندانەدا بلاْون:گرك- پیران- گردكو رەش- دووگۆمان- چەمكێو مەمكێ، خەڵكەكەی هەموو رەشگەرینە دەستووری ژیانیانوكاریسەرەكییان خەریكیڕاوشكارن لەگەل بەخێوكردنیچێل وچاورەو گارەش .رەشگەری تەنها لەدەڤەری گۆرانەتی بلاْونەبوویتنەوە،چەند تیرەو بەرباڤێكی رەشگەریان لەگوندەكانی سەر بەناحیەی مێرگەسۆرو دیانا بلاْون بەتایبەتی لەگوندەكانی عەشیرەتی دۆلەمەرییان، گوندو بەرەباكانیان ئەوانەن: - گوندی شێخان ماڵی مام شێخۆ و مەلابرایمی - ماڵی حەمەد خەرەیی لەگوندی خرە. - لەگوندی بەبێل ماڵی مام مستەفا مەلا رەحیمو ماڵی سەعۆ و قادۆی. - گوندی زینێ ماڵی شەهید عەمەر ئاغای دۆلەمەری. - گوندهاجیان ماڵی كەكۆو ماڵی حەمەد عیسای.- هەروەها لە گوندەكانی گۆڕەتوو شێوەتوو داراهەنە ئەو گوندانەی لەسەرەوە باسمانكرد لەناوچەی دۆلەمەرییە سەربەقەزای مێرگەسۆررەشگەرینە

**هاتنی رەشگەری بۆ ناوچەی بەردەڕەش :** دەسپێكی هاتنی رەشگەری بۆ ناوچەی بەردەڕەش تەنها چوار برا بوونە بەخۆو خێزانە، بەپالپشی دەسەلاْتی میرانی سۆران هاتوونەتە دەڤەری بەردەڕەش ئێستا خۆیان بەگۆران دەژمێرن، برایەكان ئەوانەن:

١ـ (میران) لە گوندی بەنێنان دادەنیشن. ٢ـ (شاسوار) لەهەردوو گوندی زەنگەنانو كەونەباك دادەنیشن. ٣ـ (چۆپان) لەخێلەكیو گۆمەزەردو بیۆك دادەنیشن.

٤ـ (قەمبەر) لەگوندی دارەتوو دادەنیشن. لەدەوروبەری ساڵی ١٧٣٩ز هاتوونە بۆ دەڤەری گۆرانەتی، هۆی هاتنی رەشگەرییان بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێتەوە:

★ ناكۆكی عەشایەری. ★ كێشەكانی كۆمەلاْیەتی بەتایبەتی ژن خواستنو كچ بەمێرد دان. ★ پەیوەندی بەهێزیان لەگەل میرانی سۆران پەیداكردبوو.

★ ناوچەی گۆرانەتی بەپیتو بەرەكەتە. ★ دوای هەڵمەتی لەشكركێشی بۆ سەر ناوچەكە ئێزدی راونرانو جوگرافیای پێكهاتەی ناوچەكە گۆڕا بۆشاییەك هاتە كایەوە . ★ لەگەل لەشكركێشی هاتوونەو بەدەسەلاْت خۆیان سەپاندووە.

## سەجەرەی قەمبەری- رەشگەری - لە ناحیەی دارەتوو سەر بەقەزای بەردەرەش




................................................................

سەجەرەی قەمبەری لەناحیەیدارەتوو- قەزایبەردەرش:

**لە سەرزاری کاک ئەسەف مەحمود و سفیان شوکری وەرگیرایە بەهاوکاری هەڤال شەوکەت خلیل لەگەل رێزم**

ڕەشـگەری لەناوچـەی بـەردەڕەش لـەو گوندانـەدا بـلاَون: (بـەنێنان- زەنگـەنان- کەونـەباك- زمزمۆك- خێلەکی- بـەردەڕەش- دووگونـدان- بیـۆك- خـاروك- گۆمـەزەرد- مـۆریلان- بـارەوان- گربـدەو- ئامیـان- مـەموزین- خرابەیاسـین- دۆسـتەك- قـەرەناز- دالـەڕێ، نـەزراوە کەلـەك ، سەنتەری قەزای خەبات ،لە هەردوو کۆمەلگەی چرەو کەلەکچی .......هتد).

## بەرەبابی قەمبەر لە ناحیەی دارەتوو/قەزای بەردەڕەش

لـەدوای سـالاَنی ١٧٠٠ عـەلی پاشـای مـیری سـۆران لـە ڕوانـدزێ لەشکرکێشی کردبـوو سـەر میرنشـینی ئێزدییـەکان لەهـەولێرو دەوروبـەری، دوای شـەڕێکی قـورس عـەلی پاشـا تـوانی ئێزدییـان لەهـەولێر پـاك بکاتـەوە... ئێـزدی شـکابوون لەشـکری مـیر کـەوتبوو دووایـان تـاکو لەئاوی خازر پەڕاندوویەوە، ڕووبـاری خـازر ببـووە سـنووری دەسـەلاَتداری مـیری سـۆران.لەو سەردەمی میری سۆران ویستی دەستهەلاتی خۆی لە بادینان زیاتر بسەپێنی داوای لـە خـەلکی خۆی دەکرد ئەو ناوچانەی کەفتبوو ژێر دەسـتهەلاتیان ئـاوەدان بکەنـەوە، لـەوکاتی دەرفـەت بۆ ئەوهەرچار برایە روخسا هاتن گاولە کونـدەکانیان ئـاوەدان کـردەوەو بوژاندیانەوە،لەوانـە قەمبـەر هـاتبوو گونـدی دارەتـوو ئیسـتا بوویتـە ناحیـەدارەتوو ،میرەکـانی سـۆران خـەرج و خەراجی دەشتی ناوکوڕی بەڕێگای وەکیلـی خـۆی کـە ڕەمـەزان ئـاغـای گوندیدارەتوو بووکـە دەکاتـە کـوڕی صـەفەر ئـاغـا ،نـەوەی قەمبـەری یـە خـەرج وتـاپۆوی کـۆدەکردەوە سـالاَنە بەدەواری لەدەراوەکانی ئاوی زێ دەیانپەڕاندەوە ڕەرانەی دەکرد بۆ ڕواندز پایتـەختی سـۆران دەبـرا. لـیرەدا چـاوی تـەماعی مـیری سـۆرانو مـیری ئامێـدی کـەوتبووە خێـرو بەرەکـەتی بـەروبوومی دەشـتی ناوکوڕهـەر کـەس دەیویسـت دەسـتهەلاتی خـۆی بەسـەر پـەو دەڤـەرە دەولەمەندە زال بکات.

## ڕەمەزان ئاغا شانەی میری سۆران بوو:

شانەی سماییل پاشای ئامێدی لەئاوی خازر پەڕیبۆوە گوندەکانی دەشتی ناوکوڕ لەگەل شانەی گوندی خمیس کچك کەوتبوو ژێرفەرمانڕەوایەتی میری سۆران بەشەڕهاتبوون لەسەر کۆکردنەوەی خەرجوخەراجگوندەکانی ڕۆژهەلاتی ئاوی خازر. سماییل پاشای

ئامێدی لەوەرزی هاوین دەهاتە ئەلقوش بۆ ئەوەی لەنزیکەوە سەرپەرشتی خەرج‌وخەراجی خۆی بکات، بانگی رەمەزان ئاغای رەشگەری کردبوو کەخەرج‌وخەراجی بۆ میری سۆران کۆدەکردەوە، میری ئامێدی بەبێ دانوستاندن رەمەزان ئاغای رەشگەری دەکوژێ ،

## کوشتنی رەمەزان ئاغا:

هۆی کوشتنی رەمەزان ئاغا چونکە خەرج‌و خەراجی دەشتی ناوکوڕێی بۆ میرەکانی سۆران دەبرد هەروەهامیری ئامێدی داوای لە رەمەزان ئاغا کردبوو دژی عوسمانلییان و ناحەزانی میری ئامێدی بوەستن بەلام جێ بەجێیان نەکردبوو پەیوەندییان بە هێز بوو لەگەل میری سۆران ،هەر لەبەر هەندێ هاتە کوشتن،جەلیل باچۆلی باپیری شەهید سەمیر لەگەلی دەبێت،جەلیل دەگێرێتەوە کاتی چووبوو سەرمەیتی رەمەزان ئاغای هێشتان گیانی مابوو رەمەزان بە جەلیل باچۆلی دەلێت :خۆت بێ دەنگ بکە سەری بلند کرد و داوای قەلونی توتنی لە جەلیل کردبوو بەلام روحی دەرچوو، جەنازەکەی دەهێنێتەوە گوندی دارەتوو لەگوندی دووگوندانی گچکە بەخاکی دەسپێرن. دوای کوشتنی رەمەزان ئاغا هەرچوار کوڕەکانی باریانکردبوو ئیفرازی پاشان هاتبوونە پەلاسان،خانەوادەی نەوەی مالی قەمبەری لە گوندی دارەتوو باریان کردبوو چووبوونە ناوچەکانی ژێردەستهەلاتی میری رەواندزێ،خزم وکەسی رەمەزان ئاغا خۆیان گەیاندبوو عەولا بەگی کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو سەردەمبوو چوو بوو ئستەمبۆلێ چاوی بە سولتان کەوتبوو عەفووی بۆ مالی رەمەزان ئاغا هینابوو بە فەرمانی سولتان گەڕابوونەوە گوندی دارەتوو هەتا ئێستا هەر لەگوندی دارەتوو هەر ماون،لەو کاتی عیسا چۆپانی(گوندی گۆمەزەرد) هاتبوو خۆی کردبوو برا گەورێ گوندی دارەتو زولم‌و تەعدای زۆری لەدانیشتووانی گوندی دارەتوو دەکرد، بۆیەجۆتیاران عیسا چۆپانیان دەرکرد هەرچوار مندالی رەمەزان ئاغایان لە گوندی پەلاسان هێنایانەوەوە گوندی دارەتوو.عەلی ئاغا ببوو برا گەورەی گوندی دارەتوو،ئەوجا رەشا ئاغای دارەتوو ببوو(ئەمیری عەشایر)لە دەڤەری گۆرانەتی دووای ئەو محمد سەعید ئاغایەتی وەرگرت پشت بەپشت تاکو گەیشتە کاک نەزیرعاصم ئێستا برا گەورەی گوندە ئەحمەد ئاغا باپیرە گەورەی عەمید نەزیر عاسم هاوکاری لەگەل تورکان (عوسمانلییەکان)

نەکردبوو دژی ئینگلیـز رابوەسـتن، چـونکە دەیزانـی تـورك دەشکێت... بۆیـە لـەو سـەردەمی والی مووسـڵ ئەحمـەد ئاغـای دەرمـانخواردکردبوو کوشـتیان، جەنازەکـەیان بەسـەر پشـتی دەواری هێنابۆوە گوندی دارەتوو.

کـەوخۆمزەیی لنگـێکن لەرەشـگەرییان لـەو گوندانـەی دادەنیشـن: (بەردەڕەشـی گـەورە/ سەنتەری قەزای بەردەڕەش- مۆریلان- دووگوندانی گچکە- مەموزین........ )*

## ووشەی ڕەشگەری:

ناوی ڕەشگەری بە ناوچەیەك دەگوترێ سەر بە پارێزگای سولەیمانیە زیاتر لە ١٥ گوند بە خۆیەوە دەگرێ.ڕەشگەری لە (رێ + شاە +گەریا )ڕێگای شایە پێدا گەڕیایە هاتو چۆی کردیە ناوچەی ڕەشگەری چ لە شوێنی ئەسلی لە سولەیمانی یان ناوچەی ڕەشگەری لە دەڤەری گۆرانەتی سەربە قەزای بەردەڕەش. شوێنێکی ستراتیژ هەیە ڕێگای هاتوو چۆی کاروانچیاتی لەشکرکێشی بووە چ لە نێوان هەردوو دەڤەری سۆران و بادینان، یان ڕێگای هاتوچۆی هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسیو یۆنانی بووە لە کۆندا ..ڕەشگەری : ڕەژو + گەری ، گوایە کاری سەرەکیان ڕەژوو دروستکردن بووە چونکە لە دەڤەری شاخاوی پڕ دارستان بوونە ڕەشوگەریان: ناوی گوندێکە سەر بە قەزای چۆمانە گوایە ڕەشگەری لە وێندەرێ هاتوونە بەڵام بیرو بۆچونێکی لاوازو بێهێزە

# پێناسەی چەند گوندێك

## گوندی زەنگەنان

**ناوی گوند لە چ هاتیە؟سێ بیرو بۆچوون هەیە لەسەر ناوی گوند:-**

١-دەگێڕنەوە پێش (١٠) پشت لەمەو بەر، چەند ماڵێکی تیرەی عەشیرەتی زەنگەنە لەدەڤەری کفریو کەلار هاتوونە لەگوندی زەنگەنان نیشتەجێ بوونە. چەند ساڵێك مایتنەوە، شاسواریڕەشەگەری لەگەل چەند ماڵێك هاتوونە بەسەریان زاڵ بوونەو دەستهەلاتیان لێیان زەفت کردیە. بۆیە بەگوندی زەنگەنە یان زەنگەنەیەکان بوویتە زەنگەنان.

٢- یان دەڵێن هەر لەکۆنەوە گوندی زەنگەنان، خەڵکەکەی زەنگینو دەوڵەمەندبوونە، گوندێکی پڕ خێرو بەرەکەت بووە زەنگین بوونە بەنان، واتە (زەنگین+ نان= زەنگەنان).

دەگێڕنەوە لەسەردەمی هێرشی لەشکری مەغۆلییەکان بۆ سەر عێراقو کوردستان، لەشکری مەغۆلەکان هاتبوون بۆداگیرکردنی هەولێر ئەنجا بەرەو شاری موسڵ، ئەولەشکرە بۆماوەیەك گوندی زەنگەنانیان کردبوو سەربازگەی پشوودانی چەند هێزێکی لەشکری خۆیان، هەرچی یەخسیری خۆیان دەستگیر کردبوو لەسەربازگەی گوندی زەنگەنان مابوونەوە.لەکاتێ خواردن بۆ ئەسیرو سەربازانی سەربازگەکان ئامادە دەکرا زەنگی نان خواردن لێدەدرا، هەرکەس بەشەخواردنی خۆی دەبرد، سێ جەمە زەنگی نان لێدەدرا لەبەر لێدانی زەنگی سیستەمی سەربازی ناوی گوندیان لێنا زەنگ +نان= زەنگەنان.

**چەند ڕووداوێکی مێژوویی لەسەر زاری تەمەندارانی گوندی دەگێڕنەوە:**

## شەڕی ئینگلیزو عوڕوس

لەشەڕی جەنگی جیهانی یەکەم، ئینگلیز بەناوی دین خەڵکی کوردستانی هاندەدا، غەزای بۆ سەر ڕوسیا بکەن، لەشکرێکی (٣) قۆڵی لەدەڤەری گۆرانەتی پێکهاتبوو، ئینگلیز ڕەوانەی کوردستانی ئێرانی کردبوو بۆ دەڤەری شنۆ، قۆڵی یەکەم لە (٥٠) سوار لەگوندەکانی

زەنگەنان‌و دووگوندان‌و کەونەبال پێکهاتبوون بەسەرپەرشتی قادر ئاغای زەنگەنان، قۆڵی دووەم، لە(٦٠) کەس بەسەرۆکایەتی ئەمین ئاغای دارەتوو لەگوندی دارەتوو، موریلان، بارەوان پێکهاتبوو، هەروەها قۆڵی سێیەم لەگوندەکانی دەشتی ناوکوور بوون، بریتی بوون لە (٧٠) سوار بەسەرۆکایەتی سمایل ئاغای گێژ باوکی مشیر ئاغا، هەرسێ قۆڵ لەژێر فەرمانڕەوایەتی ئینگلیز گەیشتبوونە دەوروبەری شاری شنۆ، سمکۆی شکاك بەسووپاسە ئاگاداری لەشکری گۆرانەتی کردبوو،خۆیان نەکەنە سووتەمەنی ئەو جەنگە گەورەیە هەر ئەمرۆ بگەڕێنەوە دواوەو هەر ئەوشەوی لەشکری ڕوسیا هێرشی کردبوو سەر شاری شنۆیێ، لەشکری گۆرانان بەرەو خانێ کشابوونەوە لەسەر سنوور لەحاجی ئۆمەران خۆیان گرتەوە، لەدوای چەند ڕۆژێك ڕوسیا بەرزاییەکانی سەر حاجی ئۆمەرانی داگیرکرد بوو، لەشکری گۆرانان گوتیان باناوێکی لۆ خۆمان چێبکەین هێرشیان کردبوو سەر تابیەکی ڕوسیا، چەك‌و تفاق‌و ئازووقەی ناوسەنگەریان هێنابوو، (قادر ئەحمەد جیۆ دووگوندانی) یەکەم کەس بوو خۆی هاویشتبوو ناو تابیەکە، تفەنگێکی ئەلەمانی دوو ڕەختی پڕ فیشەکی دەسکەوتبوو، کات پایز بووکەش‌و هەوا بەرەو زستان دەڕۆیشت ناچار بوون بگەڕێنەوە، لەگەڕانەوەیان سوارێکی گوندی کەونەباکی بەدەوارەوە کەوتبوو ناو ڕەهێلی بەفر گیانی لەدەستدابوو بۆ بەهارێ جەنازەیان هیناوە گوندی کەونەباك.

**غەزای شێخ نور محەمەد ئەمین بریفکانی،** شێخ نور محەمەد ئەمین باری شێخ عەبدولڕەحمانی ئەتروشیە لەشکرێکی گەورەی بەناو غەزا بۆ سەر لەشکری روسیا عورۆس پێکهێنابوو، زێدەتر لە (٢٠٠) سواری گۆرانان، زۆر کەسی خەڵکی گوندی زەنگەنانی تێدا بەشداربوون، هەتاکو سەر جسری کێلۆو بازی چووبوون، بەڵام بروسکە هاتبوو ڕوسیا پاشەکشێی کردبوو، لەشکر بەبێ زیان گەڕابوونەوە.

( وەلی بەگ /ناسراو بە وەلی گوڵستان )




سەجەرەی شاسوار لەگوندی زەنگەنان (قەزای بەردەرەش)

-کوشتنی مستەفا چاوش‌کەمبێکی عوسمانلی تورکیا لەسەر ئاوی گەرم ناسراو بە ئاشی محەمەد ڕەشان نزیك پردی مەندان،سەرپەرشتی ناوچەی گۆرانەتیان دەکرد، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان هاشم‌و حەسەن عەلی باوکی عەزیز ئاغای گربدەوی ڕویدابوو، حەسەن عەلی شکایەتی بردبوو بەر مستەفا چاوش لەکەمپی مەندان، بەخۆو بەجەندرمەوە هاتبوو بۆگرتنی هاشم لەگوندی زەنگەنان، هاشم باوکی عەبدولوەهاب بەجەندرمە دەوریان لەماڵی دابوو ئەویش خۆی نەدابوو دەست لەکولەکی خانیەك نیشانەی لەمستەفا چاوش گرتبوو کورمژنی لە تفەنگی خۆی هێنابوو گوللەیەکی لەمستەفا چاوش دابوو هێخستبوویە عەردێ، بووە هاوارو قال وقلی، هاشم دەرفەتی بۆهەلکەفتبوو لەدەستی جەندرمان قوتار ببوو، کارێکی گەورەبوو، گوند تالآن کرا (٢) مانگی ڕەبەق گوندی زەنگەنان بەچوڵی مابۆوە. دەوروبەری گوند بەدرێژای ئەوماوەیە لەلای جەندرمەی تورکان ئابلۆقە درابوو هەرکەسێك بهاتبایە گوندی تەقەی لێدەکرا، لەئەنجامدا ئافرەتێکی مەهاجر بریندارببوو.

کانی با- سەیرانگەی گوندی زەنگەنان : کانی با ڕێزە شاخێکی بەرزە، ملە زورگێکی



بەخۆ گرتیە، کانیاوێکی تێدایە

ئەم وێنەیە بە کامیرای حاجی مکائیل قادر لە ساڵی ١٩٧١ گیرایتەوە

٣ کم لەگوندی دووره بەلای باشووری، لەسەرەتای وەرزی بەهاران لەهەموو ساڵێك تێکڕای خەڵکی گوند، منداڵو پیرو جاحێل و هەرزەکار پێکەوە ،دەچنە سەیرانگەی کانی با هەریەکەو خواردنی خۆی دەبات وەکو (هێلکە- ماست- ناسکەنان- زلۆبی...) پێکەوە نیوەڕۆژی خۆیان دەخۆن،دەستیان بەشاییو داوەت دەکرد، بەتفەنگی نیشانانە دەکرا، چەند جۆرە هەنەقی (یاری) کوردەواری دەکرا وەکو جغزانێ، نانەتۆپ، یەك باز، سێ باز.. هتد

## ڕۆڵی خەڵکی گوندی لەبزاڤی ئازادیخوازی نەتەوایەتیدا

شوێنی زەنگەنان کاروان سەرابوو، خەڵکی خۆشناوەتی تووتنو بەرهەمی خۆیان بۆ موسڵ دەبرد، قۆناغیان گوندی زەنگەنان بوو شەوێك دەمانەوە، خەڵکی چیای (زێبار)هاوینان فێقی خۆیان دەهێنا گوندی بەگەنم وجۆ دەیانفرۆشت چەند ڕۆژ دەمانەوە، خوێندەواری خەڵکی گوندو چوونە ناو خزمەتی سەرباز، ئەو تێکەهەڵکێشانە لەگەڵ کەسانی تر لەدەرەوەی گوند پەیوەندی برایەتی قۆڵتر دەبوو، هەرچی لەناو ناخیان هەبایە بۆ یەکدیان دەگۆت، هەرلەبەرهەندیلەسەرەتای شێستەکان شانەی ڕێکخستنی پارتایەتی لەگوندی دامەزرا، تاکوساڵی هەفتا ڕاگەیاندی ڕێکەوتنی ١١یازدەی ئاداری ١٩٧٠گوند بووە دووبەش کرمانج وئاغا لێکترازان ،ساڵی١٩٧٤ گوندی زەنگەنان بەتەواوەتی چۆل ببوو،لەرێکەتی ١٩٧٤/٩/٢٠ زیاتر لە٧٠ هەفتا جوتیارانی گوندی زەنگەنان پشکداری شۆڕشی ئەیلولی مەزنیان کردبو،دووای نسکۆی شۆرشی ئیلولی مەزن لەدەڤەری گۆرانەتی زیاتر لە ٧٠٠سەرخێزان پشکداری شۆرشی ئیلولی مەزنیان کردبوو ئاوارەی ئێرانو شارەکانی تری کوردستان ببوون، دووای گەرانەوەیان لەئیران ڕێکەوتی٧/١٠/١٩٧٥ نەفی کران بۆپارێزگاکانی باشوری عیراق وەکو ناسریەو دیوانیەو وەلەرێکەوتی١- ٥- ١٩٧٧گۆرانەکان گەرانەوە بۆ ئۆردوگاکانی شاوێس و بەستۆرەوپیرزین وکانی قرژالە ئاکنجی بوون هەتدێکیش بۆ پارێزگای دهۆك چوون زیاتر لەبیست ساڵ لەکۆمەلگاکان مانەوە ئەوانەی ترلایەنگریڕژێم بوون لەموسڵو دەوروبەریخۆیان گرتەوە،لەدووای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ئەوانەی چووبونە موسل لایەنگری رژێمی بەعس بوون گەرانەوە گوند، ل دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئاوارەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە ئۆردوگا زۆرە

ملێیەکان بە ئازادی و سەرفرازی وەلەژێر ئالای کوردستان بۆ شوێنی باب و باپیرانیان گەڕانەوە،*

**کردنەوەی قوتابخانە لەگوندی زەنگەنان:** لە سالی ١٩٣٦ بە فەرمی ڕەزامەندی لە سەر کردنەوەی سێ قوتابخانە هاتە کردن، یەکەمیان لە سەنتەری ناحیە هاتە کردنەوە دەوام تێدا کرا،دووەمیان لەگوندی زەنگەنان خانی بەدەست نەکەفت بۆ دەوام کردن، سێیەمیان لەگوندی دارەتوو دوو مانگ دەوام تێدا کرا لە بەر ئالۆزی باری شلەژاوی کۆمەلایەتی دارەتوو دەوامی قوتابخانە هاتە هەلواسین بۆ کاتێکی نادیار، بەهاوکاری برا گەورەی گوند(عەبدولقادر عەبدولکەریم ئاغا) پەیوەندی کردنی بە مودیر مەعارفی پارێزگای موسل توانی لە سالی١٩٤٢ قوتابخانە لەگوندی زەنگەنان بکاتەوە ، واتە لەسالی خوێندنی١٩٤٢ ـ ١٩٤٣ دەوامی فەرمی خوێندن دەستی پێکرد ، ، وە لە گوندی زەنگەنان سالی١٩٤٢قوتابخانەی لێدامزرا ، خوێندن تەوزیمی بوو بە فەرمانی قادر ئاغا یەکەم ماموەستا لەسەر میلاکی قوتابخانەی گوندی زەنگەنان هاتە دامەزراندن بەرێز ماوەستا(مستەفا حوسێن پێداوی )بوو،خەلکی زاویتە بوو،لە کاری ڕۆژانەی پەروەردەیی هەتا بلێی چالاك ودلسۆز بوو،هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری پێوەی دیار بوو،چەند جار هاتبوو زیندانی کردن لەلایەن ڕژێمەکانی سەردەمی خۆی،خەلکی گوند و قوتابیانی ئەو سەردەمی زێدە بەچاکی باسی ماموەستا مستەفا حوسێن پێداوی دەکەن ڕۆلێکی زۆر گرنگی هەبووە لە جێبەجێ کردنی کاری پەروەردەیی و پێگەیاندنی قوتابیان شوین پەنجەی هەتا ئیستا هەر دیارە ،بەتایبەتی تەمەن درێژەکانی گوند ئەوانەی لەبن دەستی پەروەردە کرانە زۆر بەچاکی باسی ماموەستای ناوبراو دەکەن ،بەراستی کاری ماموەستا زێدە پیرۆزە ،بەرێگای کارەکەی خۆی دەشێت شوێنەوارێکی شاکارو بەرچاو لەدووای خۆی بەجێبهێلیت،هەروەها پێکهێنانی نەوەیەکی هوشیار و خوێندەواردروست بکات ،ناو و دەنگ سیمای کەسایەتی خۆی نەمر بکات ، گوندی زەنگەنان وەکو مەشخەلێك لەدەڤەری گۆرانەتی دیار بوو چونکی دانیشنوانی لەپێش هەموو گوندەکانی دیکە فێری خویندەواری و وزانست بوون، خەلکانی تر پەندیان هەبوو دەیانگوت هەرن لەزەنگەنانیان عەقل وەربگرن،یان ببوونە زەربولەسەل یەکێك کارێکی باش و ڕێکی ئەنجام بدابایە

دەیانگوتیٚ(هەی عەقل زەنگەنانی) ،مامۆستا مستەفا حوسێن پێداوی زیاتر لە هەشت سالان خزمەتی قوتابیانی قوتابخانەی گوندی زەنگەنانی کردبوو بەشەوو بەرۆژ دویڤچونی قوتابیانی خۆی کردبوو، بۆ نموونە:دەگێرنەوە مامۆستا مستەفا لەگەل چەند کەسێکی گوندی بەشەو چرایەك یان رۆناییەکیان هەلدەگرت دەچوونەدەوروبەری مالی قوتابیان گوی بیستیان دەبوون بزانم قوتابیەکە دەخوێنی یان نا ، بۆ بەیانی دەیگۆت شەوی رابردوو فلان قوتابیە دەیخویند یان فلان قوتابیە هەنەقی ـ وازی ـ دەکرد سزاو پاداشتیانی دەدا ، مامۆستا مستەفا حوسێن پێداوی هەستی کوردایەتی بەهێز بوو کوردێکی نیشتمان پەروەربوو بۆیە لە دوای گواستنەوەی لە زەنگەنان لەسەر کوردایەتی هاتبوو زیندانی کردن لە حەپسخانەی موسل ،

برا گەورەی گوند(عەبدولقادر عەبدولکەریم ئاغا) پەیوەندی بەهێزی لەگەل مامۆستای ناوبراو هەبوو ،هەروەها قادر ئاغا زۆربەی بەیانیان دەچووە قوتابخانە لەسەر کورسییەك دادەنیشت تاکو وانەی یەکەم کۆتایی دەهات دەگەرایەوە کۆجکێ،بلا بەواقع بینانە هزر بکەین و بە ئینصاف بلێین ،لەوسەردەمی هەموو ئاغاو میرو بەگ و شێخەکانی کوردستان حەزیان نەدەکرد کرمانجی گوندی خۆیان خوێندەوار بن،بەلکو هەردەیانویست کۆرفام نەخوێندەوار بن بۆئەوەی زیاتر بشێن بیانچەوسێنەوە ،بەلکو خەلکی خۆیان هاندەدا نەچنە قونابخانە ودەیانگۆت لەقوتابخانە فێری عیلمی شەیتان دەبن زۆر خراپە بۆ دین وژیانتان،بەلام ئاغاو میرو بەگ و شێخەکان مندالی خۆیان رەوانەی موسل وشارەکانی تر دەکرد بۆ خوێندن لەقوتابخانە ،بۆوان حەلال بوو بەلام بۆمندالی فەقیر ورەش و رووت و بەلەنگازان حەرام بوو، زور جاران روو بەرو بەقادر ئاغای زەنگەنانیان دەگۆت بۆ رازی بووی قوتابخانە بێتەگوندی ولامیانی دەداوە و دەیگۆت:(بلا خەلکی گوندی من رۆشنبیربن منیش دەبمە ئاغای روشنبیران ) قادر ئاغالەگوندی زەنگەنان لەسالی ١٩٤٢ خوێندنی کردە تەوزیمی ،بۆنموونە باوکێك مندالی خۆی لە قوتابخانە دەرهینابوو سزا درا رەوانەی گوندی بشیریانی کردبوو ،وولامی کۆتایی دایەوە تازە یان دەبی کورەکەت بێتەوە قوتابخانە ، یان دەبی مالی خۆت باربکەیە گوندی بشیریان لەدووای کورەکەت بچیت ، باوکی کورەکە

ناچاربوو بارنەکات و کوڕەکەی خۆی هینایەوە قوتابخانە و بەردەوامی بە خوێندندا،

ناوی قوتابیانی یەکەم سالّی خوێندنی١٩٤٢_ ١٩٤٣ لە قویابخانەی گوندی زەنگەنان: *

لەبەر ئەوەی هەندێ‌منداڵی گوندی زەنگەنان لە حوجرەی فەقێیان خویندبوویان لەکن مەلای گوندی ،بەبڕیاری لیژنەیەك ئەوانەی قورئانیان ختم کردبوو یەکسەر بوونە پۆلی دووەم :ئەوەش ناوی قوتابیانی بە ڕەزامەندی لیژنە معارف چوونە پۆلی دووەم

١- عبداللە عبدالقادر ٢- احمەد رەمەزان٣- سولتان حسێن٤- قادر صالح٥- عبدالکریم محمدامین٦- درویش عوسمان٧- عبدالکریم عبدالقادر

قوتابیانی پۆلی یەکەم: یەکەم سالّی خوێندنی١٩٤٢_ ١٩٤٣لە قویابخانەی گوندی زەنگەنان: ١- تەیمور قادر٢- میکائیل عبدواللە٣- عوسمان ئیسماعیل رەزەوان٤- مەلا محەمەد حوسێن٥- محمەدامین ئەحمەد چایە٦- عبدولوەهاب هاشم٧- سلێمان ئیسماعیل

## گوندی گۆمەزەرد

گۆمەزەرد گوندێکی کۆنە لەدێرزەمانەوە ژیانی تێدا هەبووە ،چەند شوێنی مێژووی و قەبرستانی کۆنی تێدا هەیەزۆربەی دانیشتوانی لەعەشیرەتی رەشگەرینە چا ربرا بوونە(میران،قەمبەر،شاسوار،چۆپان) تیرەو بەرەبابی چۆپانی لەخێلەکی وگۆمەزەردو بیۆك دادەنیشن،هەرمۆش یان عەروش برا گەورەیان بووەلە گوندی گۆمەزەرد نیشتەجێ بوونە کە دەکاتە مالی یاسین حەجاجی گەورە، ،گوندی گۆمەزەردسنووری بۆتان لەگەل رەژگەرییان لێك جودا دەکاتەوە زیاتر لە١٣٥خێزان پێکدێت بەگشتی ١١٧٠کەس دەبێت زۆربەیان کاسبکار و مەرو مالات بەخێودەکەن

**ناوی گوندی گۆمەزەرد** :دوو بۆچوون هەیە لەسەرناوی گوند

١ - دەلێن لەکاتی خۆی کانییاوێك هەبوو ،قورو ئاوەکەی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی زەردك بەکار دەهات.

---

* ★لەزاری چەند تەمەندارێکی گوندی زەنگەنان وەرگیرایە ،

[٢] لەوەرزی هاویندا ئاو لە جۆگەو شیوەکان کەم دەبووهەندێ گۆمە ئاودەمانەوە ئاوەکەی زەرد هەلدەگەڕ یاسین ئاغا هەتا بلێی بەناوبانگ بوو خانەدان سەخی بوو ،زۆرسوحبەت چیو بە گالتەو دیوان خۆش بوو، تڤەنگچی و نیشان شکێن بوو، تڤەنگی دەگرتەجەرکی سەرپشتی ژنان لەرێگای ئاوێ دە یشکاند،ژن بێ ئاوو بێ گۆزە دەگەراوە مالێ،مالی یاسین حجاجی لە گوندی گۆمەزەرد پەیوەندییەکی بە هێزیان هەبوو لەگەل بارزانی نەمر، ، سەیدۆ جوو :ماموەستای لاوك بێژی دەڤەری گۆرانەتی سەیدۆ جوو لەگوندی گۆمەزەردێ ژیابوو بوو زۆربەی لاوك بێژەکان لە سەیدۆ جوو و حەسەن وحەمۆ فێری لاوك گۆببوون،

سەجەرەی مالی یاسین عجاجی لەگوندی گۆمەزەرد (قەزای بەردەرەش)

**چۆپان**




رەشگەری چار برابوونە( میران - چۆپان - شاسوار - قە مبەر )

ئەوە سەجەرەی چۆپانە لەگوندی گۆمەزەرد وخێلەکی وبیۆك دادەنیشن

لەزاری محمدامین ئاغا وەرگیراوە،بەهاوکاری ماموەستا شمس الدین بکر

# گوندی بەنێنان ★

دەکەویتە سەر ئاویزێی بادینان بەرامبەر گوندی شیوەرەشی قامی سۆران لەکۆنەوە چل هەتا پێنجی ماڵ دەبوو ،بەلاّم نۆکە زیاتر لە ٦٠٠ سەر خێزان دەبیت،بوویتە شارەوانی ، هاتنیمیران بۆ گوندی بەنێنانێ:سەرەتا کە رەشگەری هاتنە دەڤەری گۆرانەتی چار برا بوونە :(میران و قەمبەرو شاسوارو چۆپان )بوون ،میران وقەمبەر لە گوندیدارەتوو دایاننابوو ، شاسوار لە گوندی زەنگەنان نیشتەجێ ببوو،چۆپان لە گۆمەزەردێ ئاکنجی ببوو،میرانوقەمبەر لە گوندی دارەتووچەند سالێك پێکەوە ژیابوون بەلاّم پێکنەهاتبوون لێك کەفتن میران باری کردبوو چووبوو بارەوان و کەلەدێرێ ،سمایل پاشا لە کەلەدێرێ حوکمیدەگێرا ،پێشنیاری کردبوو میران بچیتە گوندی بەنێنانێ ،

سەجەرەیان میران علی محمد بیبەکرئاغاــ سێ کوڕی هەبوو :حسن و علی و حسین ،

عەلی میرانی هەبوو ،میران سێ کوڕی هەبوو: علی و کاکل و صالح

علی پێنج کوڕی هەبوو: عزیز و ابراهیم و اسماعیل و مەحەمەد و حسن

مەحەمەد دوو کوڕی هەیە نەجم و میران

کاکل سێ کوڕی هەبوو : عوسمان و یاسین و جمیل

اسماعیل چار کوڕی هەبوو: کریم و محمود وعلی و حسین

کریم چار کوڕی هەیە: عارف و صباح و صلاح و اسعد

دەلێن لە سەردەمی بیبەکر ئاغای هاتبوونە گوندی بەنێنانێ، هەندێ مالە عەرەب لە عەشیرەتی شاوی لە گوندی بەنێنانێ بوون گامێش وان بوون ،ژیانیان لە سەر بە خێوکردنی گامێش بوو ، بە بێ شەڕو ئاژاوە عەرەبەکانی شاوی باریان کردبوو ،بەلام دوو ماڵ مابوونەوە ، ئێستا هەردوو بەرەباب لە گوندی بەنێنانێ دەژین ئەمانەن :

١ـ ماڵی سمایل عەلەی ٢ـ ماڵی محەمەد حاجی وەسمانی

قەبرستانی تایبەتی خۆیان هەبوو لە گوندی بەنێنانێ شێخێکی شاوی لەوێ شرایتەوە ،هەتا ئێستا بە قەبرستانی شێخ زەید دەناسرێ ،بە سەر هاتێکی تالانێ :دەگێرنەوە خورشیدبەگ لەگرمامکێ هاتبوو ٢٠٠ سەر مەڕی گوندی بەنێنانێی بەتالان بردبوو، بەنێنان هاواری بردبوو بەرصالح ئاغای گربدەوی ، صالح ئاغای گربدەوی نووسراوێکی نووسیبوو دابیە دەستی زەینێ صالح بەسێ بۆ عەمەر ئاغای شۆشێ، هاواری خۆی بردبوو بەر عەمەر ئاغای شۆشێ ، عەمەر ئاغای شۆشێ سوبانێ لەدیوەخانێ صالح ئاغای گربدەوی پەیا ببوو ،لۆ ڕۆژێ پاشتر چووبوونە سەر کەور قەلان بەرامبەرگرمامکێ ،ڕەوییە وولاغی خورشیدبەگیان دابوو پێشە خۆ لە زێ پەڕاندیانەوە ،تالأن لە بەدەل تالأنێ، گوندی گرمامکێان دابوو بەر تفەنگان ،صالح ئاغای گربدەوی تالأنی بەدیاری دابوو عەمەر ئاغای شۆشێ ، خورشیدبەگی گرمامکێ جوابی بەرێکردبوو قاسد گوتی ئەگەر عەلی ئاغێ بەنێنانێی بێتە دیوەخانێ من لەگرمامکی ئەوە من حەقی مەڕێ وی دەدەم ،خورشیدبەگی گرمامکێ گوتی : بەلأم ئەگەر من بێمە دیوەخانێ عەلی ئاغای بەنێنانێ ،ئەوە بە فنجانە قاوە پێکدێین ،لە کۆتایی خورشیدبەگی گرمامکێ هاتبوو دیوەخانێ عەلی ئاغای بەنێنانێ بە فنجانە قاوە پێك هاتن ،

**بارودۆخی گوند** :لە سەردەمی حەرەکاتی رەشید عالێ گەیلانی گوندی بەنێنانێ لە ناوخۆیان لێك کەفتن چینەك لەگوندی باریان کرد چووبوونە گوندی دالەرێ ،لە سالێ ١٩٦٤ سەرهەلدانی جەماوەری لە دەڤەری گۆرانەتی ڕوویدا ، لەو کاتی ململانێ لە نێوان جۆتیاران و ئاغاکان ڕوویدابوو ، ئاغاکانی گوندی بەنێنانێ باریان کردبوو چبوونە گوندەکانی گربدەو زەنگەنان دارەتوو هەفت سالێ مابوونەوە، دووای ئاشتبوونەوە پێکهاتن لە دیوەخانی گوندی مۆریلانێ لە سەرخوانی کوێخا عەلی مۆریلانی ، سالێ ١٩٧١ گەڕانەوە گوندی بەنێنانێ ،هەردوولا بەبرایانە ژیانی خۆیان دەبردە سەر .

............................................................

*ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە لسەر زاری حاجی عوسمان کاکل میران وەرگیرایە ،تەمەن درێژێکی گوندییە

## گوندی مۆریلان

گونـدی مـۆریلان سـەر بـە ناحیـەی دارەتـووە لـە قـەزای بـەردەڕەش زۆربـەیان ڕەشـگەرینە ،بـەرەبابێکی بـۆت مـاڵێ عومـەر غـەریبی لـە گونـدی هەنەلـە گـەل هەنـدێ بـەرەبابی تر،بـە برایانە شان بەشانی یەکتر دەژین ،هەموویان بە شانازییەوە خۆیان بە گۆران دەژمێرن،

**نـاوی گونـد :** گونـدی مـۆریلان لـە سـەر ملـە زووگـی بـەربنی یانـە، شـوێنی بـەرزە و بەربـەرۆژە شـارە مێرولـە مۆریسـتانی لێـزۆر دەبیـت ، لـە بـەر هەنـدێ نـاوی گونـد بوویتـە (مۆریلان).

**شوێنی گوند:**گوندی مۆریلان دەکەوێتە سەر ڕێزە گوندی بەربنیان هەر لە گوندی شیوەرێ تاکو دەگاتە گوندی مۆریلان وخاروك و دالەرێ لە سەر زێی بادینان ،ڕێزە گوندی بەربنیان زۆربەی دانیشنوانی رەشگەرینە ،گوندی مۆریلان دەکەویتە باشووری ناحیەی دارەتوو ،شوێنی بەرزە ، ئەو بەرزییە تایبەتمەندییەکی پێ بەخشیوە ئەویش لە پێش هەموو دانیشتوانی گوندەکانی رەشگەرییان و دەڤەری گۆرانەتی حیساباتیان لە سەرخەلکی گوندی مۆریلان بووە بۆ دیتنی ئەستێرەی گەلاوێژی بە ناوبانگی ،هەموو سالێك لە رۆژانی ٨و ٩ی مانگی ٨هەشت دێتە دیتن ،بەلاّم لە گوندەکانی دانیشتوانیدەشتی ناوکور لە ١٢/مانگی هەشت دێتە دیتن،

**بنەمالەی کوێخا قادری :**

بـاب و بـاپیرانی بنەمالـەی کوێخـا قـادری رەشـگەرینە لـە کۆنـەوە لـەدۆلی رەشـوگەریان لـە ناوچەی نێوان رواندز و حۆمان ژیاون،بەلام دەگێرنەوە لەبـەر کێشـەیەکی کۆمەلایـەتی ،یـان دەلـێن لەبـەر قات و قڕیـەکی قـورس ـ گرانـی ـ باریـان کـردووە بـەرەو بادینـان، لـە دەراوی گرمامـك لـە زێـی بادینـان دەپەرنـەوە ،لـە ڕێگـا بۆحەسـانەوە لـە ئەشـکەفتێك دەمیننـەوە ماندی و هیلاکی ڕێگا بوونە ئەو شـەوی ئـاگر بەردەبێنـە ناومالّیـان کەلوپـەلیان دەسـوتێت ، کاسەیەکی داریان هەبووە ئەویش لاسۆتی ببوو کاسـەکە ڕەش دەبیـت نـاوی ئـەو بەرەبابـەیان لێنا

( کاسـه ڕەشـی )،هەنـدەك دەلـێن کاسـەی زێـڕ بـووە ،کوێخـا قـادر لـە بـاب و بـاپیرانی دەگێرتـەوە ئـەوانیش هـەر لەگـەل ڕەشـوگەریانی دارەتـوو هاتینـە بـۆ دەڤـەری گۆرانـەتی لـە گونـدی مـۆریلانێ ئـاکنجی بوونـە،٨٠٠٠هەشـت هـەزار دونم زەوی کشـتوکالی لـە گونـدی مۆریلانێ زێر کرێ مولکی خۆیانه .

سەجەرەیان بەم شێوەیە :محمەدئـەمین بـاپیرە گـەورەی مـالی کوێخـای مۆریلانـە دوو کـوڕی دەبیـت اسماعیـل و حسـن ، اسماعیـل دوو کوڕدەبێـت کویخا قـادر و محمـەد شـریف ،کەچـەل و عەلی عبدالله کوڕی کویخا قادرینە، کەچەل چار کوڕی دەبێت ئەوانەن : تیمـور و اسعد و فازل و نەزیر و عامر

## شوێنەوارەکانی گوندی مۆریلان:*

١- ئەشکەوتی مەلا عومەر:نزیکەی ١٠٠٠سەر حەیوان دەگریت،

٢- کەور قەلان دەکەویتە هنداو زێی گەورە شوێنەواری کەونە گوند پێوە دیارە

٣- ملی سەنگەرێ : هەرفت و بەرزاییەکی زۆر عاسێیە دەکەویتە هنداو زێی گەورە لەیەر عاسێی بازو هەلۆ هێلانەی تێدا دەکەن

٤- ئادگار : شوێنێکی پیرۆزە مەرقەدی پیاوچاکێکە ،خەلکی بۆ چارەسەرکردنی باداری و رۆماتیزم سەردانی دەکەن ،

٥ - دوو کانی ئاوخواردنەوە لە کۆنەوە لەگوندی هەیە ،بەناوی کانی کەکۆ و کانی سۆر

---

*٭زنیاریەکانی گوندی مۆریلان لە زاری ماموەستا فازل کەچەل قادر وەرگیرایە سەرپەرشتیاری بنەرەتی لەپەروەردەی قەزای بەردەرەش .

# گێژ*

خانـەوادەی موشیر ئاغـای گۆران گێـژن لەدەڤـەری سـەران گێلـی کوردسـتانی تورکیـا هاتینـە ناوچـەی کـەلار و کفری.بەگێـژ نـاو دەبـرێن ئەوزاراوەیـە لـە جـەیش هاتیـە، گوایـە لەگـەل لەشـکری سـەلاحەدینی ئـەیووبی پشـکداریان لەشـەڕەکان کردییـە.دوای هاتنیـان لەدەڤـەری سەران گێلی کوردستانی تورکیا بۆ ناوچەی کەلار و کفری.ئەوجە هـاتن لەدەڤـەری گورانـەتی نیشتەجێ بوون، باپیرە گەورەیان ناوی ئەحمەدپاشابووە، چاربرابوونە

١- باپیر ٢- ڕەشید ٣- قەمبەر ٤- برای چارەم

ــ نەوەی باپیر لەو گوندانە بەلاون : ئۆمەر ڕەش – دەربازی – سندی-
عەسـاف و شـاباز.لەوگوندانە دادەنیشـن :قایمـاوە – دووبـەردان – سـێکانی – گولیجـە – قەلاتۆك – مێرگێ –گەرمك – ئیسماوە.

ــ برای دووەم رشید بەبەرەبابی ڕەشەڕەشە ناودەبرێن لە گوندەکانی سیگردك و بامەرزێ دادەنیشن

ـــ قەمبـەر : نـەوەکانی لەوگوندانـە ئاکنجینـە :یەکمالـە، جوجـەر، سـێگردك پیربـوب، دوولێجان ،خـەمیس کووچـك، کەندالەسۆر، بامـەرزێ، حەسـەنیە، چڕە، زێلکـەی عـەتکۆ، گرکەجوو، زیناوە. ئەحمـەد پاشا سـەرەتای هـاتنی لـە کوردسـتانی بـاکوور دێـت لـە کفـری و کـەلار ماوەیـەکی زۆردەمینێتـەوە، ئینجادێتـە دەڤـەری گۆرانـەتی یەکـەم جارلـە گونـدی گۆڕانکێ نیشـتەجێ دەبێـت لـەوێ دێتـە گونـدی گل گۆران دوایـی بۆگونـدی خرابـە کـەنگر دەگوازتەوە، لەکۆتای بەتەواوەتی لەگوندی روڤیە ئاکنجی دەبێت لەگەل مـاڵی شـێخی روڤیـە بـە ژنـان تێکـەل دەبـن سـەجەرەیان بـەم شـێوەیە :کـەریم - موشـیر – ئیسـماعیل –سـالح- مسـتەفا – جـەردیس- تـەها – ئەحمـەد پاشـا ، مسـتەفابەگ جـەردیس لەسـەردەمی فەرمانرەوایـەتی مـیری سـۆران خـەرجوو خـەراجی نـەدابوو مـیری سـۆران (میرمحەمـەدی ڕەوانـدزی). مـیری سـۆران چـەند سـواری ڕەوانـە کردبـوو بـۆ گرتنـی (جـەردیس)ی هـاتبوو زینـدانی کـردن لەڕەواەنـدزی پایتـەختی مـیری کـۆرە، مسـتەفا بـەگ بـەدزی بـی ٚئاگـای پاسەوانەکانی ماڵێ میری خۆی گەیاندبوو ناو ماڵی میری سۆران لەڕەوانـدزێ میرگوتی مـادام

تـوو هەنـدەزیرەکی بـەبێ ئاگا خـۆت گەیانـدە نـاو ماڵم.گونـدەکانی تـۆ لەخـەرجوو خـەراج عەفوو دەکرێت.

گوندی بامەرزێ موشیر ئاغا، سالأنی پـەنجاکان گونـدی بامـەرزێی دامەزرانـد هاتـە ئـاوەدان کردنـەوە لەسـەرئاوی خـازر بـەلای رۆژ هـەلاتی. بامـەرزێ = بـا + مـەرەز واتـا بـا لەمـەرەزەی دەدات. هەرلـە کۆنـەوە بگـروبکێش و رکابـەری لـە نێـوان خانـەوادەی مـالی موشـیر و ئاغـاو هەرکی وزێبارو شەرەفانی هەبوو ،لە دەستپێکی شۆرشی ئـەیلوولی مـەزن سالێ ١٩٦١ تەقـە لەگوندی بامەرزێ هاتە کردن عەشیرەتەکان گوندی بامەرزێیان بەتالان بردوو، مـالی موشـیر ئاغا سێ مانگ لـەبارزان مابونـەوە (١٨٠) کـەس دەبـوون (٨٥) چـەکداریان هـەبوو لەسـالی ١٩٦١ تـاکو سـالی ١٩٦٨ لەناوشۆرشـی ئـەیلول مابوونـەوە.* لەئـەنجامی هێـرش کردنەسـەرگوندی بامـەرزێ بەلەشـکرو بۆردومـانی فرۆکـە چـەندکەس شـەهیدکران ئەمانەبوون:

١- شاتی فەلە ٢-بنیامین دنعا خەلکی هەزارجۆت بوو برینـدارەکان ١- ئەمین موس ٢-مام عەزیز ئسماعیل ٣- رەمەزان مەولود بوون.

**گێژ لەگوندەکانی رۆژئاوای روباری خازر بەلای چیای مەقلوب دادەنیشن بە گۆران** دێنە هەژمارتن، دەسپێك سێ برا بوون ئۆمەر و کنار و دەرباز هەروەها عساف و شاباز وجندی ئامۆزای یەکن هاتبوونە سێکانی کچکە(جامعە ) لە وێ بەلاوبوونەوە بۆ ئەوگوندانە: سێکانی گەورەو کچکە قەلاتۆك و گولیجە و کانی غەزال و دوبەردانی کچکەو مێرگێ و مغار وجۆگرجی و خراب دەلیل .......سەر بە ناحیەی باشیکن گێژ تێدا دادەنیشن ، دیارمان کرد، لە نارینی دەڤەری کفری هاتبوون بە ئەسل بۆ بابانیەکان دەگەرێنەوە،حسێن پاشای جەلیلی ناکۆکی هەبوو لەگەل ئێزدیان گێژەکان هاتبوون لە دەوروبەری شاری موسل ئاکنجی کران ، بۆ پالپشتی و یارمەتیدانی حسێن پاشای جەلیلی والی موسل ، پەندێك هەیە لە گوندی دوبەردانی کچکە دەگۆترێ: من نە لەوانم نە

---

* ئەو زانیارییانەی لە سەر گێژ لە کاك کریم مشیر ئاغا وەگیرایە .

لەیانم،کلاو قیتکێ دیدەوانم ،خەلك شەڕکەرە من لە سیرانم

## گوندەکانی گۆرانان بە گشتی لە رۆژئاوای رووباری خازر ئەمانەن:

، ئەوگوندانـە هـەموویان بەبـەر شالاوی تـەعریب کـردن کـەوتبوون ،لەهـەردوو کۆمەلگـەی چرەو کەلەکچی کۆکرایتنـەوە، گەرکـەکانی ئـەو دوو کۆمەلگایـە بەناوی‌گونـدەکانیان کرانـە، لـەدووای راپـەرینی ١٩٩١ ،ئـازادی عـیراق ٢٠٠٣ خـەلکانی ئـەو گوندانـە گەرانـەوە شـوێنی زێدی باب وباپیرانیان ئێستا ژیان تێدا دەکەن ،

( بابا، مووسەکا، گلەشین، قایماوە، نێچە،گرفەقیر، زێلکان، خاتوونـاوا پیربـووب، مـەحمودان، کـانی ساردك، تـارق حەمـە، بـەرازی کچـکە، بـەرازی گـەورە، جێبران،هـەژیرۆك، گـوداد، ئاودەلیـان، گردکـال، تـاق،پیران، بێـت ناسـر، باقەسـرێ،داکا، بابیرتـێ، جـەگان، مەلکێشـانە، زینــاوە، تــل جــۆمر، جفتــە فــوتیلێ، مــام رەشــان، مــەلابروان، دارەتــوو، چــەمەرەش، ئاڤەدل،خراپەسێکانی گەورەو کچکە قـەلاتۆك و گولیجـە و کـانی غـەزال و دوبـەردان کچکەو مێرگێ و مغار وجۆگرجی و خـراب دەلیـل .......). نزیکـەی (٣٠٠٠) دووهـەزار سـەرخێزان دەبوون.[*+]

....................................................................................

[*+] لە زاری عبدالله محمد خالد ئاغا ناسراو بە (عبدالله گۆران )وەرگیرایە .

# لێدوانی پێنجەم : بۆت

## هاتنی بۆتانیەکان بۆ دەڤەری گۆرانەتی

### بۆتانیەکان:

زۆر تیرەو بەرەبابیان لەکوردستانی تورکیا بەچەند شەپۆلێك هاتوونە لـە ناحیـەی کەلـەك و قەزایبـەردەڕەش ئـاکنجی بوونـە، بەشـانازییەوە خۆیـان بـەگۆران دەژمێـرن. زۆربـەی بۆتانیـەکان لـەدوای لەناوچـوونی شۆڕشـی بەدرخانییـەکان لەسـاڵی ١٨٤٢ ز تـا ١٨٤٦ز بەرامبـــەر بـــە ١٢٥٨ ك تـــا ١٢٦٣ ك کۆچـــڕەویان بـــۆ دەڤەریبـــەردەڕەش دەســتیپێکردبوو.بۆتانیەکان لەدورگـەی سـەرەوەی هـەرێمی نێـوان هـەردوو دەریاچـەی وان وئورمیـە لەکوردسـتانی بـاکوور دەگرتـەوە، تـاکو دەگاتـە مووسـڵ ورەوانـدز لەکوردسـتانی باشوور، میری بۆتان لەناوچەی دێرگولی سەر بەدورگەی بۆتان کە پێـی دەگـوترێ (جزیـرە ی ئیبن عمر) دەژیان.

ئەو بۆتانەی بۆ خانەوادەی مـاڵی مـیری بۆتـان دەگەڕێنـەوە وکەئێستا لەدەڤـەری بـەردەڕەش دادەنیشن، وباپیرەگەورەیان ناوی گورگین بـوو، پـێ ناچێت خوێنی خانـەوادەی مـیری بۆتـان بن مالباتێکی بەرچاو بوونە لـە جزیـرەی بۆتـان، هـاتبوون لەگونـدی گردەپـانی دامـەزرابوون وزنجیرەی پشتاوپشتیان بـەم شـێوەیە: عەبـدوڵا کوڕی عەبدولمەجید کـوڕی عەبـدلڕەحمان کوڕی ئیسماعیل کوڕی عەبدوڵا کوڕی یوونس کوڕی حەسەن کوڕی گورگین.

یونس چارکوڕی هەبوو: ئیبراهیم ، رەشاغا ، عبدالله ،خالد ووجاغ کۆر بوو .

نەوەکانی ئیبراهیم : علی بەگ ـ عزیز ـتەها ـبەدرخان

نەوەکانی رەشاغا: حسێن بەگ ـ نجیم ـ محەمەد ـعبدالرزاق

نەوەکانی عبدالله : ئیسماعیل ـ رمەزان ـمجید ـمنصور ـرفعت

بۆتـەکانی گونـدی گـەلووك وگردەپـان دەگەڕێنـەوە بـۆ بنەماڵـەی گـورگینی تیرەیەکـەن لـە دەڤـەری بۆتان،بۆتـەکانی گـەویلان وبشـیریان بـۆ بنەماڵـەی بـەکر ئاغـاو رەشـاغای بۆتـان

دەگەڕێنـەوە، پـێش هـاتنی ئـەو بەرەبابانـە چـەند خێزانێکی بـۆتی لەبـەر چـەند ئەگـەرێك هاتبوونە دەڤەری بەردەڕەش وەکو ڕێخۆشکەرێك بوون بـۆ هـاتنی چـەند بـەرەبابێکی بۆتـانی بۆ دەڤەری بەردەڕەش.

## هاتنیان بۆ دەڤەری بەردەڕەش :

دووای تێکشکانی شۆڕشی بەدرخانیەکان لەبەر هەندێ ئەگەری نـاوخۆیی لـەجزیرەی بۆتـانی باکووری کوردستانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان  ڕوویـان کردبـوو وولاتـانی دراوسـێ و ولاتـانی ئەوروپا ،ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ،هەندێك خێـزان و بـەرەباب لـە بنەماڵـەی بەدرخانیـەکان هاتبوون لە ناوچەی سێمێل نیشتەجێ ببوون،ماوەیـەك لەوێنـدەرێ مابوونەوە،کچێکی جـوان یان دەبێت پاشای ئامێدی خوازبینی ئەوکچەیە دەکات،بـەلام بنەماڵـەی بەدرخانییـەکان ڕازی نـابن  و لەسـێمێل باریـان کـرد بۆناوچـەی بـەردەرەش لەشـوێنێك دایاننـا پـێی دەڵـێن ڕکـاوا دەکەوێتە نێوان گوندی زەنگەنان و گوندی گردەپان،

پاش ماوەیەك جەندورمەی تورك بەدووایان داهـاتن بـۆگرتن و کوشـتنیان  ،شـەڕێکی قـورس لە نێوانیان ڕوویدابوو بە شیر و تیر خەنجەر  جەندورمەی تورك شکان و هـەلاتن ،بـەلام لـەو شەڕەدا ڕشاغا کە دەکاتە کوڕی یونس قۆلێکی خۆی لـە دەسـت دابـوو ،ئـەو شـوێنەی شـەڕلێی ڕوویدابوو هەتا ئێستا ناسراوە بـە (شـەڕە بۆتیـان ) دەکەویتـە نـاو زورگـەکانی نێـوان گونـدی زەنگەنان و گونـدی گردەپـان، دووای ئـەو شـەڕە هـاتن لـە گونـدی گردەپـانی ئـاکنجی بـوون ، وەکو خەلکی دەڤەری گۆرانەتی دەستیان کرد بـە کـارو کاسـبی بـۆ بـە دەسـت هێنـانی بـژێوی رۆژانـەیان  ، ، دووای ماوەیـەك خزمـەکانیان لـە  جزیـرەی بۆتـان بـە دووای سـەرو سـۆراغی خزمـانی خۆیـان دەگـەران پێحەسـیان  لـە ناوچـەی بەردەرەشـی دەژیـن ،مـالی بـەدرخانیان پیاوێکیان ناردبوو بە دووایان کە ناوی( فەتاح بەگ )بوو ، بە فەتاح بـەگیان گۆتبـوو هێـوارێ لە دیوەخانێ لە گەلیان دابنیشە  هەستیان لێڕابگـرە و زەینـێ خـۆ بـدێ ئەگـەر لـە جـەماتێ باسی کارو کاسبی و جۆت ومەڕومالاتیان شـەڕە سـەیان کـرد هـەما لێیـان گـەرێ بـەگێر ئێمـە نـاهێن بـلا لـە شـوێنی خۆیـان بژین،بـەلام ئەگـەر باسـی سوارچـاکی و شەڕوشـۆڕو فێـرس ڕمبـازی و ڕاو بکـەن ئـەوە دیـارە لـە سـەر کـەلتوور داب و نـەریتی کونینـە ئێمـە مـاون

بیانگەرێنەوە، فەتاح بەگ زانی کۆڕانە لەسەر کەلتوور داب و نەریتی کونینە نەماون وەکو خەلکی ناوچەکە لێهاتبوون ، واتە گۆڕابوون ،هەر لەبەر هەندێ ئەو دەڤەرە بە گۆران ناودەبرێت، لە سەر بیرو بۆچوونی کۆن نەمابوون بۆیە مانەوە ،بەو بۆنەوە گۆچکێکیان لە گوندی گردەپانی دروست کرد بەناوی کۆچکی فەتاح بەگی تاکو سالی ١٩٨٤ مابوو بەلام هەشیار عبدالله خراپی کرد زۆر لە ردێن سپی پیاوماقولانی گوندی پێیان ناخۆش بوو بە خراپکردنی ئەو کۆچکە کەلەپوورییە، زۆر جاران کەسی کورد یان بە تایبەتی خێزانی کورد تووشی کۆچڕەو وبارکردن دەهات لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە بوون:

★ باری کۆمەلأیەتی: بەرەبابێك تووشی دوژمنداری دەهاتن لەئاواییەکانی خۆیان باریان دەکرد بەرەو شوێنێکی دوور.

★ باری سیاسی: بارودۆخی ژیانی کورد بەردەوام لەگرتن ودلەڕاوکێ بووە لەبەر زولم وزۆرداری دەستهەلأتدارانی تورك وعەرەب وفارس ناچار بوونە لەشوێنی خۆیان بەرەو شوێنێکی تر کۆچیان کردووە.

★باری ئابووری: لەهیچ کاتێك هێمنی بەسەر ژیانی کورد سەقامگیر نەبووە، باری گوزەرانی ژیانی نەژی ونەمردی بووە، بۆی نەلوایە بەدروستی خێزانی خۆی بەخێوبکات، لەشوێنی خۆی بۆ ناوچەیێکی دیکە باری کردووە تێداماوەتەوە بوویتە خەلکی ناوچەکە. هەروەها نەبوونی و قات و قڕی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ژیانی کەسی کوورد :

**تیرەو بەرەبابەکانی بۆتان لەدەڤەری گۆرانەتی دادەنیشن ئەمانەن:**

(١) <u>**عەباسی**</u>: بە خۆیان دەلێن:بنەچەیان یان ڕەچەلاکیان بۆ بنەمالەی بەدرخانیەکان دەگەڕێتەوە، لەکەلێ بورجێ ناوچەی دێرگولێ لەجزیرەی بۆتان دووای ڕووخانی شۆڕشی بەدرخانیەکان پەڕاگەندە بوون، هاتبوون لەگوندەکانی گەلووك وگردەپانی سەر بەناحیەی بەردەڕەش جێنشین بوونە، باپیرەگەورەیان ناوی گورگین بووە.

(٢) <u>**لۆلکی**</u>: لۆلکی تیرەیەکی بۆتانن، سێ برابوونە لەناوچەی شەرنەخی کوردستانی باکوور هاتبوونە دەڤەری گۆرانەتی برایەکان ئەوانەن: (بازید، کەکۆ، ئەحمەد). زنجیرەیان

بۆ مـاڵی ئاغـای سـۆر دەگەڕێتـەوە، لـۆلکی لـەجزیرەی بۆتـان بەتایبـەتی مـاڵی ئاغـای سـۆر پالپشتێکی گەورەی میری بەدرخانیان بوون،

لـەکاتی تەنگانـەدا رۆڵێکـی کاریگـەریان هـەبوو لەشـەڕ وڕووبەڕووبوونەوەکانـدا لـەدژی نەیارانیان، دیارە خواردنیان لۆلـك بـووە لەبـەر هەنـدێ ناویـان لێنـرا لۆلکی، ئـەو سـێ برایـە نەوەیان لەدوابەپاش کەفت.بـەرەبابی بازیـد بـە بـەرەبابی بازیـدی نـاودەبرا، بـەرەبابی کـەکۆ بە بەرەبابی کەکۆلی ناودەبرا، بـەرەبابی ئەحمـەد بـە بـەرەبابی قەڕاسـی نـاودەبرێن. ، لۆلکی یەکەم جار کەهاتن سـەرەتا لەکەنـدالی تـەمری لـەدەو رووبـاری خازردەژیـان، دەکەفتـە نێـوان کـانیلان وقاتێسـی گـەورە ماوەیـەك مانـەوە، پاشـان نـەوەکانیان زۆربـوون ئێسـتا لـۆلکی لـەو گوندانەدا بلاّون (ترپەسپی، دڕین بۆت، حەسار، قاتێسی، گەلووك، دووسەرە، حەسەن شام).

## بۆ بەرەبابی ئەحمەد بەقەڕاسی ناودەبرێن ؟

دەگێڕنـەوە لەسـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی دەسـتهەلاّتداری عوسمانیەکانـدا داوایـان لەئەحمـەد کردبـوو کەخـەرج وخـەراجی دەڤەرەکـەی کۆبکاتـەوە بـۆ پاشـای سـولتانی عوسمـانی ببـات، ئەحمـەد داوای تورکـانی جێبـەجێ نـەکردبوو لەحکومـەتی یـاغی ببـوو، فـەرمانی گرتنـی ئەحمـەد لەلایـەن تورکـەکان دەرکـرا جەندرمـەی تـورکی هـاتبوون ئەحمـەدیان گرتبـوو، لەقەڕاسـەی هەسـپی خۆیـان قـایم کردبـوو، بـەرەو بابولعـالی بردبوویـان بـەخورتی لەسـەر خـەڵکی رەشـوڕووتی دەڤەرەکـەیان کردبـوو خـەرج وخـەراج سـالأنەیان کۆبکەنـەوە ئـەنجا ئەحمـەد ئـازاد دەکرێـت، خەڵکەکـە داوای تورکانیـان جێبـەجێ کردبـوو خـەرج وخـەراجی خۆیان بـۆ فەرمانڕەوایـەتی ئـەو سـەردەمی بردبـوو. ، هـەتا ئێسـتا ئـەو بەرەبابـە کەللەڕەقن ناحـەقی لەکـەس قـەبوڵ ناکـەن، لەبـەر ئـەو رووداوە نـاوی بـەرەبابی ئەحمـەدی بـە قەڕاسـی دەناسرێ.

(٣) **خەمانی** : میر محێ میری شەرنەخییان بـوو خەمانیـە مـاڵێکی بـەناوبانگ و نـان دەرو خانەدان بوو، هەموو ساڵێ سێ (٣) تەغار گەنمیان دەکولاند ودەیکـردە ساوار بـۆ دیوەخـانی، میر محێ دەسـتهەلاّتێکی تـەواوی بەسـەر دەڤـەری شـەرنەخیان هـەبوو حکومـەتی عوسمـانلی لەسەر میرمحێ وخەڵکەکەی کردبوو لەژێر ڕمی تورکەکان بـن، مـیر محـێ قـەبوڵی نـەکردبوو

یاخی ببوون چەند جاران تووشی شەڕ وپێکدادان هاتبوون، ناچاربوون دەڤەرەکەی بەجێ بهێلیت، روویان کردبوو گەلیەکی بەترس ئەژدیهایەك تێدا عاسێ ببوو لەوێ عەنگڕیابوو، لەشکرو جەندرمەی تورك بەدوایانەوە بوون، میر محێ ناچاربوو خۆی لەو گەلیە بەترسە بدات، چونکە لایەکی ئاوی بەحرێ وانێ بوو لایەکەی دیکەشی چیایە، لەشکرێ تورکی بەدوایانەوە بوون رێی هاتونەهاتێ بوو، دەبێ رێی ئەژدیهای بگرن، میر محێ بڕیاریدا نەگەڕێتەوە هەردوو دەستی خۆی چەند پارچە پەڕۆی لێ ئالاند و شیرێکی کۆسەمیسری بەدەست گرت، بەبێ سێ ودوو ڕایکێشابوو سەر ئەژدیهای پارچە پارچەی کردبوو، تورك پێحەسیان میر محێ ئەژدیهای کوشتییە لێبووردنی گشتی بۆیان دەرکردبوو کەبگەڕێنەوە بڕیاری ئازادکردنیانی ڕاگەیاندرا، میر محێ باوڕی بەتورکان نەهاتبوو، لەگەل عەمەر ئاغای ئامۆزای بەرەو کوردستانی ئێران رۆیشتبوون تاکو چوبوونە مالی سمکۆی شکاك، دوای ناسین وگفتوگۆ میرمحێ لەگەل سمکۆی شکاك رێکنەکەفتبوون، رووی خۆیان دابوو بەرەو ئاکرێ وهاتبوون لەمووسەکاوێ دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی شێخالك وگردەپان سەر بەقەزای بەردەڕەش، ڕشمالی خۆیان هەڵدابوو، عەمەر ئاغا بابی هەمزەی بوو هەمزە دوو کوڕی هەبوو عەمەر ومەولوود ناکۆکی لەنێوان هەردوو برا ڕوویدابوو عەمەر بەدەستی هەمزەی باوکی کوژرابوو.

مەولوود ژنی عەمەری مارەکردبوو، باری کردبوو چوبووە گوندی دووسەرە لەبەردی سپی هەتا کەندالێ سپی داگیرکردبوو.( سەجەرەیان: عەمەرە بۆت ئێستا لەژیان مایە لەگوندی دووسەرەیە لەدایکبووی ١٩٢٢ بۆ منی گێڕایەوە گوتی: عەمەرە بۆت کوڕی ڕەشید کوڕی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی مەولوود کوڕی هەمزە کوڕی عەمەر ئاغای کەدەکاتە ئامۆزای میرمحێ).

(٤) **<u>تۆبزی:</u>** لقەکن لەخەمانیان، بۆتن. بۆ دواجار کاتێ ئیران بەغدای داگیرکردبوو شێخ مەحوی مجێوری غەوسی گەیلانی بوو بەدەروێش قادری ئاگاداری ئیستەمبۆلی کردبوو کەبەغدا بوویتە مەیترخانەی ولاّخی ئێرانیان، سولتانی عوسمانلی لەگەل گەنج عوسمانی کورد بەرەو بەغدا هاتبوون لەڕێ بەخەلکیان دەگوت چەند مایە بگەینە بەغدایێ ئەگەر

خەڵکەکە بیانگۆتایە لەبن پێی هەسپی تۆدایە خەلاّتیان دەکرد، لەشکری فارسان شکابوو، گەنج عوسمانی کورد شەهید ببوو، ئالاّی ئیسلامی لەدەستیدابوو پێش شەهیدبوونی،

شەکر چاوش بەیرەقی ئیسلامی لەدەست گەنج عوسمانی وەرگرتبوو وەی نەکرد بوو ئالاّکە بکەوێتە سەر زەوی هاواری کردو گۆتی سەلوعەلا نەبی، سولتان گۆتی: ئەوە کێ بوو نەیهێشت بەیرەقی ئیسلامێ لەدەست شەهید گەنج عوسمانی بکەفتە سەر عەردی، گۆتیان شەکر چاوش بوو، سولتان بانگی شەکر چاوشی کوردی کرد و پێی گۆت: بخوازە ماڵێ دنێ هەرچیت دەوێت بلێ.

شەکر چاوشی کوردی بۆتی گۆتی: تۆبزێ دەستێ سولتانم دەوێت لەگەل پارچە زەوییەکێ لەکۆرتە مارانێ کەدەکەوێتە نێوان گوندی گەلووک وشێخالك لەقەزای بەردەڕەش.داوای سێیەمی گۆتبووی تەسکەرەم پێبدە واتە لەسەربازی تەسریح بکرێم. لەسەربازی رزگاری بوو، شەکر چاوش هاتبووە کۆرتەمارانێ جۆتێ کەرێی دابەستەوە وتۆبزەکەی دەستی سولتانی کە بەدیاری وەریگرتبوو شوان لێیان دزیبوو، داوایەکانی سووك وسادە بوون وەکو ئازایەتی وزیرەکی خۆی بەرز نەبوو.بەرەبابی شەکر چاوشی ئێستا ماون ئەوانەن: (ماڵێ مستۆ قەمەری، یوونس جەردیسە، کەریم قەرەنازی،ماڵێ قادرحەدادی ، ماڵیشەمسەدین ئەحمەد موختارێ گوندیزەنگەنان ......)

(٥) <u>**قەیاسی**</u> :خەڵکی جزیرەی بۆتانن تیرەیەکن لەلۆکیان، لۆلکی یەکەم جار کەهاتن سەرەتا لەکەندالی تەمری لەدەو ڕووباری خازر، دەکەفتە نێوان کانیلان وقاتێسی گەورە ماوەیەك مانەوەدەلێن ئەو بەرەبابە لە ناوچەی ئەردەلانی کوردستانی باکوورهاتینە ، پاشان نەوەکانیان زۆربوون ئێستا لۆلکی لەزۆر گوندبلاّون وەکو: (ترپەسپی، دڕین بۆت، حەسار، قاتێسی، گەلووك، دووسەرە، حەسەن شام).

ماڵباتێکی خانەدان بوون لەتەنگانەدا بەهانای لێقەوماوان هاتبوون، بۆ نموونە: دەگێڕنەوە کوڕێکی مووسەیی کچێکی لەعەشیرەتی خۆی هەلگرتبوو، پەنای لۆ مالی قەیاسیان بردبوو، چوو بوو ناو ماڵی مەلاّ محەمەد زادەی حەواندبوویانەوە، مووسییەکان داوایان لەقەیاسیان کردبوو کچە وکوڕەکەیان پێ بدەنەوە، مالی مەلاّ محەمەد زادەی قەیاسیان ئەو داوایەی

مووسەییان ڕەتکردبووەوە، گۆتیان: دەخیلی مالّی ئێمەبوونە لۆمە ڕوو ڕەشییە بە دەستان بدەینەوە. لەئەنجامدا ببووە شەڕی مووسەیی وقەیاسییان، مووسەییەکان هەفت برایان لە مالّی مەلاّ محەمەد زادەی قەیاسیان کوشتبوو، کەبەمالّی مەلازادەی دەناسران، ، لەدەڤەری بۆتان هەتا ئێستا قەبری هەفت براله دیارە دەکەوێتە سەر ڕێی سێبەرداریٚ لەنێوان گوندی قاتێسی کۆن وکانیلان لەقەراغ ئاوی خازردا شوێنەواریان دیارە کانییٚ مەلای (مەلاّ محەمەد زادە)ی ، گەڕیٚ مەلاّی پێدەگۆتریٚ هەتا ئێستا مایە .بابی هەفت برالەی هاواری بردبوو بەر ڕەشائاغای بۆت، ڕووداوەکەی بۆ ڕەشاغا گێڕابۆوە،سەرەتا ڕەشاغابەدووای هاواریان نەچووبوو، بەناچاری پەنایان بۆهەندیٚ ماله عەرەب بردبوو، بە هاواریان هاتبوون ،ئەوجە ڕەشائاغای بۆت دەنگی لەبۆتان کردبوو لەشکرەکی گەورەی پێکهینابوو هێرشی کردبووە سەر عەشیرەتی مووسەییان لەگوندەکانی کانیلان، بەردەڕەش کچکە،. زۆری لەمووسەییان کوشتبوو دەلّێن ٢١ کەس لەمووسەییان کوشرابوون گوندەکانی مووسەییان بەرتالاّنیٚ لەشکریٚ ڕەشاغای بۆت کەفتبوو لەتۆلّەی خوێنی هەفت برالەی مالّی مەلازادەی قەیاسی،دووای ئەو شەڕە مالی مەلاّ محەمەد زادەی قەیاسیان لە قاتێسی بۆتان باردەکات دەچیتە گوندی مۆریلانیٚ باپیرە گەورەی عومەرو عوسمان غریب بوو برای ئەمینە سۆری ئێستا لە گوندی مۆریلان و سەنتەری قەزای بەردەڕەش دادەنیشن .

(٦) **<u>پالانی</u>**: پالانی ٣٥٠ مالّ دەبن لەسەنتەری زەنگ ئاباد وقەرەتەپە کەدەکەوێتە ڕۆژهەلاّتی ئاوی سیروان لەدەڤەری دەگاگا دادەنشین سەر بەپارێزگای کەرکووك وخانقین دەگرتەوە.چەند مالێکی پالانی لەشوێنی ئەسلّی خۆیان هاتبوونە ناوچەی بۆتان لەقەزای بەردەڕەش نیشتەجێبوون، تێکەل بەخەلّکی بۆتان بوونە خۆیان بەگۆران حسێب دەکەن.

(٧) **<u>گەردی</u>**: بەشێکیان لەدەشتی بەڕانەتی دادەنیشن بەشێکی تریان گەردی بنەچێیان پێدەگوترێت لەگوندی ئەستونیٚ دادەنیشن لەسەر سنووری تورکیا بەرامبەر دەشتی بەرازگری لەسێگۆشەی ئێران وعێراق وتورکیا نزیکن.هەندێکیان لە ناو بۆتانن ،مالی حاجی مەولود ئەسکەندەری گەردین خانەوادەیەکی گەورەنە لە گوندی کەونەباکی دەژین ،

(٨) **یـاقوبی**: تیرەیـەکی بۆتـانین مەسـیحینە لەشارۆچـکەی قـەرەقوش وحەمدانیـە سـەر بەپارێزگای مووسڵ دادەنیشن.

(٩) **ئاغـا تـۆبزی** : لـەناو بۆتـەکانی دەڤـەری گۆرانـەتی سـەر بەناحیـەی دارەتـو قـەزای بـەردەڕەش هەنـدێ کـەس لەگونـدەکانی بۆتـان سـەریان هەڵـدا بـەهێزی تـۆبزی زولمیـان لەخەڵکی هەژار وڕەشوڕووت دەکـرد، ئـەو کەسانە خۆیـان بەسـەر چـەند گونـدێك سـەپاندوو بـەخورتی تـاپۆ وسـەرانەیان لەئاواییـەکان دەسـاند، زبارەیـان بەخەڵکەکـەیان دەکـرد، ناویـان لێنـرا ئاغـا تـۆبزی. بـەم شێوەیە هەنـدێ کـەس سـەری هەڵـدا پشتاوپشـت خۆیـان کردبـوو خـاوەنی گونـد، بـەئارەزووی خۆیـان ئـەوەی لەگـەل هەسـت و نەسـتی ئـەوان نەگونجایـە دەردەکرا لەگوندی؛ هەندێ کەسانی تری لەجێیان دادەمەزراند،

## ١٠-بۆت دەبێتە دوو بەش بۆتە سۆر وبۆتە ڕەش.

ئەو بۆتانـەی لەگونـدەکانی گـەویلان وبـەرگێل وبشـێریان دادەنیشـن بەبۆتـە سۆر نـاودەبرێن ئەوانەی تر بۆتە ڕەشن. گەویلانی بۆتان پایتەختی بۆتە سۆرەکان بووە رەشاغای بـۆتی تێـدا دانیشـتبوو، فـەرمانڕەوایی دەڤـەری بۆتـانی دەگێـڕا. سـەرەتا وەلی بـەگ ومـەحموود بـەگ لەدەڤەری شەرنەخی کوردستانی تورکیا هاتبوون لەگوندی گـەویلانێ ئاکنجی ببون، لـەدوای ئـەوان رەشاغا(رەشـاد ئاغـا) دەسـتهەلأتداربووە کـاك رەشـاد ١٩٣٨ ئـەو سـەجەرەی بـۆم گێڕایەوە لەگونـدی گـەویلانێ دادەنیشیت، رەشاد کوڕی مەنسوور کوڕی ئیسماعیل کوڕی بەکر کوڕی رەشاد کوڕی بەکر نەوەی وەلی بەگ ومەحموود بەگینە.

## گوندەکانی ناوچەی بۆتان ئەوانەن:

١- گردەپان ٢- گەلووك ٣- بەرگێل ٤- کـەلکان ٥- شەمسەخڕ ٦- شێخالك ٧- قاتێسی گـەورە ٨ - کـۆراو ٩- دووسـەرە ١٠- دڕیـن بـۆت ١١- بشـێریان ١٢- تریپەسـپی ١٣-گەویلان بۆت ١٤- کەورەسۆر ١٥- سێڤدینان ١٦- حەسەن شام ١٧- حەسار.

بۆتانیـەکان لەسـێزدە گونـدی سـەرەکی دادەنیشـن لـەزۆر گونـدی تـری دەوروبـەریان بـەلاون، ناوچـەی بۆتـان دەکەوتـە باشـووری سـەنتەری قـەزای بـەردەڕەش ڕێگـای نـوێی کەلـەك -

بەردەڕەش هەردوو پارێزگای دهۆك وهەولێر پێکەوە دەبەستەوە بەناو جەرگەی گوندەکانی بۆتانـدا تێدەپـەڕێت، ناوچـەی بۆتـان ١١٪ ی دانیشـتوانی ناحیـەی کەلـەکو بـەردەڕەش پێکدێنێ،

## بۆتانیەکان لە دەڤەری بەردەڕەش

(بۆتانیـەکان لـەو دەڤـەرە دەژیـن کەدەکەوێتـە ڕۆژئـاوای زێـی بادینـان و ڕۆژهـەلاتی چـیای مەقلووب‌و باشووری ڕۆژهەلاتی چیای زەردك کە لەسەر ڕێگای مووسڵ‌و هـەولێرەو باشووری سـەنتەری قـەزای بـەردەڕەش و تادەگاتـە کەلـەکی یاسـین ئاغـا، ئەمـەو ڕێـژەی (١١٪)ی دانیشتوانی قەزاکـە پێکـدەهێنێت. ڕێـژەی بۆتانیـەکان لـە قـەزای بـەردەڕەش بەسـەر ئـەو گوندانـە دابەشـبووە: (کەورەسـۆر- کـەلکان- بشـیریان- بـەرگێل- گـەویلان- کـۆراو- گردەپـان- قادسـی گـەورە –قادسـی گچـکە- شـێخالك- گـەلووك – دووسـەرە- دڕیـن بـۆت- ترپەسـپی- قەسرۆك)و چەند گوندێکی تر کە ئێستا نـەماون کـاول بوونـە وەکـو (سـێودین- کـانی هـۆرچ- پونگینە- ڕکاوە- کەلەك).

بەر لـەهاتنی بۆتانیـەکان بـۆ ئـەم دەڤـەرە،ئێزدی لەوشـوێنانە دەژیـان. چـونکە بەکەلـەکی داسـنیان نـاودەبرا (مەبەسـت لەوشـەی داسـنیان مانـای یەزیـدی دەگەیـەنێت لەسـەرهێلێك دەژیـان هەرلـە کەلـەك‌و کـەورە سـۆر تادەگاتـە چـیای باشـیك وبـەحزان)، لەسـەردەمی حـوکمڕانی میربـەدرخان وەکـو پاسـەوانی پارێزگـاری کردنـی هێلـی سـنووری باشـووری میرنشینی بۆتان بـوون لـەدژی کۆچـەرە عەرەبـەکانی ئـەو سـەردەمە لەدەسـت درێـژی هـۆزی عـەرەبان بـۆ سـەر دەڤەرەکـە. بـەلام کزبـوونی هێـزو پایـەو بـاری ئـابووری ئێزدییـەکان لەدەستی میری کۆرەی (سۆران) لەئەنجامی کوشتنی عـەلی بـەگی ئێزدی، وایکـرد ئـەو شـوێنە جێ بهێلن‌و بـەرەو چـیای سـەختی باشـیك‌و بـەحزان بکشـێنەوە. لەوکاتـەدا پیـاوێکی ئێـزدی نێو خەلەف هەبوو سوار چاك‌و سەرلەشکری سوپای میر بەدرخان بـووە داوای لەبۆتانیـەکان کرد پاش تێکچوونی میرنشینی بۆتـان، بـۆ شـوێنی ئێزیدییـەکان کـۆچ بکەن.ناوچـەی بۆتـان لـەڕووی پـاوان‌و زەوی‌و زاری کشـتوکالکردن دەولەمەنـدە گرنگیـەکی تـری لـەڕووی شـوێنی

هەڵکەوتی بازرگانیەوەولەشارەکانی ئاکرێ‌و هەولێرو مووسڵەوە نزیکە.خاکێکی پان‌و دەشتە بۆ کشتوکاڵ لەبارە و گیانی ژیان‌و پەخشی کشتوکاڵی کەمە، بەتایبەت دەغل و دان و پێویستی بژار کردنی داو دەرمانی بۆ لەناوبردنی جۆرەگیایەکان نیە، دیسان لەوەڕگاو پاوانی لێیە. بۆ بەخێوکردنی تەرش و تەوال کەپشتی پێدەبەستن کەپێشتر پیشەیان بوو. لەهاویندا سوودیان لەپاشماوەی زەوی (پەرێز) وەردەگرت بۆ چەراندنی ئاژڵ‌و لەوەرزی زستاندا زوورگەکانیان دەکردە پاوان بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنا. بۆتانیەکان بۆ ئەم ناوچەیە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزەهەمدا لەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان گوندی زەنگەنان و گۆمەزەردو گردەپان سەربەقەزای بەردەڕش نیشتەجێبوون کە دۆڵێکی درێژەو بەرەو ڕۆژئاوا هەڵدەکەوێت‌و پێی دەوترێت (ڕکاوە)، شوێنەکە لەگردێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ ئەوەی ئاگاداری یەکتر بکەنەوە لەکاتی هێرشکردنە سەریان،

بۆتانیەکان جەژن و خۆشیان و کۆڕو کۆبوونەوەیەکان وگرنگترین نەریتو نیشانەیان بە ئاگر کردنەوە و دەهۆل لێدان لەبان گردەکەوە ساخ دەکردەوە. بۆ هەر مەبەستێك- ویەکگرتنی کۆمەلایەتی، تاماوەی زیاتر لەبیست ساڵ ئینجا مایەوەو بەبلاو بوونەوەیان لەسەر گوندەکان ئەم نەریتەنەما، بەلام خەلکی ڕەش و ڕووت بێ دەستەلات، وهەرچەند سەرخێزانێك پەرگەندەی شوێنێك بوون لەکوردستانی گەورەدا. لەوکاتی هەندە سەرخێزان هاتنە ناوچەی نێوان زێ و خازرو شوێنەکە هەروەکو جزیری بۆتان هەلکەوتووە زیاتر لەدوولای ئاوی ڕووبارە بۆیە گوندەکانی گەلوك- گردەپان‌و سێکانی‌وشێخالك‌و تربەسپی‌و بشیریان وگەویلانی سەربەقەزای بەردەڕەش نیشتەجێبوون.بەشێکیش لەدێرە بوونی لەزێی دیجلە پەڕینەوە. . ناوە ناوە کەمێکیان لەسێمێل وزاخۆ نیشتەجێ بوون و بەرەو ڕۆژهەلاتی چیای مەقلوب کەوتنەڕێ‌و لەم ناوچەیە گیرسانەوەووکاروانێکی تر لەگەڵی باڵندە لەکانی ماسێ بەرەو باشووری‌و ناوچەی شێخان هاتن پاش ڕاونانی جەندرمەکان کە تازورگەکانی بەردەڕەش وازیان لێیان هێناو بەرەو لای بۆتانی تر چوون، چونکە ئەم بەشە لەشکری میری بوون‌و شەڕکەری باش بوون، لەگوندی گەویلان‌و گردەپان. . هتد نیشتەجێبوون بەرەماڵی مەلا یەحیاباوکی مەلا عەلی کۆچڕەوی لەجزیری بۆتانەوە بەرەو

شـەمدینانو بـارزان بـۆ دەشـتی هـەولێرو دزەیـاتی و لـەزێی بادینـان پەڕینـەوە لەگونـدی گردەپـان نیشتەجێبوون.گرنگترین بـەرە ماڵەکانیان بـەرەماڵی رەشانە نیشتەجێی گـەلوكو گردەپـــان و بـــەرەمالی بـــەكرئاغای ســـوور لەگونـــدی گـــەویلان نیشـــتەجێبوونو بەرەبابەکانیان.بەشێك لەکۆچـرەوی بۆتـەکان لەناوچـەی پشـدەر نیشـتەجێبوونو چـەند بنەماڵێك لەقەزای چەمچەماڵ هەن- تاك تاکه لەوسـەردەمه لەشارەکانی هـەولێرو مووسـل و دهـۆك نیشـتەجێ بـوون. ئـەوەی شـایەنی گوتنـە زۆربـەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی ناوچـەی بۆتـان زنجـیرەی مێـژووی بـەرەبابی خۆیـان دەزانـن کـەنۆ تایـازدە پشـتەو بەشـوێنی بـاپیرە گەورەیخۆیان کـەلێی هاتوونـە ئاشـنان، مانـەوەی بۆتانیـەکان بـەرگری کردنیـان دەگەڕێتـەوە ئـەم ناوچـە تووشـی هێرشـی هـۆزە کوچـەرانی عـەرەبی بـۆ رۆژهـەڵاتی زێـی بادینـانو تـاڵانکردنی ناوچـەی زرارەتـی ورۆژئـاوای رووبـاری خـازر و تـاڵان کردنـی دەشـتی نـاوکوڕ بەردەوام بۆتانیەکان بەسەرۆکایەتی بـەکر ئاغـای سـوور کـەپیاوێکی مـاقول و رەشـید وسـوار چاکبوو داوای لەرەژووگـەریان کـرد هاوکاری و یارمەتیـدانی و رزگـارکردنی ئـەم دووشـوێنی لەبەر هێـرش کەوتنـەڕێ و لـەزێی پەڕینـەوە لـەنزیك گونـدی بـەرگێلو هێرشـی عەرەبـەکان شکاندن وبە تالانەوە گەرانەوە ،

،بەڕاسـتی بۆتانییـەکانی ئـەو ناوچـەیە ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەیـە لەپێشخسـتنی فۆلکلـۆری کورد، چەند کەسی زاناو بلیمەتیان لێ هەڵکەوتووە لـەبوارەکانی ژیـانو هاتنیـان بـووە هـۆی گواستنەوە فۆلکلۆری جزیرەی بۆتان بۆ ناوچەکە.

خسـرۆ گـۆران لەکتێبەکـەی (کـورد لـەپارێزگای مووسـڵ) هـەر دەربـارەی بۆتانیەکانـەوە دەڵێـت:(بۆت، تائێسـتا نـەنزاراوە لـەکوێوە هـاتوون، لەوانەیـە لـەپارێزگای هـەولێر و سلێمانییەوەە هاتبن ناوەکەشیان لەبۆتی وەرگیرابێت هەر چەندە خۆیان لـەو بـاوەڕەدان کـە لە هەرێمی بۆتان لەکوردستانی تورکیاوە هاتوون وپاشان لـەو ناوچـەیەدا، بـوون بەبەشێکی لەتیرەکانی ناوچەکە وئێستا وەك هۆزەکانی تر بەگۆران لەقەڵەم دەدرێن).

بەڵگـەی ئـەوەی بۆتانیـەکان خـەڵکی جزیـرەی بۆتـانو لـەو دەڤـەرە نیشـتەجێبوونە ئەوەیە کە:

١- دیـوارێکی کـۆن بەشـوێنەواری مایتەوەکەبـە خشـتە(لبن) کراوەلـەهی جزیـرەی بۆتــان دەچـێت وەکـو کـەرپووچ قایمــە، چـونکە ڕەشــەخۆل بێــژینگ دەکـرێ ئینجـا دەکەنــە قووڕبۆخشتە بڕین لەگوندی گەلۆیك هەیە.

٢- جاران لاووك پـێش هـاتنی بۆتانیـەکان بـۆ ئـەم دەڤـەرە نـەبوو لەگـەڵ ئـەوان هـات بـووە دەربڕینی هەستی خۆیان لە دەربەدەری و ژیانی پڕ زەحمـەت و مەینـەتی باسـی تێکچوونی شۆڕەشیان دەکرد، لاوك هیمای فکرو ئەدەبو هونـەرو کـەلتووری‌و ناسـنامەی بۆتانیەکانـە — یەکەم جۆتە برا حەسەن و حەمۆ هەردووکیان بوونە لاووك بێژ، هاتووچۆی خۆیـان لەگـەڵ جزیـرەی بۆتـان نـەبڕی لەوێنـدەرێ لاوکیـان وەردەگـرت‌و دەیـان گەڕانـەوەو فێردەبـوون و خەڵکیان لێرە فێر دەکرد- بەم شێوەیەی بڵاو بووەوە.

٣- بوونی هەندێك وشەی ڕەسەن لەسەر زارو زمـانی پیرو کاڵەکان هەیـە وەکـو سـیلە، باڤێ خۆ-ئاڤدە- ڕۆپی- ئەڤە- هەجە- هێڤەهات- هۆڤەچوو. . .هتد.

٤- لەیەکچوونی نـاوی گونـدەکانی ئێـرە لـەناوی گونـد و شارۆچکەی جزیـرەی بۆتـان، مینـا بشـیریان لەبشـیری هاتیەکـە شارۆچـکەیەکە لـەجزیرەی بۆتـان، ئـاچ قـەلا گوندێکـە لـەبناری چـیای زەردك لەئاقچـە قـەلاوە هـاتووە لـەباکووری کوردسـتان- ونـاوی گونـدێکی دێـرین و کەونە، سێودین بەناوی میرەکانی یەکەمی میرنشینی ئازیزانی (بۆتان)ە.

٥- لـەڕووی جەسـتەییەوە بۆتـەکان ئاراسـتەی بـەرپێیان و پەنجـەیان بـۆ دەرەوە کرایتـەوە، چـونکە لـەرووی بــەژن و باڵابــەرز و کەلەگــەت وزەلامــی بــاش و ناوتــەنگ ئەســتوورن (جەنتلمان) بەمانلی چەپەن. بەڵام تیرەیەك لەخەڵکی بشیریان ئاراستەی پێیـان و پەنجـەیان بەرەو پێش و ڕاست،هەنگاو بچووکن ونیشانەی جەستەیان قـەدەزلام و بـەژنیان مـام ناوەنـدە بەخەڵکی ناوچەی باشووری جزیرەی بۆتان نـاوبراون بەشـەرنەخی کەبەشـێکن لـە کۆچـەری شـەرەڤان بەشـێکی تـر هـەن بەموسـەیی نـاو دەبـرێن پـێش بۆتانیـەکان هاتووەنەتـە ئێـرە لەبنەڕەتا دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی نزیك جزیرەی بۆتانی ناوچەی مویسەکان.

چیرۆکی کۆچڕەوی وەسمـان سـۆر بـۆ ئـەم دەڤـەرە لەسـەرزاری زمـانی قـادر بارانیـەوە وەرم گرتووە دەڵێت: لەساڵانی (١٩٠٥)لەجزیرەی بۆتان باوکم کۆچی دوایی کرد، مـامم داوای

لە دایکم کرد شووی پێ بکات، بەڵام دایکم نەیکردو خاڵەکانم دایکمیان بردەوە لای خۆیان ئێمەش دووبراو دووخوشك بووین بێ کەس ماین لەگەڵ ئەرمەندا کەوتینە بەرشاڵاوی کۆچڕەوی و دەربەدەری بەرەو باشووری کوردستان هاتین لەگوندی گربدەوی سەربەقەزای بەردەڕەش گیرساینەوە، لەبراکەم بچووکتر بووم- ئەو بووە بەگۆلکەوانوئێمەش بووینە بەردەست لەماڵێکدا. پاش سێ چوار ساڵ خزمەکانمان بەدوامانداهاتن بۆ ئەوەی بمانگێڕنەوە جێگای خۆمان کەلێی هاتبووین بێ زۆری لێکردن چونکە ساڵح ئاغایی گربدەوی زۆر دەستی قبووڵ نەدەکرد، لەگوندی ماینەوە ژیانمان نەدەسووڕا. بەرەو گوندی بەنێنان ڕۆیشتین لەوێندەرێ بووم بەشوانو برامیش ژنی هێنا و لەماڵەوە کاری دەکرد یەکێك لە دووخوشکەکەم شوویکردو لەساڵانی ۱۹۱۹ دا شاڵاوێکی تر لەکۆچڕەوی بەرەو کوردستانی باشوور هاتن دایکم سۆراخی ئێمەی زانیبوو لەگوندی گربدەوین پرسیاری ئێمەی لەخەڵکی گوند کردبوو لەوڵامدا بەپیادە بۆ گوندی بەنێنان هات تووشی من هات لەسەر گردێك کەشوان بووم بەپیرمەوە هات و ماندی نەبوونی لێم کرد، ئافرەتێکی بەتەمەن بوولە تەکمەوە دانیشت گۆتی شوانی کوێی، وتم گوندی بەنێنان، بۆم دەرکەوت بەدوای سۆراغی منداڵەکانی هاتبوو. تەماشای منی کرد بەبەزەیی و دڵۆڤانیەوە بینیمو هەستم کرد کەئەو ئافرەتە نزیکترین کەسە بۆ من کە ئەویش دایکمە چونکە خوێن دەبزوێت. پاش پرسیاری منداڵاکانی، کە سۆراغی چاریان هاتوونە ئەم گوندە بەئیرادەی خوا ڕەحم بۆی دەچوو، پێمگووت من وەسمانە سوورم ئەگەر قبول بکەی من هەوم کوڕی بچووکمو برامیش لەماڵەوەیە- دەستمان لەملی یەکتر کرد پاش ماچکردنی یەکتری چووینە ماڵەوە، هەوڵدرا بچینەوە شوێنی بابوباپیران بەڵام دووبارە قبوڵمان نەکردو بەتێپەڕبوونی چاردە ساڵ لە۱۹۳٤ دایکم کۆچی دوایی کرد، دوای ماوەیەك براگەورەمیش کۆچی دوایی کردچەند منداڵێکی لەدوای خۆی بەجێ هێشتو لەم گوندە نیشتەجێ بووین.

.دوو پەندی پێشینان هەیە کەباوە، لێکدانەوەیان ئەوەیە:

۱- شەڕکەرێ بۆتان و ئاغایێ ڕەژووگەریان ۲- (تۆیزێ دەستت ولەگەڵ کۆرتە ماران)

لێکدانەوەیان ئەوەیەکە شەڕکەری بۆتانی و ئازایەتی دەست وتفەنگ و بەهرەیان هێزو توانای ئاغای رەژووگەری هاوسەنگە - بۆ بەرپەرچدانەوەی شالاۆی هۆزە عەرەبکانی کۆچەر ب بەمەبەستی تالانکردنی هەردوو ناوچەی زرارەتی وناوکوڕ تێکشاندنیان و گەڕاندنەوەی تالان. دیمانه لەگەڵ پیرو کالان

١ـ حەیدەر بۆتانی ژیی (٧٤) ساله گوندی شێخالك

٢- رەشید ئاغا ژیی (٩٤) ساڵ گوندی گەلویك.

٣- مەنسوور مەجید عەبدلڕەحمان ژی(٧٩) ساڵ گوندی [1] گردەپان، کۆچی دوایی کردووە.

٤- رەمەزان مەحموود رەشید(٨٦) ساڵ گوندی گردەپان

٥- یونس جبرائیل (٨٤) ساڵ گوند بشیریان.

٦- رمەزان مەحموود سفۆك (٧٤) ساڵ گوندی بشیریان.

٧- خورشید عوسمان خورشید (٨١) ساڵ گوندی بشیریان.

٨- حوسێن (حەلێ)ئیسماعیل بەکر ئا غا (٩٦) ساڵ گوندی بشیریان، کۆچی دوایی کردووە

٩- تۆفیق مەجید عەجاج (٧٣) ساڵ گوندی گۆمەزەرد.

١٠- قاسم یاسین عەجاج (٩٣) ساڵ گوندی گۆمەزەرد.

١١- قادر بارانی جرجیس (٥٦)ساڵ قەزای بەدەڕەش - کۆچی دوایی کردووە

١٢- حوسێن نبی عەجیل (کۆچەر) (٧٩) ساڵ قەزای بەردەڕەش

.................................................................................................

[*] ⋆ بەهاوکاری ماموەستا سەعید بارانی لەزاری تەمەندارانی وەرگرتووە.

# شـێخ بـزێنی*

هەندك لە نووسەر و مێژوو نووسانی عیراق، ئەسلی شێخ بزێنی دەگەرینەوە بۆ بنەمالەی عەباسیەکان بە تایبەتی نەوەی عبدالله (رەزای خوادی لسەر بێ). نووسەر ومێژوو نووس (محفوز عباس )خاوەنی کتێبی (الغرب نحو الدرب ) و کتاب (بغداد بعد احتلال المغول). کە خۆی دانیشتوی پارێزگای موسلە نووسەر دەلێت : عەشیرەتی شێخ بزێنی ومیرانبەگی لە شەقلاوە وبەگاواتەکانی موسل وبنەمالەی شێخەکان لە گوندی شوش لە ناوچەی ئاکری وبنەمالی (بگ) لە گوندی (کلە دێر) ئەوانە هەموویان ئەسلیان بۆ پاشماوەی عباسیەکان دەگەرێتەوە، لە پاش حوکمی ئەمەوییەکان  حوکمیان لە عیراق کرد. شوێنی ئەسلیان لە ناوچەی پردێ و(تەق تەق) لە پارێزگای کەرکوك وهەولێر لسەر لیواری زێی بچوك نزیکەی (٨٠)هەشتێ گوند هەنە .هەروەها هە بوونی شێخ بزێنی لسەر لیواری زیێ گەورە دیارە ولە دەولەتی تورکیا بونیان هەیە، یەك لە مێژوو نووسەکان دەلێت رووسەکان شێخ بزێنیان تەرحیل کردووە لەوانەیە،بەخورتی رایانیان گواستووتە بۆکوردستانی باکوور لە تورکیا لەوێندەرێ دەژین لە سەردەمی دەستهەلاتداری عوروس بەر شالاوی ڕاگواستنەوە کەوتبوون هەتا ئێستا  لەوێندەرێ ماوون. لە ناوچەی گورانەتی گوندەکانی شێخ بزێنی لسەر سنوری گوندەکانی عەشیرەتی سورچییە لسەر لیواری زیێ گەورە لە گوندی کێلی شێخ بزێن هەتا گوندی شیخانۆك شیخ بزینی لێ دەژیان (گوندی چمە ــ خاروك ــ توبزاوە ــ پەلاسان ــ دەربیسان بچوك ودەربیسان گەورە ــ شیخانوك)هێلێکیان دروست کردووە دەکەونە نێوان سنووریگۆران سورچیان ، هەروەها لە ناحیەی کلك وگوندی کەورگوسك وشیوەرەش ئیستا لە زۆر گوندی سەربە قەزای بەردەرەش شێخ بزێنی بەلاوبوتنەوەلێ دەژین وە کۆ (جوجەر مەزن ــ پیر چاوەش ــ خرابە واش.....) وشاری موصل هەولێرو کەلەك و خەبات لە زۆربەی گوندە کان چەند مالیکی لەو تیرەو بەرەبابی شێخ بزێنی لێ دەژین . وهەر گوندەك برا گەورەی خۆی هەیە...

بۆ نمونە گوندی چمە لە کۆنەوە (شێخ عزیز وسید احمد ) وگوندی زیلکە ( حاجی احمد عتکو) وگوندی دەربیسانی گەورە بنەمالی ( احمد محمد) وگوندی شێخانوك بنەمالەی

(صبری حاجی احمد ) وناحیه کلك بنەماڵەی (یاسین ئاغای کلك ) وگوندی کەورگۆسك بنەماڵی (مشیر ئاغا) ونەوەکانی. وگوندی جوجەری مەزن بنەماڵی حاجی عەولا. زۆر گوند هەنە لە نزیك پارێزگای دهۆك شێخ بزێنی لێ دەژین وەکو گوندی (سرافکی ــ ناوشانکی ــ نزارکی ) نزیك ناحیەی مانگیش بنەماڵەی علی مختار ونەوکانی نیهاد و خالد و چیایی ، عمر، ئیستا ماوەن لە ژیان. هەروە ها لە وانکی هەنە وە لە سەنتەری پارێزگەی موسل لە کوردو لە عەرب شێخ بزێنی هەیە.

ناوی شێخ بزێنی : لە دوو ووشە پێك هاتووە (شێخ ) بەمانەی سەرۆك یان براگەورە یان شێخی تریقەت دێت، (بزێنی ) ئەسلی پێی زانی دەگێرنەوە چەند رووداوێك هەبوو هەر پرسیارەك یان رووداوەك هەبوایە شوێن کەوتوی شێخ دەیان گوت شێخ پێی دەزانی.. روداووەك هەیە دەلێن شێخی وان بۆسەرەدانی شوێن کەو تو خۆی لەسەفەر دابوو کەوتە ناو کەمینی دوژمن دیارە پیاوێکی جاك بووە کە داری لە هەسپی خۆی دەدا هەمووجار کۆمەلە شەنکەسوور دەردەچو هێرشی بۆسەر دوژمن دەبرد، هەتا شێخ و موریدەکانی رزگار بوون لەوما پێیان گوت شێخ بێیزانی. لە پاش ئەم رووداوە ناوی ئەم تیرەیە یان عەشیرەتە کرا بە شێخ بزێنی. هاتنیان بۆ دەڤەری گۆرانەتی دەگێرنەوەی لە سەرەتای هاتنی شێخ بزێنی بۆ دەڤەری گورانەتی تووشی نارەحەتی یان تەعدا لێ کردن دەبوون هەتا گەیشتە حالەتی شەڕو پێکدادان ناجار بوون هاواریان بردبوو بۆ خزمەکانیان لە پردێ(ئالتۆن کۆپری) داوای هاوکاریان لێ کردبوون لەو کاتی عەشیرەتی شێخ بزێنی لەشکری زۆریان هێنا رووبان کروە بادینان بە چەکداری و بە سواری هەسب وبەپیادە لە گەل رووباری زێی گەورە هەتا گەیشتنە گوندی دارەتوو سەر بەقەزای بەردەرەش لەوێ شەڕ روویدا سێ رۆژ لە گوندی دارەتوو مانەوە، پاشان کشانەوە و گفتوگۆی پێکهاتنیان ئەنجامدا لەگەل عەشائیرەکان وریش سپی پیاوە ماقولەکان ، هەردوو لا گەیشتنە ئاشتی پیکە و ژیان ، سەرۆکی لە شکری شێخ بزێنی پیاوێکی زۆر ئازا بوو ناوی (کەپەن رەش)بوو دەیان گوت لە کاتی هێرش کردن سوێندی خواردبوو هەریەکێك لە لەشکرکێشی بۆ سەر بادینان ڕابکات بە ڕمی دەستی خۆی دەیکوژی.لە پاش ئەم رووداوە بوونی شێخ بزێنی لە ناوچەی

گۆرانەتی زیاد بوون وبونە بەشێکی دیاری لە عەشیرەتی گۆران لە و ناوچەیە هەتا ئێستاش ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەو دەڤەرە......*

**هاتنی مامەسەن بۆ گوندی دووبەردان :** گۆران لەدەڤەری دیاربەکرلە دەشتا گۆران لەوێندەرێ چوونەتە بۆ پارێزگای سولەیمانی توانیتیان لەناچەی شارەزوور میرنشینەك دابمەزرێنن بەناوی(میرنشینی گۆران) مامە سەن ناسراوبە( سەنەخان) کە دەکاتە باپیرە گەورەی بنەماڵەی دووبەردانییان سەرکردەیەکی ناوداربووە لە فەرمانڕەوایەتی میرنشینی گۆران ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو . لە سەردەمی ئیمبراتورییەتی عوسمانییەکان بەسەرۆکایەتی محمد الفاتح کەراوێژکاری دەستەراستی کەسێکی کورد بووبەناوی(محیەالدین الگۆرانی) محمد الفاتح داوای لەمیرنشینی گۆران کردبووخەرج وخەراجی خۆیان(کۆدە) بدەنە والی عوسمانلی ، میرنشینی گۆران ،ئەوداوایەی جێبەجێ نەکردبوو،لەبەرهەندێ ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی عەشایرە کوردەکان و جەندرمەی تورکی کۆکردەوە فەرمانی هێرشی دەرکرد بۆ سەر میرنشینی گۆران،شەڕو پێکدادان ڕوویدا میرنشینی گۆران شکستی هێنا و پەرگەندە بوون ، چینەك لەسولەیمانی مانەوە لەچوار تەوەر(محوە ر)بەلاۆن ١ـپێنجوین ٢ـ شارباژێر ٣ـ دۆلەبەکرە ٤ـ گەرمییان دوو چین بەرەو خوارێ ئاوارەبوون ١ ـ بۆناوچەی کفری و کەلار ب ـ بۆ دەڤەری بەردەرەش دەوروبەری چیای مەقلوب هەروەها لەبەر زولم ستەمی ئیمبراتورییەتی عوسمانی زۆر تیرەو بەرەبابی گۆرانەکانی پارێزگای سولەیمانی بەلاوبوونەوە، کۆمەلە ماڵێك چووبوونە ناوشاری کوت و عومارە ،ئێستا گەرەکێك هەیە بەناوی گۆران عبدالرزاق رەشاد برا گەورەیانە ،کۆمەلەماڵێکی گۆرانان چووبوونە شنگار بە(بەبە) ناودەبرێن برا گەورەیان الیاس بەدەلە ،سەجەری مامە سەن لە گوندی دووبەردان : (ناسراو بە سەنە خان )کوڕی خالدئاغای شەل کوڕی حاجی ئاغا کوڕی مستەفا کوڕی سلێمان کوڕیمامە سەن کوڕی ئەحمە کوڕی قاسم کوڕی خالد کوڕی حسن کوڕی محمود کوڕی خالدئاغا کوڕی خدرئاغا کوڕی صالح ئاغا.

---

* شێخ بزێنی بەهاوکاری مەلا میکائیل و سەید ئەمین علی کۆکرایتەوە.

ناوی دووبەردان: :گوایەدوبەردان ووشەیکی یوغسلافیە کە زمانیان هیندوئەورپیە لەگەل زمانی کوردی یکدەگرتەوە بە مانای دوو بەرێ دێت(شتێکی جوان)،یان گوندی دووبەردان لەنێوان دووملە بەردان ئاوەدان کرایە واتا لەناو دۆلێکی بەبەرد ،شوێنی گوند لەکۆنەوە لەناودۆلێکی بەبەرد لەبناری چیای مەقلوب بوو، پشکداربوونی گۆران لەشەری جیهانی دووەم لەشکرێك پێك هاتبوو لەکوردستان بەرەو باشوور بۆ نەهێشتنی هەلکشانی سوپای ئەنگلیز بەرەو کوردستان چەند کەسێکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی دژی هێزی ئەنگلیز وەستابوون ، لەوانە خالد ئاغای دووبەردانی پشکداری ئەوشەرە بوو ،لەدەڤەری گۆرانەتی ئەوشەرەیە بەشەری کوت وعومارە ناو دەبرێ لاوکێك بەسەرئەوشەرە گۆترایە،لە کتێبی لاوك و سترانێ کوردەواری بەلاوکرایتەوە لە نووسینی یاسین حسن گۆران ، زۆر کەسی کوردشەهید بوون لەوانە دووکەس بەناوی فارس وحوسێن خەلکی دووبەردان شەهید ببوون،★

## کوشتنی عەلی عەولا زە ینەب.

عەلی عەولا زە ینەب کەسێکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی بوو لەسەردەمی خۆیدادەستهەلاتی بەسەرهەموو دەڤەری گۆرانەتی هەبوو، سێ ژنی هەبووە بێمندال ووجاغ کۆر سەرینایەوە، دایکانی دەڤەری گۆرانەتی شەوان مندالێ خۆیان بەناوی عەلی عەولا زە ینەبێ دەنووستاند هێندە ترس سامی بەسەرخەلکی دەڤەرەکە هەبوو،زۆر زال ببوو،خێزانێکی عەلی عەولازەینەبێ ناوی دوورجەهان بوو ، دوورجەهان برایەکی هەبوو بەناوی صالح، رۆژەکی عەلی عەولا زەینەب لێدا ن وئیهانەی صالحی برای دوورجەهانێ دەکات، دوورجەهان ئافرەتێکی بالا بلند بەژن درێژ بوو تڤەنگ هەلگرونیشان شکێن بوو، عیززەت نەفسی هەبوو،بەلێدانی برای زۆر تێك چووبوو، رۆژەکی دوورجەهان و صالحی برای مالی خۆیان بە جێدەهێلن دەرۆن بەسواری دەواری دەچنە مالێ خالد ئاغای دووبەردانێ گۆتی:دەبێ خالدۆك بەخۆی جەلەوێسەرێ ماینێ بکێشی دوورجەهانێ بگەرێنتەوە مالی ئێمە،ئەگەرنابەهێزولەشکر دوورجەهانێ دەگێرینەنەوە،لەکۆتای عەلی عەولا زە ینەبێ ٤٠ چل سواری هینابوو سەر مالی خالد ئاغای دووبەردانێ،خالدئاغا بە ١٦ زەلامان کەوتنە

بەرامبـەری یەك،لـەگردێكی نزیـك گونـدی دووبـەردانێ هـەتا ئێستابەگردی عـەلی كـوژرای نـاودەبرێ،دووای بگـروبكێش ومشـت ومـڕ هەردووسەرلەشـكرپێكهاتن دوو بەدوو.دابكەونـە مەیدانێ ، گوتیان با كورێ فه ڤیرو ژاران بە كوشتن نـەدەیین ، بەرامبـەر سوارەكان هەریـەك لەسەرتاشـە بـەردێك ڕابوەستێت تەقـە لەیـەك بكـەن،دەبێ كێ تەقـە بكات، خالـد بـە عـەلی ئاغای گۆت: ئـەتۆمیوانی ئێمـەی یەكـەم جار تەقـەی خـۆت بكەعـەلی ئاغا نیشانی لەخالـد ئاغای گرت بەتڤەنگی ئەوسـەردەمی تەقـەی لێوەسـتاند جەمـەدانی خالـد ئاغـای چـەراندبوو سەری نەگرت سەلامەت بوو،نۆرەی خالد ئاغای هـات تەقـەی لـە عـەلی عـەولا زە ینـەبێ كـرد لەسینگی دا بـە برینداریسواری دەواریـان كردبـوو لەراسـت گونـدی قایمـاوە گیـانی لەدەسـت دابوو مرد،دووای٣مانگ و١٠ رۆژ خالد دوورجەهانی لە خـۆی مـارەكرد، ، لەسـەردەمی پـۆل برێمـەری ئـەمریكی فەرمانرەوایـەتی عیراقـی بـەرێوە دەبـرد لەرێكـەوتی١٥/ ٦ ی سـالی ٢٠٠٣ جەنـد سـەرۆك هـۆز عەشـیرەتەكانی عیراقـی بـەكورد عەرەبـەوە كۆبوونـەوەیكی لەگەلیان سازكردبوو دەڤەری باشیك كەنوێنـەری كوردی ئێـزدی وشـەبەك لایـەنی مەسـیحی وتـورك لەگەلـدابوو بـەرێز كـاك صـالح دووبـەردانی سـەرۆكایەتی ئـەو وەفـدەی كـرد بـۆلای نوێنەری ئەمریكی لەبەغدا، ★* ........................

★لەسەر زاری بەرێزمقدم صالح خدر خالد ئاغای دووبەردانی وەرگیراوە

# بەشی دووەم

## قەزای بەردەڕەش

### لێدوانی یەکەم :قەزای بەردەرەش و یەکە کارگێڕییەکانی

**هاتنی ناحیەی بۆ بەردەرەش :** لەتۆمارەکانی عوسمانلیدا بەدیار دەکەوێت، لەساڵی (١٢٠٠ك) ناوی (العشائر السبعه) لەناحیەی بەردەڕەش نرایە، ئەوکاتی ژمارەی گوندەکانی (٢٨ ) گوند بوو، ناحیە سەر بەمەڵبەندی پارێزگای مووسڵ بوو، لەساڵی (١٨٧٩) بوویتە ناحیە، پێش ئەوەی ناحیە بێتە گوندی بەردەرڕەشی گەورە ،حکومەتی ئەو سەردەمی بە نیاز بوو ناحیە لە گوندی زەنگەنان بکاتەوە ، بەلاّم قادر ئاغای گوندی زەنگەنان رازی نەبوو گوتی: ناوێتم شورتەی مەرکەزێ بێن هێلکەو ماستی لە ژنانی گوندی ئێمە بکرن، ژمارەی دانیشتوانیسەرەتا ناحیە لەگوندی جوجەری گەورە بوو ،پاشان گواستراوە گوندی زێلکان لە قەزای شێخان ،دواتر گواستراوە گوندی بەردەرڕەشی گەورە لەساڵی (١٩٢٠) دەوڵەتی عێراقی دامەزرا، یەکەم بەڕێوەبەریناحیە تێدا دەست بەکاربوو بەناوی (نەشئەت ئەفەندی). بەردرەش لەتۆمارەکانی عوسمانی بە عەشایر سەبعە ناودەبرا، تاکو ساڵانی دامەزراندنی دەولەتی عیراقی ووشەی بەردەرەش بەکارهاتووە ، لەساڵی (١٩٣٠) جارەکی دیکە کارگێڕی ناحیەگەڕایەوە وکەوتەوە کار ، ڕووبەڕی قەزا(٨٩٣)کم٢، پانتایی زەوی کشتوکاڵی بەکەڵكو بێ کەڵك بریتییە لە (٣٥٧٢٠٠) دۆنم. (٢٥٢٣٧٥) دۆنم زەوی کشتوکاڵی بەکەڵك.(٢٤١٥٩٦) دۆنم بۆ کشتوکاڵی دێمی بەکاردێت.(١١٠٨٢١) دۆنم زەوی مولکە.(١٠٤٠٠) دۆنم (١٠٨٨٥) دۆنم بەراوە بۆ شینایی بەکاردێت.

-لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٦٥) ناحیە بەردەڕەش(١٧٤٢٤) کەس بوون

- لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٧٠) ناحیەی بەردەڕەش(٢٣٦٧٩) کەس بوون.

- لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٩٧) ناحیەی بەردەڕەش (٥١٧١٣) کەس بوون. ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەر ژمێری (UN -WFP)وە لەساڵی ١٩٩٧ بۆ خۆراك ئەنجامدرا دەگاتە (٥١٧١٣) کەس، (١٠) دەهەزار کەس لەناو سەنتەری ناحیە دادەنیشن ئەوانەی تر بەسەر (٨٣) گوند بڵاون.. سەرژمێری دانیشتووانی قەزای ئاکرێ شوبات ١٩٩٧.

| ناوچە | ژمارەی خێزان | ژمارەی کەس | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| شاری ئاکرێ | ٣٢٣٤ | ١٩١٥٥ | ١٣٫٣٪ |
| گوندەکانی سەنتەری ئاکرێ | ١١٦١ | ٧٦٦٦ | ٥٫٣٪ |
| ناحیەی دینارتە | ٢٩٥٤ | ١٨٥٦٢ | ١٢٫٩٪ |
| ناحیەی بجیل | ١٧١٠ | ١١٨١٤ | ٨٫٢٪ |
| ناحیەیگردەسێن | ٤٠٥٧ | ٢٨٣٤٣ | ١٩٫٢٪ |
| ناحیەی بەردەڕەش | ٧٣١٧ | ٥١٧١٣ | ٣٫٦٪ |
| ناحیەی کەلەك | ١٠٣٦ | ٦٣٩٦ | ٤٫٦٪ |

تاکو ساڵانی هەفتاکان ناوی بەردەڕەش بە(عشائر السبعە) ناودەبرا بەڵام دواتربە بەردەڕەشی گەورە یان بەردەڕەشی مودیری یان ناحیەی بەردەڕەش ناودەبرا، لەدوای بوو بە قەزا.سەنتەری قەزای بەردەڕەش ١٩٨٢ دۆنم زەوی کشتوکاڵی پێکهاتیە لەوانە (١٠١٥) دۆنم زراعیەو (٩٦٧) دۆنم موڵکە، (٢٠٠) دۆنم پاوان (٢٠٠) دۆنم بەردەلانە، زەوی کشتوکاڵی بەسەر جوتیار دابەشکرایە هەرجوتیاری ١٥ دۆنم زەوی لەبەردەستی دایە.

## شوێنی قەزای بەردەڕەش ،

بـەردەڕەش شارۆچـکەیەکی خنجیلانەیـە، شـوێنەکەی سـتراتیژییە دەکەفتـە نێـوان شـاری مووسڵو شاری ئاکرێ بەدووری ٣٥ کم لەمووسـڵ ٤٥کم لـەئاکرێ دووره، دەکەوێتـە نێوان زێی بادینان و ئاوی خازردا، هـەردوو دەڤـەری بادینـانو سـۆران پێکـەوە دەبەسـتەوە،هەروەها سێکوچـکەیەکی سـێریانە لـە نێـوان هەرسـێ پارێزگـای هـەولێر ودهـۆك وموسـل دایـە، هـەر لەکۆنـەوە ڕێگـای هاتووچـۆی لەشـکرو کاروانچیـان بـووە، دەشـتی نـاوکوورِ پێدەشـتی زنجیـرە چـیاکانی ئاکرێیــە، دووای کردنــەوەی ڕێـی بوتـان بـەردەڕەش هـەردوو پارێزگـای هـەولێرو دهـۆکی پێکـەوە بەسـتەوە لەزوورگـەکی درێـژ دەکـەوتـە بـاکووری بـەردەڕەش بـەزورکی ڕێـی

سەری نـاودەبرت هـەر لەگونـدی کانیلانـە لەسـەر جسـری مەنـدان لـەنزیك چیای مـەقلوب دەستپێدەکات تاکو دەگاتە گوندی دالـەڕێ بەرامبـەر ئیفـرازی لەسـەرئاوی زێـی بادینـان، ئـەو ملە زورگە هەردوو ناوچەی گۆران‌و بۆتـان لێـك جودا دەکاتـەوە.. لـە تۆمارەکانی دەولـەتی عوسمانی بە دیار دەکەوێت بەردەرەش بۆ یەکەم جار لـە سـالی ١٨٩٠ بـوو بـە ناحیـە ، ئـەو کات بەردەرەش یەکەم ناحیە بووە لە دەڤەری ئـاکرێ و سـەر بـە موسـل بـووە . بـۆ ماوەیـەك ئیـدارەی ناحیـەی هەلوەشـایتەوە و لـە سـالی ١٩٣٠ دووبـارە ئیـدارەی ناحیـەی بـەردەرەش کەوتـەوە کـار و ناوەکـەی هاتـە گـۆرین بـۆ بـە( ناحیـە العشـائر السـبعە ) تـەعریب کـراوە بـە بیـانوی هــەبوونی حــەوت خێــل لــە دەڤەرەکــە ، بنکــەی ناحیــە هــەر لــە ســەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو بە قـەزا بـوونی هـەر شارۆچکەی بـەردەرەش بـووە .دووای دامەزرانـدی دەولـەتی عیراقـی حکومـەت هـەولی بـە تـەعریب کردنـی دەڤـەری گۆرانـەتی دا بـە تایبـەتی کڕینـی زەوی کشـتوکالی لەلایـەن خانـەوادە ناەدارەکـانی شـاری موسـل وەکـو مالی:عومـەری، توحەلە،صابوونچی ، ئال مفتـی ،ئـال ئەفنـدی ،ئـال الرواس،مـالی عبـاوی ،مـالی هەواسـی.......، بەم شێوەیە هاتە کرین : بو بە زەوی کشتوو کـالی ودەولەمـەکانی موسـلاوی ،دەشـتی نـاوکوور دەشتێکی پان وبەرینی بەپیتی کشت و کالییە هەروەها مللە زۆر کـی رێـی سـەری و دەڤـەری بۆتــان لەوەرگەیــەکی خــۆش بــوو بــۆ چــەراندنی مــەروو مــالات . لەبـەر دەســت کــورتی جوتیاران و زۆری باج وسەرانە جوتیاران ناچار دەبـوون بەپارەیـەکی کـەم زەویـەکانیان بفرۆشنە دەولەمەندە کانی موصل بەهەزاران دۆنمـی زەوی کشـتو کالیـان خسـتبوو سـەر ناوی خۆیان بۆ نمونە بەم شێوەیە :

**یاسای رادەستکردن بۆ سالی ١٩٣٨ (قانون التسویە لسنە ١٩٣٨ )**

مـن رووپێـو ( المساح ) هەلدەسـتم بـە رووپێـو کردنـی زەوی کشـتوکالی لـە سـنووری ئـەو گوندانەی خوارەوە( ...... ) هەر کەسێ خۆی بەخاوەنی دەزانی بۆ مـاوەی ١٤ رۆژی تـر لـە دووای بەلاکردنەوەی لە رۆژنامە فەرمیەکان سەردانمان بکات بۆکاری پێویست ،

سەرۆکی لیژنەی رادەستکردنەوە/ لە لیوای موصل

ئەوەی شایەنی گۆتنە ،لەو سەردەمی زۆربەی جۆتیـارانی کورد بەلگـەو ناسنامەی شارستانی

ئاماری سالانی ١٩٥٧،١٩٤٧،١٩٣٤نەیانبوو ،نەخوێندەوار بوون ،لە کێندەرێ ئاگاداری راگەیاندنەکان دەبوون،بەلکو لە ترسی خزمەتی سەربازی نەدەوێران بچنە شارەکان سەردانی داموودەزگا میریەکان بکەن ،ئامێری گێلانی سەردەمیانە نەبوو ،زەلام بەهێزی جۆت وگا زەوی دەکێلا ،کورد دەیگۆت :دەست عەردێ دەکاتە مولك ،

دەولەمەندەکانی موسلاوی وەکو :

١ـ مالی عومەری هەڤاری بەردەرەشی گچکە یان کریبوو . ٢ـ مالی عەباوی لەدۆستەکی مولکیان هەبوو . ٣ـ مالی توحللەی لەدوگوندانی گچکە ، ٤ـ مالی نایف هەواسی لەگربدەوی . ٥ـمالی صابوون چی لەدەشتی ناو کور . بە رێگای فەرمانبەرەکانیان و رۆژنامەکان ،ئاگاداری یاساکە دەبوون دەچوونە زیادکاری بە هاوکاری هەندێ کوردی دەڤەری گۆرانەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان مولکیان دابڕی بۆیە پالپشتی موسلاویان دەکرد، ـــ حکومەتی بەعس لە سەردەمی رێکەوتنی بەیانی ١١ ئادار گفتوگۆی سالی ١٩٧٠لە گەل سەرکردایەتی کورد ،ئەوەی دەکردە بەلگە گوایە خاکی دەڤەری گۆرانەتی عەرەبیە،نابێ بچیتە ناو سنوری ئۆتۆنۆمی ،

**جوگرافیای دەڤەری بەردەرەش :-** قەزای بەردەرەش دەکەوێتە باشوری رۆژ هەلاتی پارێزگای دهوك و نێوان زیێ گەورە لەلای رۆژ هەلاتەوە و رووباری خازر لەلای رۆژئاوا ،شوینێکی ستراتیجی هەیە رێگاکانی سەرەکی نێوان دهۆك وهەولێر ،ئاکرێموسل پێکەوە دەبەستەوە ،پشتی زورگەو پێشی پانتایی دەشتی ناوکورە و سنورەکانی بەردەرەش بەو شێوەیە :-

١ـ باکور : قەزای ئاکرێ وناحیەی مرێبا و قەزای شێخان .

٢ـ رۆژ هەلات : قەزای ئاکرێ و زیێ گەورە .ئەوبەری زیێ گەورە ناحیەی خەباتە

٣ـ رۆژئاوا : قەزای شێخان و رووباری خازر و قەزای حمدانیە .

٤ـ باشور : بەرتلەو پارێزگای هەولێر .

بە گشتی دەڤەری بەردەرەش لە سێ ناوچەی سەرەکی پێکهاتووە

( ١ـ دەشتی ناوکور ، ٢ـ بەربنی ، ٣ـ دەڤەری بۆتان ) .

## (عشائر السبعه) بۆ ؟

بـەردەڕەش یەکێکـە لـەکۆنترین ناحیـەکانی کوردسـتان، تـاکو سـاڵانی هـەفتاکان بەعشـائیر ئەلسـەبعە نـاودەبرا گوایـە (٧) هـەفت عەشـیرەتی گـەورەی تێـدا دەژیـن لەبەرهەنـدێ بە(هـەفت عەشـیرەت)ناودەبرا ، بـەردرەش لـەتۆمارەکانی عوسمـانی بـە عەشـایر سـەبعە ناودەبرا، تاکو ساڵانی دامەزرانـدنی دەولـەتی عـێراق ووشـەی بـەردەرەش بـەکارهاتووە ، تـاکو ساڵانی هەفتاکان عشائیر ئەلسەبعە بوو بـەردرەش ،بـەپێی سالنامەی عوسمـانی ئـاکرێ تـەنها ناحیەی بەردەرەش هەبوو١٣٠٨ك ـ ١٨٩٠ز پاشان ناحیەی سورچی و زێبار هاتـە کایـەوە ،٢٠٠گونـدی لـەخۆ دەکـرت لـە سـالی ١٩٠٧ لەبـەر نـاکۆکی عەشـایری و نـەبوونی ئاسایش٥٤گوند جۆل وێران بوو

ئەوەش عەشیرەتەکانە: بەپێی سەرژمێریسالی١٩٧٧ ئەو ڕێژەیە دیار کرایە

١- رەشـگەری (٥٥٪) ٢ - گێـژ ٢٣٪ ٣- بـۆت١١ ٪٤- شـێخ بزێنـی٢٪٥- خـدری ١٪ ٦- زەنگەنە ١٪٧ هی تر ٧٪

بە هەموویان دەگوترا گۆران شانازی بە گۆرانەتی خۆیـان دەکـەن، لێـرەدا بـەدیار دەکـەوێت گۆران لەعەشیرەت گـەورەترە بـەڵکو میللـەتێکی بەرچاون و کۆمەڵگایـەکی کـوردی گـەورەن، بڕوایان بەکۆت‌و بەندی عەشیرەتگەری نیە.سیمای عەشیرەت گـەریان پێوەدیـار نیـە ،(عشـائر السبعه) وشـەیەکی عەرەبیـە سیاسـەتی مـیری بـوو نـاوی کـوردی بسـڕێتەوە و نـاوی عـەرەبی لەناوچە کوردییەکان بنێت.

چـەند بیروبۆچـوونەك هەیـە (عشـائر السـبع) گوایـە عەشـیرەتی ئـازاو زیـرەك (سـبع) لەعـەرەبی بـەواتای شـێر دێـت، لەبـەر زیرەکـی وئازایـەتی دانیشـتووانی ئـەو دەڤـەرە ناویـان لێنرایە شێر، چونکە رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەرووداوەکانی دەڤەرەکەو دەوروبەری.

لـەکتێبی (اسمـاو المدن والمواقـع العراقیـە) بەشـی یەکـەمی پـارێزەر جـەمال بابـان هاتیـە ( العشـائر السـبعە یەکێکـە لەناحیـەکانی قـەزای ئـاکرێ سـەربەپارێزگای مووسـڵ، دانیشـتووانی ژمارەیان دەگاتە (٧٧٦) بەڵام کۆی گشتی ناحیە بریتییە لە(١٦٧٣٨ ) کـەس لەکۆنـەوە بـە عەشائر السبعە دەناسرێ چونکە ٧ هەفت عەشیرەتی تێدا:- (١-کبرە. ٢- وزرگی. ٣- شایلو.

٤- الشیخ بزێنی. ٥- لۆما. ٦- خنت بری. ٧- شارك)ئەوە ناوە کۆنەکانی بەرێیە،زۆربەیان نەماون خێل هۆزو تیرەو بەرەبابی نوێ پەیدا بووە لەو دەڤەرە دەژین

بیروبۆچوونەکی تر هەیە دەڵێت:- کاتی فورس لە ساڵێ ١١٩٣ کۆچی شاری بەسرایان داگیرکرد سید محەمەد کوڕی سەید محموود سەید رەجب کوڕی سەید ئیبراهیم موفتی بەسرا لەبەسرا باریان کرد بەرەو پارێزگای مووسڵ هاتبوون لەگوندی باکی کەرتێکە لەگوندی کەونەباکی ئێستا سەر قەزای بەردەڕەش سەید محەمەد بەشێخ محەمەد باکی بەناوبانگ بوو. بەڵام سەید رەجب یان پیر رەجب لەساڵی ١٢١٦ ك هاتوونە باوکی وجاغ کۆربوو. ئێستا ٣ سێ برایان لەژیاندا ماوون.( ١ـ سەید فاخر. ٢- سەید مەحموود.

٣-سەید ئەمین)دەبنە منداڵی سەید محەمەد کوڕی سەید مەحموود کوڕی سەید ئیسماعیل ئەلبەسری کوڕی سەید عوبێد کوڕی سەید رەسول کوڕی سەید کوڕی سەید مەحموود کوڕی سەید بەدرەددین ئەلرەفاعی،

سەید بەدرەددین ئەلرەفاعی کەدەکاتە باوکی سەید ئیبراهیم موفتی ئەلبەسرە لەساڵی ١٩١٣ سەید ئیبراهیم باوکی سەید رەجب سەید محەمەد لەگەڵ کوڕی مامی سەید رەجب شاری بەسرایان بەجێهێشتبوو هاتبوونە گوندی باکی کە ئێستا کاولەگوندە، گوایە ئەوسەیدانە شێرێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بۆ دەڤەری بەردەڕەش ناوچەکە یان عەشیرەتەکان بەشێر ناسرا (عشائر السبع).

**ناوی بەردەرەش :** ا ـ ناوی بەردەرەش لەوەهاتووە خاکێکی ڕەشی بەپیت وبەرەکەتی هەیە دەڤەرێکی کشتوکالییە بەتایبەتی دەشتی ناوکور

ب ـ ناوی بەردەرەش لە چیای بەردەرەش هاتووە کەدەکەوێتە کوردستانی رۆژهەلات گوایە دانیشتوانی لەو ناوچە هاتوونە بۆدەڤەری گۆرانەتی لەبەر خەلکی ئەوێ بە هۆی حشکە سالی و بێ بارنی و گرانی ، هەروەها گوندێك هەیە لەسەر سنووری عیراق و تورکیا بە ناوی بەردەرەش

ج ـ شاخی ڕەش دەکەوێتە ناو ملە زورگی باشوری بەردەرەش گوایە یەکەم جار ئاوەدانی لەوێندەرێ بووە پێش ئەوەی بگۆزنەوە شوێنی ئێستا،شاخێکی بچووکە بەرچاو نیە .

د ـ جگە لە هۆکاری سروشتی هۆکاری کۆمەلایەتی وسیاسی هەبووە بۆ ئـەو کـۆچ کردنـە لـە دەڤـەری گـەرمیان و شـەقلاوە و رانیـە و رەوانـدوز روویـان کردۆتـە دەڤـەری بـەردەرەش و شێخان و ئەو ناوەیان لەگەل خۆیان هێناوە ،.

ه. بەردەرەش بە پایتەختی دەڤەری گۆرانەتی ناسراوە و رووبەرێکی فراوانـی لـەخۆ گرتیـە، خاکێکی پڕ پیت و بەرەکەتی هەیە بۆ کاری کشتوکالی دێمی و ئاوی چاروەرزە بەکاردێت ،

و ـ لە سەردەمی ئیسلامیدا ئەو دەڤـەرە بـە مێـرگ (مرج)نـاودەبرا بـە واتـای مێـرگ دێت هەردەم سەوز و پڕ شینایی بووە ، بـە تایبـەتی دەشـتی نـاوکور جونکی دەکەوێتـە نێـوان دوو رووبار ـ زێی گەورە و ئاوی خازر ـ

ز ـ بەرێ بەردەرەشی گەورە بـە بەردەرەشـی وەلـەدی نـاو دەبـرا ،لەدەسـپێکی ئـاوەدانکردنی بەردەڕەش مالێ وەلەدی ئاوەدانیان تێدا کردییـە،، سـەیدەکانی بەردەرەشـی دەلێن :سـەرەتای ئاوەدانکردنی بەردەڕەشی ئێستا بـۆ سـێ بـەرەباب دەگـەرێتـەوە ١ـ بنەمالـەی وەلـەدی (مـالێ معروفی) ٢ـ سەیدەکان ٣ـ مالێ قەچۆی.لە سـەرەتای هاتنیـان هـەر سـێ مـال مـەڕمالاتیان بـە خێو دەکرد، بە ڕشمالێ نشین هـاتبوون خـانی وبـەرەیان لـە بەردەرەشـی دامزرانـدبوو ،ئێـستا سـێ بـەرەبابی گەورەنـە لـەناو سـەنتەری قـەزای بـەردەڕەش بەرچـاون،بەژنان تێکـەلن و خـالوخوارزای یەکترینـە ، بـەرێ بەردەرەشـی گـەورە بـە بەردەرەشـی وەلـەد نـاودەبرا . ژیـان بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر دادێت ،هـەروەها جاغ لـەدووای جـاخ نەوەیـەکی نوێپەیـدادەبێت ،بەپێی توژینەوەی کۆمەلناسان هەر ٣٠تا٣٥سالێ نەوەیـەکی نـوێ سـەرهەلدەدات ،واتـە هـەر سـەد سـالێ سـێ نـەوە(جیل) یـەك لـەدووای یـەك پەیـدا دەبیـت ،هـەر وەهـا پەیـدا بـوونی دەستهەلادارەکان ،یان زالێ بوونی هێزی لەشکرێك بەسەر رکابەرەکـەی دەبێتـە هـۆی بەزانـدن و داگیرکردنـی ڕووتـەختی جوگرافییـایی و لەناوچـوونی تـیرەو بـەرەباب و عەشـیرەت یـان لەناوچـوونی لایـەکی سـتراتیجی نەتەوەیـەك ،ئـەوەش لەئـەنجامی شـەڕو پێکـدادانی دوو لەشکرکێشـی ڕووی دەدا،یـان لـە ئـەنجامی پـەیمانێك لـە نێـوان دووزلێ هێـز مـۆردەکرا بۆپاراسـتنی بەرژەوەنـدی تایبەتمەنـدی خۆیـان، لەئـەنجامی ئـەو گۆرانکاریانـە ،خـەلکی نیشتەجێی دەڤەرەکان دەگۆڕا ،هەروەها ناوی گوندو شارۆچکەکان دەهاتە گۆڕین،

## بەردەرەشی گەورە سەرووەختێك بە بەردەرەشی وەلەدی ناودەبرا

هێرشـی میرانـی سـۆران بـە تایبـەتی هێرشـی مـیر محەمـەدی روانـدزی ،بۆسـەر دەڤـەری گۆرانـەتی کەزۆربـەی دانیشـتوانەکەی مووسـەیی و ئێـزدی بـوون ،لەشـكری مـیر محەمـەدی ئێزدی هەمووی ڕامـالی ئـەوەی کوژراو ئـەوەی گـیرا ،بۆشاییەکی گـەورە لەدەڤـەری گۆرانـەتی پەیـدا بوولەبابـەتی (هێرشـی مـیر محەمـەدی رەوانـدزی بۆسـەر ئێزدیان)بـە درێـژی باسـم کردووە ،

لەوسەردەمی دانیشتوانی ناو بەردەرەش و دەوروبـەری مووسـەیی بـوون پەیوەنـدیان لەگـەڵ ئێزدیـان خـۆش بـوو ،پێکـەوە لەگـەل یەکـدی دژی لەشـكری مـیر محەمـەدی رەوانـدزی ڕاوەستابوون هاوکاری یەکتریان دەکرد ،لەبەرهەندێ لەبەردەرەشی نـەمان و هـەلاتن، خۆیـان لە ریزە گوندەکانی نزاری بناری چیای مەقلوب گرتەوە ،سەربەقەزای شێخان دەگێرنەوە:هەفت براهەبوونە(رەشید ،صالح، علی ،خۆشۆ ،محمد، وەلـەد ،قادر) لـە دەڤـەری کفـری خـودان مـەڕو مـالات بـوون بەسەرپەرشـتی وەلـەدی دەلـێن خێزانـی ئـافرەتێکی تەرکومانی سەر قـەلای هـەولێر بـو، لەبـەر کێشـەیەکی کۆمەلایـەتی سـێ بـرا لەوانـە( وەلد ، محمد ،قادر ) هاتبوونە سەرو کانی بەردەرەشی دەگێرنەوە لە عەشیرەتی تـەی ینـە عـەرەبن ، رەشمال و بارگەی خۆیان داکوتابوو ، مووسەیی و ئێزدی هاوپەیمان بوون شـكایەتیان بردبـوو لایەنی پەیوەندیدار لە موسل گوایە پێنج بـرا بەسـەرۆکایەتی وەلـەدی عـەرەبن لەعەشـیرەتی تـەی ژیانیـان لـەوان بـەرە تـەنگ کردیـە ،وەلـەد شـارەزا بـوو پیلانێکـی دارشـت ؛ هەسـتابوو پێنج جۆتی دابەستابوو بۆ گێلانـی زەوی کشتوکالی،نوێنەری حکومـەت هـاتبوو دەدینـی مـالی وەلـەدی کـاری کشـتوکالی دەکـەن کۆچـەری نـین ئەوانـەی تر(مووسـەیی و ئێزدی)کۆچـەرینە رەحال و نەزالن ، نوێنەری والی گوتی:مالێ وەلەدی کاری کشتوکالی دەکـەن بەرهـەمیان دەبێـت و بژێوی خەلك دابین دەکـەن بـە پەسـەندی دەزانـین لێـرە بميننـەوە قـازانجی گشـتی تێدایـە ،دووای ئـەو بگـرو بکێشـەو هەرایـە پێـنج بـرا لەبنەمالـەی وەلـەدی بـوون هـاتبوون لـە بەردەرەشـی گـەورە دانیشـتن،بەخۆی عەشـیرەتەك هەیـە بـەناوی وەلـەدی ،لەکوردسـتانی رۆژهـەلات دەژیـن ،دوور نیـە ئـەو پێـنج برایـە لـەتیرەو بـەرەبابی خێلـی وەلـەدی بـن

برایەکانیش ئەوانـەن : ١ـ وەلـەد محەمـەد خۆشـی٢ـ ئیبراهیم محەمـەد خۆشـی٣ـ سلێمان محەمەد خۆشی ٤ـ مەنصور محەمەد خۆشی٥ـ قادر محەمەد خۆشی ئەو پێنج برایە هەر یەکسـەر لـەدوواى هێرشـی مـیر محەمـەدی رەوانـدزی ، لـە کفـری بۆدەڤـەوی گۆرانـەتی هاتن،لەدەراوی کەلەکێ لە ئاوی زێی بادینان پەڕینەوە هاتن لەبەردەرەشی گەورە ئاکنجی بوون، هەر لەبەر هەندی بەردەرەشی گەورە بە بەردەرەشی وەلەدی ناودەبرا،دوواى ئاکنجی بوونی مالی وەلەدی بەچەند سالێك سەیدەکانی بەردەرەشی هاتن ،ئەنجا مالی قەچۆی هەرسێ بەرەباب خزمایەتیان لەگەل یەکدی کردو پەرەیان ساند ،

هەروەها بەردەرەشی کچکە بە بەردەرەشی کویخا خدری ناودەبرا،کەدەکاتە باپیری ماموەستا(ئیسماعیل ئەحمەد خدر زەنگەنە) ئێستا لەبەردەرەشی کچکە دادەنیشنئەوانیش لە ناوچەکانی کفری کەلارلە گەل سەیدەکانی بەردەرەشی کچکە لەبەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی پێکەوە هاتنە پێکەوە هاتنە گوندی بەردەرەشی کچکە ،

ناحیەی بەردەرەش لە سالی ١٩٣٠ تاکو سەرهەلدانی پیرۆزی گەلەکەمان لە بەهاری سالی ١٩٩١ . ( ٢٩ ) بیست و نۆ کەس وەك بەرێوەبەری ناحیە کاریان کردووە .

ناوی رێڤەبەرەکانی ناحیەی بەردەڕەش لە سالی١٩٣٠تاکو ١٩٩١ئەوانە بوون

| ز | ناوی بەرێوەبەری ناحیە | لە ــــ تا |
|---|---|---|
| ١ | تۆفیق سەرسام | ١٩٣٢ــــ ١٩٣٥ |
| ٢ | ئەمین ئەرغەوانی | ١٩٣٥ــــ ١٩٣٧ |
| ٣ | نوری ئەلیاوەر | ١٩٣٧ــــ١٩٤٠ |
| ٤ | زەینەل عابدین | ١٩٤٠ــــ١٩٤٣ |
| ٥ | عایف ئەلعارف | ١٩٤٣ــــ١٩٤٤ |
| ٦ | سەعید ئەلخەیات | ١٩٤٤ــــ١٩٤٥ |
| ٧ | حیکمەت عارف | ١٩٤٥ــــ١٩٤٦ |
| ٨ | عبدالجبار ملوکی | ١٩٤٧ ــ١٩٤٨ |
| ٩ | عەبدوللا قەدۆ | ١٩٤٧ــــ١٩٤٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | بەهائەالدین ئەلحوسنی | ١٩٤٩ _ ١٩٥١ |
| ١١ | شاكر دورزی | ١٩٥١ _ ١٩٥٢ |
| ١٢ | تەلعەت حەكیم | ١٩٥٢ _ ١٩٥٤ |
| ١٣ | كانەبی عەزیز دزەیی | ١٩٥٤ _ ١٩٥٦ |
| ١٤ | حازم توحەلە | ١٩٥٦ _ ١٩٥٨ |
| ١٥ | جەودەت ئەلعومەری | ١٩٥٨_١٩٦٠ |
| ١٦ | عبدالكریم تكریتی | ١٩٦٠ _ ١٩٦١ |
| ١٧ | عدنان شەعبان | ١٩٦١ _ ١٩٦٥ |
| ١٨ | ئەحمەد عەلی دزەیی | ١٩٦٥_١٩٦٩ |
| ١٩ | ساتیع ئەلچەلەبی | ١٩٦٩ _ ١٩٧٠ |
| ٢٠ | نامق رەقیب محمد سورچی | ١٩٧٠ _ ١٩٧٢ |
| ٢١ | محمەد عەلی قادر | ١٩٧٣ _ ١٩٧٤ |
| ٢٢ | محەمد حوسێن رەئووف | ١٩٧٤ _ ١٩٧٥ |
| ٢٣ | عبدولمەجید سەفین جاف | ١٩٧٥ _ ١٩٧٨ |
| ٢٤ | كەمال حوسێن محەمەد | ١٩٧٨ _ ١٩٨١ |
| ٢٥ | محەمد مستەفا یونس | ١٩٨١ _ ١٩٨٣ |
| ٢٦ | یوسف عەبدولهادی رەسول | ١٩٨٣ _ ١٩٨٥ |
| ٢٧ | نازم صادق جەعفەر | ١٩٨٥ _ ١٩٨٨ |
| ٢٨ | محـــمد عوّاد زێــد ان | ١٩٨٨ _ ١٩٩٠ |
| ٢٩ | عبدولرەزاق محمود سامرائی | ١٩٩١ ـ ١٩٩١ |

....................................................................................................

⋆زانیارییەكان لە بەرێوەبەرایەتی ناحیەی بەردەڕەش وەرگیرایە لە گەل رێزم

## یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لەسەنتەری قەزای بەردەرەش ★

یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لەسەنتەری قەزای بەردەرەش سالی١٩٣٦ دامەزرا، لە سالی ١٩٣٦ بە فەرمی رەزامەندی لە سەر کردنەوەی سێ قوتابخانە هاتە کردن، یەکەمیان لە سەنتەری ناحیە هاتە کردنەوە،دووەمیان لەگوندی زەنگەنان خانی بەدەست نەکەفت بۆ دەوام کردن، سێیەمیان لەگوندی دارەتوو دوو مانگ دەوام تێدا کرا لە بەر ئالۆزی باری کۆمەلایەتی لەگوندی دارەتو دەوامی قوتابخانە هاتە هەلواسین بۆ کاتێکی نادیار .

پێشگۆتن : بوونی یەکەمین قوتابخانە لەهەر شارو شارۆچکەیەك یان لەهەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە دەبێتە ناسنامەی ئەم دەڤەرەو فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بزاڤی رۆشنبیری و زانستیو پێشکەوتن لەم جێگایە ودەبێتە خالەکی سەرەکی بۆ پێگەیاندنی مرۆڤی زاناو رۆشنبیرو پسپۆرو سەرکردەو رێنیشاندەر.لەژێر رۆناکی ئەم وتەیە کۆنترین قوتابخانە لەدەڤەری بەردەڕەش بەگشتیو سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش.(قوتابخانەی بەردەڕەشی سەرەتایی) کەلەسالی (١٩٣٦-١٩٣٧) هاتیتە کردنەوە.ئەوکات بەردەڕەش تەنیا پێکدەهات لە (٥٥) پەنجاو پێنج مالّ، بەرێز (ئەمین ئەغوانی) بەرێوەبەری ناحیە بووە لەو سەردەمی ،عوسمانیەکان بەهیچ شێوەیەك بایەخیان بەخوێندنو فێرکردن نەدەدا بۆیە تاسالی (١٨٩٢ز) هیچ قوتابخانە یەك بە شێوەیەکی رەسمی لەدەڤەری بادینان بەگشتی بوونی نەبوو، تەنیا حوجرەی فەقیاتی لەمزگەوتەکان نەبێ. قوتابخانەی ناوبراو لە کاتی دامەزراندنی دروست کرا بوو لە خشتەو قوڕ، ئەو سەردەم هۆشیاری لە ناو میللەت زۆر کەم بوو و کەس بایەخی بە خوێندن و خوێندنەوە نەدەدا، تەنیا خەریکی بەخێوکردنی مەڕو مالات بوون وکاری جوتیاری. ئەم دەڤەرە دەڤەرێکی دەرەبەگایەتی بووە کەخۆی لەخۆیدا نەیانویستووە خەلّك چاوی ببیتەوەو فێری خوێندنو نووسین بن. لەسالّی ١٩٧٤ ئەم قوتابخانەیە هاتیتە سۆتن لەلایەن رژێمی دڕندەی بەغدا شان بەشانی سەدان قوتابخانەی دی لەسەرانسەری کوردستان.

یەکەمین بەرێوەبەری ئەم قوتابخانەیە ناوی (مەلا سەعید ئەفەندی بامەرنی) بووە بۆسالّی خوێندنی (١٩٣٦-١٩٣٧) وتا ئەمڕۆ ئەم قوتابخانەیە بەردەوامە لەکاردا چەندین

شارەزاو ڕۆشنبیری پێگەیانـدووە کەخزمـەتی گـەلی خۆیـان بکـەن لەساڵی ١٩٩٧ لەبـەر فراوانبـوونی بـەردەڕەش‌و زۆربـوونی قوتابیـان ئـەم قوتابخانەیـە بـوو بـە دوو قوتابخانـەو قوتابخانـەی نـوێ نـاونرا (کوردسـتان) و یەکـەمین بەڕێوەبـەری ئـەم قوتابخانەیـە بـەڕێز (عەبدولقادر عەبدوڵلا) بوو. ئەو سەردەم زۆربەی مامۆستایانمان بایـەخیان بـەوەرزش دەدا بـۆ وەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن لـە ڤیـستڤالی سـالانە وهـیچ کچێك لـەم قوتابخانەیـە بـوونی نـەبوو. لـەدوای مانـدوو بـوونێکی زۆر بـۆ وەدەسـتهێنانی نـاوی ئـەو بەڕێوەبەرانـەی کەئـەم قوتابخانەیان بەڕێوەبردووە ناوی ئەم بەڕێزانەمان بەدەست کەوت.

١ ـ مـەلا سعید بامـەرنی یەکـەم برێوەبـەر ماموەسـتا لـە قوتابخانـەی بـەردەڕەش دەسـتی بەکار کردووە،دووکوڕی هەبوو بەناوی (عبدالله و عبـدالرحمان) هـەردووکیان قوتـابی بـوون لەپۆلی یەکەم دەوامیان دەکرد،ساڵی دووەم دووماموەستای دیکە هاتن بـەناوی :١ ـ عبیدالله بامەرنی ٢ ـ خلیل ئەفەندی زاخۆیی

٢- عوبێدڵلا ئاکرەیی ساڵی ١٩٤٧.، ٣- جەمال ئەفەندی سـالی ١٩٥٣. ٤- عەبـدولرەحمان ئـاکرەیی ١٩٥٩.، ٥- ئـەکرەم ئەفەنـدی ١٩٦٢.، ٦- عەبدولجـەبار ئەفەنـدی ١٩٧٣. ٧- عەبدولرەزاق ئـاکرەیی ١٩٧٤. ٨- حـەننا ئەفەنـدی ١٩٧٥.، ٩- خـەلیل زاخـۆیی ١٩٧٦. ١٠- ئەنوەر محەمەد سـەعید ١٩٧٨.، ١١- مـەحمود محەمـەد سـەلیم عەبـدولهادی ١٩٧٩ بەردەوامە،١٢ـ فتح الله جرجیس بارانی،١٣ـ محەمەد رەشید ئەحمەد،ناوی قوتابیـانی پـۆلی یەکـەم بۆسـاڵی خوێنـدنی ١٩٣٦ــ١٩٣٧ژمارەیـان بریتـی بـوو لـە ٣١قوتـابی ئـەوەش ناوەکانن

| ز | ناوی قوتابی | شوێنی دانیشتنی |
|---|---|---|
| ١ | عبدالرحمان مەلا سعید بامەرنی | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ٢ | عبدالله مەلا سعید بامەرنی | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ٣ | حسێن اسماعیل معروف | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ٤ | رشید عسمان علی | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ٥ | محەمەدعەزیز خالد | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | مەنصورمەعروف محەمەد | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ٧ | سەید محەمەد حوسێن محەمەد | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ٨ | حەسەن ئیسماعیل محەمەد | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ٩ | ئەحمەد محەمەد حەمۆ | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ١٠ | عەلی ئیسماعیل عەلی | بەردەرەشی گەورە(سەنتەری ناحیە) |
| ١١ | عەبدولوتەلیب عومەر | گوندی بەردەرەشی کچکە |
| ١٢ | عەبدولکەریم جەردیس | گوندی بەردەرەشی کچکە |
| ١٣ | مەجید قادر مەلا عەبدوللا | گونـــــدی شیوەرە |
| ١٤ | عەزیز مستەفا | گـــــوندی خێلەکی |
| ١٥ | ئەلیاس محەمەد | گـــــوندی خێلەکی |
| ١٦ | جەمیل مەلا حەسەن | گـــــوندی خێلەکی |
| ١٧ | فازل مەلا حەسەن | گـــــوندی خێلەکی |
| ١٨ | مەنصور قادر | گـــــوندی خێلەکی |
| ١٩ | ئەمین ئەحمەد یاسین | گـــــوندی خێلەکی |
| ٢٠ | سەعید ئەحمەد یاسین | گـــــوندی خێلەکی |
| ٢١ | جەوهەر شێخ بەدر | جوجەری گـــەورە |
| ٢٢ | صابر ئەحمەد سەعدون | جوجەری گـــەورە |
| ٢٣ | محەمەد قادر عەبدولکەریم | گـــوندی زەنگەنان |
| ٢٤ | ئیبراهیم قادر عەبدولکەریم | گـــوندی زەنگەنان |
| ٢٥ | یاسین هادی عەبدولرحمان | گـــوندی زەنگەنان |
| ٢٦ | عەلی کەتۆ | گوندی دولێجانی گەورە |
| ٢٧ | محەمەد صالح | گوندی گـــــــرێگا |
| ٢٨ | رەشید عومەر | گوندی گلەشـــــین |
| ٢٩ | شێخ محەمەد مراد | گوندی دوریشـــــان |
| ٣٠ | شێخ مەحمود مراد | گوندی دوریشـــــان |
| ٣١ | یوسف محەمەد ئەمین | گـــــوندی خێلەکی |

....................................................................................................

* بەهاوکاری سەرپەرشتیاری کارگێری عبدالقادر عبدالله(باوکی یاسر) کۆکرایتەوە لە گەڵ ڕێزم

## بەردەڕەش لە دووای نسکۆی شۆرشی ئەیلوولی مەزن ١٩٧٤

ڕژێمی بەعس لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لەدووای سالانی ١٩٧٤ هەستا بەڕاگواستنەوەی خەڵکانی سەرسنوورو دانیشتووانی ناو دەقی چیاکان، خێزانەکانیان ڕاگواستەوە ژێر کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی میریی لەچەند کۆمەڵگەی زۆرەملێ ئاکنجیانی کرد بۆ نموونە: زۆر خەڵکی کوردنیشینی سەربەناحیەی زمارو ڕەبیعەو ئەتروش‌و مریباو شێخان دوای کاول کردنی گوندەکانیان گواسترانەوە بۆ گوندی کانیلان لەسەر ئاوی خازر نزیك جسری مەندان،بەبێ کەلو پەل‌و پێداویستی ڕۆژانە فڕێدران بەزۆرەملێ لەژێر چەند کەپری بەحەسیر دروست کراو نزیکەی دوو مانگ مانەوە، وەرزی زستان نزیك بوو دابەش کرانە سەر ئەوگوندانەی سەربەناحیەی بەردەڕەش.

سەنتەری ناحیە وگوندەکانی (زەنگەنان- دارەتوو- گردەپان- گربدەو- پەلاسان- بیوك- دالەڕێ- بەنێنان – شیوەڕە- دووسەرە- شێخالك)دابەش کران. خەڵکی ئەوگوندانە بەهەستێکی کوردایەتی باوەشی خۆیان لۆیان کردەوە هەرچەند ماڵێك لەگۆندەکان جێنیشکران شوێن و کەلوپەلیان بۆیان دابینکرد تاکو دوای ڕاپەڕین بەشێکیان بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە.

هەر لەدەسپێکی بەهاری ساڵی ١٩٧٥ خەڵکی زۆر دەڤەری گۆرانەتی هەر لەیەك گوند (١٠تاکو ٥٠) سەرخێزان گوندی خۆیان جێهێشت لەبەر بەشداریان لەشۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران بوون،ساڵی ١٩٧٦ دووای گەڕانەوەیان لەئێران دوورخرانە باشووری عێراق لەپارێزگاکانی ناسریەو ڕومادی‌و دیوانیە جێنشین کران ڕژێم بەمەبەستی ئەوەی قەزای ئاکرێ، ناکەوێتەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەکوردستان پاشان لەدوای زیاتر لەساڵێك ئەو خەڵکەی گەڕاندەوە کۆمەڵگاکانی شاویس‌و بەستۆڕەوقرژاڵە لەپارێزگای هەولێرو هەندێك

لـە پارێزگـای دهـۆك ئـاكنجی كـران.دوای راپـەڕینی بـەهاری سـاڵی ١٩٩١ نزیكـەی هـەزار سـەرخێزان گەڕانـەوە گونـدەكانی سـەربەقەزای بـەردەڕەش، بـەڵام هەتائێستا وەكو پێویست دەستی هاوكاریی بۆیان درێژ نەكرایە وەكو دروستكردنی خانووبەرە بۆ خێزانەئاوارەكان.

**راپرسی** :لەدووای نسكۆی شورشی ئەلولی مەزن ،حكومەتیبەعسی گۆڕبەگۆر بەردەوام هەولی دەدا ناوچەكانی كوردی نزیك سنوری عەرەبی بگۆریت و تەعریب بكات ،نەخشەی پارێزگاكانی گۆڕی بۆ خاتری رێژەی دەستهەلاتی كورد كەم بكاتەوە،هەستی نەتەوایەتیان كب بكاتەوە،
لەبەر ئەوەی خەلكی دەڤەرەكە كورد پەروەر و رۆلی خویان هەبووە لە شۆرشـەكانی رزگـاری خـوازی گـەلی كـورد ، خـەلكی سـنوری قـەزای بـەردەرەش و قـەزای ئـاكرێ دەیانویسـت دەڤـەرەكانیان بكەویتـە سـنوری ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی لـە سـالی ١٩٨٠ . بـۆ ئـەوەی ئامـانج و ئارەزووەكانی خەلكەكە نێتە دی ، رژێـم لەگـەل دار و دەسـتەی خـۆی هەلسا بـە ئەنجامـدانی راپرسییەكی شەكلی لەسەر ئەو بابەتـە گرنگـە و لـە كۆتـایی داوایـان پیشان دا و رایانگەیانـد كـە خـەلكی دەڤەرەكـە نایانـەوێ بـە ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی وە ببەسـترێنەوە و بـەلكو پالپشتی رژێم دكەن و دەیانەوێ سەر بە پارێزگای موسل بـن و لـە ئەنجامـدا بـە دژی ویستی خـەلكی دەڤەرەكە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دابڕان،بەردەرەش بوو ناحیەك سەر بە پارێگای موسل .

# بەردەرەش دەروازەی ڕاپەڕینی بادینانە

# را پەڕینی بەردەرەش

خەڵكی دلسۆزی دانیشتووانی بەردەڕەش بەهاوكاری ئەندامانی پارتی لـە رێكخستنی نهێنیـدا سەربەهەردوورێكخراوی ئاگرین سەر بە لژنەی ناوچەی مێرگەسۆرو رێكخراوی ئـازادی سـەر بـە لژنـەی ناوچـەی شـێخان ،لەگـەڵ هەنـدێ كـورد پـەروەری گونـد نشـینەكانی دەوروبـەری سەنتەری ناحیـەی بـەردەڕەش كاتـژمێر(٨) سـەرلەبەیانی رۆژی ١٩٩١/٣/١٢ شارۆچكەی بـەردەڕەش رقو كینـەی خـۆیـان تەقانـدەوە دژ بـە داروەدەسـتەی رژێمـی فاشی بەغـدا، بۆماوەیـەكی كـورت بـەردەڕەش ئـازادكرا رێگـای سـەرەكی نێـوان ئـاكرێ - مووسـڵ لەراسـت

گونـدی شـیوەڕە هاتـە کـۆنترۆڵ کـردن، خـەڵکی ئـاکرێ پێحەسـیان رێگـای مووسـڵ ئـاکرێ لەلایەنجـەماوەری دەڤـەری گۆرانـەتی هاتیتـە کـۆنترۆڵ کـردن ئـەوانیش کاتـژمێر(١٠)ی هەمان رۆژ ڕاپەڕین، ئەنجا راپەڕین گەیشتە شارەکانی دهۆك‌و زاخۆو ئامێدی، ئەنـدامانی رێکخراوی ئاگرین رۆلێکی گرنگیـان هـەبوو لـە ئـازادی کردنـی هـەولێر ، بروسکەمان لۆهـات دەست بـەکاربین،وە لـە ڕۆژی١١/٣/١٩٩١ هـەڤالێکی لێژنـەی رێکخـراوی ئـاگرین بـە نـاوی قادر ئەحمەد لە ناو سەربازگەی هەولێر شەهید بوو کە دەکاتە باوکی هـەڤاڵ صادق لـە لقـی نۆ ،ئاگاداری هەڤالانی خۆمان بین لەدەڤەری گۆرانەتی ئەندامانی رێکخراوەکـەمان لـە قـەزای بـــەردەڕەش و کۆمەلگـــەی کەلەکچـــی و چـــرە بـــەر بـــەلاوبوون ،هـــەڤالانمان لـــە بەیانی١٢/٣/١٩٩١کات ژمێری ٨ی بەیانی لە سەنتەری شارۆچکەی بـەردەڕەش ڕاپـەرین و بـەردەڕەش بـوو دەروازەی ڕاپـەرینی بادینـان، زیادە ڕۆی نییـە ئەگـەر بڵـێن شارۆچـکەی بەردەڕەش دەروازەی ڕاپەرینی بادینە ، پشکداربووەکان ئەوانەن :

عادل مستەفا سەعید ناسراو بەعادل فیتەربەرپرسی شانەیەکی نهێنی بوو لە رێکخراوی ئاگرین/ لیژنەی ناوچەی مێرگەسۆری پارتی دیموکراتی کوردستان چونکە ئەمە ڕاستییەکە لەمەڕ هەموو شایەتحالێش کەلەرۆژی ١٢/٣/١٩٩١ یەکەم جار لەلایەن چەند ئەندامێکی سەر بەرێکخراوی ئاگرین لیژنەی ناوچەی مێرگەسۆری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوکاتەش پێشمەرگەی ماندوونەناس عادل مستەفا سەعید ناسراو بەعادل فیتەر بەرپرسی شانەکە بوو وەبەیەکەم کەسیش دادەنرێت لەشارۆچکەی بەردەڕەش کەتەقەی لەبارەگای حزبی بەعسی ڕووخاودا کرد، دەڵێت : لەسەرەتادا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کەهەر لەساڵی (١٩٦٧) پەیوەندیم بەرێکخراوی نیشتمانییەوە هەبووە ئەوکاتە پیان دەگوت منەزەمەی رزگاری، دوای ساڵی (١٩٧٥)دا پەیوەندیمان پچڕا بەڵام دواتر لەساڵی (١٩٨٢) جارێکی تر پەیوەندیم بەلیژنەی ناوچەی مێرگەسۆری پارتی دیموکراتی کوردستاندا کرد. ئێمەش لەشەوی (١١-١٢/٣/١٩٩١) وەکو ئەندامانی شانەی سەرەکی رێکخراوی ئاگرین کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا کەچۆن بەیانی دەست بەڕاپەرین بکەین لەشارۆچکەی بەردەڕەش و هەر بەیانی رۆژی دواتر واتە رۆژی (١٢/٣/١٩٩١) کاژمێر

(٨) ی بەیانی ، ئێمەش بەپێویستمانزانی ڕاپەرین ئەنجام بدەین ئەو کاتەش چەند کەسێك لەگەڵمابوون بەناوی (مشیر شاکر سەلیم‌و لوقمان بەهجەت سلیم‌و عەلی یونس وزرار عادل و مستەفا و عوبید تەها مستەفاو عارف تەها مستەفا وعیسی عەبۆ وچەند کەسێکی دیکە کەهەمووومان سەربەرێکخراوی ئاگرین بووین کاتژمێر(٨) ی بەیانی بوو یەکەم جار تەقەم لەبارەگای لیژنەی حزبی بەعس کرد دوای ئەوەی کە هێرشێکمان برد بۆ سەریان هەر هەموو یان خۆیان دابەدسەتەوە پاشان چووین بۆ بنکەی پۆلیسی بەعسی ئەوکاتە ئەفسەرێکی خەڵکی ناوچەی تەلەعفەر لەوێ بوو هەر ئەوانیش خۆیاندا بەدەستەوەدا. . . ئێمە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمووومان ڕەوانەی شاری مووسڵ کرد و ئازادمان کرد دوای ئەوە خەڵکی خۆڕاگری بەردەڕەش بەهەموو چین‌و توێژێکەوە دەستیان بەڕاپەرین کرد.

مشیر شاکر سەلیم دەڵێت :من لە سولەیمانی سەرباز بووم ئاگاداری ڕاپەرینی رانیەو سولەیمانی بووم گەرامەوە گوندی تانم لە خەلکی دەداسولەیمانی ڕزگاربوو دەبیت ئەمەش لە بەردەڕەشی ڕپەڕین بکەین دژی حکومەتی بەعسی فاشی،بۆیە بەیانی ١٩٩١/٣/١٢ دەستمان کرد بە ڕاپەرین لە شارۆچکەی بەردەڕەش، بەراستی خەڵکێکی زۆر یارمەتی داین و دەستی بالآیان هەبوو لەو رۆژەدا بۆ نمونە لەوانە عەزیز کەریم ناسراو بەعەزۆ گەرزەو بەرێز عبداللە ئیسماعیل مەعروف‌وجرجیس حەسەن وسەعید جرجیس بارانی‌و چەند هاوڕێیەکی تر بوون کەدەبێت ببورن ناتوانم ناوی هەر هەموویان بهێنم دوای ئەوەی بەنزینخانەی بەردەڕەشمان گرت بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوکاتەش بەنزین پێویستبوو چونکە نیازمان هەبوو بەرەوشاری مووسڵ بەڕێ کەوین. دوای ئەوەی خەڵکێکی بەشەرەف‌و خۆڕاگر لەدەورمان کۆبوونەوە تاکو گوندی دووبەردانمان ئازاد کرد.

هەر بەماوەی کاتژمێرێك واتە تاکو کاتژمێر (٩)ی بەیانی بەتەواوەتی بەردەڕەشمان ئازادکرد پاش ئەوەی کەرێگای مووسڵ‌و ئاکرێ مان گرت لەگوندی شیوەڕە دەستمان بەسەر ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری جۆری (ئەڤچەم سکس ویل) داگرت کە پڕبوو لەسیلاحی جۆراوجۆر

وەك كلاشینكۆفو قەناسەو وبی كەی سیی(B.K.C) و (R.P.G) چوار مەدفەعی جۆری (١٦٠)ی‌و (٦) دۆشكە بوو كەلەلایەن ڕژێمەوە لەشاری عەممارە بەڕێكرابوو بۆ شاری ئاكرێ دوای ئەوەی كەلەشاری ئاكرێ وەرنەگیرابوو دەستمان بەسەراگرتو لەسەر خەڵكی ناوچەدا دابەشمان كرد كە دەیویست بۆ شاری مووسڵ بگەڕێتەوە. ، شایانی باسە ئەوكات شاری ئاكرێ ئازاد نەكرابوو دوای ئەوەی كەئۆتۆمبێلێكی جۆری بەرازیلی شین بەناوی عەلی یونس بۆ شارۆچكەی جرەو ئاكری نارد وەكاتژمێر (١٢)ی نیوە ڕۆی هەمان ڕۆژ خەڵكی چرەش دەستیان كرد بەڕاپەرین دواتر كاتژمێر(٢) ی پاش نیوەڕۆ خەڵكی خۆڕاگری ئاكریش دەستیان پێكرد هەرلەهەمان رۆژدا وەدواتر لەرۆژانی ١٤ بۆ ١٥ی ٣/ ١٩٩١ بەرێزان حەسۆمیرخان وبابەكر زێباری‌و كاك ملازم یونس رۆژ بەیانی و مقدم یەعقوب و مام یاسین تەها هاتن بۆ شارۆچكەی بەردەرەش كەلەدیوەخانی بەرێز عەبدوللا ئیسماعیل مەعروف دانیشتوین بڕیارماندا بەناوی پارتی دیموكراتی كوردستان بچین بۆ ئازاد كردنی شاری مووسڵ‌و دەوروبەری ،هەڤال عومەر عوسمان بەرپرسی لقی نۆی پارتیمان بوو جەنابی رۆڵێكی گرنگی هەبوو لە ئازاد كردنی چیپای مەقلوب دەڤەری باشیك دوای شەرێكی خوێناوی نێوان ئێمەو رژێمی رووخاوی بەعسی خوێنمژ چەند هەڤالێك لەگەڵمان شەهید كران بەناوی شەهید ئیبراهیم و شەهید خالد و لەشارۆچكەی بەعشیقە مەلا عوسمان شووشی هاتە برینداربووپاشان كشاینەوە كەبڕیار وابوو هەركەسێك وتەنیا دەبێت ناوچەی خۆی ئازاد بكات شایانی باسە تاكو ناحیەی بەعشیقە رۆیشتبووین پاش ئەوەی كەفرۆكەكانی دوژمن هێرشی هێنایە سەرمان گەڕاینەوە چونكە هیچ دەسەلاتێكی وامان نەبوو لەوكاتەش برای بەرێزم بابەكر زێباری لەگوندی كانیلان پشتگیری لێ دەكردین ، ئینجا دوای ئەوە هەواڵی راپەڕین گەشتە دهۆك‌و ناوچەكانی تر.شایەد حاڵی سەرهەلدانی بەردەڕەش دەپەیڤن :

سەعید گەرزە: دەمانزانی ڕاپەرین نزیكە بووە من چومە ناو خەلكی دیتم بەردەڕەش بارو دۆخی دیكەی بە خۆوە گرتیە، وەكوجەژنی لێهاتییە، هوتاف بە ئازادی دەدرێت ئافرەتیش

هاتینە سەر جادەو شەقامەکانو هاوار دەکەن بڕوخێ بەعس. هێڕشمان کردە سەر ناحیەی لە ٩ی بەیانی ڕۆژی ١٢/٣/ ١٩٩١. بەردەڕەشمان ئازاد کرد .

عەبدوڵڵا جەمیل:مانگی ئادار مانگی قەدەری کوردە پڕ روداوی خۆشی نەخۆشییە،ئەورۆ رۆژی ئازادییە رۆژی خورتانە من سەر لە بەیانی ١٢ی ئادار بە بەعسیەکانم گووت بەخۆشی خۆتان بدەنە دەست ئەوان باوەڕیان نەکردو قسەی ڕەقیان کرد، بەڵام کاتێ جەماوەر ڕاپەرین ،هێڕشمان بردە سەریان و هەموویان گیران دلمان پێیان دەسووتا. ئیزن دران بچنەوە مویسل .

## بەردەرەش لە دووای راپەرین

لـە دوای سـەرهەلدانی بـەهاری ١٩٩١ بـەردەرەش بـەبێ بەرێوەبـەری ناحیـە بـوو تـاکو ١٩٩٥/٧/١٦ . لەو ماوەیەدا رژێم دامو دەزگاکانی لە بەردەرەش کێشایەوە وەکو هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان . بەلام خەلکی دلسۆز و کورد پەروەری دەڤەرەکە ، دەست لە ئەژنۆ نەوەستان و بە ئازادانە و ئازایانە نەیانهێشت فەرمانگەکان پـەکیان بکـەویت و هەروەها پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەردەوام بوو و زۆر کەس خۆیان بـەخت کـرد بـۆ وانە وتنەوە و بێ بەرامبـەر بۆ وەبیر هینانـەوە یەکـەم قوتابخانـە لە بـەردەرەش لـە سـالی ١٩٢٦ دامەزرایـە و بـەردەوامی هـەبووە هـەروەها فەرمانگـەکان هاتنـە پاراسـتن و هـیچ بەلگەنامەیەك لە هیچ فەرمانگەیەك دەست کاری نـەکرا و لەفـەوتان رزگـار کـران ، ئـەوەش بۆ رۆشنبیری و ولات پارێزی خەلکەکە دەگەرێتـەوە ، بـەلکو فەرمانگەکان نەهاتنـە داخسـتن بـە پێچـەوانەی لێکدانـەوەی رژێـم فەرمانگـەکان سـەرەرای بـێ ئیمکانیـات و کـەم کـوری لـە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری رۆژانە بەردەوام بوون ،

لـەدووای سـەرهەلدانی مەزنەکـە میللـەتی کـورد لـە بـەهاری ١٩٩١حوکومـەتی بەعسـی گۆڕبـەگۆر دەسـتهەلاتی بەسـەر ناوچـە ئازادکراوەکـان نـەما ، ئیـدارەی خـۆی تێـدا کشاندەوە ،بـەرەی کوردسـتانی هاتـە دامەزرانـدن دووای هـەنگی لەسـەر داوای رێـزدار سـەرۆك مەسـعود بارزانی لە سالی١٩٩٢هەلبـژاردن ئـەنجام درا پەرلـەمان و حوکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دامەزرا،ئیستاش فەرمانگەکان بە شێوەکی چالاك و پێشکەوتوو کار و چـالاکی خۆیـان ئـەنجام

دەدەن لــە ســایەی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان بــەرەی کوردســتانی کــاری وولاتــی بـەرێوەدەبرد تـاکو ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٣١ بەڕێوەبـەری ناحیـە لەلایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردستان هاتـە دەستنیشانکردن‌و دەست بـەکاربوو، لـە دوای سـەرهەلدانی گەلەکەمان تـاکو بـە قـەزا بـوونی بـەردەرەش ئـەو بەرێزانـەی ناویـان لـە خـوارەوە هـاتوو بەرێوەبەرایـەتی ناحیەی بەردەرەشیان گرتە ئەستو ئەمانەن :

| ژ | ناوی بەرێوەبەر | دەست بەکار بوون | دەســـت لـــەکار بەردان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | عبدالباقی محمد رشید | ١٩٩٥/٧/١٦ | ١٩٩٨/١١/١ | |
| ٢. | سربست صبری اسماعیل | ١٩٩٨/١١/١ | ٢٠٠١/١١/١٨ | |
| ٣. | بروا فاروق سعید | ٢٠٠١/١١/١٨ | ٢٠٠٢/٤/٦ | |
| ٤. | سربست صبری اسماعیل | ٢٠٠٢/٤/٦ | ٢٠٠٢/٧/٨ | |
| ٥. | مازن محمد سعید | ٢٠٠٢/٧/٨ | ٢٠٠٥/٧/١٧ | ئێســتا قایمقــامی قەزایە |
| ٦. | قادر عزیز قادر | ٢٠٠٥/٧/١٧ | ٢٠٠٥/٩/٢٥ | |
| ٧. | بروا فاروق سعید | ٢٠٠٥/٩/٢٥ | ٢٠٠٧/٤/١٢ | |

# بەقەزابوونی بەردەرەش

لەبەر شوێنی ستراتیجی ناحیەی بەردەرەش کە دەکەوتە نێوان سێ پارێزگای موسل ودهـۆك و هــەولێری پایتــەخت و بەســتنەوەیان لەگــەل یەکــدی ، هــەروەها ڕووبــەری دەڤەرەکــە ( ٣٩٩,٢٠٠ ) دۆنم زەوی کشتوکالی بە پیت و بەرەکەتی هەیە و چڕیژمارەی دانیشتووانی ، بەردەرەش ،٢٢کم لەموسل دوورەو،وە٤٣کـم لـە ئـاکرێ دوورە ،دەکویتـە باشـوری پارێزگـای دهـۆك بـە دووری (١٠٠)کـم ، هــەردوو دەڤــەری ســۆران بادینــان پێکــەوە دەبەســتەوە ، هەروەها شێوەی ئاخافتنیان (دیالێکتی )زارگۆتنیان لە هـەردوو زارگـۆتنی سـۆرانی و بـادینی دەگەن ، پێویستە بۆ دانانی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد سوود لـە پەیڤـەکانی ئاخـافتنی دەڤەری گۆرانەتی وەربگیرێت ،

(١٠٥)گوند سەر بە دەڤەری بەردەرەشە لەوانە (١٠٣)گوند ئاوەدانە زمارەی دانشتواى زیاتر لە ٨٠٠٠٠هەشتێ هەزار کەس دەبیت ،دواى ( ١١٦ ) سال بە ناحیە بوونی ، بڕیاری بە قەزابوونی بەردەرەش دەرچوو ، هەروەها هەبوونی هەموو فەرمانگەکانی خزمەت گوزاری لە ناحیەکە ئەویش هوکارێك بوو بە قەزا بوونی . بۆیە بڕیاری قەزا بوونی بەردەرەش لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریکی زۆر شایستە و لە جێ بوو ، چونکە جەماوەری دەڤەری بەردەرەش بە درێژایی کورد پەروەر بوونە و بەشدارییان لە هەموو شۆرشەکانی گەلی کورد کردووە و شەهید و قوربانیان داوە و زیندانی کراون و زۆر جار گوندەکانیان وێران کراوە ، بە هۆی رۆلی کورد پەروەرانەی خەلکی دەڤەرەکە .حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو دیارییەك دەڤەری گورانەتی خەلاتکرد بریاری بەقەزابوونی بەردەرەش دەرجووبە پێی بریاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ١٠ ) لە ١٢/١٠/٢٠٠٦ ، بەردەرەش بوو بە قەزا لە قەزای ئاکرێ ببیتەوە دەڤەرەکی سەربەخۆبیت ،

بەردەرەش بوو هەفتەمین قەزا سەر بە پارێزگای دهۆکێ و دوو ناحیەی نوێ هاتنە دامەزراندن (( استحداث )) لەگەل سەنتەوی ناحیەی کەلەك بە قەزای بەردەرەش هاتە هژمارتن ، بەردەرەش لە سێ ناحیە پێکهاتووە کە ئەمانەن :-

١. بەرێوەبەرایەتی ناحیەی روڤیا
٢. بەرێوەبەرایەتی ناحیەی دارەتوو
٣. بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کەلەك نوێترین دەڤەرداریا پارێزگەها دهۆکی یە،

لە روژی ١٢ ـ ١٠ـ٢٠٠٦دواى دەرچوونی بریارەکە بە ماوەیەك ، لە رێورەسمێکی شایستە و لە رۆژی ٨/٤/٢٠٠٧ و بە ئامادەبوونی رێزدار (تمر رەمەزان) پارێزگاری دهۆك و ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی حکومی وحزبی وریش سپی و جەماوەرێکی زۆری دەڤەرەکە ، بەردەرەش وەك قەزا کەوتە کار . و یەکەم قایمقامی قەزای بەردەرەش رێزدار ( مازن محمد سعید ) بو لە رۆژی ١٢/٤/٢٠٠٧دەستی بەکاری خۆی کرد.

ناوی گوندەکانی سەنتەری قەزای بەردەرەش : ١ ـ زمزموك ٢ ـ مەموزین ٣ ـ ئامیان ٤ـ ئامیانوك ٥ـ شیوەرە ٦ـ زەوی رەش ٧ـ کانیلان

دانیشتووانی بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٢

| ناو | ژمارەی دانیشتوان | دانیشتوانی شارۆچکە | دانیشتوانی لادێ | چری دانیشتووان ژمارەی دانیشوان بو کم٢ | تێکرای قەبارەی خێزان |
|---|---|---|---|---|---|
| قەزای بەردەرەش | ١١٦,٥٨٧ | ٣٣,٤٣٪ | ٦٦,٥٧٪ | ١١٧ | ٧,٩ |

لە خشتەی خوارەوە ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی سەر بەقەزای بەردەرش دیار دەکەین بە پێ ی سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧ هەروەها لەگەڵ ڕووبەری گوندەکان بەدۆنم /لەو کاتی بەردەرەش ناحیە بوو

| ز | ناوی گوند | ژمارەی دانیشتوان | رووبەر بەدۆنم |
|---|---|---|---|
| ١. | ئامیان | ٢٣٠ | ٢٢٦٠ |
| ٢. | ئامیا نۆن | ٥٦ | ٥٧٠ |
| ٣. | ئەنجیرۆك (بەرگێل) | ٤٤٦ | ٥٦١٠ |
| ٤. | ئۆمەرسێنان | ١٤٣٣ | ٤٠٦٨ |
| ٥. | ئیسماوە | ١٥٣٥ | ٥٦٦٠ |
| ٦. | یەکمالە | ٤١٩ | ١١٧٥ |
| ٧. | ئەلاهی | ١٢٠ | ٣٣٦٧ |
| ٨. | بامەڕزێ | ٩٢٣ | ٤٨٦١ |
| ٩. | بەردەرەشی گچکە | ١٢٤٥ | ٢٩٢٧ |
| ١٠. | بەردەڕەشی گەورە | ٥٩٩٨ | ١٩٨٢ |
| ١١. | بەنێنان | ٢٢٧٠ | ٦٥٧٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢. | بەهراوە فقێ | ٤٥٣ | ١٥٠٩ |
| ١٣. | بەهراوە نوێ | ٢٠١ | ١٧٣٥ |
| ١٤. | بەهراوە خورشید | ١٣٥ | ١٤٥٠ |
| ١٥. | بەردەزیڤ | ٩٣ | ١٠٤٥ |
| ١٦. | بەردەسۆر | ٥٨٠ | ١٦٩٨ |
| ١٧. | پیربووب | ١٩٤ | ١٥٨٣ |
| ١٨. | بیۆك | ٣٢٩ | ٢٧٣٧ |
| ١٩. | تریەسی | ٤١٦ | ٤٦٢٢ |
| ٢٠. | تۆبزاوەی ژێری | ٣٢٦ | ١٩٣١ |
| ٢١. | تۆبزاوە ژووری | ١٧٤ | ٤٣٥١ |
| ٢٢. | پەلاسان | ٧٥١ | ٤٤٠٣ |
| ٢٣. | پیرچاوش | ٨٦٥ | ٥٦٣٥ |
| ٢٤. | جوجەری گچکە | ٦٧٤ | ٤٠٠٥ |
| ٢٥. | جوجەری گەورە | ٩٥٣ | ٤٦٩٩ |
| ٢٦. | حەسەنیە | ٧٢٤ | ١٨٢٣ |
| ٢٧. | خاروك | ٥٤٥ | ١٢٦٠ |
| ٢٨. | خەندەك | ١٨٢ | سەربە گوندی بەنێنانە |
| ٢٩. | خرابە سەعدون | ٢١٦ | هەزار جۆت |
| ٣٠. | خرابە واش | ٣٨٢ | پیر چاوشە |
| ٣١. | خرابە یاسین | ١٧٥ | ٢٢٩٢ |
| ٣٢. | خەمیس کوچك | ١٢٠ | ٣٢٢٦ |
| ٣٣. | خێلەکی | ١٥٠٣ | ٥٤٦٥ |
| ٣٤. | دارەتوو | ١٨٨٢ | ١٤٠٦١ |
| ٣٥. | دلەرێ | ٨٢٥ | ٣٣٩١ |
| ٣٦. | دەربێستانی گەورە | ٥٦٠ | ٣٣٥٤ |
| ٣٧. | دەربێستانی گچکە | ٢٧٦ | ١٩٣١ |
| ٣٨. | درین بۆت | ٥٩٥ | ١٤٥٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ☐ | ٣٩. | دۆستەك | ٣٣٢ | ٢٨٤٨ |
| ☐ | ٤٠. | دووسەرە | ٩٤٥ | ٤٤٣٤ |
| ☐ | ٤١. | دوگوندانی گەورە | ١٠٩٤ | ٣٢٥٦ |
| ☐ | ٤٢. | دوگوندانی گچكە | ٦٤٨ | ٣٧٩٨ |
| ☐ | ٤٣. | دولێنجان گچكە | ١٣٩ | ٤٠٠٥ |
| ☐ | ٤٤. | دولێنجان كەتۆ | ١٧٤ | |
| ☐ | ٤٥. | دولینجان مەزن | ١٢٠٩ | |
| ☐ | ٤٦. | دیناران | ٤٨٦ | ٢٧٦٣ |
| ☐ | ٤٧. | ڕۆڤیا | ٥٩٧ | ٢٦١٣ |
| ☐ | ٤٨. | زەوی ڕەش | ١٣٤ | |
| ☐ | ٤٩. | زەنگەنان | ١٦٢٦ | ٥٣٧٩ |
| ☐ | ٥٠. | زمزمۆك | ٢٨٨ | ١٨٥٥ |
| ☐ | ٥١. | زێلكە عەتكۆ | ٣٢٥ | ٢٧٠٠ |
| ☐ | ٥٢. | سێگردك | ٢٦٣ | ١٧٦١ |
| ☐ | ٥٣. | شەمسەخر | ٣٤١ | ٢٨٩٨ |
| ☐ | ٥٤. | شێخالك | ٥٤٥ | ٣٧٤٤ |
| ☐ | ٥٥. | شێخانۆی سورچیە | ٣٤٥ | ٢٩١٠ |
| ☐ | ٥٦. | چەسە | ١١٢٩ | ٦٥٦٢ |
| ☐ | ٥٧. | گەلووك | ٦٤٧ | ١١٤٣١ |
| ☐ | ٥٨. | گربەویل گچكە | ١٣٩ | سەربەگوندی گەورەیە |
| ☐ | ٥٩. | گربەویل گەورە | ١٥٣ | ١٢٥١ |
| ☐ | ٦٠. | گربدەو | ١٠٩٦ | ٩٣٣٦ |
| ☐ | ٦١. | گردەپان | ١٤٤٢ | ٤٩٠٩ |
| ☐ | ٦٢. | گركەجوو | ٤٩٣ | ٢٢٠٢ |
| ☐ | ٦٣. | گرێگا | ٣٨٧ | ١٩٩٣ |
| ☐ | ٦٤. | كۆراو | ٣٤١ | ٤١٧٨ |
| ☐ | ٦٥. | گۆمەزەرد | ٨٣٣ | ٧١٢٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٦. | عەلی شانە | ١٣٧ | ٢٠٥١ |
| ٦٧. | قەرەناز | ٣١٣ | ١١٥٢ |
| ٦٨. | قولەڕەش | ١٠٥ | كانی هەسپان |
| ٦٩. | قادسییەی گەورە | ٥٠٧ | ٢٢٥٧ |
| ٧٠. | قادسییەی گچكە | ١٩٩ | ١٧٦٧ |
| ٧١. | كانی هەسپان گەورە | ٧١١ | |
| ٧٢. | كانی هەسپانی گچكە | ١٤٠٠ | ٤٠٥٨ |
| ٧٣. | كەورە سۆر | ١٢٤ | ٧٧١٠ |
| ٧٤. | كەونە باك | ١٣٠٢ | ٤٩٢٠ |
| ٧٥. | كەلكان | ٢٤٠ | |
| ٧٦. | كەندالە سۆر | ٢٦٤ | ٤٥٥٦ |
| ٧٧. | مەمو زین | ٤٨١ | ٢٧٠٣+ ١٢٠٠ شوراك |
| ٧٨. | موریلان | ٨٨٠ | ٦٥٩٢ |
| ٧٩. | نەزراوە | ٤٠٩ | ٢٦٨٨ |
| ٨٠. | هەزارجۆت | ٩٠٢ | ١٥٦٣ |
| ٨١. | شیوەڕێ | ٣٥٠ | ١٤٨٨ ئاخوردە |
| ٨٢. | كانیلان | ١٨٠٠ | ٣٤٧٢ |
| ٨٣. | بشیریان | ٢٩٣٩ | ٣٧٥٨ |
| .٨٤ | گەویلانی كوردان | ٢٦٥ | |
| .٨٥ | گەویلانی ئازاد | ٢٣٢ | |
| ٨٦ | گریدەو نوێ | ٤٩٦ | ١٢٥١ |

/ئێستا ئەو گوندانە بەسەرهەرسێ ناحیەی: دارەتو ،روڤیا ،كەلەك بەپێی نەخشە ئیدارییەكانیان دابەشكرانە ،

## مێژووی دامودەزگاکانی میری لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش★

- بە ناحیە بوونی بەردەڕەش لە ساڵی ١٨٩٠

- کردنەوەی بنکەی پولیسی بەردەڕەش لە ساڵی ١٨٥٠
- کردنەوەی فەرمانگەی دارایی بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٣٠
- کردنەوەی فەرمانگەی باری شارستانی لە بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٤٧
- کردنەوەی بنکەی تەندروستی بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٤٤
- کردنەوەی کشتوکاڵی بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٧٨
- کردنەوەی فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٦٠
- کردنەوەی یەکیتی زانایانی ئایینی ئیسلامی بەردەڕەش لە ١٩٩٢/٢/١٩
- کردنەوەی فەرمانگەی ئاوی بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٧٩
- ڕاپەرینی بەردەرەش( دەروازەی ڕاپەرینی بادینان ) لە ١٩٩١/٣/١٢
- کردنەوەی کەرتی تەندروستی بەردەڕەش لە ٢٠٠٧/٤/ ١٥
- بە قەزا بوونی بەردەڕەش لە ٢٠٠٧/٤/٨
- کردنەوەی نوسینگەی زانیاری بەردەڕەش لە ٢٠١١/٤/١٧
- کردنەوەی بانکی بەردەڕەش لە ٢٠٠٥/٥/٢٥
- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پولیسی بەردەڕەش لە ٢٠٠٧/٥/٣
- دامەزراندنی سەنتەری ڕۆشنبیری بەردەڕەش لە ١٩٩٥/٥/٤
- دامەزراندنی ڕێکخراوی هەنگاو لە بەردەڕەش لە ٢٠٠٩/٥/٤
- کردنەوەی فەرمانگەی کارەبای بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٧٥
- دامەزراندنی یەکیتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠

- دامەزراندنی یەکیتی قوتابیانی کوردستان لە بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٧١
- کردنەوەی بنکەی نەهێلانی تاوان لەبەردەڕەش لە ٢٠١٠/٧/٣
- کردنەوەی پەیمانگەی تەکنیکی بەردەڕەش لە ٢٠٠٩/٧/١
- کرنەوەی بنکەی تەندروستی خازر لە ٢٠٠٨/٨/١
- کردنەوەی بەریۆەبەرایەتی پەروەردەی بەردەڕەش لە ٢٠٠٧/٨/٢
- کردنەوەی بنکەی وەرزش و لاوان لە بەردەڕەش لە ٢٠١١/٨/١٦
- کردنەوەی دادگای بەرایی بەردەڕەش لە ٢٠٠٠/٨/١٩
- کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەردەڕەش لە ٢٠٠٨/٨/٣١
- کردنەوەی نوسینگەی بەدوا داچوونی توندو تیژی دژی ئافرەتان لە ٢٠١١/٨/٣
- کردنەوەی بنکەی ئاگر کوژێنەوەی بەردەڕەش لە ٢٠٠٥/٩/٤
- کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری وهونەری بەردەڕەش لە ٢٠٠٩/٩/١
- کردنەوەی یەکەی سەرپەرشتیاری بنەڕەتی لە ٢٠٠٧/٩/١٥
- کردنەوەی هۆبەی دارستان لە بەردەڕەش لە ٢٠٠٩/١٠/٢٦
- دامەزراندنی کەرتی یەکیتی ماموستایانی کوردستان لە ٢٠٠٤/١٠/٤
- کردنەوەی فەرمانگەی سامانی ئاژەڵ لە ١ / ١١ / ١٩٧٧
- کردنەوەی بنکەی ئاسایشی بەردەڕەش لە ١٩٩٥/١١/١
- دامەزراندنی یانەی وەرزشی بەردەڕەش لە ١٩٩٤/١١/٢٦
- کردنەوەی نوسینگەی گواستنەوەی بەردەڕەش لە ٢٠١١/١١/٢١
- کردنەوەی تیبێینەرایەتی تومارکردنی خانوبەرە لە ٢٠٠٧/١١/١٩
- کردنەوەی بنکەی پولیسی هاوار هاتن لە ٢٠٠٩/١٢/٢٤

ە کردنەوەی بنکەی چاودیرّی بازرگانی لە بەردەرەش لە ٢٠١١/١٢/١

⋆لە ساڵنامەی٢٠١٢ پەروەردەی قەزای بەردەرەش وەرگیرایە

# لێدووانی دووەم :

## یەکەکانی کارگێری سەر بە قەزای بەردەرەش( کەلەك ، دارەتوو ، رۆڤیا )

## ١. یەکەی کارگێریناحیەی کەلەك

<u>کورتە باسێك لەسەر ناحیەی کەلەك :</u>

کەلەك لە سالی ١٨٨٠ سەر بە دەڤەری شێخان بوو ، لە سالی ١٩٣٠ بە قەزای ئاکرێ بەستراوە تاکو لە سالی ١٩٦٨ خرایە سەر قەزای ( حمدانیە ) و لەسالی ١٩٧٢ کەلەك بوو ناحیە و لە (٢٨) گوند پێکدەهات و سەر بە قەزای حمدانیە بوو تاکو لە ( ١٩٨٧/٦/١١ ) بە پێی ناحیەی کەلەك هاتە هەلوەشاندن و لەگەل ( ٢٨ ) گوندەکە سەر بە قەزای حمدانیە مانەوە ، تاکو سالی ١٩٩٧ بە بریارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە کەلەك بوو ناحیە و سەر بە قەزای ئاکرێ بوو ،دووای بە قەزا بوونی بەردەرەش لە سالی ٢٠٠٦ کەلەك لە قەزای ئاکرێ دابڕاو بە قەزای بەردەرەش لکێندرا ، ناحیەی کەلەك رووبەرەکەی گشتی ( ٤١,٠٠٠ ) دۆنم دەبیت ، لە سالی ٢٠٠٠ سەرۆکایەتی شارەوانی کەلەك و بشیریان هاتنە دامەزراندن و ناحیەی کەلەك ژمارەیەك پرۆژەی گرنگی لێجێ بەجێکراوە ، کەلەك لەبەر ئەوەی دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی ( هەولێر – موسل ) ولە سەر رووباری زیێ گەورەیە ، شوێنەکەی زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشت و گوزاری .

**ژمارەی گوندەکانی سەر بە ناحیەی کەلەك ( ٢٨ ) گوند و گوندەکانی ئەمانەن :-**

**کۆمەلگای بشیریان** ، کەورە سۆر ، گەویلان بۆتان ، گەویلان ئازاد ، ئاج قەلا ، نازمیە ، خازری نوێ ، کە هندێکیان دوای پرۆسەی ئازادی عیراق رزگار کران و ئیستا لە ژێر سیبەری حکومەتی هەریمی کوردستاندان .بەلام گوندەکانی دەکەونە سنوری ماددەی ١٤٠ ی

دەستوری عیراق کە تاکو ئیستا جیێ ناکوکین گوندەکانی تر بە پیێ توانا هاوکارییان بۆ دەکات ، ئەمانەن :-

| ز | ناوی گوند | ز | | | ناوی گوند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زەنگەل | ٨ | بەدەنەی بچووك | ١٥ | منگوبە |
| ٢ | کولەبور | ٩ | بەدەنەی گەورە | ١٦ | تل اسود کچکە |
| ٣ | تولەبەن | ١٠ | ترجلە | ١٧ | علیاوەتل اسود گەورە |
| ٤ | گەزەکان | ١١ | زهرە خاتون | ١٨ | چەمە کور |
| ٥ | قصروك | ١٢ | مفتیە | ١٩ | حسن شامی |
| ٦ | تورکوماس | ١٣ | ئاج قەلا بچووك | ٢٠ | سیڤدینان |
| ٧ | شێخەمیر | ١٤ | بحرە ( شیرەکان ) | | |

# کەلەك

کەلەك گوندێکی گوند نشینی کەونە، دەکەوێتە سەر ئاوی زێی بادینان هەردوو پارێزگای هەولێرو موسل پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر لە دێر زەمانەوە شوێنێکی ستراتیژی گرنگ بووە، رێگای هاتووچۆی بازرگانیو لەشکرکێشی بووە کەبە مەنجەڵو کەلەكو قایغو دوبە پەرینەتەوە، بازنە ئاسا لە نێوان هەردوو دەڤەری سۆرانو بادینان، ، تاکو دەوروبەری ساڵانی ١٨٠٠ئێزیدی تێدا ئاکنجیبوون ،هەر لەبەر هەندێ بەرێبەکەلەکی داسنیان یان بەکەلەکی عەبدولعەزیزی ناودەبرا.کەلەك دەکەویتە باشوری بەردەرەش بە دووری ٤٢کم ،لەساڵی١٨٨٠ز سەر بە دەڤەری شێخان بوو جونکی ئیزدی تێدا دەژیان و لە ژێر دەستهەلاتی میری ئامێدی بوو،ساڵی ١٩٣٠ هاتە گرێدان بە قەزای ئاکرێ،لە ساڵی١٩٦٨ ناوچەی قەرەقۆش (حمدانیە )بو بە قەزا ناوچەی کەلەکیان پێوە کرێدا ، ساڵی ١٩٧٠ بەرێوەبەرایەتی ناحیە تێدا دامەزرا فەرمانی بە ناحیە بوونی دەرچوو بریتی بوو لە ٢٨ گوند ، لە رۆژی١١ـ ٦ـ١٩٨٧هەلوەشایەوە بوو بە گوند سەر بە حمدانیەلە ساڵی ١٩٩٧سەر لە نوی بووە بە ناحیە ، رووبەری گشتی ناحیەی کەلەك دەگاتە ٣٢٥کم٢ کیلۆمەتر چوار گۆشە لە ٢٣گوند پێك دێت، سەرجەم دانیشتوانی کوردن تەنها ٣سێ گوند

نەبێت عەرەب تێدا دادەنیشن.کوردنشینە کوردەکان گشتیان گۆرانن لە تیرەو بەرەبابی (شێخ بزینی - بۆت - ڕەشگەری –زەنگەنە،،،،) کوردی شەبەك لە ٧ حەفت گوند دادەنیشن ، زەنگەنە لە سێ گوند دادەنیشن کاکەیی سالروری(صارولی) لە چوار گوند نیشتەجێ بوونە لەسالی ١٩٧٨ بۆ ماوەیەکی نادیار ئیدارەی ناحیە تێدا هاتە راگرتن وەلە سالی ١٩٨٩ناحیە بەتەواوەتی تێدا هەڵگیرا. دووای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١لە سەردەمی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانلەسالی١٩٩٧ سەرلەنوێبەڕێوەبەرایەتی ناحیە هاتە دامەزراندن حاکم قادر، حاکم بەشار بەڕێوەبەراتی ناحیەیان دەگێڕا .(٥٠ ).

## بۆ کەلەك بە کەلەکی یاسین ئاغا ناو دەبرێ

ئیزدی بەنەتەوە کوردی ڕەسەنن ، پێش سالانی ١٧٠٠ هەولێرو دەوروبەری لەژێر فەرمانڕەوایی ئێزیدیان بوو ، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەردەوام ناکۆکیو دووبەرەکی لە نیوان میرانی کوردو کوردی ئێزیدی دورست دەکرد بەناوی ئاینی ئیسلامی پیرۆز، غەزایان دەبردە سەر ئێزیدیان، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتی خۆیان.ئێزدی پرسەنگی سەرکەوتن بوون لە گەل کام لای بانایە ئەولا سەردەکەوت ،

یاسین ئاغای گەورە لەگەل چەند خێزانێکی خزمو کەسی خۆی لەناو عەشیرەتی (شێخ بزێنی) لەقەراغ ڕووباری زێی بچووك (زاب الاسفل) نزیکەی ٥٠ گوند دەبێت دەکەونە سەر سنوری نێوان هەردوو قەزای چمچەمالو کۆیسنجق لە هەردوو پارێزگای کەرکوكو هەولێربوون. خودی یاسین ئاغا لە گوندی (پەلکانە) ی سەر بەقەزای چەمچەمال لەناو عەشیرەتی شێخ بزێنی لەگەڵ کۆمەلە زەلامێك هاتبوونە کەورگۆسکی لای عەزیز ئاغای کە دەکاتە ئامۆزای خۆی، پێکهاتبوون چەند سالەك بەخێزانەوە لەوێندەرێ مابوونەوە.

دوای لەقبوونی شوێنی ئێزیدیان لەکەلەکێ سالی ١٨٠٨زاینی یاسین ئاغای گەورە لەگەڵ ٣٠ی سواری خزمی خۆی لە زێی گەورە پەڕینەوەو هاتبونە گوندی کەلەکێ هەڕەشەیان لەگەورەی ئیزیدیان (حوسێن کەفنی) ئیزیدی کردبوو گوندی کەلەك بەجێ بهێلێو چۆلی بکات نەکو بەشەڕ دەردەکرێن (حوسێن کەفنی) ئێزیدی لەگەڵ گەورە پیاوانی نزیکی خۆی کۆببۆوە لەکۆتایی بڕیاریان دابوو بەبێ شەڕ کەلەك چۆل بکەن بەناچارێباریان کردبوو.

چونكە لەو سەردەمی كاودانیان نالەبار بوو،میرنشینی سۆران داخی لە ئیزیدیان هەبوو، بەبێ شەڕ یاسین ئاغا لەگەل خزم‌وكەسانی نزیكی خۆی لە كەلەك ئاكنجی بوون ، سەجەرەیان :یاسین(١) ، مەلا ئەحمەد، محمود، ئەحمەد، یاسین(٢) ، مولود ، یاسین(٣) ، عبداللە ، یاسین(٤)، .یاسینی دووەم سێ كوڕی هەبوو :ئەحمەد و قادر و مەولود.

مەولود سێ كوڕی هەبوو: یاسین(٣) و محەمەد و سلێمان .

## ( مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانیلە كەلەك)

لەسەر زاری چەند تەمەنداریكی ناوچەی گۆرانەتی ـ بەردەرەش ـ دەگێرنەوە شێخ عەبدولقادری گەیلانی ـ قەددەسە اللە سرەهو ـلە ٤٧٠ـ ٥٦٠سالی كۆچی ژیاوە لەشاری گەیلانی كوردستانی رۆژهەلات بەناو كوردستانی باشور بەرەو شاری بەغدا كەوتۆتە رێ بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاریەكی تەواو لەسەر ئاینی ئیسلامی پیرۆز .پێش دەرچوونی دایكی وەسیەتی كوڕی خۆی ـ شێخ عەبدولقادری كردبوو (ئەوەی درۆبێت لەسەر زاری نەهێتە دەری٧)چل زێری پێدا بوو لەناو گۆپالە خلۆرەكەی شاردبۆوە .گەیشتبووە حاویەی گوندی بشیریان ئەو سەردەمەی هەموو دەحلەو دڕی و پیشی بووە ، رێگایەكی بەناو دا دەرۆیشت ،زاراوەی گوندی بشیریان ناوەكەی بەخۆیەوە یە: بیشی + رێ =بشیریان یان بیشیریان دانیشتوانی بۆتن ، لەگوندی بیشریانی ناوچەی بۆتانی كوردستانی توركیا هاتونە هەمان ناویان لێناوە .چەند دزێك لەناو بیشی هاتبوونە پێشیان بۆ رووت كردنیان ، بێ ئەوەی بیناسن ،پێیان دەلێن هەرچی لاتە پێمان بدەئەویش دەلێت ٤٠:زێرم پێیە

دزەكان خێرا هەلدەكوتنە سەری بەیرەو دەقی جلەكانی دەپشكنن هیچ نادۆزنەوە ،پێی دەلێن :بۆدرۆمان لەگەل دەكەیت شێخ گووتی :ئەوە لەناو كلكی گۆپالەكەمە ، پەرۆیان لەناو كلكی گۆپالی راكێشا چل شەنگەسوور-زەنگە زۆرە لەناو كونیكلكی گۆپالەكەدەرهاتن بەسەرو گوێلاكی دزەكان وەربوون ما پێیان وەبدات، بووە هاوار هاواری دزەكان ، خۆیان هاویشتە راو بەختی شێخیدوای هێرو بوونەوە شێخ عەبدولقادریگەیلانی ئامۆژگاریەكەیدایكی بۆگۆتن وخۆی ئاشكرا كرد،دزەكان لەسەر دەستی شێخی نازدار تۆبەیان وەرگرت و بوونە دەروێش و مورید یشێخ عەبدولقادری گەیلانی. دزەكان لەسەر دەستی شێخی نازدار تۆبەیان وەرگرت و بوونە دەروێش و موریدی شێخ .شێخ لەئەشكەوتی نێوان كەلەكی یاسین ئاغاو گوندی

بیشیریان چل رۆژان بەخواردنێکیکەم خەلوەی کێشا ئیستا بەئەشکەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ناو دەبرێت ،ئەنجا بەرەو شاری بەغدا لەگەڵ دەروێش وموریدەکانی رۆیشتن .

# ٢ ـ یەکەی کارگێری ناحیەی دارەتوو

**کورتە باسێك لەسەر ناحیەی دارەتوو :**

دارەتوو یەکێك لە گوندە گەورەکانی قەزای بەردەرەشە کە دەکەوێتە سەنتەری دەڤەری بەربنی ،لە نزیکەی( ٦٠ ) شەش سەد خێزان پێکهاتوو و ژمارە دانیشتووانی لە ( ٣,٥٠٠ ) سێ هەزار و پێنج سەد کەس زیاترە روبەرێ عەردێ چاندنێ دەگاتە ( ١٣,٥٨٥ )دۆنمە ئەو زەویەی بە کێل چاندنێ ناهێت دەگاتە ( ٣,١٠٦)دۆنم ،و ە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە( ١٠) لە رۆژی ١٢ ــ ١٠ـ٢٠٠٦ فەرمانی بە قەزابوونی بەردەرەش دەرچوو ،ناوچەی دارەتو هاتە نوژەن کردن یەکەیەکی کارگێڕی سەر بەخۆ بە ناوی ناحیەی دارەتو دەست نیشان کرا،

لە رۆژی١٢ـ ١٠ـ ٢٠٠٦دارەتو بەفەرمی بوو ناوچەو (٢٩) گوند لە خۆ دەگریت شوێنی : دارەتو دەکەویتە رۆژهەلاتی قەزای بەردەرەش بە دووری ١٢دوازدە کیلۆمەترروبەری سنوری ناوچەی دارەتو(٤٢٥)کم دووجا ،دەبیتە ١٦٧,٤٤٧دونەمی عەردێ، ژمارەی دانیشتوانی ٢٨٠٥٨١کەسن،هەمووی کوردی موسلمانن رەشگەرینە گۆرانن،لە کۆنەوە بنکەیەکی تەندروستی لێ هەیە ، بویە لە سالی/٢٠٠١ هەلبژاردنی سەرۆك و ئەنجوومەنی شارەوانی لێ ئەنجامدرا و سەرۆکایەتی شارەوانی دارەتوو کرایەوە و دەست بە کار بوو و بە پێی ئیمکانات خزمەت گوزاری رۆژانە پێشکەش بە هاوولاتیان دەکات . بۆیە لەگەل بڕیاری بە قەزا بوونی بەردەرەش ناحیەی دارەتوو ( استحداپ ) کرا ، و یەکەم بەرێوەبەری ناحیەی بەرێز ( هڤال محمد شریف ) لە رۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٨ دەست بە کاربوو . دوای ئەوەی دارەتوو بوو بە ناحیە ژمارەیەك پرۆژەی لێ دروست کرا

ناحیەی دارەتوو لە ( ٢٨ ) گوند پێکهاتووە کە ئەمانەن :-

زەنگەنان ـ کەونەباك ـ خاروك ـبارەوان گەوەرە ـبارەوان کچکە- دوگوندان گەورە ـ کۆراو-

دوگوندان کچکە۔ قادسیە گەورە ۔ قادسیە کچکە ۔ دووسەر ۔ تربە سپی ۔ درین بۆت ۔ بیوك ۔ گەلوك ۔ شیخالك ۔ گردەپان ۔ هنجیروك نویٚ ۔ هنجیروك کۆن ۔ بەنینان ۔ خەندەك ۔ دالەریٚ ۔ شەمسەخر ۔ مۆریلان ۔ خرابە یاسین ۔ گربدەو نویٚ ۔ گربدەو کۆن ۔ گومەزەرد .

## ٣ـ یەکەی کارگێری ناحیەی رۆڤیا

<u>کورتە باسێك لەسەر ناحیەی روڤیا :</u>

روڤیا یەکێك لە گوندە گرنگەکانی بەردەرەش و دەکەوێتە سەنتەری دەڤەری ( دەشتی ) ناوکور ،لە سەر سێڕیانەکی گرنگە ،هەر سێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و موسل پێکەوە دەیان بەستیتەوە ، یانکو هەر سێ قەزای ئاکرێ و شێخان بەردەرەش پێکەوە گرێدەدات، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە( ١٠ ) لە رۆژی ١٢ ـ ١٠ـ٢٠٠٦ فەرمانی بە قەزابوونی بەردەرەش دەرچوو ،ناوچەی روڤیا هاتە نوژەن کردن یەکەیەکی کارگێڕی سەر بەخۆ بە ناوی ناحیەیروڤیا دەست نیشان کرا، بۆیە لەگەل بە قەزا بوونی بەردەرەش بە پیێ بریاری ئەنجوومەنی وەزیران حکومەتی هەرێمی کوردستان ناحیە روڤیا ( استحداپ) کرا . ٢٧ــ ٥ ــ ٢٠٠٧ یەکەم رێڤەبەری ناحیە ( قادر عزیز قادر)دەست بەکار بوو ، روڤیا دەکەویتە باکوری قەزای بەردەرەش بە دووری (١٦ ) شازدە کیلو مەتر ،وە باشوری قەزای ئاکرێروڤیا پێك هاتیە لە ٤٢ گوندان ٤١ گوند ئاوەدانە، دانیشتوانی زۆربەی کوردی موسلمان لە (هەر چار عەشیرەتی گۆران سورچی زێبار هەرکی ) پێك هاتیە ، تێدا ئاکنجینە پێکەوە بە برایانە دەژین، ژمارەی دانیشتوانی( ٢٩٠٠٠ ) کەس دەبن روبەری ٢٩٠کم دووجایە دەبیتە ١١١٣٦٣دونم زەویپاش بوونی بە ناحیە پێشکەوتنێکی باش بە خۆوە بینی لە رووی ئاوەدانی و خزمەت گوزاری جۆرا و جۆر وەك دروستکردنی کۆمەلکای کارگیری و فراوانکردنی پرۆژەی ئاوی روڤیا و کردنەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی روڤیا ، و ( ٣٢ ) خانوو لەسالی ١٩٩٨ بۆ برا مەسیحیەکان لە گوندی هزار جووت دروست کرا ،ژمارەی دانیشتووانی ناحیەی روڤیا لەگەل گوندەکانی سەر بە ناحیەی ( ٢٨,٧٩١ ) کەس دبیت روڤیا یەکێك لە گوندە گرنگەکانی

بەردەرەش و  دەکەوێتە سەنتەری دەڤەری ( دەشتی ) ناوکور ، بۆیە لەگەل بە قەزا بوونی بەردەرەش بە پیێ بریاری ئەنجوومەنی وەزیران حکومەتی هەرێمی کوردستان ناحیە روڤیا ( استحدات) کرا  ،روڤیا گوند بوو پیش بەناحیە بونی لە نێوان (٨٠- ١٠٠ ) مال پیك دەهات وژمارەی دانیشتوانی تەنها لە (٧٢٠ ) سەرخێزان بوو بەلام لە دوای بە قەزا بونی ناحیەی بەردەرەش روڤیا وەك ناحیا هاتە دەست نیشان کردن لەبەر گرنگی شوینی جوگرافی و گرنگی پیك هاتەی دانیشوانی وگونجاوترین شوین بو کە بکرێت بە ناحیە بۆ (٤٣ ) گوندی دەوروبەری ئیستا نزیکە لە (٤٣٠ ) مال ونزیکە لە (٤٠٠٠ ) سەر خێزان ورەنگی ناحیە و شار پێوە دیارە

گوندەکانی سەر بە ناحیەی روڤیا ئەمانەن : ــ

| ز | ناوی گوند | ز | ناوی گوند | ز | ناوی گوند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکمالە | ١٩ | جوجە کچکە | ٣٧ | گربەویل کچکە |
| ٢ | زێلکە عبدالعزیز | ٢٠ | جەنگە | ٣٨ | عەلیشانە |
| ٣ | دولیجان صالح | ٢١ | شێخانوك | ٣٩ | پیربوب |
| ٤ | دولیجان کتو | ٢٢ | سیگردك | ٤٠ | دوستەك |
| ٥ | دولیجان گارق | ٢٣ | کانی ئەسپان گەورە | ٤١ | حەسەنیە |
| ٦ | کەندالە سۆر | ٢٤ | هزار جووت | ٤٢ | ئەلاهی |
| ٧ | پەلاسان | ٢٥ | خرابە سعدون | | |
| ٨ | تۆبزاوە گەورە | ٢٦ | بەردەسۆر | | |
| ٩ | تۆبزاوە کچکە | ٢٧ | بەردە زیو | | |
| ١٠ | ئیسماوە | ٢٨ | چەمە | | |
| ١١ | بامەرزێ | ٢٩ | دەربێستان گەورە | | |
| ١٢ | خەمیس کچك | ٣٠ | دەربێستان کچکە | | |
| ١٣ | پیرچاوش | ٣١ | دولیجان گەورە | | |
| ١٤ | خرابە واش | ٣٢ | قەرەناز | | |
| ١٥ | کانی ئەسپان کچکە | ٣٣ | نەزراوە | | |
| ١٦ | گرێگا | ٣٤ | دیناران | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧ | گرگە جوو | ٣٥ | ئۆمەرسێنان | |
| ١٨ | جوجەر گەورە | ٣٦ | گربەویل گەورە | |

# وشەی روڤیا :

وەشەی روڤیا لە ئەسلی خوی (روییا) بە مانەی ئەو شوینی کە هەمو رێگا لە دەروا یان لێ تێپەر دەبیت وەك جوار رییان هەروەك ئاشکرایە جەند رێگا بەناو شاروجکەی روڤیا دەجیت وەك (دهوك- روڤیا – هولێر) و(دهوك – روڤیا – ئاکرێ – قندیل) و( ئاکرێ – روڤیا – موصل) و(دهوك – روڤیا – جمە - هولێر) هیشتا تەواو نەبووە جگە لەوەی کە رێگایەکی دەولییە لە نیوان کردستان و تورکا ورێگای ئۆتوبان یێ پیشنیارکراو لە نیوان تورکیا و کوردستان هەر لە روڤیا تێپەر دەبیت ئە و شوێنە جوگرافیا ستراتیجیا گرنگی دایتە روڤیا زۆر بە خیرایی پیش دەکەوێت خەلکی زۆر رو لە شاروجکەی روڤیا دەکات رۆژانە دانیشتوانی بەرەو زیاد بون دەروات

## بە دەڤەربوونی ناوچەرێکەوتی بە ناحیە بوونی روڤیا لە ٢٠٠٧/٥/٢٧

هەروەها کۆی رووبەری گشتی دەڤەرەکەمان بریتیە لە (١١١٣٦٣) دونەم زەوی و (٩٤٦٦٤) دونەم زەوی گونجاوە بۆ کشتوکاڵ و (١٦٦٩٩) دونەم زەویش ناگونێت بۆ کشتولبە پێی ئاماری سالی ٢٠٠٩ ژمارەی خێزانەکانی سنوورە ناحیەی روڤیا (٥٩٠٠) خێزانژمارەی دانیشتووان (١٦,٨٢٠) نێر ژمارەی دانیشتووان (١٨,٣٠٠) مێ ژمارەی گشتی دانیشتووانی (٣٥,١٢٠) کەس ژمارەی مامستایانی ئامادەیی (٥٢) ژمارەی مامستایانی بنەرەت (٣٦٢) ژمارەی مامستایانی باخجەی ساوایان (٣) ژمارەی قوتابینی ئامادەیی (٧٠٢) ژمارەی قوتابیانی بنەرت (٨١٦٥) ژمارەی قوتابیانی باخجەی ساوایان (٥٢)

.............................................................................................

*زانیارییەکان بە هاوکاری کارگێری قەزای بەردەرەش وەرگیرایە

# قەزای شێخان - ئێسفنێ -

سەنتەری قەزای شێخان دەکەوێتە ناو ملە زوورگێك کەپێ دەشتی زنجیرە چیای شێخانە،بەدووری (٥٠کم) دەکەوێتە باکووری پارێزگای موسڵ ، لەڕەخ کۆتایی زنجیرە چیای (سمروت). ئێسفن شارێکی زێدەکۆنە، بەداخەوە هەتائێستا وەکو پێویست توێژینەوەی مێژوویی لەسەر نەکرایە،لێرەو لەوێ مێژوونووسان ناوی ئەو شارەیان بەئێسفنێ ناو بردییە بۆی دەچن گوایە ئێسفنێ لەسەردەمی زەردەشتتیان هاتیتە ئاوەدان کردن.

فەرمانڕەوایەتی عوسمانیان (تورکەکان) لەدەوروبەری سالآنی ١٩٠٠ ناوی ئێسفنیان گۆری ناویان ناشێخان، چونکە واری شێخان یان مێرگەها شێخانەشێخانی ئێزدی ، ئێزدی زۆرتێدا دادەنیشتن ئێستا شێخان چەند نەتەوەو مەزهەبی جودا جودا تێدا ئاکنجی بوونە، وەکو کوردێن موسولمان کوردێن ئێزدی هەروەها کوردێن فەللە (کلدنو ئاشوورن)

## شێخان لەرووی ئیدارییەوە

قەزای شێخان لە ڕووی کارگێرییەوەکرابوو دووبەش ناحیەی ئەتروش بە فەرمی ساڵی١٩٩١ خرایە سەر پارێزگای دهۆك رووبەرەکەی ٥٩٦کم دووجایە،

بەشی دووەم سەربە پارێزگای موسل بوو،دووای وزگارکردنی عیراق لەساڵی ٢٠٠٣گەرایەوە سەر هەرێمی کوردستان، قەزای شێخان توشی دابڕین بووەلە ساڵی١٩٥٩ناحیەی باشیك لە قەزای شێخان دایانبڕی وکردیانە ناحیەك سەر بە سەنتەری پارێزگای موسل ،وەلەساڵی١٩٧٠ ناحیەی ئەلقۆش لە قەزای شێخان دابڕاو کردیانە سەر قەزای تلکێف ،

تاکو ساڵی ١٩٧٥ هەرسێ ناحیەی ئەلقوش- ناحیەی ئەتروش (مزوری) ناحیەی مرێبا، چەندین گوندی بەخۆیان گرتەبەر بەلآم لەساڵی ١٩٧٤ز لەبەر مەرامی سیاسی حکومەتی بەعسی فاشی بۆ تەعریب کردنی گوندە کوردنشینەکانی قەزای شێخان فەرمانی دەرکرد کەناحیەی ئەلقوش بەگوندەوە بکەوێتەسەر قەزای حەمدانیە لەرووی کارگێرییەوە.بۆگۆڕینی دیمۆگرافی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد

**ئێستا قەزای شێخان لەسێ ناحیە پێك دێت**

١ـ ناحیەی مزوری لەسەنتری شارۆچکەی ئەتروشە ٤١ گوندی لەخۆ دەگرت ڕژێمی بەعس هەمووی تەخت کردبوو ئەوە چەند سالێکە وا ئاوەدان بیتەوە.

٢ـ ناحیەی مریبا لە کۆمەلگای قەسرۆك بوو پاشان گواستراوە چرە،بریتی بوو لە٧٦گوند خراب کران و هاتنە ڕاگواستنەوەو تەعریب کردن ،

٣ـ ناحیەی باعەدرێ‌لە سەنتەری شارۆچکەی باعەدرێە ناحیەکی نوێیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دایمەزواند.

کەهەردوو کۆمەلگەی چرەو کەلەکچی لەئەنجامی تێکدانی ٩٦ گوندی کوردی ئەو هەردوو کۆمەلگەیە پێك هات دانیشتوانی نزیکەی (٥٣٧٩٤) کەس بەپێی ئاماری سالی ١٩٩٧، خەلکەکەی زۆربەی هەرە زۆری گۆرانن.(٥٥ )

ڕاگواستنەوەو تەعریب کردن، گوندە کوردنشینەکانی دەڤەری شێخان بە (٢) قۆناغ هاتنە ڕاگواستنەوە دەسپێکی تەعریبی یەکەم سالی ١٩٧٥ وەسالی ١٩٨٧ گوندەکانی قەزای شێخان وەکو ناوچەکانی تری کوردستان بەبەرشالاوی تەعریب کردن کەوت خەلکی گوندەکانیان بەزۆرەملێ لەسەر مولك ومالیان ڕاگواستەوە کۆمەلگەی چرەو کە لەکچی، عەرەبی حەدیدی لەجێگایان نیشتە جێ‌کران کوردەکان لەوکۆمەلگایانە ئاکنجی کران (مەهەت، رسالە، چرە، کەلەکچی،شێخکا، (النسریە)، باعەدرێ، بەدریکێ ، قەسرۆك.

ئەو ٩٦ گوندەگۆرانو شەرەفانی ومزوریو کوردیئێزدی بوون،مەزاری لالش پەرستگای ئێزدخانە دەکەوێتە قەزای شێخان گوندەکانی گۆرانان ئەمانە بوون:

( بابا، مووسەکا، گلەشین، قایماوە، نێچە،گرفەڤیر، زێلکان، خاتووناوا پیربووب، مەحمودان، کانی ساردك، تارق حەمە، بەرازی کچکە، بەرازی گەورە، جێبران،هەژیرۆك، گوداد، ئاودەلیان، گردکال، تاق،پیران، بێت ناسر، باقەسرێ،داکا، بابیرتێ، جەگان، مەلکێشانە، زیناوە، تل جۆمر، جفتە فوتیلی، مام رەشان، مەلابروان، دارەتوو، چەمەرەش، ئاڤەدل،خراپە). نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار سەرخێزان دەبوون .

# بەشی سێیەم:ڕووداو وشوێنەوارەکان

## لێدوانی یەکەم: شـــەڕی گـــۆگـــامیلا

### شەڕی دوو ئیمپراتۆرییەتی مەزن

### ئیمپراتۆرییەتی فارسی و یۆنانی

### ڕوداوێکی مێژووییە لەدەڤەری گۆرانەتی روویدابوو

**پێشەکی**

رێکەوتی ١/ تشرینی یەکەم / ٣٣١ پ. ز دەشتی ناکووڕ ببوو گۆڕەپانی شەڕگەی دوو دوو ئیمپراتۆرییەتی مەزن ئیمپراتۆرییەتی فارسی و یۆنانی ، هەڵکەوتنی شوێنی کوردستان وەك وڵاتێکی گەورەی داخراوی دوورە دەست لە کەنداوو زەریاو دەریاکان زیاتر باری جیۆلۆژیو جیۆپۆلەتیکی ئەم وڵاتە بەرەو سەختیو دژواری بردبوون. بۆیە خاکی کوردستانبەردەوام کەوتبوو ژێر پێی ئەسپ سواران و ڕمبازی وولاتانی بیانی، و یلایەتە کوردیان لەنێوان دوو بەرداشدا دەهاڕی.دەوڵەتە زلهێزەکان بەدرێژایی مێژوو، ناوە ناوە ناوچەکانی کوردستانیان هەڵدەتەکاند،زۆربەبێ ویژدانانەڕەفتاریان لەگەڵ خاك ومیللەتەکەماندا کردووە، کوردستانیان دەکردە پێگەی شەڕگەی خۆیان،لەئەنجامی سەرکەوتنی هەر لایەك میللەتی کورد زەرەرمەند دەبوو،بەخەستی تووشی تاڵان و کوشتن و مالوێرانی و نەهامەتی دەبوو.ئیمپراتۆریەتی فارسی و ئیمپراتۆریەتی یۆنانی دوو هێزی گەورەبوون، لەکاتی دەرفەتیان بۆ هەڵبکەفتبایە هێرشیان بۆسەر یەکدی دەبردو خاکی کوردستان کردبوو پێگەی شەڕگەیان، یەکێك لەوشەڕە هەرە ترسناك و بەهێزانەی کە لەسەرخاکی کوردستان

ڕویدابوو لەدەشتی ناوکوڕی سەربەدەڤەری  گۆرانەتی بوو.شەڕی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی بەسەرۆکایەتی ئەسکەندەری گەورە (٣٥٦-٣٢٣)پ.ز.ئیمپراتۆریەتی فارسی بەسەرۆکایەتی داریۆشی سێیەم ،دارای سێیەم٣٣٦ - ٣٣٠پ - ز شەڕبەدێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەك هۆكارێك لە لایەن میللەتانەوەسەیرکراوە بۆنەهێشتنی ناكۆكی وچارەسەرو بنبڕکردنی كێشەكان، وەبەدەست هێنانی سوود وقازانجی ئابووری كەزیاتر لایەنی ئابوری لەسەر بنیات نراوە ،شەریش بەزۆری لە دووای نەگەیشتن لەسەر ناكۆكییەكانیان ،بەگفتوگۆ ودانووستاندن چارەسەر نكرێن ،لەكۆتایی هێز بەكاردێت وپەلاماری یەكدی دەدەن، تێبینی: لە دووای لەناوچوونی رژێمی بەعسی صەدامی ، ئەمەریکا گەورەئەفسەرانی رەوانەی لێكولینەوە كرد لە سەر دیاریكردنی شوێنی رووداوی شەڕی گۆگامیلا،لە ئەنجامدا لەسەر تاشە بەردێك بە سێ زمان (ئەنگلیزی، کوردی ،عەرەبی ) نوسراوە مێژوو شوێنی شەڕەکە دیاری کرایە ،لە نزیك گوندی كانیلان لەسەر گردێكی بەرز بەرامبەر ئاوی گۆمل دانرایە .

## ناو وشوێنی گۆگامیلا:

ناوی‌ئەو شەڕە لەکتێبە مێژووییەکاندا بەگەلێك شێوە هاتییە وەکو :(کوکمێل ـ کاوگوملا ـ گۆکملا ـ كۆكملا ـ غۆغامیلا ـ کوکاملا ـ كۆكامالا ـ کوکامیلا ـجاوعمیلا ـ جاوجمیلا ـ كوكەنیلا ـ هەندە سەرچاوە دەلێن اربیلا )لەبەر ئەوەی شەڕیکی مەزن بوو بە زۆربەی زمانەکان نووسرایە هەر یەکە بەشێوەزار گۆتن و زمانی خۆیان نووسیوە،بۆیە دەربڕینی ووشەی گۆگامیلا  بەوەندە جۆرە گۆڕایە،لە كتێبی (بلوتارك ) گۆگامیلا: بەواتای ژینگەی حۆشترا‌ن یان خانەی وشترا‌ن وەرگیرایە ،وەهەندێ‌لەمێژوونوسان بە لەوەڕگای حۆشترا‌ن ناو دەبەن ، هەندێ لە نووسەران دەلێن : بنچینەی دروست بوونی ناوەکە پەیوەست دەکەن ،بەرووداوێکی مێژوویی ئەویش ئەوەیە :داریۆشی سێیەم پاشای فارسە ئەخمینیەکان ،لەو شەڕە زۆری نەمابوو لەناو بچێت ،لە پێدەشتەكانی دەشتی ناوكوڕ لە بناری چیای مەقلوب ، بەسواری حۆشتر ڕای کردبوو ، حۆشتر لەو مەینەتە رزگاری کردبوو، چونکە جزیرەی موسل و دەوروبەری بە دووڕکەی  ووشتر دەناسرا ،ئەو هەلاتنە لە گوندی گۆگەمیل یان گوندی (گۆمل)  بوو ،لەسەر ئاوی گۆملییە کە دەرژێتە ناو ئاوی رووباری خازر لە باكوری گوندی قایماوا ،لەسەر جسری مەندان رێگای بۆ دەچیتدەست ،نیشان كردنی شوێنی شەرەكە

بیروبۆچوونی جیاواز هەنەشوێنی ئەو شەڕە لەناوچەکانی نێوان هەردوو زێی گەورەو زێی بچووکە،لەسەر دەشتی خازر لەنزیك گوندی گۆمل کە دەکەوێتە بناری چیای مەقلوب بەلای باکوری ،ئیستا گوندی گۆمل نەماوە بەلام رووباری گۆمل ماوە کە دەڕژێتەە ناو ئاوی خازر لەسەر هەڤاری گوندی قایماوە بەلای باکورییەوە،

## ئەسکەندەری مەقدۆنی کێیە

لەسالی(٣٥٦)پ ـ ز لە مانگی تەمووز لە شاری(بیلا ) لەدایك بووە ،باوکی فیلیپی دووەم دامەزرێنەرو مەلیکی وولاتەکەی بووە ،سەرکردەیەکی سەربازی ناوداربووە،دایکی ناوی(ئۆلمبیاس) ئەمیرەت ئەبیرۆس وەکچی مەلیك(نیوبتۆلس)بووە، ئەسکەندەری مەقدۆنی لەلایەن باوکییەوە لەشکرێکی ئامادەکراوی بە هێزی لەبەر دەست بوو،ئەسکەندەری مەقدۆنی تەمەنی ١٢سالان بوو دەستی بەسوارچاکی کرد سواری هەسپێك بوو بەناوی(بۆسی فالۆس) کەس نەدەوێرا سواری ببێت،باوکی بە شانازییەوە پێی گوت لەوولاتێك بگەرێ شایستەی تۆ بێتئەوهەسپە لەلای مابوو تاکوو لە هیند تۆپی لەوێ شارێکی بەناوی (بۆسی فالۆس) ئاوا کرد،دووای ئەوەی باوکی ئەسکەندەری مەقدۆنی شارو پارچەکانی یۆنانی رێك خست بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ئیمپراتۆریەتی فارسی بەلام سالی٣٣٦پ ـز کوژرا و مرازی حاسل نەبوو ،هێشتا تەمەنی ئەسکەندەری مەقدۆنی نەگەیشتبوو ٢٠سالی دەستهەلاتی وەرگرتوو بوو مەلیکی مەقدۆنی توانی زال بیت بە سەر هەموو دوژمنانی و لەشکرێکی بەهێزی دامەزراند تاوەکو هێرش بکاتە سەر ئیمپراتۆریەتی فارسی کە باوکی بڕیاری لەسەر دابوو،لەو سەردەمیئیمپراتۆریەتی فارسیکەورەترین ئیمپراتۆریەت لە دونیادا،ئەسکەندەری مەقدۆنی توانی بەچار شەڕی گەورە ئیمپراتۆریەتی فارسی داگیر بکات،شەڕەکان ئەمانەن:

١ـ شەڕی ترانبکۆس ٣٣٤پ ـ ز لە رۆژ ئاوای ئەنازۆل،

٢ـ شەری ئیسۆس٣٣٣پ ـ ز لەنزیك شاری ئەسکەندەرۆنە،

٣ـ شەری گۆگمێلاسالی٣٣١پ ـ ز لەگوندی جۆمل لەسەر رووباری خازری دەڤەری گۆرانەتی لەکوردستانی باشوور٤ـ شەڕی هیداسپ ٣٢٦پ ـ زلە هندستان

## داریۆس کێیە :

داریۆس یان دارای سێیەم٣٣٦ ـ ٣٣٠پ ـ ز مەلیکی کۆتایی ئیمبراتۆریەتی فارسی بوو ،کە لەدووای رووخانی ئیمبراتۆریەتی میدیاکان دروست بووە، دامەزرێنەری راستەقینەی ئیمبراتۆریەتی فارسی کۆرشی دووەم بوو (٥٥٩ـ ٥٣٠) ئەو سەردەمی ئیمبراتۆریەتی فارسی زیاتر لە٢٠ ویلایەت پێکهاتبوو هەر لە هیندستان لای رۆژهەلاتی تاکو دەگەیشتە فریجیا ئتیوبیا نزیك یۆنان لای رۆژ ئاوای،

**خەرج و خەراجی:** خەرج خەراجی ئەو ویلایەتانە سالانەکۆدەکرایەوە هەمووی دەگەیشتە پایتەختی ئیمبراتۆریەتی فارسی دەبێ چ قەدەر سەروەت وداهات بێت ،دەگێرنەوەو دەلێن: کاتی ئەسکەندەری مەقدۆنی پایتەختی ئیمبراتۆریەتی فارسی داگیرکرد تەنها زێری ناو خەزینەکەی بریتی بوو لە(٧٢٩٠ ) تەن زێرو زیو ،

### هێزو لەشکری هەردوولا

هێزی یۆنانییەکان: ـ

ـ **هێزی یۆنانییەکان** (٤٠٠٠٠)چل هەزار سەربازی پیادە بوو،

ـ لەگەل ٧هەفت هەزار سوار چاکی شەڕکەر هەموویان خودانی ڕمی٥مەترو نیو درێژبوون،

ـ هەر وەها شیر و مەتال و تیرو کەوان هاوێژی زۆر لەگەل یان هەبوو، لە سێ بال یان قۆل(کردۆس) پێك هاتبوون ـ هەر بالێ لە ١٨هەژدە رێز دامەزرابوو ،تاکو بەئاسانی بڕنەکرێن،ژمارەی هەر کردۆسێك ١٨هەزار سەرباز بوو،

**هێزی فارسەکان:** ـ هێزی داریۆسی فارسی شەش قات زیاتر بوو لە هێزی یۆنانییەکان،

ـ سەربازەکانی پییادە زۆربەیان خەلکی چییایی بوون لەهیند ئەفغانستان هاتبوون.

ـ سوارەی سوك لەخەلکی کوردستان و تورکمانستان و بکتریا بوون

ـ گالیسکە لە شێوەی عەرەبانە بوو بە هێزی گا دەهاتنە راکێشان ،پێداویستی لەشکر لێباردەکران

ـ سوارەی قورس زۆربەیان خەلکی روسیابوون ٥٠٠فیلیان پێ بوو لەگەل ٢٠٠ عەرەبانەی جەنگی مەزن ، ئیمبراتۆریەتی فارسی هێزێکی گەورەی ناوداری دونیابوو دەشیا پەلاماری

هەموو ناحەزانی خۆی بدات ،یۆنابییەکان تەنها پێیان دەکرا بەرگری  لە خۆیان خاکی خۆیان بکەن، بەلام لە دەوروبەری سالانی٣٣٣پ - ز هێزو توانای خۆیان کۆکردەوەو لەشکرێکی باشیان مەشق پێکردبوو ،توانییان هێرش بکەنە سەر ئیمبڕاتۆریەتی فارسی لەناو مالی خۆیاندالەڕێکەوتی ١/ت٢/ ٣٠١ پ. ز روویدابوو. لەکاتی مەلیکی ڕۆم فیلقۆس مرد ئەسکەندەری مەقدۆنی لەجێگای باپیری دانیشت، مەلیکی ڕۆم پەیامنێری خۆی بۆ لای مەلیکی  فارس (داریوش) ڕەوانەکردبوو کەخەرج  و خەڕاجی خۆی بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕەوانەبکات، پەیامنێرەکە بەنائومێدی گەڕابۆوە لای مەلیکی ڕۆم، بۆیە ئەسکەندەری مەکدۆنی لەشکرێکی گەورەی ئامادەکردبوو دەلێن: لەشکرکێشی کردبووە سەر ئیمپراتۆریەتی فارسیو بەزولمو تەعەدا بەسەرخاکی میسرو شام تێپەڕیبوو لەدووای شەڕی ئەسکەندەرۆنە لە سوریا تاکو لەئاوی فورات پەڕیبۆوە، بەرەو رۆژئاوای سنووری فارسی ئەسکەندەری مەقدۆنی زانیبووی دارا لەهەولێرە بۆیە بەرەو رۆژهەلات رۆیشت تاکو لەسەر ئاوی خازر جێگیر بوون،

**شەڕو پێکدادان** : ئەو سەردەمی ڕووباری ئاوی خازر سنووری هەردوو ئیمپراتۆریەتی لێك جودا دەکردەوە دووای شکانی فورس لەسوریا. ئەو شەڕە  گەورەیە بە٣ سێ قۆناغی دەستپێکردبوو. دەسپێکی شەڕو پێکدادانی یەکەم پانتایی دەشتی ناوکوڕ بوو، لەڕۆژهەڵاتی ئاوی خازردا.ئەو شەڕە لە بەیانی تاکو هێواری خایاندبووی،لەکتێبی (کوردستان لەمێژوودا) نووسینی خەسرۆ گۆران هاتووە :ئەسکەندەری مەقدۆنی لەشکرێکی ٤٠ هەزار سەربازی تەیاری ساز کردبوو بۆ شەڕکردن دژی وڵاتی فارس، لەڕێگای تەنگاوی هیلین پۆستین دەربەندی بوسفوری بەرەو ئاسیای بچووك  پەڕینەوە، لەتشرینی دووەمی سالی ٣٣١پ. ز لەباشووری ڕۆژئاوای کوردستان هەردوو لەشکری مەکدۆنیو فارس گەیشتبوونەیەك.لە٢٠ی سیپتامبەری ٣٣١پ.ز لەگوندی جفتکێ (تەل ئەبو زاهر)وشارۆچکەی ئەسقف سوپای مەکدۆنی پێدا پەڕیبوونەوەو گەیشتنە دەشتی ناوکوڕ لەباکووری چیای مەقلوبی شێخاندا. ٥٠ پەنجا هەزار لەشکری ئەسکەندەری مەکدۆنی ڕۆژی ٢٥ ئەیلولی ٣٣١ پ.ز بەگوندی خاتووناوەی سەربەناوچەی گۆرانەتی لەدەشتی ناوکوڕ تێپەڕین لەنزیك گوندی تلجۆمر لەسەر جۆمی گۆمر (گۆم+مامر) گۆمی مامر پەیابوون .

هەرچەندە ژمارەی لەشکری هەردوولا بە دیقەت دیار نییە، مەزندە دەکرێ گومانی زۆر لە ژمارەکان هەبێت هەروەهامەلیکی فارسی (داریۆشی سێیەم) بەلەشکرێکی ٣٥٠ هەزار کەسی بەرامبەریان ئامادەبوو، سوپای فارسی ٦ شەش هەندەی سوپای یۆنانی بوو.

هەرچەندە لەشکری دارا بەژمارە زیاتر بوو لەلەشکری یۆنانی بەڵام لەبەر ئەوەی لەشکری فارسی مەشق کردنو شارەزای سەربازییان کەمبوو، خەلکانێکی زۆریان بەڕەشبگیری وبێ ڕەزامەندی هێنابوو ناولەشکری خۆیان، لەبەر هەندێ شکەستیان خواردبوو.

٤چار شەڕو پێکدادانی گەورە لە ٤چار شوێنی جودا جودا لەنێوانیان ڕویدابوو، دەسپێکی شەڕی گۆمل لە دەڤەری گۆرانەتی لەسەر ئاوی خازر لەڕێکەفتی

١/ ت١/ ٣٣١پ.ز لەپانتایی دەشتی ناوکوڕ بوو،زیانێکی گەورەی گیانیو مادی بەلەشکری فارسی کەوتبوو شکانوبەهەڵاتن خۆیان لە(ئەربائیلۆ) هەولێری ئێستا گرتەوە.ئەوەی شایانی گۆتنە لەو سەردەمی ئیمپراتۆریەتی فارسی زولم و ستەمی زۆری لەمیللەتی کورد کردبوو لەبەر هەندێخەلکی کورد لەدەشتی ناوکورهاوکاری لەشکری ئەسکەندەری مەکدۆنی یان کردبوو ،

ئەسکەندەری مەکدۆنی لەیاداشتەکانی ئاماژەی پێ کردووە دوای خۆ ئامادەکردنەوە لەهەولێر شەڕی دووەم دەستی پێکردەوە، دیسان لەشکری فارسی شکاو هەڵاتن تاکو گەیشتنە شاری نەهاوەند پایتەختی ئیمپراتۆریەتی فارسی بوو.شەڕی سێیەم وکۆتایی شەڕکەوتە ناو پایتەختی داراو مەلیکی فارسی بەیەخسیری کەوتە دەستی لەشکری ئەسکەندەر، زیانی لەشکری ئەسکەندەر ٥٠٠ کوشتارو ١٥٠٠ برینداربوو زیانی فارسەکان ٥٠٠٠٠ پەنجاهەزار کوشتارو بریندارێکی هێجگار زۆر.بەپێی نەخشەی دروستکراو، هەردوو لەشکر پۆلێن کرابووە سەر چەند کەرتو تیپو هێزی سەربازی بەم شێوەی خوارەوە:سوارەی سووك = سوار چەکپیادە = سەربازانی بەهێزی پێ دەڕۆنگالیسکە= عەرەبانەی چەرخدار، کەلوپەلی سەربازی تێدا دەکرا بەگای ڕادەکێشرا.سوارەی قورس= وولاغی بارهەلگر .

## دەرئەنجام

١- گۆرەپانی شەڕەکە لە سەر خاکی کوردستانی باشوور بوو ،لە دەشتی ناوکور لەسەڕ ئاوی خازری لەنزیك رووباری گۆمل دا لە دەڤەری گۆرانەتی دا روویدابوو ،

٢- هەبوونی ململانێەکی تیژ لەنێوان هەردوو ئیمبراتۆرییەت ،

٣- حەزی فراوان خوازی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە سەر حیسابی ئیمپراتۆریەتی فارسی ،وە خۆ ڕزگار کردنیان لەترسی هێزی فورس ،

٤- ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی تووشی جۆرە خۆباییەك ببو ،چونکە پێشتر چەند سەرکەوتنی دژی فورس بەدەست هێنابوو ،

٥- هێزی فارسەکان سیستەمی لەشکری پێوەدیار نەبوو ،بەلکو لەشکرێکی رەمەکی بێ مەشق کردن بوون،خەلکی رەشوو رووتی بەخورتی ملی بەجەنگ وەدەنا ، هەر لەبەر هەندێ شکستی خوارد ،

٦- خاکی ئیمپراتۆریەتی فارسی بەپیت و بەرەکەت بوو ،چاوی تەماعکارییان بڕیبوو ئیمپراتۆریەتی فارسی

٧- نەبوونی دەرفەتی کار وباردۆخی نالەباری ئابووری ،وای کرد پەلاماری خاکی ئیمپراتۆریەتی فارسی بدەن

٨- بەنیازی بەرفرە کردنی خاکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بۆ ئەوەی دەستهەلاتیان بەسەر ئەوروپاو ئەفریقاو ئاسیادا هەبێت ،

٩- شەڕی گۆگامیلا ئامانجی دامەزراندنی گەورەترین ئیمبرتۆرییەت بگرەهەر لە مەقدۆنیا تاکو دەگاتە هیند بۆ بەرفرە کردن و داگیر کردنی دونیا

بۆنووسینی ئەو بابەتە سوود لەو سەرچاوانەوەرگیراوە: ـ

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

١ ـ عبدالله امين اغا:معركه اربيلا ٢ ـ بسام العلى الاسكندر الكبير المقدونى
٣ ـ مفيد رائق :دراسات فى تارخ الاغريق٤
ـ فيلافيوس اريانس :ايام الاسكندر الكبير
سەرچاوە کوردییەکان:
١ـ بەهنام محەمەد پناە:نهێنییەکانی شارستانی یونانی کۆن،
٢ـ پلۆتارك :شەرەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی
٣ـ سەلام ناوخۆش :مافی مێژووی غەیرەکورد٤ـ هارولد لمپ : ئەسکەندەری مەکدۆنی
٥ـ خەسرۆگۆران :کوردستان لەمێژوودا چاخە کۆنەکان
٦ـ گۆڤاری مێرگ ژمارە (٤٦ )وەژمارە(٤٨ )

## نەخشەی شەڕی گۆگامیلا

نەخشەی گۆڕەپانی شەڕگەی هــەردوو زل هێزی فارسی ویـــۆنانی
لە دەشتی ناوکورسەربە دەڤەری گۆرانـــەتی / بەردەڕەش



# لێدوانی دووەم:کارێز،خرابەکان،دەراوەکان

## شوێنەوارە گرنگەکانی دەڤەری گۆرانەتی :

دەڤەری گۆرانەتی شوێنەواری‌گرنگی تێدایە، مێژوویان بۆپێش زاین دەگەرێتەوە، بەتایبەتی گردەدەست کردەکان،مێژووناسان دەلێن دروست کردنی ئەو خرابانە بۆسەردەمی ئاشورییەکان و ئەسکەندەری مەقدۆنی دەگەرێتەوە، شایانی باسە زۆرشتی مێژۆیی وەکو گۆزەو پارەو دەنەی گەورە وشیر تیرو کەوان ، هەروەها چەندەها کەونە ئاشی ئاوێ ،بیری ئاوێ بە کەرپوچی عەقدکراو و چەندەها رێرەوی کارێزی دەستکرد بەگۆسکەی لوولەکێش کراو ،کاولە گوندی وێران بوو،دۆزینەوەی‌گۆڕ لەناو دەنەی مەزن .

ناوی گردەدەستکردەکانی دەڤەری گۆرانەتی و مەبەست لەدروست کردنی :

١ـ گردی ئامیان ٢ـ گردی‌مەم وزین٣ـ گردی خرابە یاسین٤ـ دووگردلە گوندی‌گربدەوی٥ـ گردی رۆڤیا ٦ـگردی دەربێتان ٧ـ گردی ئاسنگەران ٨ـ گردی پیرچاوش٩ـگردی‌بامەرزێ ١٠ گردی حەسەنیە ١١ـگردی کۆمەلگەی چڕە١٢ـگردی کۆمەلگەی کەلەکچی١٣ـگردی دوریشان١٤ـگردی‌گردکال١٥ـگردی‌تلجۆمر١٦ـگردی‌زیناوە١٧ـگردی‌پیربوب١٨ـگردی‌گرك ١٩ـگردی‌شێخالك٢٠ـگردی‌گردەپان٢١ـگردی‌گۆمەزەرد٢٢گردی‌گەویلان٢٣ـگردی‌بارەوان ٢٤ـچارگردلەهەقاری‌دارەتووهەیە٢٥ـگردی‌چەمەی٢٦ـدووگردلەتۆبزاوە٢٧ـچارگرد لەگوندی زەنگەنان هەیە ا. خرابە دێم ب ـ خرابۆلکە د ـ خرابەی جووجەم ه ـ خرابە شەبەک خرابەی مووسای کازم ٢٨ـخرابەی باکی لە گوندی کەونەباك٢٩ـخرابەی شۆرکی لە گوندی مەم وزین ٣٠ ـخرابەی دیناران٣١ـ هەروەها چەند قەبروگۆڕی ئەسحابە و پیاو چاکان وغەریبان بەتنێ لێرەو لەوێ شوێنەواریان مایە

## مەبەست لە دروست کردنی گردە دەستکردەکان (خرابە) :

دەڤەری گۆرانتی مێژوویەکی زۆرکۆنی هەیە،شوێنەوارەکانی باشترین بەلگەن، هەروەها شوێنەواری مێژوویی جاخەکانی کۆنی تێدا بەرچاوە ،بەتایبەتی خرابەکانی ناو دەشتی ناکوردروست بوونی بۆسەردەمی ئاشورییەکان وئەسکەندەری مە قدۆنی دەگەرێتەوە،زنجیرە گردێکن لە هەرجار پارچەکانی کوردستان هەیە بەسەر یەکەوەن یەکدی دەبەستنەوە،زیاتر لە ناوچەکانی دەشتایی دروست کرانە،

شەڕی گۆگامیلا لەسالی ٣٣١پ ـ زلە نێوان هەردوو ئیمپراتورییەتی یونانی و فارسی لەناو جەرگەی دەڤەری گۆرانەتی رویدابوو ،دەڤەری گۆرانەتی بە تایبەتی دەشتی ناوکور رێگای هاتووچۆی کاروانی بازرگانان و لەشکرکێشی بووە ، رێگای هاتوو چۆی مەلیك و شاهان بووە بۆیە لە مێژوودا دەشتی ناوکور بە رێگای شاهانە ناوبرایە .(٥١)

ستراتیژییەتی ئەودەڤەرە وای کردووە ئەو گردە دەستکردانە دروست بکرێت ، بۆکونترۆل کردن و دابین کردنی ئاسایشی هاتوو چۆی رێگاوبانەکان ، بە رێگای حەریر دەناسرا ،

ـ دابێن کردنی رێگای هاتوو چۆ،

ـ شەوقی ئاوێنە لە سەر گردەکان بەکار دەهات بۆگواستنەوەی دەنگوباسەکانی بەپەلە

ـ بە شەوان شەوقی ئاگریان لە سەر گردەکان بەکار دەهینا بۆئاگادار کردنەوەو پێدانی زانیاری وگەیاندنی بۆشوێنی مەبەست، دیاریکردنی هێلی هاتووچۆ .

ـ لەکاتی رۆژدا ئالای ڕەنگاو ڕەنگ بەرز دەکراو بە کار دەهات،هەر ڕەنگەك مانای تایبەتی خۆی هەبووە،ئەویش بۆگەیاندنی رووداو و دەنگوباسەکان،

ـ گردەکان شوێنی بەرزبوون بۆخۆپاراستن و بەرگری کردن لەدوژمنان،

ـ بۆ عەمباری ئازوقە بەکاردەهات، بەرەوانی کردن لە خۆیان .

ـ قۆناغی حەسانەوەی مەلیك و پاشاومیرەکان بووە،وەکو ویستگەیەك بازرگانان و کاروانچییانیش تێدا پشوویان داوە،

ـ روانگە بووە بۆچاودێری کردنی دەوروبەری خۆیان،

ـ مردووەکانیان تێدا شاردیتەوە،

ـ کارگەکانیان تێدا بەکار هێخسستووە،

ـ شوێنی بازرگانی و بەرهەمهێنان بووە کەل و پەلی خۆیان لەوێندەرێ گۆڕیتەوە،

## کارێزەکانی دەڤەری گۆرانەتی

## پێشەکی

جۆگەو رێرەوی ئاو لەسەر زەوی یان لەناو دەقی زەوی وەکو رێکردنی خوێنە لە ناو شا دەمارەکانی جـــــەستەی ئادەمیزاد پێویستە شادەمارەکانی موروۆڤــ چ بە وەرزش یان بە چارەسەر کردن ، هاتو چۆی خوێن چالاك بکرێت،هەروەها سەرچاوەی ئاو و جۆگەکان زۆر فەرە خاوێن بکرێتەوە و هەلبدرێتەوە تاوەکوبەدروستی ئاوەکەی رێرەوی خۆی بگریت و سوودی هەبێت ، پرۆژە یان پیشەی دروست کردنی کارێز لە داهێنانی تاکی کـوردە هیچ میللەتێك لە دونیا ئەو کەلتورەی نییە تەنها هەتا ئێستا لە ناو میللەتی کورد بە زیندوویی مایتەوە ،دروست کـــــردنی کارێز بۆ سەردەمی زەردەشتییەکان دەگەرێتەوە ،یەکەم جار لە شاری یەزد پایتــەختی زەردەشتییان هاتبوو دروست کردن ،بەرەو شوێنی تری کوردستان بەلاوبوویتەوە،

**ووشەی کارێز** (کانی + رێز )کراو ،یان رێزە کانی دەست کرد یەك لە دووای یەك بێت یان کێو کون کردن لەگەل ئاتی ئاوەك بە رێزە بۆمەبەستی ئاو راکێشان ،

### کارێز بۆ سەردەمی زەردەشتییان دەگەرێتەوە

هەفت شت لەلای زەردەشتییەکان زۆر پیرۆزبوون :

١ ـ خودا : ـ سوێندیان دەخوارد (بەناوی یەزدان نوری پاك پاکی منەوەر داهێنەری ئاسمان زەوی و دەشت و دەر خالقی شەو رۆژ وهەمی بوونەوەر )نور و رۆناهی ئاگر لە لایان زۆر پیرۆزبوون، چونکە وا مەزندەیان دەبرد هەموو سەرچاوەکانی رۆناهی بۆ نووری خودا دەگەرێتەوە بەردەوامی ژیان لە خۆ دەکرێت،هەور وەکو دەلێن رۆناهی رۆژ نەمینیت ژیان لە سەر زەوی نامینیت ،رستەیەکی زانستیانەی پڕ مانایە ،

٢ ـ ئاگر : سەرچاوەی رۆناهییە لە ژیان ،

٣ـ ئاو : سەرچاوەی پەرەسەندن و گەشەپێدانی ژیانە
٤ـ رۆژی نەورۆز، :رۆژی نوێیە ، سەری ساڵی کوردییە ، سەرکەوتنە بەسەر زولم و ستەمکاری ، شەو و رۆژ یەکسان دەبن ، جەژنی نەتەوەیی میللەتی کوردە ، دە کاتـــە رێکەوتی ٢١/٣/سالی زاینی ، لەو رۆژە کاوەی ئاسنگەر سە ری زوحاکی پەڕاند و لە ناوی برد ،ئاو و هەوا دەگۆڕێت و سەقەمی زستان نامینێت
٥ـ مێوەجات و دانەوێلە : بە تایبەنی سیرو سێو جونکە سیر جارەسەری زۆر نەخۆشییان دەکات وهەروەها سێو تەندروستی مرۆڤ دەپارێزیت و شێوەی وەکو گۆی زەوی خڕە، هەروەها دانەوێلە بەگشتی و گەنم بە تایبەتی
٦ـ زێڕو جەوهەرات و دراو : جونکە رێگایەکە بۆ خۆش گوزەرانی ژیانی ئادەمیزاد
٧ـ ئاوێنە = گوزگی= قۆدی رۆناهی= خۆدیك : : بەتایبەتی لە جـــــەژنی سەری ساڵی (نەورۆز ) بۆ دیتنی شتی نوێ،

**ئاو** سەرچاوەی ژیانە لەبەر هەندێ زەردەشتییکان بایەخێکی زۆریان بە ئاو و ئاوەدانی دایە دەسپێك لە شاری یەزد کە پایتـــەختی زەردەشتییانە جەندەها کارێز دروست کرایە بۆگواستنەوەی ئاراستەی ئاوەکـــان بۆشوێنی مەبەست شاری یەزد بەتنی ١٠هەزار کەسی زەردەشتی لە چەند گەرەکێکی دیاری کراو دەژین ، کۆی گشتیٚ زەردەشتییکان زیاتر لە ٦٠ هەزار کەسی ز ەردەشتی لە شارەکانی تری ئیران دەژین ،هەروەها لەجیياکانی ئەفغانستان وولاتی عیراق شوێنەواری کارێز بەرچاوون (٥٢ )

## دروست کردنی کارێز ⋆

ئاوی بەفر و باران لەژێر زەوی کۆدەبێتەوە لە جەند شوێنی جوداجودا دەزێتەوە لێرەو لەوێ وەکو کانیاو هەلدەفلقێت مرۆڤی کـــورد لە دێر زەمانەوە بە هزرو بیری خۆی ،شوێنێکی گونجاویدەست نیشان کردووە بۆئەوەی سەرچاوە نزیکەکانی ئاوەکە تێکهەلبکێشێت لە یـــــــەك جێگا دەربچێت و سوودی لێوەرگرێت ،بەم دووشێوەیە:
١ ـــ دووای دەست نیشان کردنی،شوێنێکی گونجاولە گەل ئاستی ئاوەکە بگونجێت لە ناو کەورێك یان ، لە قەد تەلانێك دەست بە کۆلینی زەوی دەکەن بە شێوەیەکی ئاسۆیی

زەوی دەسمن کونێك تێدا دەکەنەوە بەئەندازەی جەستەی مرۆڤ تاوەکو تێدا کاربکات ،نزیکەی ١٢تا١٤ مەتر دەکۆلن گوتمان بە شێوەیەکی ئاسۆیی ئەوجا کونێك دروست دەکەن وەکو هەوایی (مەنفەز)هەم بۆگۆرینی هەواو و هەم بۆهەلکێشانی پاشماوەی هەلکەنراوەکە،هەر ١٢ مەتر بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەکـــۆلن بە مەرجێك جا ر بۆ جارێ ٢دوو سانتیمەتر لە ئاستی دەریا لەسەر زەی بەرزتر بێتەوە بۆ هاتن و خڕبوونەوەیئاوەکان بۆ دەسپێکی هەلکۆلینی کونی یەکەم ،بە رێژە نزیکەی ٤- تا٨کونی هەوایی (مەنفەز)دروست دەکــــــرێت کە دووری نێوان مەنفەزەکان ١٢ مەتر دەبێت واتە زیاتر لە٥٠تا١٠٠ مەتر زەوی بەشێوەی ئاسۆیی دەسمن چەند بڕوات ئاستی کەمێك نزم دەکرێتەوەبۆ گل کردنەوەی ئاوەکان بۆیەك شوێنی دەسپێك

٢- گۆرینی ئاراستەی ئاوی ڕووبارێك یان ئاوی کانیاوێك بۆ شوێنێکی دیاری کراو ئەویش بە سمتنی بەرزایی یان ، کەورێك کە بوویتە لە مبەر بۆ گەیاندنی ئاوی سەرچاوەکە دەست دەکەن بە کون کردنیلەمبەرەکە بە مەرجێك لەگەل ئاستی ئاوەکە بێت، زۆربەی هەرە زۆری دووای تەواو بوونی کــــارێزەکە سەرچاوەی ئاوی کانیاوەکە بزر دەکەن ئاوەکـــــــە بە ناو کارێزەکە دەروات ،تاکو شوێنی مەبەست، هەر وەکو دروست کردنی کارێزی قەلای دمدم سەرچاوەی ئاوەکە لە دەرەوەی قــــەلا دەهات ،دوژمن توانی سەرچاوەی ئاوەکە بدۆزێتەوەو ئاوی لە سەر دانیشتووانی قەلای دمدم بڕی بە سەریان زال بوو،بووهۆی شکانی شۆرشی ئەمیر خانی لەب زێرین ،دووای گۆرینی ئاراستەی ئاوەکە بەکار دێت بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکالی ودروست کردنی سەوزایی هەر وەها ئاشی ئاو لەبەر دروست دەکـرێت بۆ هێڕانی دانەوێلەو باراش،یان دروست کردنی تەحین لە کونجی، هەندێ جار دووای گۆڕینی ئاراستەی ئاوەکە دۆلێك یان کەندێك بێتە پێش ئاوەکـــــە ئەوە پردێك دروست دەکەن و جۆگــــــەیەك لە سەر دروست دەکەن بۆدەرباز کردنی ئاوەکە و پرینەوەی بۆقامی دیکە تاوەکو زیاتر سوودبەخش بێت،،

## رێرەو یان گوزەر (مەنفەز)

دووای دیاری کــــــردنی شوێنی مەنفەزەکان دەزگای بیر هەلکۆلان لەشوێنی مەبەست دادەمەزرێنن کە لەگوریس و دۆلکەو رەورەوە پێك هاتییە ، ئەگەر شوێنی

کارێزەکان شاخ و تات بێت ئــــەوە رێرەوەکان لە شاخەکان دێتە سمتن بەلام ئەکەر خۆل و هەرفت بوو ئەوە دووای سمتنی رێرەوەکە بە کە رپووچی رێرەوەکـــەی کە لەسەر زەوی هەتادەگاتــە سەر کارێزەکە ئاقـد دەکەن دیوارێك دروست دەکـــەن لەشێوەی جار گۆشەیی بەبەرینی یــەك مەتر پانتر کونێکی جار گۆشەیی٤٠ بە٤٠ تێدا دەکرێتەوە کە مرۆڤ بشێت تێدا هاتوو چۆ بکات ،هـەروەها بە رێگای ئەو رێرەو یان گوزەرانە مرۆڤ بشێت کــارێزەکان ناوە ناوە پاك بکاتەوە،ئەگـەر هاتوو ئاوی کەم بوو یان بهەرفێت، لە راستی هەموو رێرەو یان گوزەر (مەنفەز)ە کان لە بنەوە کە دەگەیشتە کونی بنەوە قۆرتاییەك دروست دەکرا بۆ کۆکردنەوەی ئاوی بنەوە بۆئەوەی بە گوریس و دۆلکە لە مەنفەزی سەر زەوی ئاو هلبکێشن ،ئەوە لە راست هەموو مەنفەزەکان ئەو قۆرتە دروست دەکرا بۆ کۆکردنەوەی ئاوی بنەوە،

## کارێزەکان

لە دەڤەری گۆرانەتی هەندێ کارێز دۆزرایتەوە ،شوێنەوارەکەی دیارن ئەمانەن

١ـ لەگوندی گەویلانی بۆتان :هەر لەناو گوندی نزە ئاوێك هەبوو، لەسەرەوەی گوند دۆلێك هەیە بە دۆلە کارێزە ناو دەبرێت لە وشکەسالی بە دوای ئاو دەگەران چەند کارێزێك هاتە دۆزینەوە کەسێکی گوند شوێنە شێدارێکی هەلکۆلاند عاقد بوو ٣ێ مەتری هەلکۆلی گەیشتە ئاوێکی زۆر مەکینەی پەتەری لە ســـەر ئاوەکە هاتەدانان .

٢ـ لە گوندی دارەتوو: لەدۆلی سەحابە کارێزی بە کەرپووچی عەقد کراو هاتە دۆزینەوە لە سەرەوە چەند کونی مەنفەزی تێدا دروستکرابوو

## ٣ـ لە گوندی زمزمۆك

### کونە زمزم و کۆخە رەشە لە گوندی زمزمۆك:

دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەری گـــوندی زمزمۆك کاتی مندالەکانیان تووشی کۆخە رەشە دەبوون ،دەیان بردنە ناو کونە زمزمێ بۆ مەبەستی چارەسەرکـــردنیان ،بە مەرجێك دەبوایە مریشکە رەشێکی بێنیشانیان لە گەل دابایە ،یەکێك لە خەلکی گوندی نەخۆشەکەی بە ناو کونە زمزمێ دادەبرد لە کونی هەواییەکە دەریان دەهینا

دەرێ ومریشکە رەشەکەیان دەکوشتەوە و هەتدە خوێنی مریشکە رەشەکەیان لەسەری کەپۆ وناوچەوانی نـــــەخۆشەکە دەدا بۆمەبەستی جارەسەرکردنی ئەو کەسەی کۆخە رەشەی لێهاتبوو، زۆرجاران نەخۆشەکە چاکدەبۆوە،خەلکی گوندی مریشکە رەشەکەیان بۆخۆیان ، دەبردەوە و دەیانخوارد، یەکێك لەوانە مام حوسێنە قوت بوو باوکی یابۆی سەرپـــــەرشتی مەراسیمەکەی دەکرد،

**٤- لەگوندی چەمەی:**گوندی چەمە گوندێکە سەر بەناحییەی روڤیا لە قەزای بەردەرەش ،دەکەوێتە سەر زێی بادینان ،بەرامبەر گوندی گۆپالی، لەسالانی هەشتاکان جۆتیارێك لەنزیك خرابەی حاجی،نیاز بوو بیرێکی سەر عەرد بە دەستی بکۆلیت،دووای ٣مەتر قۆری گەیشتە کارێزێك بە کەرپوچ هاتبوو دروست کردن ،جۆتیارەکە چووبوو تێدا لەسەر لەپ و چۆك تێدا رۆیشتبوو کارێزەکە بەرەو ئاوی زێ دەرۆیشت نزێکەی ٢٠مەتر تێدا رۆیشتبوو ترس دلی گرتبوو هاتبوو دەرێ،

## ٥- رێزە زورگی رێی سەری

رێی سەری ملە زورگێکی درێژبەدرێژی رۆژهەلات و رۆژ ئاوایە ، دەشتی ناوکور لە ناوچەی بۆتان لێك جودا دەکاتەوە ،دەکەوێتە نێوان زێی بادینان لە راست گوندی خاروك دەست پێدەکات تاکو دەگاتە گوندیکانیلان لە قونی قەلەمۆکی سەر ئاوی خازر کۆتایی پێ دبێت ،لەسەرئەو ملە زورگە بەرزە ئاو و کانیاوی زۆرە ،بە بیرو بۆچوونی خەلکی شارەزای ئەودەڤەرە : دەلێن ئاویان هەلبەستووە لە ئاوی زێی بادینان بە شێوەی کارێز بەناو دەقی ملە زورگی رێی سەری دا هاتییە ،دەلێن سەرو چاوەی هاتنی ئاوەکە رفایە یان پڕبیتەوە کەم دێت، ،کانی حوسێنەدەکەوێتە سەر هەقاری سەنتەری قەزای بەردەرەش لە کۆنەوە دەلێن ٧ ئاشی ئاوێ لە سەر دەگەرا گوایە فەلەکان خۆریان کردبوو رێرەوی سەروکانی یەکە ، ئینجە ئاوی زیاتر هەیە ،لوولەکێش کرایە بۆ ناو شاری ،

**هەروەها لەسەردەمی خانزادی میری سۆران** ئاوی خازریان لە گەلی ئیسماوە هەلبەستبوو تاکو دەگەیشتە گوندی ئیسماوە چەند ئاسیاو (ئاشی ئاو)ێ لەبەر دەگەرا ،هەروەها باخچەو رەزو شینایی زۆری لە بەر دەکرا ،

# لێدوانی سێیەم :کاولە گوندەکان  و کاولە ئاشەکان ، دەراوەکان

## کاولە گوندەکان :

لەبەر پێشکەوتنی زانستیانەی سەردەمی ئەو رۆمان و باری کۆمەلایەتی کوردەواریدا کاریگەری تەواو یان هەبوو  لەسەر گۆڕانی دانیشتووانی خەلکی دەڤەری گۆرانەتی لەناحیەی بەردەڕەش چەند گوندێك کاول بووینە بەتەنیا شوێنەوارەکەیان ماونەتەوە.

## ناوی کاولە گوندەکان :

١ـ خرابە کەنگر: ئەو کەسانەی تێدا دانیشتوون سەعید عەبدوللاٚ خەمۆ، جبرائیل عەبدوللاٚ خەمۆ،  حاجی عەبدوللاٚ خەمۆ.حاجی عەلی سەعید،  حاجی عەزیز سەعید، مەلارەمەزان سەعید. ٢ـ ئاسنگران سلیم مولود عەبزێدی، عەلی کۆ،  سینك مام مەولود، رەشۆ مراد. ٣ـ خراب  سیدك  ٤ـ گولەکەتەر هاشم  باوکی عبدالوهابی زەنگەنانی، عەبدولرەحمان نافۆ٥ـ مام بۆتان.باوکی محەمەد قەچۆ،  عەبدولرەحمان عەیشێ گەلوکی، خورشید خەلیل سمایل حاجی،  حاجی مستەفا قەچۆ، محەمەد ئاسمە، رشید ئەحمەد گاوان. ٦ـ دوستەکی کەونعومەر بەگیسی، سالع زبتێ، سمۆ تەها، مەلا ئیسماعیل، حەسەن شارێ، مستەفا قورەبەگ، کەوخۆ برایم، حەسەن رەمەزان، سمایلە. ٧ـ باکیعەمەر پیرکێ، رەمەزان عەباس، ئەحمەد خانێ، ونسکۆ کوێخا رەمەزان زیاب، مالی چەتۆی ئێستا لەخێلەکیانن، جەدۆ کەنۆ، مەولوودە کۆر (یەکەم کەش و هەواناسی دەڤەری بەردەڕەش بوو)، ئەنوەر لەکانی هەسپان کوژرا، رەمۆی حەمشەی.٨ـ .شۆڕك مالی محەمەد دینۆ بابی کاکل، چەند کوردی ئاوارە لەکوردستانی تورکیا هاتبوون.

٩ـ خرابەی سلیمان ئاغای. ١٠. قوپکێ چەپەران، دەکەوێتە باکووری گوندی کەونە باکی لەهەڤاری سۆتکەداری. ١١. قەلاڕەش : شاخێکی بەرزە بەقولەڕەش ناودەبرێت.

١٢. ئاوخۆرده : لەسەر ئاوی خازره دەکەوێتە رۆژئاوای گوندی شیوەره، چیچۆ تێدا بوو (سالع عەبدوللاّ فەتاح چیچۆ). ١٣. قنار : دەکەوێتە سەر هەڤاری گوندی دارەتوو نزیك گوندی بارەوان.

١٤. کانی با : چەند مالی بۆتانی تێدا دادەنیشتن. ١٥. کانی هورچ : دەکەوفتە سەر هەڤاری گردەپانی١٦. سێڤ دینان : لەسێودین هاتیە لەگوندی گردەپانیە١٧. پونگینە : کانیەکانی بەپونگە، لەرۆژهەلاتی گوندی گردەپانە. ١٨. دووسەرای کەون : شوێنیکی بازرگانی گرنك بوو لەسەر ئاوی خازر نزیك گوندی دووسەرەی ئێستایە. ١٩. سێبەران : لەنێوان گوندی ڤاتسی گەوره وگوندی کانیلان.

٢٠. سالەیی : دەکەوێتە رۆژ ئاوای گوندی گربدەو لەخرابەی سالّەیی بەناوبانگە.٢١. خرابەی عەمەر زلێخەی : لەبەرامبەر کەونە گوندی ئاوخۆردەیە.٢٢.دۆلی سەحابەی : لەباکووری گوندی دارەتوو

## کاولەئاشەکان

تاکو سالآنی هەفتاکان ئاشی ئاوی رۆلێکی گرنگی هەبوو لەژیانی کوردەواریدا بۆ کۆتان و هێرانی دانەوێلە دەهاتەبەکارهێنان لەدەڤەره جیاجیاکانی کوردستان لەکەوندا ئاش پیشەیەکی بەرچاوبووه لەگەل کاری نالبەندیلەوپەندە بەدیار دەکەوێت کورد دەلێ ((لەسنعاتان ئاش، لەڤسان پێش و پاش، لەشۆلان سم تراش))ناوی کاولە ئاشەکانی دەڤەری گۆرانەتی ـ بەردەرەش :

١ـ ئاشی عەلی عبۆی:رەشید محەمەد وەردەك دەیگێرا، زستان گێربوو لەگوندی دینارتە ئاشی خەمیس کوچکی ٣ـ ئاشی ئاسنگران٤ـ ئاشی قولەڕەشی لەگوندی پیرچاوش نزیك خرابەی قولەڕەشی٥ـ ئاشی حوسین خەلیکی، لەخوار بەحری پیرچاوش٦ئاشی خاتوون : خاوەنی کوێخا خدر حسن بوو لەگوندی بەردەڕەشی بچووك ئاردی زۆر جوان ناوی لێنرا خاتوونە ٧ ـ ئاشی ئامیانێ : لەرۆژهەلاتی خرابەی ئامیان بوو ٨ـ ئاشی گردێمی : ل رۆژهەلاتی خرابە مووسای کازم بوو لەسەر هەڤاری گوندی زەنگەنان : مام عەباس ئاشەوان بوو. ٩ـ ئاشی ئەحمەد ئاغای، لە گوندی خێلەکیان بوو نزیك گوندی مەم وزینی١٠ـ ئاشی کانی هەسپانی بچووك. ١١ـ ئاشی کانی هەسپانی گەوره١٢ـ ئاشی

پەلاسان. [13] ـ ئاشی حبك و ئاشی میری لەئالاهی بوون بەناوی گرئاشووری کاری دەکرد [14] ـ ئاشی گۆمەزەرد :ئاوەکەی لەسەخسێ عەبۆ گولان دهاتە خوازێ[15] ـ ئاشی خەلیفەی : لەئامیانێ، خاوەنی میکائیل محمود بوو. [16] ئاشی عەزاوەی. لەسەر سنووری بەردەرەش وگوندی خێلەکی بوو. زستان گیر [17] ـئاشی مەموزینی: لەنزیك چەمەخڕی رۆژئاوای گوندی مەموزین[18] ـ ئاشی ئاغەی: لەگوندی دارەتوو [19] ـ ئاشی ئیبراهیم رەزای : لەگوندی دارەتوو[20] ـ ئاشی محەمەد خەجیجێ : لەگوندیدارەتوو [21] ئاشی ئە سحابەی : لەگوندی دارەتوو[22] ، ـ ئاشی شێلێ ساڵحۆکی : لەگوندی دارەت.

# ئاشی ئاگری

لەسەردەمی فەرمان رەوایەتی ئینگلیزی لەسەرعیراق، مستەرێکی ئینگلیزی ئاشێکی لەئاکرێ دامەزراند لەگوندی بەردەڕەشی گەورە (سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش) چوارساڵ ئیشی کرد، خەڵکانی دۆلی نەهلەو سورچیاتی هەروەها لە ئێسفنێ (قەزای شێخانی) دەهاتن باراشی خۆیان لێ دەکرد، وادیارە یەکەم ئاشی ئاگریبووە لەدەڤەری شێخان.دوای چوارساڵ ئنگلیز ئاشەکەی فرۆشتە (مستەر سەیمەن) هندی بوو ناوی ژنی (حەیات) بوو لەبەرئەوەی ساڵانە خەرجوو خەراجێکی زۆر دەهاتە سەرئاشی ئاکرێ لەلایەن میری یەوە کابرای هندی ناچاربوو ئاشەکەی هەڵبگرێت وبباتە ناوشاری مووسل لەگەرەکی غەزلانی داینا بەڵام کاری کەمبوو، بۆیە دووبارە گەڕاندیەوە دەڤەری گۆرانەتی ئەوجارە لەگوندی زەنگەنانی سەربەناحیەی بەردەڕەش دایمەزراند رەشید ئاشەوان لەسەر ئیشی دەکرد باوکی حاجی ئەحمەد ئاشەوانی ، هە لە بەر هەتا ئێستا ناوی ئاشەوانی لەسەر ئەو خێزانە ماوە، پاشان بۆ گوندی شیوەڕە گواسترایەوە، لەوێ محەمەد تاهێر زیناوایی ئاشەکەی کڕی و بردیەوە گوندی زیناوە، ئاشەکە دوو پەروانە بوو لەدوای هنگی دەوڵەمەندێکی دیکە بەناوی حاجی یونس زێرنگر ئاشەکی ئاگری هێنایە بەردەڕشی گەورە لەسەر رێگای قولەتێنی دایمەزراند، ئەویش لەبەرزۆری زەریبە هەلی گرت.بەر لە پیدابوونی ئاشی ئاگری ئاشی ئاوێ لە دەڤەری گۆرانەتی هەبوو لەپێشتر باسمان کرد

........................................................................

٭لە سەردانێکی مەیدانی ئەو زانیياريانەم کۆکردیتەوە ،

# گــوندی کەلــەدێر

لەدێرزەمانەوە کەلادێر و سەرکەور دەکەونە سەرئاوی زێی بادینان بەرامبەر گوندی چەمەکە .بازنە ئاسایی پێکەوە گرێدانی سنوری فەرمان رەوایەتی میرانی سۆران و بادینان بوو ، رێگای پەرینەوەی کاروانچیان و گۆرینەوەی کەلو پەلی بازرگانی بووە ،لەگوندی کەلە دێرێ چاومان کەوت بەدەم راست و دونیادیتەی گوند ئەمین حامد زبێر (لەدایك بووی ١٩٥٤،لەسەر زاری باب و باپیرانی چەند زانیاریمان لیٚوەرگرت :ئەحمد بەگ و نەعمان بەگ ئامۆزای سمایل پاشای ئامێدی بوونە لەبەر دووبەرەکی و ناکۆکی خێزانی ،ئامێدیان بەجێ هێشتبووەو لەکەلادێر ئاکنجی ببون فەرمان رەوای هەردو ناوچەی سورچی و گۆرانەتیان دەگێرا .هەروەها لەسەردەمی فەرمان رەوایەتی بنەمالەی میرانی جەزیرەی بۆتان ، میر نادر بەدرخانی کەلا دێری دانیشتبوو حەکمی لەناوچە کەو دەورو بەری دەکرد

بەدرخانیەکان لەگوندی کەلادێری لەشکرێکی گەورەیان ئامادە کردبوو دەسپێکی دەرچونیان بوو ؛ بۆهێرش بردنە سەر ئێران .پەیوەندی خزمایەتی بەژنان لەنێوان میرانی کەلادێرو میران بەگی گوندی ئیفراز هەبوو

### .(شێخ عەبدولقادری گەیلانی و شیخی سەنعان )*

لەسەر زاری چەند تەمەنداریێکی ناوچەی گۆرانەتی - بەردەرەش - دەگێرنەوە شێخ عەبدولقادری گەیلانی - قەددەسە الله سرەهو لە ٤٧٠- ٥٦٠سالی کۆچی ژیاوە لەشاری گەیلانی کوردستانی رۆژهەلات بەناو کوردستانی باشور بەرەو شاری بەغداکەوتۆتە رێ بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاریەکی تەواو لەسەر ئاینی ئیسلامی پیرۆز . ئینجا بەرەو بەغدا کەوتە رێ ، دەنگو باسی شێخ لەناو بەغدا بلاو بۆوە

.شێخی سەنعان وئەولیاو پیاو چاکەکانی ناو شاری بەغدا کەوتنە مەترسی ، نەکو دەستهەلاتیان لێکەم بکاتەوە تەگبیریان کرد :کۆتکێکی لەداری پر ناو شیریان کرد ، بردیان لەپێش شێخ عەبدولقادری گەیلانیان دانا، شێخ لێی راماو هزری کرد ، ئەوە بێ حیکمەت

نییە ،یەکسەر چاوی خۆی لەسەر یەك داناو دەستی خۆی درێژ کرد ،گولێك هاتە ناو دەستی لێیکردەوەو ئیرادەی خوای لەگەڵ دابوو ـ لەناو کۆتکە شیرەکەی داناو هێوێن بوو ،
گوتی: شیر بەبی هەوێن نامەیی ئەگەر ئێوە ئیماندارن منیش گولی ئیماندارانم بەپێی فەرمودەکانی پێغەبمەر (د.خ)هەر ١٠٠سال جارێك خوا یەکێك پەیدا دەکات بۆ نویٚ کردنەوەی ئاینی ئیسلام و پاراستنی هەردوو شێخ دوعایان لەیەکدی کرد
.شێخ عەبدولقادر گوتی :وەکو دوعا کردن (دێبرۆ بلا هەفت سالان پێی بەرازان لەسەرملت بیٚ وببیەگاوانیٚ بەرازان) شێخی سەنعان بەدوعا وەلامی دایەوە وگوتی :ئینشاالله تەکیەی تۆ دەبیتەتەوێلەی ولاغان دووعای هەردووکیان لەسەر یەکدی هاتە جیٚ ،خوای گەورە لێیانی قبولکرد ،
شێخی سەنعان (٧)هەفت سالان لەکەلە دێریٚ ببووە گاوانی بەرازان بۆ خاتریٚ چاوی (سەرتەم )ی کیژی قرالی.سالی١٣٩٠تەیمور لەنگ سەرلەشکری مەغۆل رووی لەعێراق کردو بەغدای داگیر کرد ، تەکیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کردبووە تەوێلەی دەوارو ولاغان ، ئاگادارتان دەکەمەوە ؛ بەیتی شێخی سەنعـــــــان :لە کتێبی پێنج داستانی کوردەواری لە نووسینی یاسین حسن گۆران بەلاوکرایتەوە دووبارەی ناکەمەوە .

## دەراوەکانی سەر زێی بادینان

دەراوەکانی سەر ئاوی زێی گەورە لەکوردستانی باشوور، پێش دروست کردنی جسری ئاسن، چوار دەراوی بەناوبانگی لەسەر دروست کرابوو بۆ گواستنەوەی کەلو پەلی بازرگانی وسەربازی، دەراوەکان. : دەراوی بلیٚ، دەراوی گرمامك، دەراوی کەلەك، دەراوی گوێر، کە هەردوو دەراوی کەلەكو گرمامك دەکەونە رۆژهەلاتی دەڤەری گۆرانەتی لەسەر ئاوی زێی بادینانە. لەسەردەمی عوسمانیەکان زێدەتر بایەخ بەدەراوی کەلەك دەدرا، هەرلەبەر هەندیٚ لەوسەردەمی بنکەی پۆلیسو قۆلچی (گومرك) ی لەسەر دەراوی کەلەك دروست کردبوو، چونکە کەلەك شوێنێکی ستراتیژیە هەر دوو پارێزگای موسڵو هەولێر پێکەوە دەبەستێتەوە، بڕیار درابوو جسری ئاسن بێتە دروست کردن لەسەردەمی عوسمانیان بەلام

لەبەر هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم کارەکەی پێ تەواونەکرا. لەسەردەمی ئینگلیز بەشەلمان دروست کرا کەتا ئەمڕۆ هەرمایە بەجسری کۆنی کەلەك ناودەبرێ، ئۆتۆمبێلی کچکە بەسەر هاتووچۆ دەکات.

### ⭑ بەکرێ دانی شوێنی دەراو

ساڵانە هەندێ کەسی دەوڵەمەندی موسلاوی لەحکومەتی عوسمانیان بەکرێ دەگرتو ئەوانیش بەگرانتر بەکرێ دەیاندا خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی، چەند کەسێك بەگرانتر لەموسلاویان دەیان کڕیەوە ئەوانیش تاوتۆی پەڕینەوەی کەلو پەلیان دەکرد، چەند خانیان دروست کردبوو بۆ حەوانەوەی کەلو پەلو دەوارەکانیان بەشەوانە حسێب دەکرد

### دەراوی گرمامك :

گوندی گرمامك دەکەوێتە سەرەوەی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی کەبۆ هەولێر دەچێت شوێنی پەڕینەوە بوو رولێکی گرنگی هەبوو لەگواستنەوەی کەلو پەل لە نێوان هەردوو دەڤەری بادینانوسۆران . هەروەها گواستنەوەی کەلو پەلی کوردستان بۆ ناوەراستی عێراق دەگەیشتەشارەکانی بەغداو سامەراو دیالە، چەند بازرگانێکی شارەکانی ناوەڕاستو عێراق دەهاتنە گرمامك بەرهەمی کشتوکاڵیو میوەو رەژووو مریشکیان دەکری، هەر لەگرمامك کەلەکیان دروست دەکرد کەلو پەلی خۆیان لێبار دەکرد

دروست کردنی کەڵەك ٣٠٠تا ٤٠٠ هەمبانەیان پەیدا دەکرد پڕی هەوایان دەکرد لەجیاتی چووپی ئێستا دەیان خستە ژێر کەڵەك لەناو ئاو باری خۆیان لێ بار دەکرد ،

چەند پارچە داری توویان دەهێنا لێکیان دەبەستەوە لەبن کەڵەك قایم دەکرا چونکە دار توو دارێکی قایمەو زوو نارزێت. هەمبانە لەپێستی مەڕو بزنو گاڕەش دروست دەکرێت بەشەبو پەلکە هەناری دەیان غاراند کوونەکانیان دەگرت و پڕی هەوا دەکرا لەبنی کەڵەك بەداوو گوریسان قایم دەکرا. هەر کەڵەکێك ١٠-١٥ پیاوی چەکدار لەگەڵ سوار دەبوون لەبەر رێگرو دزو جەردە تاکو دەگەیشتە شوێنی مەبەست، چەکدارەکان زۆربەی کوردی فەیلی بوون لەبەغدا دەهاتنە گرمامك کەلەکەکانیان دەگەیاند باشوور.

تاکو ساڵی ١٩٦٣ دەراوی گرمامك بەكرێ دەدراپەرینەوەوە بارکردن تێدا بەردەوام بوو، جسری کەلەك دروست کراو ئۆتۆمبێل پەیدا بوو، بۆیە فەرمانی بەکرێدانی دەراوەکان لەلایەن (متصرفی) هەولێر (بەدرەدین علی) هاتە هەڵوەشاندنەوە.

کرێی پەرینەوەو حەواندنەوەی دەوارو کەلو پەلەکان نرخی لەلایەن حکومەت دیاردەکرا هەرکەسێ ماڵی قاچاغی ئاودیو بکردبایە، بەرێوەبەرایەتی قۆلچی (گومرك) دەستی بەسەر دادەگرت‌و قاچاغچیەکەش دەگیرا کەلەکوان یان خودانێ قایغێ سزا دەدرا. دەراوی گرمامك دەکەوێتە بەرامبەر گوندی دالەڕێ لەسەردەمی عوسمانیان دەراوی گرمامك کر ابوو جبەخانەیەکی گەورە چەند کۆگای دروست کردبوو تەقەمەنی وچەك وتفاقی ئەوسەردەمی تێداحەشار دابوو بۆ کاتی پێویست.

هەروەها لەسەردەمی میر محمدی ڕەواندزێ (میری کۆرە) هەر جارەو (١٢) دوازدە وولاغ بەبارەوە لەکەلەکی گرمامك بار دەکرا بەرەو ڕەواندز دەچوو ئەویش هەموو خەرج‌و خەراجی دەڤەری گۆرانەتی بوو لەدانەوێلەو بەرهەمی کشتوکاڵی لەسەردەمی میری سۆران له ەلکی وەردەگیرا دەیانگواستنەوە رەواندزی پایتەختی میری سۆران،

گەریدە ئۆلیڤیەی فەڕەنسی لەساڵی ١٧٩٤-١٧٩٦ چاوی بەکەڵەکی خازر کەوتبوو دەڵێت:

کۆمەڵێك ئێزدی بارەکانیان لەووڵاخەکان دابەزاندو، بەکەلەك لەرووباری خازر یان دەرباز کرد ،کەلەکەکان لە ٣٢ هەمبانە پێك هاتبوو پڕ هەوا دەکران‌و بەیەکتر بەسترابوون لەبانەوەش داری بی لەسەر هەمبانەکان دانرابوو. پاشان دەڵێت/ گوندی عەبدولعەزیز واتە کەلەك زۆربەی ئێزدینە خەڵکیان بە کرێ دەپەراندەوە .

## کڕین و فرۆشتن لە نێوان سۆران و بادینان

لە سەدەی چواری هجری واتە لە سالانی ٣١٠کۆچی بە دوواوە کڕین و فرۆشتنی گۆرینەوە بەربەلاو بوو بە تایبەتی لە نێوان هەردوو دەڤەری سۆران و بادینان ،زێی گەورە سنوریان بوو ،بە تایبەتی رۆژ هەلات و رۆژ ئاوای زێی گەورە بازرگانی لە نێوانیان جمەی دەهات دەڤەری رۆژ ئاوای زێی گەورە ،دەشتی ناوکور بەخۆدەگریت کە دەشتێکی پان و بەرین و پڕ پیت و بەرەکەتە بە بەرهەمی کشتوکالی دێمی و بەخێو کردنی چێل ومەڕومالات

بەناوبانگە ،هەروەها گوند نشینەکانی قەراغ هەردوو رووباری زێی گەورەو ئاوی خازر رەزو باخ و فێقی ومێوەجاتی زۆریان هەبوو،گوندەکانی ئەو دەڤەرە چڕن و پڕن لە دانیشتووان ،لە سەرچاوەیەك هاتووە لەو سەردەمان باژێرێکی گەورە لە دەشتی ناوکور هەبووە بەناوی بازاری یەك شەممەلە سەر لێواری ئاوی خازر لەبناری چیای مقلوب ، ( ٥٣ )

هەروەها چەند بازاری دیکەی تێدا هەبووە ،هەر بازارێك تایبەتمەندی خۆی هەبووە ،لە کات وساتی دیاری کراوکڕین و فرۆشتن تێدا کرابوو، بازرگانەکانیش زۆربەیان خەلکی دەڤەرەکەو شاری ئاکرێ بوون لەگەل هەندێ لە برا عەرەبەکانی موسل ، هەروەها باژێرەکی دیکەی کڕین و فرۆشتن لەشوێنی تێکەل بوونی ئاوی خازر لەگەل زێی گەورە هەبوو ،چونکە لە پێشتر، بەرهەموو کەل و پەلەکان بە رێگای ئاوی دەگوازرانەوە،لەو بازارە پێکدەکەیشتن و پێکیان دەگۆڕییەوە،

بازرگانانی بازارەکانی دەڤەری گۆرانەتی کڕین و فرۆشتنیان زۆگەرم بوو لەکەل بازارەکانی دەڤەری سۆران کە لەو گوندانەدا ئەنجام دەدرا بازارەکانی هەردوو گوندی عەزەو قونیان دە کەونە خوارووی گوندی تورەق ،هەروەها بازاری گوندی شێخ شەروان،ئەو سێ بازارە دەکەونە لای باشوری رۆژ ئاوای شاری هەولێر بەلای رۆژهەلاتی زێی بادینان،بگرە لە بەرانەتی تاکو دەگاتە دەشتی شەمامك و قەراجی ئەوە هەموو بەرهەمی کشتوکالی دێمی و ئاژەلی دەهاتە ئەو سێ بازارە لەگەل بازارەکانی دەڤەری گۆرانەتی کەل و پەل و بەرهەمی خۆیان پێك دەقەڕساند و دەبانگۆرییەوە( ٥٤ ) سەرچاوە( ئیبن حەوقەل ئەلبەغدادی لە کتێبەکەی (المسالك والممالك او صوره الارص ) باس دەکات

# بەشی چارەم

# بنەماڵەی شێخ وسیدەکان

## لێدووانی یەکەم :هاتنی بنەماڵەی شێخ وسیدەکان بۆ دەڤەری گۆڕانەتی

## پێشەکی

### تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی

چاردە سەدە وا بەسەر هاتنی ئاینی ئیسلام تێدەپەڕێت، بێگومان چەندەها کۆسپ تەگەرەو ئاڵۆزی مەزن ببوونە ڕێگر لە پێشکەوتن وبەلاوبوونەوەی ئەو ئاییینە پیرۆزە،هەروەها نوێکاری و پەیدابوونی ڕێگاو بیرو بووچوونی لێك جوودا هاتە ناو ئاینی ئیسلامی پیرۆز ، بە نیازی ئەوەی ئاین لەگەڵ قۆناغەکانی ژیان بگونچێنن،نزانن ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ هەموو سەردەمێك و قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزاد دەگونجێت،بە تایبەتی لای ئەو کەسانەی بەنەزانی یان بە ملهوری وپێخواسی خۆیان داوێنە ناو ئاینی ئیسلام ،ئەو جۆرە کەسانەلەهەموو سەردەمێك ئاینی ئیسلامیان لەبەر چاوی خەڵکی کەم کردییە ،بەلام هەر لەدووای جاخی هەر چوارجێنشینەکانی پێغەمبەری خودا (د ـ خ )،زانایانی ئاینی و مەلاکان کە وارسی پێغەمبەرن بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاوون شەویان خستبو سەر ڕۆژ شەونوخونیان کێشابوو راڤەو بۆچوونی خۆیان دەربڕیبوو بەپێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزوهەر وەها لەسەربنەمای حەدیسەکانی موحمەد پێغەمبەری خودا (د ـ خ )، لێرەدا ململانێی ئاینی روویدابەلام لەسەر دانانی بناغەو بنەمایەکی موکوم بۆ ئاینی ئیسلام ،ئەوەش هەندە ئاسان نەبوو،هەر لەبەر ڕاو بۆچوونی جۆراوجۆریزانایانی ئاینی و مەلاکان لەسەر کێشەکان،هەر چوار مەزهەب سەری هەڵدا،لەگەڵ یەکدی کۆك بوون و یەك تەواوکەری یەکدی بوون ،لەدووای تەواوبوونی هەر چوار مەزهەب ،چەند تەریقەت

پەیدابوون بەتایبەتی تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی لە کوردستان سەری هەڵدا دەستووری رێنماییەکانیان لە قورئانی پیرۆز و حەدیسەکانی پێغەمبەری خودا موحمەد(د ـ خ )، وەرگرتبوو، ئەوەش لە ئەنجامی هەندی هاتبوو کە ئاینی ئیسلام لەبزوتنەوە دابێت و لەناو نەچێت ، قۆناغ لە دووای قۆناغ تاکو گەیشتە دووای کۆتایی هاتنی میرنشینە کوردییەکان ،داگیرکردن و پارچە پارچە کردنی کوردستانی گەورە،بارودۆخ زێدە نائارام بوو لەبەر زولم و زۆرداری توشی خەلکی کوردستان هاتبوو بە نائومێدی دەژین ناچار ببوون زێدەتر پەنا بۆ دین ببەن ،سەرەڕای هەندێ پاشاو مەلیك و سولتانەکانیش بە ناوی دین خەلکیان چەوساندبووە ،لێرەدا هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی لە کوردستان پەرەی ساندبوو بەلاو بۆوە،رێبەرەکانی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی لەو سەردەمیدا ناچار ببوون شێوازو رفتاری خۆیان بگۆڕن ملکەچی واقیع ببن ،پشتیوانی لایەنگری ئێش وئازاری خەلکی ڕەش و ڕووتی میللەتەکەیان ببن، هەردوو تەریقەت دەروێش و سۆفی موریدیان زۆر ببوو،لێرەدا هەستی نەتەوایەتی خەلکی بزافت، شێخەکان هاتنە ناوگۆرەپانی بەربەرەکانی ژیانی سەردەمی خۆیان داوای مافی گەلە چەوساوەکەیان بکەن ، چەند شێخ و تەریقەدار ببوونە پێشەواو سەرکردەی گەلەکەیان ،ئاگری شۆرەشیان هەلگیرساندبوو، بۆ نموونە:شێخ عوبێدوللای نەهری ،شێخ سەعیدی پیران ، شێخ عەبدوسلاَمی بارزانی ، شێخ محمودی نەمر ،شێخ ئەحمەدی بارزانی .

دوو رێگای ئاینی لە کوردستان بەلاو بوونەوە:

١ـ تەریقەتی قادری: یەکەم تەریقەتە لەکوردستان بەلاو بۆوە، رێپیشاندەری شێخ عبدولقادری ولیانییە(گەیلانی) سالی(١٠٧٧ـ ١١٦٦)زاینی بەلاوبوویتەوە ،نزیکترین و بەناوبانگترین رێگای تەسەوفە،بە رێگای شێخ نورەدینی بریفکانی لە بادینان بەلاَوبوویتەوە،لەسەر دەستی شێخ عەبدولوهابی ئامێدی وەریگرتوبوو،وەلە دەڤەری گۆرانەتی بەر بەلاَوە بە تایبەتی بنەمالە سەیدەکان،وەکو مالی سەید عەزیزی گوندی چەمە،سەید محمدی کەلەکچی ،مالی سەید عەبدولرەحمانی لەسەنتەری قەزای بەردەرەشی تەکییەیان هەیە وتێدا ئامۆژگاری خەلکی دەکەن بە چاکە ،

٢ـ تەریقەتی نەقشەبەندی : لەمحەمد بەهائەددین ئەلبوخاری هاتووەلە سالی ١٣١٧ـ ١٣٨٩،بەلاوبوونەوەی ئەو رێگایە لەکوردستانێ بۆئەلشێخ زیائەددین خالد ئەلمیکائیلی دەگەرێتەوە ،کە دەناسرێ بە مەولانا خالد ئەلنەقشەبەندی ،لە عەشیرەتی جافە ، لە سولەیمانی سالی١٧٧٦ـ١٨٢٦لە دایك بووە،خەلیفەکانی بەناوبانگی مەولانا خالدی ئەلنەقشەبەندی،ئەوانەی تەکیەو حوجرەی فەقێیان هەبوو بۆ خۆندن ئەوانەن : ١ـ شێخ تاهر العمادی.٢ـ شێخ تاجە الدین ئەلبارزانی.٣ـ شێخ عەبدولوەهاب ئەلشوشی.٤ـ شێخ حەسەنئەلبامەرنی،

# سـەیدەکانـی بـەرزنـجی لـەگونـدی چـەمە★

گوندی چەمە*_

گوندێکی خەنجیلانەی ئەم کوردستانە پانو بەرینەیەو دەکەوێتە باکوریڕۆژهەلاتی قەزای بەردەڕەش بەدرێژایی (٣٥) کم لەسەنتەری قەزا دوورەو ژمارەی دانیشتووانی لە(١٤٠٠) کەس تێدەپەڕێتو ژمارەی مالەکان (١٧٠) مالەو دەکەوێتە نێوان دوو ملە زووری گەورە.

ناوی گوندی لەدێرزەمانەوە شوێنی ئەم گوندە دارستانی سروشتی واتە (چەم) بووەو تەژی ناو ئاژەلی جۆراو جۆرو دڕندە بووە، بۆیە ناوزەد کرا بەچەمە، کورد دەلێت جێگای ئاوبگریت هەر دەگرێتەوە

رۆلی چەمە لەبزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد ستراتیژیەتی ئەم گوندە وای لێکرد کەببێتە سەنگەری خەباتی کوردایەتیو پێشمەرگایەتی، چونکە خالی گرێدانەوەی سۆران بەبادینانەو دوورە دەستی رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسیەکان بووە بۆیە بگرە لەشەستەکانەوە تاراپەڕینی سالێ ١٩٩١ بەئاشکراو بەنهێنی پەیوەندی پێشمەرگە بەم گوندە نەبچڕاوە یەکەمین شەهیدی ڕێبازی کوردایەتی ئەم گوندە (وەسمان محەمەد حەسەن) بو کەلەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆی هاتە شەهید کردن کەسەر بەهێزی یاسین تاها ناسراو بەمام یاسین بوو. لەسالی ١٩٧٤ ئەم گوندە کەوتە بەر شالاوی دڕندانەی ڕژێمی بەغدای پێشوو وتالان کراو بەفرۆکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بوردوومان کراو جۆخینی خەلکیش زۆر هاتە سوتان بۆ نموونە بەرهەمی سالێکی تەواوی حاجی عەبدوللا محەمەد

بەیەکجاری تەخت  بوو کەئەو دەم مەزندە دەکرا بە (٥٠) تەغار گەنم و جۆو جاشەکانی ئەو سەردەم بەسەرپەرشتی (جەعفەر بێسڤکی) کەسەرپەرشتی سریەی (٣١) ی دەکرد گوندیان تالان کرد و زۆر خەڵکیان ئازارداو بارەگای خۆیان لەماڵی حاجی عەبدوڵلا دانابوو دوای تالان کردنی هەموو ماڵەکەیو لەهەمان ساڵ بۆ جاری دووەم ڕژێم دیسان بۆ ماوەی یەك ڕۆژ ئەم گوندەی تۆب  باران کرد کەلەگوندی دارەتوو دەیهاوێشت. هەڵوێستی کوردایەتی ئەم گوندە زۆر بەهێزەو بەردەوامیش خەڵکە بەپەرۆشەوە هەموو ئامادەباش‌و هاریکاری بۆ پێشمەرگە بەردەوام بوون

**شوێنەوارەکانی چەمە :** گردێك هەیە لە خوارووی گوند زنجیرە ئاسای گردەکانی تر کەهەن  لەم دەڤەرە لە سەردەمی ئاشوورییەکان دروست کراوەو خەڵکی گوندی بەگردی حاجی ناودەبەن. زۆرجاریش شتی کۆن لێ دۆزراوەتەوە.

**ناوی شوێنە دیارەکانی چەمە :** هاش هاش کەرە، سوڕك، قەلەمۆك، سۆرەبان، بن سەنگەرە، ناوئاڤار، تەیرۆك، دۆل حەبیب،  گوردەمان، زەوی بەرەشك، بنەوان، بن گرد، ئەسحابە،گۆمێ، سەرقەلات، کەرکەزێ جۆخین، قوڕەبەگ، باریکایی، سێ کوچکە، چەولك، بانیێ قولارەی.

**بەسەرهات‌و ڕووداوەکانی بەرچاوی ئەم گوندە**

٭ ساڵی (١٩٠٠) زێی گەورە هەستاو ئاوەکەی  گەیشتە ناو گوندی.

٭ لە ١٩٦٩/٤/٢ زێی گەورە گەیشتە ناو گوندیو (٣٠) ماڵی تێکداو وای لێهات بەکەلەکی ماڵ گوێزرایەوە لەناو گوندی.

٭ لەشەستەکان یەکەمین رادیوو ویەکەمین تورمبێلی(ئەفنەس) هاتە گوند

٭ ساڵی ١٩٧٥ لەسەرچۆپی داوەتێك هەردوو عەشیرەت سورچیو گۆران بەخوترە و بەردو دارو بەردەقانی  تێکبەربوون ئەو شەرە ڕۆژێکی خایاند.

٭بەتێکرایی دووساڵ یەکێك دەبێتە قوربانی خنکاندن لەزێی گەورە.

٭ لەساڵی هەشتاکان بۆ یەکەمین جار وزەی کارەباو بیرێکی ئیرتەوازی گەیشتە گوندی.

.............................................................................................

٭زانیاری لە سەر گوندی چەمە لە مامۆستا عەبدولقادرعبدالله  وەرگیرایە

## سەیدەکانی‌گوندی چەمە ⋆

یەکێك لەهەرە بەرەماڵە کۆنەکانی سەیدانی بەرزنجی لەدەڤەری گۆرانەتی سەربە قەزای بەردەرەش لە ناحیەی روڤیا گوندی چەمە یە بەرەماڵی ( **شێخ محمد راچی عزیز عبدالرحمن** )ناسراوە. ئەم بەرە ماڵە سەجەرەیان دەگەریتەوە بۆ ئیمامی ( **حسین** )ی کوڕی ئیمام (**علی** ) رەزابونی خودای لەسەریان بێ.یەکەم باپیرە گەورەی ئەم بەرە ماڵە هاتە ناسین بەناوی ( **مصطفی باپیر** ) ئێستا گورەکەی لە مەزاری شێخ (**عبدالقادری گەیلانی** ) لە بەغدا نێژراوە.لە سەردەمی خۆیدا لەمەزاری شیخ عبدالقادر خزمەتی ئایینی ئیسلام و ریبازی تەصەوفی کردووە.سەرەتای هاتنی ئەم بەرە ماڵە بۆ دەڤەری گۆرانەتی دەگەریتەوە بۆ سەردەمی خانزادی میری سۆران کە (**حجی علی**) سۆران هاتە لای مصطفی باپیر و داوای تەرخان کردنی مەلا و ئیمامی بۆ مزگەوتی گوندی ( **کودەریان** ) لەناوچەی زەرارەتی کردبوو ،حجی علی خزمی خانزادی سۆران بوو، لەوما مصطفی باپیر کوڕی خۆی (**شیخ حسن**)نارد بۆ ئەوێ ،بە (**شیخ حسن کورەکا**)ناسراوبو لەبەر پیری پشتی کوڕ ببو هەروەها شیخ حسن کورەکا چوار کوری لە دوای خوی جێهێشت ئەوانەن:-

**١- سید محمد ٢- بابا شیخ ٣- سید حوسێن ٤- سید محمود**

سید محمد رەوانەی گوندی چەمە کرا لەسەر زێی گەورە یان زێی بادینان، تیرەی شێخ بزێنی لەوێ دەژیان ئەم هاتنەی دەگەرێتەوە بۆ پێشی (٢٠٠) سال بەر لە ئەمرۆ. یەکەم سید لەسەیدانی بەرزنجی لە گوندی چەمە دەگەرێتەوە بۆ سەید محەمد کە ئیستا گۆڕی لە گۆڕستانی گوندی چەمەیە ،وە هەتا ئێستا ئەم گۆڕستانە بە گۆڕستانی سەید محەمەد ناودەبرێت. بابا شیخ و سەید مەحمود لەناوچەی زەرارەتی مانەوە وەئیستاش نەوەکانی لەو ناوچەیە دەژین ، بەلام سەید حوسێن سەفەری‌دەولەتی ئیرانی کرد ئیستاش گوندێکیان هەیە بەناوی ( **کەو تو مەتر** ) لە کوردستانی رۆژ هەلات واتا ئێران .سەرەتای هاتنی سەید محەمەد بۆ گوندی چەمە دەگەریتەوە بۆ پێشی (٢٠٠)ساڵ بەر لە ئەمڕۆ

ئێستا ئەوکاتە تیرەی شێخ بزێنی لە (١١) گوندی ئەو ناوچەیە نشینەجێبوون .ئەوەش منداڵەکانی سەید محەمەد سێ کوڕی هەبوو بە ناوی ١- **سید عبدالرحمن** ٢- **شێخ**

**رەسول** ٣ـ **شێخ عەبدوللاه** شێخ عبدالرحمن دەکاتە باپیری شێخ محمدراچی خاوەنی تەکیەی(**ساداتی بەرزنجی**)یە لە گوندی چەمە.شێخ عبدالرحمن لەتەمەنی (٥٠ـ٦٠) سالی زیارەتی ماڵی خودای کرد بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج کردن، شایەنی باس کردنە کەوا شێخ عبدالرحمن (٣)سێ ماموستای ئایینی لە گەل خۆی بردبوو بۆ ئەدا کردنی فەرزی حەج بەلام شێخ عبدالرحمن لە مەدینەی منەوەرە وەفاتی کرد و ئێستاش گۆڕی لە مەدینەی منەوەرەیە.پێش سەردانی شیخ بۆ حەج کردن خوێندنی ئاینی لە قوتابخانەی ئایینی (**ابن أدم**)لەشاری دیانا تەواو کرد بوو ، پاشان گەرایەوە گوندی چەمە بۆ ئیرشاد کردن ، تەکیە و مزگەوتی ئاوەدان کرد.(**شێخ رسول**)ی برای گۆڕی(قبر)ی لە گوندی چەمە یە ،بەلام(**شیخ عبداللە**)گۆڕی لەگوندی(**گۆپال**)ی ئەوبەری زێی بادینانە واتا ناوچەی زەرارەتی.کاتیك شێخ عبدالرحمن چوو بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج سێ لە مەلا نزیکەکانی خۆی لەگەل خۆی بردبوو ناوەکانیان(**مەلا صالح**)،(**مەلا احمد**)،(**مەلا مصطفی**) کەوادەکاتە باو کی (**مە لا گە**)ی کۆڕێ.لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم ئنگلیزەکان بەهاوکاری فەلە رەشکە هێرشیان کردە سەر گوندی چەمە و ئاگریان تێبەردا هاوکات تەکیەی شێخیش بێبەش نەبوو لەسووتان ،وە بو ئەگەریسوتانی تەواوی پەرتوکەئایینیە کانی تەکیەکە . هەروەها کۆچی دوایی شیخ عبدالرحمن دەگەرێتەوە بۆ (١٠٠ )سال پێش ئیستا.لە کاتی سەردەمی میر محمد پاشای سۆران بوو لە رەواندزێ ، سید حسن کەوا دەکاتە ئامۆزای شیخ عبدالرحمن یەکیك بووە لە سەرکردە کانی لەشکری محمد پاشای رەواندزی بەهۆی زیرەکی و چاو نەترسی سید حسن میری سۆران بڕیاری دابوو سید حسن ببێتە سەر لەشکری میر . تەریقە تی ئەم بەرە مالە قادری بووە . نەسەبی ئەم بەرە مالە لە (**ئیمام علی**) هەتادەگاتە شێخ محمد راچی دەکاتە (٣٣)پشت.ئێستاش لە گوندی چەمەی سەر بەناحیەی روڤیا لە قەزای بەردەرەش تەکیەی شیخ محمد راچی هەیە ، جگە لە دوو مزگەوتی سەرە کی گوند.زۆربەی گەنجەکانی ئەم بەرە مالە خاوەن بڕوانامەن و خزمەتی ئایین و خویندنی قوتابخانە دەکەن لە گوندی ناوبراو ،هاوکات رۆلی سەرە کیشی دەگێرن لە پێش کەوتنی گوندەکەیان ،وە هەر لە کۆنەوە کاروباری گوندەکەیان بەرێوە

بردووه له سەرجەم بواره كاندا و بونەته يەكێك له بەرەماله دياره كانى دەڤەرى گورانەتى

.وەئەوەى له خوارەوه سەجەرەى ئەو بەره ماله يە:-

**الامام علي ابن طالب (كرم الله وجهة)الامام حسين السبط(شهيد كربلاء)الامام علي زين العابدينالامام محمد الباقرالامام جعفر الصادق الامام موسى الكاضمالسيد اسماعيل محدثالسيد عبداللةالسيد عبد العزيزالسيد منصورالسيد يوسفالسيد بابا علي همدانيالسيد عيسى قطب الاعضيم النورة بخشي السيد عبدالكريم السيد بايزيد السيد حسين السيد عيسى الاحدب السيدعبد السيتد السيد قلندر السيدعبد الرسول السيد عبد السيد السيد بابا رسول كبير السيدعلي وندرينة السيد محمد نودهى السيد محمد غزائي السيد مصطفىالسيد محمد صالح الثانى السيد مصطفى بابير شيخ حسن**

كوره كا شيخ حسن كوره كا چار كوڕى دەبێت : ١-بابا شيخ (گۆپال) ٢- سيد محمد (چەمه ٣- سيد محمود (كودەريان) ٤- سيد حسين (ايران) محمود (كوده ريان) سێ كوڕى دەبێت :١- شيخ رسول ٢- شيخ عبد الرحمن ٣- شيخ عبدالله ،شيخ عبد الرحمن :سێ كوڕى دەبێت ١- حسن ٢- سەيد عزيز ٣- محمد امين ، سەيد عزيز يازده كوڕى دەبێت : على - بابا شيخ - محمد نورى - محمدراچى - كمال - عبدالستار - نەزان - مهدى- جمال - اخير- زمان ، ئەوا نەش مندالى سيد على : جلال، صالح ، محمەد صدر،سيدعگيد ، سيد امين .

.................................................................................................

⋆ئەو زانيارييانەیلەسەر(سەيدەكانىبەرزنجى لەگوندى چەمە) به هاوكارى سيد ئەمين سيدعلى سيد عزيز نووسرايتەوه - سەرۆكى شارەوانى روڤيا - يه لەگەل رێزم

## سەیدەکانی رەفاعی (ا لساده ا لرفاعیه) له باکی ★

### لەگوندی کەونەباکی دەڤەری گۆرانەتی ـ قەزای بەردەرەش

له ووچاغی ئەو سەیدانه ئێستا سێ برایان هەیه ئەوانەن :: ١ ـ سەید فاخر ٢ ـ سەید محمود ٣ـ سەید ئەمین ،لەشاری بەسرا هاتوونه قەزای بەردەڕەش بەم شێوەیه :

**سەجەرەیان:** هەرسێکیان کوڕی سەید مەحمەدن کوڕی سەید مەحمود کوڕی سەیید ئیسماعیل البصری کوڕی سەیید عوبێد کوڕی سەیید رەسول کوڕی سەید محمد کوڕی سەید محمودکوڕی السید بدرەالدین الرفاعی، باپیرە گەورەیان بدرەالدین الرفاعییه له شاری بەسرا ژیاوه ،سەید بدرەالدین الرفاعی له بەسرا ؛دوو کوڕی هەبوو بەناوی ١ـ سەید محمود ٢ـ سەیید ئیبراهیم مفتی بەسرا بوو لەسالی (١٥٦٠) زاینی کاتی فورس له سالی ١١٩٣کۆچی بەسرایان داگیر کرد بارودۆخ زۆر نالەبار بوو،السید محمد کوڕی السید محمود لەگەل ، السید رەجەب کوڕی السید ئیبراهیمی مفتی بەسرا شاری بەسرایان بەجێهێشت هاتنه دەوروبەری شاری موسل له گوندی باکی سەربەدەڤەری گۆرانەتی ـ قەزای بەردەرەش(عشائیر السبعه ) نیشته جێ بوون ، سەید محمد بەناوبانگ بوو بە(شێخ محمدی باکی) لەسالی ١٢١٥کۆچی وەفاتی کرد که ئێستا گۆرەکەی له سەر خرابەی باکی یه ـ لەقەزای بەردەرەش ، سەیید رەجەب بەناو بانگ بوو بە(پیر رەجەب) لەژیانی خۆی ووجاغ کۆر بوو چ مندالی نەبوو،

**گوندی باکی:** باکی هەر لەکۆنەوە کەرتێکی سەربەخۆیه ،دەکەوێتەلای باکوری گوندی کەونەباکی بەدووری ٣کم ،گوندی باکی ٣٦٠ پله له سەر ئاستی دەریا بەرزتره ، تاکو سالی١٩٢٠گوندی باکی ئاوەدان بووگوندێکی کشتوکالی بوو دەکەوێته سەر قوڕەبەگی ،ئەو کەسانه لێ دانیشتبوون، عەمەر پیرکێ، رەمەزان عەباس، ئەحمەد خانێ، ونسکۆ، کوێخا رەمەزان زیاب، مالی چەتۆی ئێستا لەخێلەکیانن، جەدۆ کەنۆ باری کردبوو گودی زەنگەنان، مەولوودە کۆر چووبونه گوندی زمزمۆك (یەکەم کەش و هەواناسی دەڤەری بەردەڕەش بوولەگوندی زمزموك)، ئەنوەر لەکانی هەسپان کوژرا، رەمۆی حەمشەی.ئەوخێزانانه لەوێ بوون باریان کردبوو گوندەکانی دەوروبەری ،،ئێستا کەرتی باکی سەربه گوندی

کەونەباکە، شوانەکانی کوندی کەونەباکی لە وەرزی هاوینان لە سەر قوڕەبەگی راست باکی ، بیری لێدەدەن بە٣متر دەگاتە ئاوێ واتە ئاوەکەی دەست هەلێنجە بۆ مەرو مالات ئاودانێ بەکار دێت،

## حاجی پیر رەجەب و غەزا بۆسەر ئێزدییان

لەسالی ١٨٠٣عەلی پاشا والی بەغدا فەرمانی دابوو بە ناوی غەزا بۆسەر ئێزدییان لەشنگارێ لە شکرێکی گەورەی ئامادە کردبوو هێزەکانی کورد بوون لە هەردوو ئیمارەتی بابان و سۆران پێك هاتبوون ، هەر وەها عەلی پاشا والی بەغدا داوای لە میری ئامێدیێ (میر مرا دخان پاشا )کردبوو لەشکرێك ئامادە بکات بۆسەر ئێزدییان، میر مرادخان پاشا میری ئامێدیێ تەنها ٣٠٠سی ٚسەدسواری ئامادە کردبوو جێگای رەزامەندی پاشای بەغدایێ نەبوو، ئەو داواکارییە زۆر گران بوو لەسەر میری ئامێدی جونکی بەردەوام پەیوەندییان لەگەل ئێزدیان هەبوو بۆیە والی بەغدا بە فرسەتی زانی بڕیاری دابوو دووای ئەو شەڕە پەلاماری میری ئامێدیێ بدات،چونکە میرەکانی ئامێدیی تاگیریان لە ئێزدیان دەکرد ، وامەزەندە کرایە هێزی ئێزدخانە لەگەل کام لابایە ئەولا سەردەکەفتؙ، بۆزیاتر زانیاری بە درێژایی مێژوی هاوچەرخ ٧٣جاران هێرش کرایتە سە ئێزدیان بەناوی غەزا توشی کوشتن تالان سووتان بوونە

## ئەوەی لێرە شایانی گۆتنە:

حاجی پیر رەجەب دانیشتوانی گوندی باکی لەناحیەی بەردەرەش لە سەر داوای والی بەغدا بە ناوی غەزا پشکداری لەو غەزایە کردبوو دژی ئێزدیان لە شنگارێ و دەوروبە ریحاجی پیر رەجەب ٦٠٠شەش سەد سواری لە دەڤەری گۆرانەتی دەوروبەری کۆکردبۆوە بە ناوی غەزا شەڕی ئیسلامەو دژ بە کافرانی ئێزدی ،هەمووجارێ حوکومەتی عوسمانلی بەناوی دین تۆبزی خۆی دەوەشاندە کوردی ئێزدی وناحەزان و دوژمنانی خۆی، مەرامی خۆیان پێ جێ بە جێ دەکرد بۆ زال بوونی دەستهە لاتیان بە سەر خەلکی چەوساوەو نەفام

رووداوی خاتوو سەییدە فاتیمە: خاتوو سەیید فاتیمە کیژی شێخ مەحمەدی باکی یە ،شەوێك پێش کەباری سوبێدە ،قورئانێکی لەبن چارۆگی خۆی دانابوو ،چوو بوو زیارەتی

گۆری  کوڕی مامێ بابی له قەبرستانی گوندی کەونەباکی ،بۆمەبەستی قورئان خوێندن  ، کەسو کاریان هەستیان پێکرد خاتوو فاتیمه به شەو له مال دەرچووه ، بۆیه  هەر دوو برا کەی سەید حەسەن سەید حوسێن  به نهێنی به دووای رۆیشتن  ،سەید فاتیمه چووبوو ناو قەبرستانی گوندی کەونەباکی قورئان دەخوێنی له سەر گۆڕی یەکێك لەخزمانی ، پیش دونیا رۆن بێت ویستی بکەرێتەوه مالێ دەبینی هەر دوو برا کەی سەید حەسەن سەید حوسێن  والەسەر سەری خاتوو سەیید فاتیمه کیژی شێخ مەحمەدی باکی راوەستانه  ،تازە سڕی ئاشکرا بوو،  خاتوو سەیید   فاتیمه ڤیرییەکی هاویشت  وهاواری کرد ،هەر  یەکسەر عەرد  شەق بوو ، خاتوو سەیید   فاتیمەی  کیژی شێخ مەحمەدی باکی له و جێی نوقوم بوو، له عەرد  رووچوو، شوێنەکەیان زۆر هەڵدڕی  بیدۆزنەوه بێ سوود  بوو چ لەگەل کاری خودا ناکرێت ، هەتا ئێستا شوێنەواری  ڕووچون و هەلکۆلانی جێگایەکه  له ناو قەبرستانی گوندی کەونەباکی دیاره به قەبرستانی  سەیدەکانی  رەفاعی  دەناسرێت ،

،سەجەرەی سەیدەکانی رفاعی له شاری بەصرا لەکاتی عیراق لەلایەن فارسەکان داگیر کرا سەیدەکانی رفاعی لەبەصرا کۆچیان کرد هاتن له بەردەڕەش (عشائیر السبعه ) ئاکنجی بوون ،

## سەجەرەی سەیدەکانی رفاعی(لەمزگەوتی گوندی کەونەباك هەڵواسرایه):

| ز | ناوی تەواوی | سالی له دایك بوون سالیکۆچی | سالی زاینی | سالی کوجکردنی دووای سالی کۆچی | سالی زاینی | شوێنی مردنی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | الامام حسن | ٤ | ٦٢٥ | ٦١ | ٦٨١ | کەربلا |
| ٢ | الامام علی زین العابدین | ٣٨ | ٦٥٨ | ٩٤ | ٧١٢ | مدینه المنوره |
| ٣ | الامام محمد الباقر | ٥٧ | ٦٧٦ | ١١٧ | ٧٣٥ | مدینه المنوره |
| ٤ | الامام جعفر الصادق | ٨٠ | ٦٩٩ | ١٤٨ | ٧٦٥ | مدینه المنوره |
| ٥ | الامام موسی الکاظم | ١٢٨ | ٧٤٥ | ١٨٢ | ٧٨٩ | بغداد |
| ٦ | الامیرابراهیم المرتچی | ١٤٦ | ٧٦٣ | ٢٠٩ | ٨٢٤ | بغداد |
| ٧ | السید الموسی الپانی | ١٦٤ | ٧٨٠ | ٢١٠ | ٨٢٥ | بغداد |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | السيد احمد الصالح الاكبر | ١٨١ ٧٩٧ | ٢١٦ ٨٣١ | بغداد |
| ٩ | السيد حسين ابو عبدالله | ٢٠٠ ٨١٥ | ٢١٩ ٨٣٤ | مكه |
| ١٠ | السيد حسن القاسم | ٢١٩ ٨٣٤ | ٢٤٦ ٨٦٠ | مكه |
| ١١ | السيد محمد البغدادى | ٢٣٧ ٨٥١ | ٢٦٥ ٨٧٨ | مكه |
| ١٢ | السيد مهدى المكى | ٢٦٥ ٨٧٨ | ٢٩١ ٩٠٣ | مكه |
| ١٣ | السيد رفاعهحسن المكى | ٢٨٠ ٨٩٣ | ٣٣٩ ٤٤٣ | اشبيله |
| ١٤ | السيدعلى الغربى الاشبيلى | ٣٠٠ ٩١٢ | ٣٥٢ ٩٦٤ | اشبيله |
| ١٥ | السيداحمد المرتجى | ٣٢٠ ٩٣٢ | ٣٧٠ ٩٨٠ | اشبيله |
| ١٦ | السيد على الحازم ـــــ السيد سلگان على | السيدپابت ـــــ السيداحمد الرفاعى له ٥١٢ تاكـــــو | السيد يحيى ـــــ ٥٧٨ سالى كوجى | |
| ١٧ | السيد محمد عساه | ٣٨٥ ٩٩٥ | ٤٣٠ ١٠٣٨ | اشبيله |
| ١٨ | السيد حسن | ٤٣٠ ١٠٣٨ | ٤٨٧ ١٠٩٤ | بصره |
| ١٩ | السيد سيف الدين عيمان | ٤٧٠ ١٠٧٧ | ٥٥٠ ١١٥٥ | تل الحى |
| ٢٠ | السيد عبدالرحيم | ٥٤٠ ١١٤٥ | ٦٤٠ ١٢٠٧ | تل الحى |
| ٢١ | السيد شمس الدين محمد | ٥٥٥ ١١٦٤ | ٦١٩ ١٢٢٢ | ام العبيده |
| ٢٢ | السيد رجب الكبير | ٥٧٥ ١١٧٥ | ٦٦٠ ١٣١١ | البصره |
| ٢٣ | السيد يوسف | ـ ـ | ٧٥٠ ١٣٤٩ | ام العبيده |
| ٢٤ | السيد حسن ابو الفچل | ٦٩٦ ١٢٩٦ | ٧٦٤ ١٣٦٢ | البصره |
| ٢٥ | السيدحسن نقيب البصره | ٧٢٠ ١٣٢٠ | ٧٨٠ ١٣٧٨ | البصره |
| ٢٦ | السيدعبدالله نقيب البصره | ٧٤٠ ١٣٣٤ | ٨٠٠ ١٣٩٧ | الزبير |
| ٢٧ | السيد عبدالرحمن تاج تادين | ٧٦٠ ١٣٨٥ | ٨٣٠ ١٤٢٦ | الزبير |
| ٢٨ | السيد صالح ابو الحمد | ٧٨٠ ١٣٧٨ | ٨٤٥ ١٤٤١ | نهر حوز |
| ٢٩ | السيد احمد | ٨٠٠ ١٣٩٧ | ٨٤٥ ١٤٤١ | به صره |
| ٣٠ | السيد شعبان نقيب البصره | ٨١٥ ١٤١٢ | ٨٥٠ ١٤٤٦ | به صره |
| ٣١ | السيد رجب نقيب البصره | ٨٣٥ ١٤٣١ | ٩٠٠ ١٤٩٤ | به صره |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | السيد عبد الخچر | ٨٦٠ | ١٤٥٥ | ٩٢٠ | ١٥١٤ | به صره |
| ٣٣ | السيد محمد الدرويش | ٨٨٣ | ١٤٧٩ | ٩٥٠ | ١٥٤٣ | به صره |
| ٣٤ | السيد يوسف عزالدين | ٩٠٥ | ١٤٩٩ | ٩٦٠ | ١٥٢٢ | به صره |
| ٣٥ | السيد محمد | ٩٢٠ | ١٥١٤ | ٩٨٠ | ١٥٧٢ | به صره |
| ٣٦ | السيد شعبان شمس الدين | ٩٤٥ | ١٥٣٨ | ٩٩٥ | ١٥٨٦ | به صره |
| ٣٧ | السيد رجب فكَب البصره | ٩٧٠ | ١٥٦٢ | ١٠٣٨ | ١٦٢٨ | به صره |
| ٣٨ | السيدصالح الپانى | ٩٩٥ | ١٥٨٦ | ١٠٥٠ | ١٦٤٠ | به صره |
| ٣٩ | السيدعلى | ١٠٢٠ | ١٦١١ | ١٠٨٠ | ١٦٦٩ | به صره |
| ٤٠ | السيدسلێمان | ١٠٤٥ | ١٦٣٥ | ١١١٠ | ١٦٩٨ | به صره |
| ٤١ | السيد احمد المبارك | ١٠٧٠ | ١٦٥٩ | ١١٤٠ | ١٧٢٧ | به صره |
| ٤٢ | السيدبدرالدين ابو كومره | ١٠٩٥ | ١٦٨٣ | ١١٧٥ | ١٧٦١ | به صره |
| ٤٣ | السيد محمود | ١١٢٠ | ١٧٠٨ | — | — | |
| ٤٤ | السيدمحمد شيخ محمد باكى | ١١٤٥ | ١٧٣٢ | ١٢١٠ | ١٧٩٥ | باكى/به رد ره ش |
| ٤٥ | السيدرسول | ١١٦٥ | ١٧٥١ | ١٢٣٠ | ١٨١٤ | باكى/به رد ره ش |
| ٤٦ | السيد عبيد | ١١٨٥ | ١٧٧١ | ١٢٥٠ | ١٨٣٤ | باكى/به رد ره ش |
| ٤٧ | السيد اسماعيل البصرى | ١٢١٠ | ١٧٩٥ | ١٢٨٣ | ١٨٦٦ | باكى/به رد ره ش |
| ٤٨ | السيد محمود | ١٢٧٠ | ١٨٥٣ | ١٣٣١ | ١٩١٢ | باكى/به رد ره ش |
| ٤٩ | السيد محمد | ١٣٣١ | ١٩١٢ | ١٣٦٩ | ١٩٤٩ | |
| ٥٠ | السيد فاخر | ١٣٤٧ | ١٩٢٨ | ئيستا ساغه | | |
| | السيد محمود ٣ برانه | ١٣٤٩ | ١٩٣٠ | ئيستا ساغه | | |
| | السيد امين | ١٩٤٣ | ١٣٦٢ | | ٢٠٠٥ | هه ولير |

..........................................................................................

***زانيارى لەسەر سەيدەكانى رفاعى (ا لساده ا لرفا عيه) له باكى**

**لەدەستنووسێكى سيد فاخر السيد محمد السيد محمود وەرگيرايه/ به زمانى عەرەبى**

## شێخ ئیسماعیلی ولیانی و(قەدەسەالله و سڕەهو)*

### تەکیەی ڕوڤیە لەدەڤەری گۆرانەتی

### سەربەقەزای بەردەرەش

**ناوی**:ئەلسەید شێخ سمایلی ولیانی کوڕی ئەلسەید محەمەدئ ئەلسەید ئەلنودهی کوڕی ئەلسەید باباعلی کوڕی ئەلسەید بابا رەسولی گەورە،نەسەبیان دەگەرێتەوە بۆسیدینا حوسێن کوڕی ئیمامی عەلی(رەزابوونی خوای گەورەی لەسەربێت)

**نازناوی** : نازناوی دەگەرێتەوە بۆ خلوە کێشانی لە ولیانی ناوی گوندێکە لە ناوچەی قازان قایە سەر بە پارێزگای سولەیمانی،هەر وەها ناویان بە غەوسی دووەم دەبرد

**لە دایك بوونی** :ساڵی١٠٨١ لە قازان قایە لە دایك بووە

**مەزهەبی**: بە مەزهەب شافعی بوو،

**تەریقەتی**: تەریقەتی قادری وەرگرتبوو لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد ئەلئەحسائی

**ژیانی** : ئەلسەید لەسەردەمی خۆیدا خودانی کەشف و کەرامات بوو ،یەکەم کەس بوو بنەماکانی تەریقەتی قادری چەسپاندبوو، لە کوردستانی عیراق بەلاوی کردەوە . ئەوکوڕی گەورەیسەید محەمەد نودهی بوو، بەسەفەر چووبوو بەغدا ،لەسەر دەستی رێبەری سەردەمی خۆی شێخ ئەحمەد ئەلئەحسائی،تەریقەتی قادری وەرگرتبوو، لەوێ چڵ رۆژان خەلوەی کێشابوو ،پاشان لەگەل شێخ مستەفای خۆشناو ناسراو بە (ئەلشامی) ،گەرایەوە قازان قایە ، شێخ مستەفای خۆشناو هەر لەگەلی مابۆوە،پاشان گەرایەوە ناوچەی خۆشناوەتی و کۆیە، شێخ ئیسماعیلی ولیانی لە ناوچەی قازان قایە مایەوە، لەبەرترسانی لە خودای گەورەو تەقوایی ،ببوو خودانی کەشف و کەرامات ،ناو دەنگی دەرکردبوو ،لە هەموو لایەکی دونیا خەلك سەردانی دەکرد،ئەمیر ئەحمەد زەنگەنە کە لایەنگیری عوسمانییەکان بوو سەردانی شێخ ئیسماعیلی ولیانی کردبوو گوندی ولیانی پێبەخشیبوو،هەروەها گوندی گولەزەردەی دابووشێخ حەسەنی کەدەکاتە برای شێخ ئیسماعیلی ولیانی،وشێخ ئیسماعیلی

ولیانی ببووسەرچاوەی تەریقەت و ئیرشاد بەردەوام دلیخۆی دەشکاندو زۆر بەسادەیی دەژیا ،جل وبەرگی لبادی رەمەکی بوو لەبەری دەکرد ،ڕێزی لەهەموو کەسێك دەگرت،ببوو ڕێبەرێکی بەناوبانگی تەریقەت،زۆر لەناو خەلکی دەگەڕا لەو دەڤەرە بۆ دەڤەرێکی تر لەپێناوئامۆژگاری کردنی خەلك و بە ئاگاهینانەوەیان لە خەوی غەفلەت .

**کوڕەکانی:** عەبدولرەزاق،عەبدولقادر،عەبدولرەحمان،رەسول،عەبدولکەریم،محمود، یەحیا،معرو،عەبدولله،عەبدولسەلام،

**کۆچی دووای:**لەسالی١١٥٨کۆچی تەمەنی گەیشتبوو٦٢سالٚ ئەمری حەقی بەجێهینا لەگوندی روڤیا سەر بەقەزای بەردەرەش ،دووای دەرچوونی لەقەرەداغ بۆ زیارەتی شوێنی پێغەمبەرەکان و پیاو چاکان لە پارێزگای موسل،چووبوو زیارەتی یونس پێغەمبەر لەشاری موسل ،چل رۆژان لەمزگەفتی یونس پێغەمبەر لەشاری موسل خلوەی کێشابوو ،دووای تەواو بوونی خلوەی نەخۆش کەفتبوو ،وەسیەتی کردبوو لەروڤیا بێتە شاردنەوە لە تەنیشت مەرقەدی ئەلسەید شەمسەدین کوڕی شێخ محەمەدئەلهەتاك کوڕی شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (رازی بوونی خودایان لەسەربێت) .

**تەکیەیڕوڤیە★:**-لەگوندی مێژوویی ڕوڤیایەولەبناری قەلاٚیڕوڤیە لەسالی (١١٥٨)کۆچی لەدوای کۆچی دوایی (شێخ ئیسماعیلی ولیانی) لەدایکبووی (١٠٨١) کۆچی ،گوندی نودێ دامەزراوە، شێخ ئیسماعلی ولیانی دێتە شاری موسلٚبەسەفەرتەریقەتی قادری بلاٚودەکاتەوەو دەبێتە خاوەنی زۆر خەلیفە وەکو مەلا جەردیسی هەولێریو (شێخ خەلیل جەلیلی)و شێخی ئەردەلانی و زۆر خەلٚك لەعەشیرەتی گۆرانیش (وەکو خەلیفە مەلا مستەفای خدری) دەبنە دەروێشی (شێخ ئیسماعیلی ولیانی) و لەدوای کۆچی دوایی شێخ تەرمەکەی لەسەر داواکاری موریدەکانی دێن لەگوندی (ڕوڤیە) دەنێژن ئەوها تەکیەی ڕوڤیە ئاوەدان دەبێتو ئەم شێخانەی خوارەوە لەو سەردەمە تا ئەمڕۆ تەکیەی رۆڤیا بەڕێوە دەبەن بەم تەرزە:-

١- شێخ یەحیای کوڕی شێخ ئیسماعیلی ولیانی ماوەی (٢٠) سالٚ.

**٢-لەدوای کۆچی دوایی شێخی یەحیا، خەلیفە مەلا مستەفا ماوەی (٤٠) ساڵ ئیدارەی تەکیە دەکات.**

**٣-خەلیفە مەلا محەمەد (٤٠) ساڵ ئیدارەی تەکیە دەکات.**

**٤-شێخ محیەدین‌و شێخ حەسەن ئەولادی شێخی میرەکانن (١٠) ساڵ ئیدارەی تەکیە دەکەن.**

**٥-شێخ محیەدین بەرزنجی (٧٠) ساڵ ئیدارەی تەکیە دەکات.**

**٦-خێزانی شێخ محیەدین بەناوی (فاتمە خان) ماوەی (١٥)ساڵ وەکو شێخی تەریقەت ئیدارەی تەکیە دەکات، ئەمە یەکەمین ئافرەتە لەو دەڤەرە تەکیەیەك بەڕێو ببات.**

**٧-شێخ (عەبدولعەزیز بەرزنجی) لەدایکبووی ساڵی (١٩٠٠)ەو وەکو پێشمەرگەیەك لەشۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر بەشداری کردووە، پاشان بۆ گوندی ڕوڤیە هاتووەو تەکیەی ڕوڤیەی بەڕێوە بردووە، ژنی هەبووە، ئافرەتێکی دیکەی بەناوی (گوڵ) لەو دەڤەرەدا خواستووە، لەدوای ئەوەی گوڵ شووی بە شێخ عەبدولعەزیز کرد نازناوی دایە گولێی وەرگرت‌و تا ڕۆژی کۆچی دوایی تۆبەی بەئافرەتان دەداو بەزوویی وەکو ئافرەتێکی ناوداری کوردی لێهات.**

**٨- لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە شێخ سەعید بەرزنجی کە کوڕی عەبدولعەزیزە و چەند برای بەناوی کاك ئەحمەدو کاکە رەزاو کاکە یەحیا هەیە هاوکاری شێخیان دەکرد کە لەساڵی٢٠٠٠ لەنەخۆشخانەی شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەیان هێناو لەگوندی ڕوڤیە لەناو تەکیەی شێخ ئیسماعیلی ولیانی بەخاك سپێردراو هەزاران خەڵك‌و بەرپرسانی حیزبی و حکومی پێشوازییان لە تەرمەکەی کردو سەرۆك مەسعود بارزانی بروسکەیەکی سەرەخۆشی بۆ کەس‌و کاری ناردو بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەشداریی لەتازیەی شێخ سەعید کرد. دە ڕۆژ لەدوای کۆچی دوایی شێخ سەعید، وەکو شێخی تەکیە دەست نیشان کرا کە شێخێکی گەنجە.**

### ١- پێوەندی لەنێوان شێخ‌و دەروێش:

**پێوەندی ڕوحی لەنێوان شێخ‌و دەروێش دا هەیەو دەروێش عاشقی شێخەکەیەتی، چونکە بەنوێنەری غەوس لەسەر زەوی حیسابی بۆ دەکاو ئەمرۆ فەرمانەکانی بێ دوو دڵی و مردن**

جێبەجێ دەکاتو وشەی دەروێش یانی هەژارو نەدار بۆ ڕێگای خوا، دەرویش لەعەشقی شێخەکەی زەرگو شیر بەکاردێنیو لەو بڕوایەدایە شێخ بازنەی پێوەندی نێوان دەرویش و خوایە دەروێشەکانی سەروپرچی درێژیان هەیەو تۆبەکاری شێخن.لەزۆر بۆنەدا بەیەکەوە کۆ دەبنەوەو زکری خوا دەکەن، خەلیفە جێگری شێخەو لەدوای کێشانی خلوە بۆ چەندین مانگ بەو پلەیە دەگات. شێخ بۆ کەسایەتیدان بە دەروێشەکەی بۆ زۆر لە بۆنە ئایینەکان لەگەڵ خۆیدا دەیبات، شێخ خۆی بەمرۆڤی خوا دەزانێت، تەنیا چەکەکەی تەسبیحەکەیەتی کە زکری خوای پێدەکات.دەروێشەکانی ڕوڤیە تەنیا لەعەشیرەتی گۆران نین تەنانەت کەسی (عەرەب)یش دەبنە دەروێشی تەکیەی ڕوڤیا هەموو نەتەوەیەکی موسڵمان بۆی هەیە ببێ بە دەروێش.

٢-دانانی جێنشینی شێخ:لەدوای کۆچی دوایی شێخ، کە سەرۆکی تەکیەیە، شێخێکی دیکە دادەنێن، چونکە ئەگەر شێخێکی دیکە دەست نیشان نەکرێت تەریقەکە دەوەستێ لەوانەیە خودی شێخ بەر لەکۆچی دوایی شێخێکی دیکە دەست نیشان بکات، یان لەدوای کۆچی دوایی شێخ ماڵباتی شێخ لەگەل خەلیفەکان پێکەوە کۆبوونەوەیەك بکەنو شێخی نوێ هەڵبژێرن بەمەرجێ توانای ئیدارەی تەکیەی هەبێ.

٣-دارایی تەکیە: لەو ڕێگایانەی خوارەوە پێکدێت:

١- هێنانی خێرو خێرات لەلایەن خەڵك.

٢- تەکیە هەندێ ملکی هەیە، سوودەکەی بۆ تەکیەیە.

هەروەها تەکیە چەند گۆڕێکی تیایە لەتەنیشت گۆڕی (شێخ ئیسماعیلی ولیانی) و پەرتووکخانەو میوانخانەو مزگەوتی تیایە، لەدوای سەرهەڵدانی پیرۆز کاتی هاتنی سەرۆك (مەسعود بارزانی) بۆ دەڤەری (بەردەڕەش) سەردانی تەکیەی (ڕوڤیە)ی کرد.

لەکاتی کۆچی دوایی (دایە گوڵێ) بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) بەمەبەستی سەرەخۆشی سەردانی تەکیەی کرد.شێخەکانی روڤیە کاری وڵاتپارێزی بەدژی تەریقەتی خۆیان نازاننو دەڵێن دین هاندەری نیشتمان پەروەرییە، چونکە نیشتمان پەروەری دژی ستەمە.هەروەها لەزۆر بواری ڕۆشنبیری بەشداری دەکەن ئەمڕۆ (کاك یەحیا بەرزنجی) هاندەری کاری

ڕۆشنبیری‌یه‌و شێخ عه‌بدولعه‌زیزی باوکی شیعری ئایینی ده‌نووسی که چه‌ند شیعرێکیان ماون وه‌کو :

بگره ته‌ریقی قادری به‌میزانی شه‌ریعه‌تێ

بکوژه نه‌فسی شه‌یتانی به‌زکرو زوهدو تاعه‌تێ

هه‌تلی حه‌رامی قه‌دمه‌که‌ی به‌لکو به‌سه‌رمل ده‌رده‌چێ

زوهدی بکه له دنیادا وه‌کو نۆکه‌ر له‌ده‌ست نه‌چێ

هجوع مه‌که له‌یل‌و نه‌هار وه‌ك زاڵمان له‌سه‌ر نه‌چی

ته‌عس‌و تیعاب له‌به‌ر تۆووه وه‌ك عیبادان غه‌له‌ت نه‌چی. (٦١)

..............................................................................

*له به‌لاوکراوه‌کانی ته‌کییه‌ی روڤیا/ناحیه‌ی رۆڤیا/ قه‌زای به‌رده‌ڕه‌ش

---

## سه‌یده‌کانی به‌رزنجی له سه‌نته‌ری قه‌زای به‌رده‌ڕه‌ش *

سه‌یده‌کانی سه‌نته‌ری قه‌زای به‌رده‌ڕه‌ش له ناحیه‌ی به‌رزنجه سه‌ر به پارێزگای سوله‌یمانی، هاتبوون له‌سه‌ر هه‌قاری به‌رده‌ڕه‌شی ئاکنجی ببوون ،کاتی ئه‌وان هاتبوون به‌رده‌ڕه‌ش چۆلگه بوو،به تنێ سێ ره‌شمال نشین هه‌بوون

١- سه‌یده‌کان ٢- ماڵی مه‌عروفی ٣- ماڵی قه‌چۆی

له‌سه‌ر هه‌قاری به‌رده‌ڕه‌شی ده‌ژیان مه‌ڕو مالاتی خۆیان لێده‌چه‌راند،ئێستا هه‌ر سێ به‌ره‌باب له ناو سه‌نته‌ری قه‌زای به‌رده‌ڕه‌ش به‌رچاون،

له‌سه‌رده‌می هاتنی ئه‌و سێ به‌ره‌بابه به کۆچه‌رایه‌تی بۆ ناوچه‌ی به‌رده‌ڕش، له‌و کاتی یه‌کێك له‌برا گه‌وره‌کانی‌ده‌وروبه‌ریان به هه‌ر سێ مالی گۆتبوو لۆخۆتان گوندێك ئاوه‌دان بکه‌ن ،نه‌کو که‌سانی دیکه چاویان بڕیته ئه‌و شوێنه لێتان زه‌فت ده‌که‌ن،

ئه‌و سێ ماڵه: ماڵی مه‌عروفی ، سه‌یده‌کان ، ماڵی قه‌چۆی ،پێکه‌وه و به برایانه گوندێکیان ئاوه‌دان کرد به ناوی گوندی قه‌سرۆك که ده‌که‌وێته بن نه‌خۆشخانه‌ی ئیستا به‌لای باکووری ،شوێنی دائیره‌ی به‌یته‌ره‌ی سه‌نته‌ری قه‌زا ،

پێکەوە ژیان خزماتیان لەگەل یەکتر کردو بینە خالو خوارزا،گوندی قەسرۆك ببوو ٤٠ چل مالْ ،لەبەر ئەوەی لە کانیێ ئاوێدوور بوون مالْی خۆیان گواستەوە نزیك سەرچاوەی ئاوی گوندی ،کە ئێستا بە بەردەرەشی کۆن ناودەبرێ بەردەڕەش نەببوو ناحیە هەر گوند بوو، سەرەتا ناحیە لەگوندی جوجەری گەورە بوو ،پاشان گواستراوە گوندی زێلکان لە قەزای شێخان ،پاشان گواستراوە گوندی بەردەرڕەشی گەورە ،بەناوی ناحیەی (عشائیر السبعە )، پێش ئەوەی ناحیە بێتە گوندی بەردەرڕەشی گەورە ،حکومەتی ئەو سەردەمی بە نیاز بوو ناحیە لە گوندی زەنگەنان بکاتەوە ، بەلاّم قادر ئاغا ی گوندی زەنگەنان رازی نەبوو گوتی :ناوێتم شورتەی مەرکەزێ بێن هێلکەو ماستی لە ژنانی گوندی زەنگەنان بکرن،

## هاتنی سەیدەکان بۆ بەردەڕەش:

کاتی لە ناحیەی بەرزنجە سەر بە پارێزگای سولەیمانی هاتن بۆ بەردەڕەش دوو برا بوونە:سەید ئەحمەدی گەورە لەگەل سەید محەمەدی،ئەوەی شایانی گۆتنە یەکێك لە کوڕەکانی سەید محەمەدی بە ناوی سەید مەحمود ماوەیەکی زۆر لە گوندی پەلاّصان دادەنیشی ،ببوو یەکێك لە دەولەمەندو ناوداری ناوچەکە ڕکابەری شێخ رەقیب شێخی سورچیانی دەکرد،

لەسالاّنی پەنجاو شێستەکان لەڕاپەرینی جەماوەری ـ شەعبانێ ـ سەید مەحمود لاگیری جینی هەژارو جۆتیارانی دەکرد دژی کۆنەپەرست و زولی ئاغاکانی ستەمکار ڕاوەستابوو ،ئەو سەردەمی رۆلێکی گرنگی هەبوو بۆبەرپا کردنی عەدالەت و یەکسانی و دادپەروەری لە ناوچەکەدا،دووای لاواز بوونی ڕاپەرینی جەماوەری ،چەند جار هاتە زیندانی کردن لەلایەن حوکومەتەکانی ئەو سەردەمی جارێکی تر زیندانیان کردبوو بردبوویان بۆ سجنی( قصرالنهایە )لە بەغدا ،

دووای ئازاد کردنی شێخەکانی سورچیان بە خورتی بە خێزانەوە ڕایانگواستەوەبۆ پارێزگای هەولێر هەر لەوێ کۆچی دووای کردبوو ، ئێستا سەر خێزانی سەیدەکان لە بەردەڕەش دەگاتە ١٠٠ مالْ،نزیکەی ١٠٠٠ کەس دەبن لە بەردەڕەش و دەوروبەری بەلاّوون

## سەجەرەی سەیدەکانی بەردەڕەش

بسم الله الرحمن الرحيم

قـالَ تعـالَ فـی کتابِـهِ الکـريم (إنّمـا يُريـدُالله لِيُـذهِبَ عَنکُم الـرِجسَ اهلَ البيـت وَيُطـهرَکُمْ تَطهيراً )صدق الله العظيم

**پێغەمبەرمان محەمەد (د ـ خ )لەسەر بێت فەرموويەتی:**

(وَالذی نَفسِی بِيَدِه ِلا يَبْغضُنا اهْل البَيت رَجْلٌ إلاّ دَخلَ النّار)صدق رسول الله

## سەجەرەیان:

**سەيد مەجيد کوڕی سەيدعيسی کوڕی سەيدقادر کوڕی سەيد محمد کوڕی سەيد علی کوڕی سەيدحيدرکوڕی سەيداحمد کوڕی سەيدکمال کوڕی سەيد محمد کوڕی سەيد کمال کوڕی سەيد وصال کوڕی سەيد يادگار کوڕی سەيد شاەحسێن کوڕی سەيد بايزيد کوڕی سەيد عبدالکريم کوڕی سەيد القوتب الاعزەم الشێخ عيسی البرزنجی کوڕی سەيد بابا علی الهمدانی کوڕی سەيد يوسف کوڕی سەيد منصور کوڕی سەيد عبدالعزيز کوڕی سەيد عبدالله کوڕی سەيداسماعيل کوڕی سەيدالامام الموسی الکازم کوڕی سەيد الامام جعفر الصادق کوڕی سەيد الامام محمد الباقر کوڕی سەيدالامام زين العابدين کوڕی سەيدالامام الحسێن کوڕی سەيدالامام علی بن ابی تالب کوڕی سەيدەالمرزيەوالبعسە النبويە فاتمە الزهراو البتول کچی سيدنا محەمەد (د ـ خ )لەسەر بێت**

**تەکيەیسەنتەری قەزای بەردەڕەش سەيد عبدالوحمن سيد حسن يەکێکە لە بنەماڵەی سەيدەکانی ناو سەنتەری قەزا سەرپەرشتی تەکيەکە دەکات،پێنج فەرزە نوێژی جەماعەت لێدەکرێت ،هێوارەی هەينييان سەيد عبدالوحمن سيد حسن وەعزو ئامۆژگاری ئاراستەی دەروێشەکانی دەکات ،**

........................................................................

**٭زانياريی لە سەر (سەيدەکانی ناو سەنتەری قەزای بەردەڕەش) لە زاری سەيد مەجيد سەيدعيسی وەرگيرايە**

## سەیدەکانی گوندی پیرچاوش ⋆

گوندی پیرچاوش یەکێکە لە گوندەکانی سەر بەناحیەی روڤیا لە قەزای بەردەرەش،دەکەویتە ناو دەشتی ناوکورزیاتر لە ٢٥٠ دووسەد پەنجا سەرخێزان دەبیت،زۆربەیدانیشتوانی لەسەید و خدری ومالَی حوسێن خەلیلی کە بە رەچەلەك عەسافینە لەگەل هەندێ خێزانی تر ،هەموویان بەشانازییەوە دەلێن ئێمە گۆرانین لە دەڤەری گۆرانەتی دەژین،باپیرە گەورەی سەیدەکانی گوندی پیرچاوش سەید مەولود بووە پیاوێکی زیرەکو ئازاو بەرکەفتی بووە پشکداری لەشورشی شێخ عبێدوللای نەهری کردووە لە سالَی ١٨٨١ رۆلێکی بەرچاوی گێرابوو ،داهات و گەنجینەی شورش هەموو لەژێر دەستهەلاتداری سەید مەولود بووە،لە ژیانی دەست پاکو راست گۆ بووە ، سەید مەولود بەخوین دەگاتە مالَی شێخ عبێدوللای نەهری ،لەسەجەرەی خوارەوە بەدیار دەکەویت،سەید مەولود بەرامبەر دوژمنان خۆراگربووە ، لەبەرگری کردن جێگای خۆی بەرنەدەدا،دژی لەشکری تورك دەوەستا بۆبەرگری کردن لەخاکی خۆیان وپارستنی مالَ ومندالَیان لە چەنگی عوسمانلییەکان ، دووای لە ناوچوونی شورشی شێخ عبێدوللاَی نەهری سەید مەولود هاتبوو ناوچەی زێبارەتی و ببوو زاوای مالَی قادر ئاغای شۆش ،خێزانی ناوی قومری خان بوو،کاتی ئاوارە بوو بۆ عیراق زۆر بیری لە ناوچوونی شورشی شێخ عبێدوللاَی نەهری دەکردەوە خەمی لێدەخوارد ،هەر بەو خەم و خەفەتی کۆچی دووای کرد.

### سەید مەولود سێ برای دیکەی هەبوو دەگێرنەوە:

سەید تەها وسەیدعبداللە وسەید یاسین هەرسێکیان برای سەید مەولود بوون، بۆماوەیەکی باش لە خرابەی گردێمی سەر بەگوندی زەنگەنان دانیشتبوون،سەید یاسین بەدەستی ئێزدییان لە ناو خانێ مویسل بەدەستی ئێزدییان هاتبوو کوشتن،سەید تەهای برایان عەهدو پەیمانی دابوو تۆلە خوینی سەید یاسینی برای بکاتەوە ،چەند ئێزدیەکی کوشتبوو لەتۆلە خوینی برای ،سەید تەها موتەهەم ببوو لە حوکمەتی عوسمانلی ،لەچیای مەقلوبی شێخان بە قاچاغی دەژیا،لە گەل هەیتاوی عەرەب کە دەکاتە باپیرەی محەمەد نوری خەلکی بەردەرەشە ، باوکی عبدولرەزاقی ئێستا مالَیان لە خەباتە ، سەید تەها وهەیتاوی پێکەوە

دەژین ، سەید تەها خوشکی خۆی دەداتە هەیتاوی دەبنە خاڵ و خوارزای یەکدی ،پاشان سەید تەها دەچیتە شەمکانی مرێبا لە و دەڤەری هەربە قاچاغی دەژیت، بەقاچاغی دەمریت ، حکومەتی عوسمانلی بەخشیشی زۆری دیار کردبوو بۆ دەستکیرکردنی سەید تەها

## سەید مەولود بە تنێ یەك منداڵی دەبیت:

سەید مەولود منداڵێکی لە دووای بەجێدەمینێ بە ناوی شێخ محەمەد عەلی ، شێخ محەمەد عەلی باپیرەی سەیدەکانی گوندی پیرچاوشە ،لە فەقێاتی دەخوینێت تاکو دەبیتە مەلایەکی بەناوبانگی خودان کەشف وکەرامات ،رێزێکی تایبەتی لێدەگیرێت ،دەبیتە شیخێکی متەسەوف و خودان تەریقەت زۆر دەروێشی دەبیت،لەگوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە ناو ئاکرێ و زێبارەتی ،سالانە دوو سێ سەفەری دەکرد دەروێشەکانی خۆی بەسەردەکردەوە،لەلای پیاوە ماقولانی گوندەکان دەماوە ،لەگوندی مەلایەتی کردووە ،چەند دەستنووسی کتێبی ئاینی کۆن لە دووای شێخ محەمەد عەلی بەجێ ماوە ، بابەتەکانی فقهی و شەرعی و نەحو صەرفی رێزمانی زمانی عەرەبی لەخۆدەگریت ،هەروەها فەرموودەکانی پێغەمبەرمان محەمەد (د ـ خ )زۆری تێدا نووسراوە بە ئیسناد ،دەست نووسی دیوانی شیعرەکانی شێخ نوری بریفکانی لە ماڵیان هەبوو بەلاّم بەداخەوە هاتبوو فەوتان و نەمایە ،لە سالانی چلەکان دەبیتە مەلای مرێبا لەلای عبدولله ئاغای شەرەفانی ،بەتایبەتی لەمانگی رەمەزانان ،بەشەو بەرۆژ هەرلەناو مزگەفت بوو قورئان خوێندن و نوێژو تاعەت و زکری خودای دەکرد ،نانخواردنی هەر لەناو مزگەفت بوو ،پاشان بە مەلایەتی دێتە گوندی پیرچاوش ، لەمزگەفتێ حوجرەی فەقێیان هەبوو دەرسی ئاینی بەمندالانی گوند دەدا ،لە سالی ١٩٤٥کۆچی دووای کرد ،دووای شێخ محەمەد عەلی کوڕێکی خۆیدەبیتە مەلای گوندی پیرچاوش بە ناوی سەید ئەمین هەر لەسالێ ١٩٤٥تاکو سالێ ١٩٧٥کۆچی دووای کرد مەلای گوندی پیرچاوش بوو ،ئیستا شێخ سەعید سەید ئەمین شێخ محەمەد عەلی مەلای گوندی پیرچاوشە،تاکو قۆناغی ناوەندی خوێندووە ،کورێکی شێخ سەعید بەناوی عبێدوللە دەرچووی کۆلیژی شەریعەیە بە فەرمی بوویتە مەلا لە گوندی خۆی دەوام دەکات ،

## سەجەرەی سەیدەکانی گوندی پیرچاوش

الإمام علی ابن أبی طالب الإمام حسن الحسن المُثنّی عبدالله المحض موسی الجون داوود محمد یحیی الزاهد عبدالله موسی جەنکی عبدالقادر الکیلانی عبدالعزیز ابوبکر حاجی ، **حاجی دوو کوڕی دەبێت ئەبوبەکر و عبدالله**

**نەوەکانی ئەبوبەکرئەمانەن: بەهلول عوسمان عاتف محراب حاجی عوسمان غازی میرزا محمەد خلیفە حسین مولود محمەدعلی سید امین سیدجلال**

**نەوەکانی عبدالله ئەمانەن : ابراهیم حاجی محمەد ابراهیم صالح ئەحمەد سید تەهای نەهری شێخ عبێدالله ی نەهری .**

............................................................................................

**لە زاری سەید جەلال سەید ئەمین محمەد علی وەرگیرایە**

## شێخ محەمەد باقر غیاسی

## لە گوندی جوجەری کچکەـقەزای بەردەڕەش٭ .

**دەکاتە باپیرە گەورەیشێخ غیاس شێخ نجم الدین ئێستا لە گۆندی جوجەری کچکە سەربەقەزای بەردەرەش لە دەڤەری گۆرانەتی دادەنیشن، شێخ محمد باقر غیاسی لەناو عەشیرەتی بەرازی لەکوردستانی باکوور لە دایك بو عەشیرەتی بەرازی عەشیرەتێکی گەورەی ناوداره لەکوردستانی تورکییا،هەر لە کۆنەوە لە دەڤەری سیرۆجێ ئاکنجی بوونە، ناوی تیرەو بەرەبابەکانی یەکێتی هۆزی بەرازی پێك دەینن ئەوانەن (کتکان،شێخان،ئۆکیان،شەدادان،عەلی دنلی،معافات،زێرەوان،بێجان، دینان، قەرەقێچ،میر،دیدان........ )**

**هۆزی بەرازی هۆزێکی چاونەترس بوێر ئازابوونە بەرامبەرناحەزانی مللەتی کورد، هەردەم سەریان بۆ دوژمن شۆرنەکردییە،زۆر جاران لە دەستهەلات یاخی دەبوون و خەرج وخەراجیان نەدەدا دەولەتی عوسمانلی،هەر لەبەر هەندێ زۆر جاران هێرش کرایتە سەریان لەلایەن جەندرمەی تورکی ،زۆریان دەربەدەربوونە ،یان بەخورتی رەوانەیجێگای دیکە کرانە وەکو دەڤەرەکانی پێنجوین و قامشلی و بەردەڕش و ئاکرێ .......**

خێزانی**شێخ محمد باقر غیاسی**باپیرە گەورەیشێخ غیاس شێخ نجم الدین بە زۆری ڕەوانەی ناوچەی پێنجوین کرابوون ،پاشان بەرەو ناو شاریسنە چووبون لەکوردستانی ئێرانئاکنجی ببوون ،شێخ محمد باقر غیاسی هەر لەوێندەرێ وەفاتی کردبوو هەتا ئێستا مەرقەدی لە شاریسنەدیارەشێخ محمد باقر غیاسی سێ کوری هەبووە١ـ شێخ احمەد ٢ـ شێخ محەمەد ٣ـ شێخ نجم الدین ئەو سێ برایانە بەرچاو بوونەو لەناو خەلکی ڕێزیان لێگیرایەو لەبەر جوامێری هەلوێستی چاکەی خۆیان، شێخ نجم الدین لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید بەشداری لە شۆرشی شێخ مەحمودی حەفید کردبوو ، لەدووای تێکچوونی شۆرشی شێخ مەحمودی حەفید پەرگەندە ببوون چوببوونە دیار بەکر(ئامەد) ێ وەکو قوتابی دینی لە حوجرەی فەقێیانی دەخوێند و دەرسی بە فەقێیان دەدا ، شێخ نجم الدین پاشان دەچیتە شاری قامشلی لە وێندەرێ دوو سالآن دەمینتەوە لەوێندەرێ لە بەر بارو دۆخی ناهەموار دەگەرێتەوە عیراق لە گوندی پیران سەر بە قەزای شێخان ژیان دەباتە سەر ،دووای ماوەیەك هەر لەوێندەرێ ژیانی هاوسەر گیری پێکدەینیت ژنی یەکەمی بە ناوی فاتیمە سەید عەلی بەرەچەلەك عەرەب بوو دەهینیت ،خێزانی دووەمی ناویمریەم سەید محەمەد تاهر لە گوندی مغارێ خواستبووی . لەسالی١٩٤٩دێت لەگوندی جوجەری کچکە دادەنیشیت هەتا ئێستا هەرلەگوندی جوجەری کچکە ژیان دەبەنە سەر،هەر لەکۆنەوە دەروێشیان هەبووە لە سەر تەریقەتی شێخ عبدالقادری گەیلانی بوونە بەلام کە هاتنە گوندی جوجەری کچکەوازیان لە کۆر و کۆبوونەوەی دەروێشان هینا ئەویش لە بەر چەند ئەگەرێك،**شێخ محمد باقر غیاسی**:زانایەکی ئاینی بەناوبانگ بووە ،لەسەردەمی شاهینشای لەئیرانی شێخ محمد باقر لەشاری سنەی کوردستانی ئێرانێ بەقازی یەکەم دامەزرابوو ،هەتا ئێستا زۆر مولك و ئەملاکیان هەیە لە بازێری سنەی،شێخ نجم الدین شەش کوڕی هەیە ١ـ شێخ غیاس ٢ـ شێخ سەلاح ٣ـ شیخ جەلال ٤ـ سێخ مسلم٥ ـ شێخ احمەد ٦ـ شێخ محەمەد

.....................................................

★لەزاری شیخ جەلالشێخ نجم الدین وەرگیرایە بەریوەبەری قوتابخانەی جوجەری کچکە وەرگیرایە

## حەسەن مەدێ حەسەن★

### تەمەن درێژێکی دەڤەری گۆرانەتی

ساڵی ٢٠٠٠ لەگوندی (چەممە) چاووم بەحەسەن مەدێ کەوت گوتیان ئەوەی لێی دەگەڕێی ئەوەیە پیاوێکی پیری بەتەمەن ولەسەرخۆ، بەراپێچی جل‌و بەرگی کوردەواری رێك‌و پۆشتەو خاوێن دیار بوو شەدەلەسەر قاتێکی مرادخانی (٢) دوو رێز قوپچە لەبەری بووکراسی قۆپچەی تاکو بن ملی قایم کردبوو، پشت بێندەکی رەنگ تەرزی ئەختیار لەپشتی خۆی ئالاندبوو بەشێوەی گرێ چنی، چارچمکی لەدیوەخانی ماڵی شێخ ئەسعەدی سورچی لەگوندی چەممەی دانیشتبوو،بێ ژن‌و منداڵ بوو لەگوندی چەممەی خانەو خۆی لەماڵی مەلا شاکری بوو بەخێری خۆی چاو یان لێدەکردو لەمالیان دەنووست.حەسەن مەدێ تەمەنی زێدە تر بوولە ١١٥ ساڵ لەگوندی گرمامك لەدایك بووە، لەعەشیرەتی زرارییە،تەمەنی (١٥) ساڵان بوو لەگوندی گرمامکی گرانی وەزنەو ٣ سێ لیرەی دیتبوو بەسەرهاتی بەفری سۆری بۆمان گێڕایەوە، بەفرێکی زۆر ئەستوور کەفتبووە چل شەوان مابۆوە دوای چل شەو بەیانی لەخەو هەستابوون خولێکی سۆرباری بوو بەسەر بەفرەکە ساڵێ بەبەفری سۆر ناوبرا، دەیگۆت:ڕووسیا هاتبوو خوارێ ٦ شەش ساڵان شەڕو پێکدادان بوو مەلا لەمزگەفتەکان هاواریان دەکرد غەزایە.

ڕووسیا ٦ شەش مانگان ڕەواندزی داگیر کردبوو، بروسکەیەك هاتبوو ڕووسیا پاشەکشەی کردبوو لەڕەواندزێ سوڵتان عەبدولحەمید هاتبووە سەر حوکوم، شێخ عەبدول سەلام بارزانی لەگەڵ تورکیا شەڕی دەکرد، شێخ عەبدوسەلام بارزانی لەگەڵ یەکێکی ئاکرێ هەروەها کوڕی شێخی کۆڵەکان چووینە لای شێخ محەمەد صدیق بابی شێخ تەحسین نەهری لەوێندەرێ خیانەتیان لێ کرابوو تەسلیم کران لەڕۆژی ١٩١٤/٣/١٤ لەموسڵ لەسێدارە درابوون.لەدوای عەبدولحەمید سوڵتان ڕەشاد جێگەی گرتەوە عەرەب لەگەڵ تورکان بەشەڕهاتن ٦ شەش ساڵی خایاندبوو ساڵی هەفتێ تورك شکاو لەگەڕانەوەیان دەستیان بەڕاوە ڕووت‌و کوشتنی خەڵکی کوردستانیان کردبوو، دانەوێڵەیان دەبرد، یان لەگەڵ یەکدی تێکەڵیان دەکرد ببوو گرانی ٦ شەش مانگی خایاند ٨ هەشت هەزار ماڵی

فەللەی تـەیارییان هێنـابووە پـردی مەنـدان بەرامبـەر ئاشی مەحمەڕەشان جیٚ نیشنیان کردبوو، کەئێستا بەئاوی گەرم ناودەبریٚ.

٥ پێنج فـەوجی لەشکری فەللەڕەشکانیان هێنـابوو بەستی کشتاویٚ، هـەروەها ئینگلیـزی هـەفت فـەوجی لـەئاکریٚ دانـابوو، لـەژیانی خۆمـدا ١٧ هەڤدە حکومـەتم دیتیـە حوکمیـان گێڕایە

- ڕوسیا.- سوڵتان عەبدولحەمید.- سوڵتان ڕەشاد. - ئینگلیز.- مـەلیك فەیسـەڵ.- مـەلیك غازی گـەورە.- مـەلیك غـازی گچـکە.- عەبـدولکریم قاسـم.- عەبدولسـەلام عـارف- محەمـەد عەبـدولرحمان عـارف.- ئەحمـەد حەسـەن بـەکر- سـەدام حوسـێن.- مـەلا مستەفای بـارزانی ١٩٧٠.- بـەرەی نیشـتمانی.- مسعود بـارزانی.- حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان.- حکومـەتی یەکێتی.- ئەیاد عەلاوی.

.......................................................

★سالی ٢٠٠٠ دیمانەیەکم لەگەل حەسەن مەدیٚ حەسەن سازکرد

## عەلی عەولا زەینەب

عەلییٚ عەولا زەینەبیٚ پیاوێکی ناوداری دەڤەی گۆرانەتیە لەدەسپێکی سەدەی بیستەم ژیاوە. ناوبانگی دەرکردبوو، بەزیرەکیو چاو نەترسی، هـەتا بڵێـی چاونەترسو ئـازا بـوو، پیـاوێکی دەوڵەمەنـدو نانـدەر بـوو نانــەكو گایـەکی لـەکن وەکـو یـەك بـوو، لەدەڤـەری گۆرانــەتی هەرکەسێك ئازاو زیرەکی پێوە دیـار بێـت پێـی دەڵێن: دەڵێـی عـەلییٚ عـەولا زەینەبیٚیـە یـان دەڵێی لێمان بیتە عەلییٚ عەولا زەینەبیٚ،زیاتر لەگوندی هەزار جۆتو گونـدەکانی بـن چیای مەقلوب ژیاوە.چوار ژنی هەبوو، چ منداڵی ئاوهای نەبوو جیٚ ی بابی بگرێتەوە.

دەگێڕنـەوە: ڕۆژەکیٚ سـەیدیٚ هـەرکی، مـامی محیٚ هـەرکی بـەخۆو بـە ٢١ سوارەوە دەچـنە مێوانی عـەلییٚ عـەولا زەینـەبیٚ، عـەلی لـەماڵ نابێـت، (دورجـەهانیٚ) خێزانـی عـەلی جەلـەوی هەسـپەکانیان دەگـری لەسـەر ئـاخوری گرێـدەدات پـڕ پـێش دەوارەکانیـان جـۆ دەکـات دەگەڕێتەوە دیوەخانیٚ لەگوندی هەزار جۆتی مێوانی بـەخێر هێنـاو چـەند دەستە قەمیشە جغارەی تووتنی لەپێشیان دانابوو یەکسەر چووبوو کوشتەیەکی بۆ خـواردنی نیوەڕۆ ئامادە

کردبوو سەیدێ هەرکێ ئەو زیرەکیەی لەخێزانی عەلی دیت، خۆی بەشەرمەزار دەزانی. عەلی گەڕایەوە ماڵێ ڕێزی لەهەموویان گرت، تفەنگی جامبێزاکەی لەگەڵ دوورەختان لەملی بوو، لەناو پێڵاوان دانیشت نانی خۆیان خوارد شەوێ مابوونەوە سێ جەمان گۆشتی لە پێشیان دانابوو.دوای نان خواردن سەیدۆ گۆتیە عەلی ئەتو لەژنێ خۆ دەترسی،عەلی بەبێ سێو دوو چوو بۆ بانگی ژنی خۆی کردبوو سێ تەقەی بەسەر دەرکەی وەنابوو هاتەوە دیوەخانێ گۆتی: سەیدۆ ژن زەعیفەنەو بی دەستەڵاتن هەمووکەس پێیان دەوێریت.پیاو ئەو پیاوەبەرامبەر زەلامان خۆی هەلکێشێت وزەلامەتی خۆیدیار بکات بەرپەرچی بداتەوە.نەك بەرامبە ژنان

سەیدۆ گۆتی بەراستی گەورەیی لێت دەوەشێتەوە چەند وەختەك پێ چوو بووعەلی عەولا زەینەبێ بەمێوانی چوو بووسەردانی سەیدۆ هەرکی کردبوو، شەوێ مابۆوە هێوارێ نان‌و پەنیریان لەپێش میوانێ خۆ دانابوو .چۆنیەتی کوشتنی عەلی عەولا زەینەبێگێڕ بەتەواوی لەعەلی دەترسان، کەس نەدەوێرا خۆیلەعەلی راست بێنێ گەورە کەیفی بەگەورەی ناهێت دە یانویست عەلی بکوژن زۆر پیلانیان دادەنا ،رۆژێك خەبەریان دابوو گێژان عەلی کوژرایە کەس باوەری نەدەکرد خەبەر هات عەلی ساغە خەڵك زێدەتر بەعجابوون ، کوشتنیعەلیێ عەولا زەینەبێبەزۆرشێوە دێتە گێرانەوە،مالی دووبەردانی دەلێن خالد ئاغای دووبەردانیعەلیێ عەولا زەینەبی کوشتییە،عەلیێ عەولا زەینەب چار ژنی لەدوا بەجێمابوو

١- نورێ، سمایل ئاغا بابی موشیر ئاغا مارەی کردەوە.

٢- دۆرجە هان. خالد ئاغای دووبەردانی خواستبووی

٣ـ دووانی دیکە مێردیان نەکردەوە.

# لێدووانی دووەم : مێژوونامە

## مێژوونامەی کارەسات و ڕووداوەکانی دەڤەری گۆرانەتی:

★ لەسالانی ١٦٥٠،١٦٤٣،١٦٢٥،نەخۆشی تاعون کەوتبوو ناوخەلکی،

★سالّی١٦٧٣ ، نەخۆشی تاعون کەوتبوو ناوخەلکی،رۆژێ ١٠٠٠کەس دەمردن،

★ لەسالانی١٦٧٦،١٦٧٣ ،١٦٨٨ز،کلۆی نەجد(الجراد النجدی ) ،

★١٧٠٢ز نەخۆشی تاعون کەوتبوو ناوخەلکی،رۆژێ ١٠٠٠کەس دەمردن،

★ ١٧٥٨ز ،١١٧٢ك،کلۆ هاتبوو زۆرکەس مردبوون ،

★١٧٧٨ز ،١١٩٣ك ،زستانێکی زۆر سارد بوو ٤٠ چل رۆژ بەفر لە عەرد مابۆوە،

★١٧٩٤ز، دوو جار کلۆهێرشی کردبوو ،

★١٧٩٩ز،١٨٠٠ز، دەرد و نەخۆشی کوشندە کەوتبوو ناو خەلکی ،

★١٨٠٢ز، ١٢١٧ك ،بارانێکی زۆر و لافاو بۆ ماوەی شەش مانگی تەواو بەردەوام بوو ،

★١٨٠٢ز،١٢١٩ك خۆراك زۆر گران بوو ،( ٥٦) ★

١٧١١ز زبێرخان پاشای ئامێدی خەونێکی دیتبوو، خەون نامەتەعبیری لێدابوو گوایە قات و قریەکی زۆر گەورە دەکەوێتە ولاتی زبیر پاشا زۆر دانەوێلەی عەمبار کردبوو، ئەوگرانیە (٢) سالّی کێشابوو ئەو سەردەمی ئیبراهیم پاشا والی موسل بوو، بەگرانی ئیبراهیم پاشا ناودەبرا.

★١٧٥٥_١٧٥٧ز گرانی ونەخۆشی (تاعون)و باو سەقەمێکی هێجگار ووشك و ساردهاتبوو لەئەنجامدا قات و قریەکی گەورە لەکوردستاندا رویدا بوو، لەگەلّ گرانی و نەبوونی ، نەخۆشی (تاعون) بەناو خەلکی بەلاو ببۆوە.

★لە١٨٧٨ی سالّی زاینی گرانی گەورە روویدابوو پیرەمێردەکانی ناوچە بە وەزنەو ٣ سێ لیرە ناوی دەبەن، یەك وەزنە گەنم (تەنەکەیەك) نرخی بە ٣ سێ لیرە زێڕبوو.

★١٩٠٥ بەرامبەر بە١٣٢٥ كۆچی زستان هێندە ساردبووە،ئاوی دیجلەی لە موسڵ هاتبوو بەستن ئاوببو پارچەیەك سەهۆل، كاروانچی بەوولاغەوە بەسەری تێپەڕدەبوون.
★١٩٠٧بارینی بەفری سۆر دەگێرنەوە چل رۆژان لەسەریەك بەفرێكی ئەستوور باری بوو، لەرۆژی كۆتایی بەفربارین خۆل بارین دەستی پێكردبوو رەنگی بەفرەكەی سۆر هەلگەرابوو، لەبەر هەندێ بەبەفری سۆر ئاودەبرێ
★١٩١٥ دیسان گرانی گەرابۆوە بۆ جاری دووەم بەوەزنەو ٣ سێ لیرە ناوبرابوو .
★١٩١٧ رۆژگرتن روویدابوو بەرامبەر بە ١٣٣٣ كۆچی بەتەواوەتی لەكوردستانێ ئەستێرە لەئاسماندا دەدرەوشایەوە ٦ شەش مانگ بووعوروس رەواندزی داگیر كردبوو.
★١٣٦٠ كۆچیدا بارانێكی زۆر هاتبوو لافاو جسری مەندانی تێك شكاندبوو كە ئەم جسرە رێگای موسل بەئاكرێ دەبەستێتەوە لەنزیك گوندی كانیلاندا.
★لەساڵی ١٩٢٣ز ١٣٤٣ك بەساڵی (كلۆ) یان كلۆ پێ كورە ناودەبرێ، لەدەڤەری سۆران بەرەو بادینان هاتبوو بەبێ بال بوون بەپێیان درۆیشتن ئەوساڵی (كلۆ) پێ كورە خۆی لەئاوی زێی بادینان دابوو وەكو كاریتەی خۆیان پێكەوە بەستبوو، شریتەكیان كردبوو بەسەر پشتی یەكدی پەریبوونەوە بادینان كاتی درووێنەوە بوو هەر زەوییەكی بگرتبایە گوێ و قاسكو باسكی دەخلەكەی دەخوارد، عەرد لەدوای (كلۆ)پێ كورەی سۆر دەبۆوە.
★لەساڵی ١٩٣١ گرانی ولاغان دەردە وولاغ هاتبوو (ماینو هەسپ وهێستر. قڕببون وڵاغ زیدەگران ببوو، هەر لەو ساڵی عەشیرەتی شەمەری عەرەبی هاتبوونە كوردستان بۆ لەوەڕی
★لەساڵی ١٩٥١ رۆژی ١٩٥١/١/١ لەسێدارە دانی شكور وكاكل هەردووكوری سمایل ئاغا بوون كەدەبوونە برای موشیر ئاغای.
★لەساڵی ١٩٨٨ لەرۆژی ١٩٨٨/٣/١٤ بارانێكی زۆر باری بوو گوندی چرەی كەوتبوو بەر لافاوی ئاوی نێردۆش زۆر خانی خراپ كردبوو خەڵك پەراگەندە ببوون.
★ساڵی ٤٤٨ كۆچی باردۆخ زێدەناهەموار بووگشت رێگاكان گیرابوون لەبەر ڕێگرو دزو جەردان كەس نەدەوێرا لەماڵی خۆی دەربكەوێت خواردن زۆر بە زەحمەت دەست دەكەوت خەڵك ناچار ببوو كەلەشی مردیان دەخوارد مردی بەبێ كفنو دفن دەشاردراوە
یەك رتل گوشت بەیەك قیرات بوو

چوار مریشك بەدینارێك بوو

یەك هەنار بەدینارێك بوو

★١٧١١ز زبێرخان پاشای ئامێدی خەونێکی بینیوو، خەون نامەتەعبیری لێدابوو گوایە قاتو قریەکی زۆر گەورە دەکەوێتە ولاتی زبیر پاشا زۆر دانەوێلەی عەمبار کردبوو، ئەوگرانیە (٢) سالی کێشابوو ئەو سەردەمی ئیبراهیم پاشا والی موسل بوو، بەگرانی ئیبراهیم پاشا ناودەبرا.

★١٧٥٧_١٧٥٥ز گرانی ونەخۆشی (تاعون)و باو سەقەمێکی هێجگار ووشكو ساردهاتبوو لەئەنجامدا قاتو قریەکی گەورە لەکوردستاندا رویدا بوو، لەگەل گرانیو نەبوونی نەخۆشی (تاعون) بەناو خەلکی بەلاو ببۆوە.

مێژوونامەکانی خوارەوە لە بیرەوەرییەکانی مەلا محی یەالدین /گربدەو ـ تۆمارکرابوو : ــ

١٨٧٦ گرانی گەورە ـ وەزنەو لیوە ، ١٩٠٥ئاوی شەتی موسل بەسترابوو

١٩٠٧ بەفری سۆر ، ١٩٠٦شەهید کردنی شێخ عبدالسەلام

١٩١٥گرانی وەزنەو ٣سێ لیرە ، ١٩١٧رۆژ هاتە گرتن

١٩٣١دەردە ولاغ و هاتنی عەشیرەتی شەمەر بۆ کوردستان،

١٩٢٣سالی کلۆ پێ کورە

بەهاری سالی١٩٤٢ ئاوی زێی بادینان زۆر هەستابوو ،

١/٤/١٩٦٩گوندی چەمەو بشیریان بەبەر لافاوی ئاوی زێی بادینان کەفتبوو ن،

لە گوندی بشیریان بە فرۆکەی هەلیکۆپتەر خەلکیان لەسەر بانان رزگار دەکرد

١/١/١٩٥١شوکور و کاکل لەسێدارە دران ،

لە ١٤/٣/١٩٨٨لافاوێکی زۆر هەستا کۆمەلگەی چرەی برد

مێژوونامەکانی خوارەوە لە دەست نووسی عوسمان یاسین ئاغا گوندی گۆمەزەرد تۆمارکرابوو:

١٣٢٥ك ئاوی شەتی موسل بەسترابوو _جەمدابوو

١٣٣٣ك رۆژگرتن ، ١٩٠٩ ز سالی بارینی بەفریسۆر

١٣٦٠ك لافاو جسری مەندانی روخاند بوو
١٣٤٣ك به ساڵی کلۆ خواردی ناودەبرێت
٤٧٠ ــ ٥٦١لەدایك بوونی شێخ عبدالقادری گەیلانی
٧١٨ــ ٧٩١ ك شاه نەقشەبەندی(محمد بهاءالدین)
١١٦٣ ك وەفاتی شێخ اسماعیل ولیانی
١٢٦٨ك وەفاتی شێخ نورالدین بریفکانی
١١٩٥ـ ١٢٤٢مەولانا شێخ خالد نەقشەبەندی
١٨٥٣ز وەفاتی شێخ ئەحمەد السورچی
١٩٢٥/٦/٢٧لەسیدارەدانی شێخ سەعیدی پیران
١٩١٤لەسیدارەدانی شێخ عبدالسلام بارزانی
١٩٠٨شەهید کردنی شێخ سەعید سلێمان دەکاتە باپیری شێخ محمودی نەمر ـ لە موسل ـ لەرۆژیچەژنی قوربان بوو
١٨٣٦ز لەسیدارەدانی میر محمد پاشای کۆرە بەدەستی عوسمانلییان ـ تورکەکان ـ
١٩٨٥/٨/٨هەردوو کوڕی کوێخا ئیسماعیل (صابیر و عبدالسلام) شەهید کران
١٩٦٨/٢/٢٥مجید ئاغای بەرگێل نەفی کرا بۆ سەماوە
١٩٥٦ مجید ئاغای گردەپان وەفاتی کرد
١٩٦٤/٤/٢٠قادر ئاغای زەنگەنان وەفاتی کرد
١٩٧٧شێخ عبدالعزیزی رۆڤیا وەفاتی کرد

⭑له١٨٧٨ی ساڵی زاینی گرانی گەورە روویدابوو پیرەمێردەکانی ناوچە بە وەزنەو ٣ سێ لیرە ناوی دەبەن، یەك وەزنە گەنم (تەنەکەیەك) نرخی بە ٣ سێ لیرە زێڕبوو.

⭑١٩٠٥ بەرامبەر بە١٣٢٥ کۆچی زستان هێندە ساردبووە،ئاوی دیجلەی لە موسڵ هاتبوو بەستن ئاوببو پارچەیەك سەهۆڵ، کاروانچی بەووڵاغەوە بەسەری تێپەڕدەبوون.

⭑١٩٠٧بارینی بەفری سۆر دەگێرنەوە چل رۆژان لەسەریەك بەفرێکی ئەستوور باری بوو، لەرۆژی کۆتایی بەفربارین خۆڵ بارین دەستی پێکردبوو رەنگی بەفرەکەی سۆر هەڵگەرابوو، لەبەر هەندێ بەبەفری سۆر ئاودەبرێ .

★١٩١٥ دیسان گرانی گەرابۆوە بۆ جاری دووەم بەوەزنەو ٣ سێ لیرە ناوبرابوو .

★١٩١٧ رۆژگـرتن روویـدابوو بەرامبـەر بـە ١٣٣٣ کۆچـی بەتـەواوەتی لەکوردسـتانێ ئەستێرە لەئاسماندا دەدرەوشایەوە ٦ شەش مانگ بووعوروس رەواندزی داگیر کردبوو.

★١٣٦٠ کۆچیدا بارانێکی زۆر هاتبوو لافاو جسری مەندانی تێك شکاندبوو کە ئـەم جسرە رێگای موسل بەئاکرێ دەبەستێتەوە لەنزیك گوندی کانیلاندا.

★لەسالّی ١٩٢٣ز ١٣٤٣ك بەسالّی (کلۆ) یان کلۆ پێ کورە ناودەبرێ، لەدەڤەری سۆران بەرەو بادینان هاتبوو بەبێ بال بوون بەپێیان درۆیشتن ئەوسالّی (کلۆ) پێ کورە خۆی لەئاوی زێی بادینان دابوو وەکو کاریتەی خۆیان پێکەوە بەستبوو، شریتەکیان کردبوو بەسەر پشتی یەکدی پەریبوونەوە بادینان کاتی درووێنەوە بوو هەر زەوییەکی بگرتبایە گوێ و قاسكو باسکی دەخلەکەی دەخوارد، عەرد لەدوای (کلۆ)پێ کورەی سۆر دەبۆوە.

★لەسالّی ١٩٣١ گرانی ولاغان دەردە وولاغ هاتبوو (ماینو هەسپ وهێستر. قڕبـبون ولاغ زیـدەگران ببـوو، هـەر لـەو سـالّی عەشیرەتی شـەمەری عـەرەبی هاتبوونـە کوردسـتان بـۆ لەوەڕاندنی مەڕومالاتیان

★لەسالّی ١٩٥١ رۆژی ١٩٥١/١/١ لەسێدارە دانی شکور وکاکل هەردووکوری سمایل ئاغا بوون کەدەبوونە برای موشیر ئاغای.

★لەسالّی ١٩٨٨ لەرۆژی ١٩٨٨/٣/١٤ بارانێکی زۆر باری بوو گوندی چرەی کەوتبوو بەر لافاوی ئاوی نێردۆش زۆر خانی خراپ کردبوو خەلّك پەراگەندە ببوون.

★سالّی ٤٤٨ کۆچی باردۆخ زێدەناهەموار بووگشت رێگاکان گیرابوون لەبەر ڕێگرو دزو جەردان کەس نەدەوێرا لەمالّی خۆی دەربکەوێت خواردن زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوت خەلّك ناچار ببوو کەلەشی مردیان دەخوارد مردی بەبێ کفنو دفن دەشاردراوە

یەك رتل گوشت بەیەك قیرات بوو چوار مریشك بەدینارێك بوو ،

یەك هەنار بەدینارێك بوو

# بــەشی پێنجـەم:جۆراو جۆر

## لێدوانی یەکەم : کەش و هەوا ناسی

### کەش و هەوا ناسی لەدەڤەری گۆرانەتی:

ساڵی کوردی هەر وەکو ساڵی نەتەوەکانی تر لە ١٢ مانگ پێك هاتیە (٧٠٠) هەفت سەد ساڵ پێش ساڵی زایینی دامەرزایە، لەڕۆژی نەورۆز دەست پێ دەکات. بۆ رۆژی نەورۆز چونکە: شەو و رۆژ بەرامبەر دەبێت، کاوەی ئاسنگەر سەری زوحاکی پرژاند، یەکەم رۆژی وەزری بەهارە، کەش‌و هەوا بەرەو خۆشی دەگۆڕێت، نەمانی ستەم‌و سڕەو سەقەمە. زانینی کەش‌و هەوا ناسی لەناو کوردەواریدا زێدە گرنگی پێ دەدرێت. چونکە کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر ژیانی رۆژانەیان بەتایبەتی لە کاری کشتوکاڵی‌و بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتو هەروەها کۆچ‌و کۆچ بار.

هەر دەڤەرەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ناوچەی کوێستانی (چیاکان) لەگەڵ گەرمیاندا (دەشت) حسێباتی کەش‌و هەوایان جودایە. دەڤەری گۆرانەتی پێ دەشتی زنجیرەچیاکانی ئاکرێ‌و باکورمان خێری‌و چیاپانکەیە، پانتاییەکی گەورەی لەدەشت‌و ملە زورگ بەخۆیەوە گرتیە، لەبەر هەندێ کەش‌و هەوای تایبەتمەندی خۆی هەیە هەروەها ناوچەیەکی بازنەبەندە (حلقەوصل) لەنێوان دەڤەری سۆران‌و بادینان،هەروەکو دەڵێن:(ئەگەر هات بای سۆران، هەلکێشنە کالك‌وگۆران) (ئەگەر هات با لەلای بادینان، خۆتان بکوتنە کادینان)، ئەو دوو پەندەیە لەناوچەی گۆرانەتی دەگۆترێن، (با لەلای سۆران بێت کەش‌و هەوا خۆش دەبێت)، (بەڵام هەوای بادینان بۆ سەرناوچەی گۆرانەتی باو باران بەفر لەگەڵ دێت).حسێبی دەڤەری گۆرانەتی پابەندە بەساڵی رومی، (١٠)رۆژ جیاوازی هەیە لەگەڵ رۆژەکانی مانگی ساڵی زایین بۆ نموونە رۆژی (١١) ئازاری ١١/٣/ زایینی، رێکەوتی (١ ئاداری کوردییە) لەلایەکی دیکە رێژە گوندەکانی گۆرانەتی کەدەکەونە نزیك سنوری

شەبەكستان، حسێباتی كەش‌و هەوایان (١٠) رۆژ لەپێش دەڤەری گۆرانەتیە، كەبەحسێبی سێكانی ناودەبرێت.

## كەش‌و هەوا ناسی و پەندی پێشینان لەدەڤەری گۆرانەتی

دووچلە لەوەزری زستانێ هەیە ، چلەی گەورە (٤٠) رۆژە، ٥ پێنج رۆژەی كۆتایی پێی دەڵێن (چلە شۆرە)، تەمەندارەكان دەڵێن رۆژی كۆتایی چلەی گەورە،بالندەكۆچ رەوەكان وەكو: (حاجی لەقلەق- قەرناقویجە- پەرەسێلكە) دەگەنە ناو خاكی كوردستانی گەورە لەدوای چلەی گەورە چلەی كچكە دێت ئەویش (٤٠) رۆژە دەڵێن ( لەچلەی‌كچكە بەفر لەعەردێ دەبیتە كوچكە) یان دەڵێن (جلێ گەورە حەمامێ چلێ كچكە)،ناوی گشت حەساباتەكان دەكەونە ناوچلەی كچكە.

**عەنتەر**:دەڵێن: (عەنتەرە قەلەندەرە، سێ گەزونیو بەفری لەسەرە هێشتا دەڵێن قەلەندەرە) عەنتەر (٩)رۆژە بەڵام دەڵێن (٥) رۆژان لەچلەی‌گەورە دەگرێت دەبێتە (١٤) رۆژ بەسەرهاتی عەنتەر: دەگێڕنەوە كابرایەك ناوی عەنتەرە دوژمندار دەبێت، ئەو (١٤) چاردە رۆژە كوشندەی ساردی وەرزی زستانە عەنتەر دەیەوێت بچێت تۆڵەی خوێنی خۆی بكاتەوە، بەشەو سواری دەوارەكەی دەبیت لەپێش دەرگایماڵی خوێندارەكەی رادەوەستێ عەنتەر لەسەر پشتی ماینەكەی دەبیتە زۆپك رەق دەبی لەسەرمان.سوبانێ خویندارەكەی لەخەوێ هەڵدەستێ بەفردەشكێنن رێبكاتەوە، دەدینی سوار ماینەك لەپێش دەرگای حەوشەیان رەق بیتەوە، بانگی هەردوو ژنێ خۆی كرد، عەنتەریان لەسەر پشتی ولاغەكەی هینایانە خوارێ لەبەر ئاگردانێ خۆیان دانا دەڵێن عەنتەری لەبەینێ هەر دوو ژنێ خۆ درێژ كردبوو تاوەكو بەخۆبێتەوە، عەنتەر بەخۆهاتەوەو هۆشی وەبەر خۆهاتەوە،خوێندارەكەی بەسەلامەتی رەوانی كردەوە. ئەوبەسەرهاتە دوو شت دەگەیەنێ:

١- وەفاداری خێزانی كورد لەماڵی خۆی دوژمنی خۆی ناكوژی . ئەو چاردە رۆژە زێدە سارد نابیت لەماڵی خۆت دەربكەوی

. **قەرەسپات**:دەڵێن (قەرەسپات وئاخر سپات،بەناو وڵاتی داهات كەترەو مەترەی هەڵبژارد)، واتە سڕەو سەقەمی قەرەسپات‌و ئاخر سباتێ بەناو مەڕو مالاتی لەروونەخۆش دەغەزار دەكەویت زۆربەی دەكوژیت قەرەسپات - قەرە واتای رەشە. سپات: لەشوبات هاتیە مت بوون

**ئاخر سپات** : دەرێن (ئاخر سپات خۆل لەدەوێ حەیوانی دەبتە نەبات) واتە: رۆژ درێژ دەبیت گیاوگۆل لەسەر بنجێ خۆ سەرهەلدەدات مەڕو مالات دەو لەگیای دەکوتی خۆل- خاك- لەگەل دەچێتە ناو دەویان. دەلێن: لەیەکەم رۆژی ئاخر سباتێ ، دانێ سوبانێ تۆی بچێنی شین دەبیت بەلام دانێ هێواری تۆی بچینی شین دەبیء بەر ناگرێت لەسەر ئەو رۆژەی: پیرەمێرد دەلێن: ( نەچێنە تەڕەکالە، بخۆمالە لەسالان سالە).

**رەشەمە:** ناوی مانگی کۆتایی سالی کوردییە. لەو مانگەی لەبەر – ساردی سەهۆلی زستان ئادەمیزاد ڕەنگی رەش هەلدەگەرێت، پشیلە بەبا دێت، پەنگرەی هەوا دەکەوی دەلێن:(رەشەمە رەشکێ رוویا.بەتال دەکا جوال کەندویا، بەشەر دەینی بووك‌و خەسوویا) یان دەلێن: (رۆژ دەبتە سال،نان دەبتە نال، زگ دەبتە جوال). واتە رۆژ درێژ دەبێ، زەخیرەو ئازۆقەکەم دەبێت مرۆڤ زۆری دەخوات.

**زیپك**(هەتا زیپك مایە لەمەهان ، هێشتا هەرمایە زستان)دەلێن: (زیپك گونێ کەنگری دەکاتە گیپك)یان دەلێن (٣ زیپە) (٣ بەر زیپە)، (٣ گونێ کەنگری دەکاتەگیپە).دەلێن

**خشتەی کەشوهەوا لەدەڤەری گۆرانەتی بەردەرەش شێخان**

| ز | ناویان | دەسپێکی لەمانگی کوردی | دەسپێکی لەمانگی زاییني | چەند رۆژە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چلەی گەورە | ٤ بەفرانبار | ٢٥ کانوونی یەکەم | ٤٠ |
| ٢ | چلەی کچکە | ١٦ رێبەندان | ٥ شوبات | ٤٠ |
| ٣ | عەنتەر | ١٢ رێبەندان | ١ شوبات | ١٤ |
| ٤ | قەرەسپات | ٢٦ رێبەندان | ١٤ شوبات | ١٤ |
| ٥ | ئاخر سپات | ١٠ رەشەمێ | ١ ئازار | ١١ |
| ٦ | زیپك | ١٤ رەشەمێ | ٥ ئازار | ٩ |
| ٧ | خدر | ٢٤ رەشەمێ | ١٥ ئازار | ٣ |
| ٨ | الیاس | ٢٧ رەشەمێ | ١٨ ئازار | ٣ |
| ٩ | نەورۆز | ١ نەورۆز | ٢١ ئازار | ١ |

(بەشەو دەکەمە سا، بەڕۆژ دەکەمە بەفرو با، بەزی لەسەرێ کلکێ گیسکێ دەکەمە کا).گیسك دەڵێ: ( تێرم خوارد لەسۆرکێ، پێچکم بەقوونێ زیپکێ).ژیپك دەڵێ: ( خۆشکە ئادارە، ٣ رۆژم بدێ لەو رۆژە غەدارە، داگیسك وبەرخان پێیکەم سەرە خوارە. لەهەندێ شوێن ٧ هەفت رۆژی کۆتایی ساردی زیپك بەساردی پیرەژنێ ناودەبەن. ساردی زیپك لەگەڵ ساردی ئاخر سباتێ بەدویماهی دێت.

**ئادار:** (ئاداری مەشکەی دەگرێ لەدارێ، لێرەنا لەشنگارێ).(ئاداری بەفر بکەوێ هەتا گۆی دارێ، نامینێ هەتا هێوارێ).(بەفرێ ئاداری، نامینێ هەتا هێوارێ).(ئادار ناچی بێ دۆ،نیسان ناچی بێجۆ، گولان ناچی بێ هۆ).واتای: ئاداری دۆ پەیدا دەبێت، لەنیسانێ جۆ دێتە درونەوە، لەمانگی گوڵانێ گیرەی دەکەن)

**خدروالیاس:**ئەگەر یەکێك: لەجۆلی لێی بقەومیت لەکوردەواری خۆماندا دەڵێن خدری زیندە بەهانای ئەو مرۆڤە دێت کارەکەی بۆ راست دەکات، لێرە بەواتای ئەگەر خدر الیاس هاتن مرۆڤ لەسەرمای زستان رزگاری دەبێت. دەڵێن ( خدر و ئەلیا، ساڵ خلاس)

**خدر:** ( کەهات خدر، عەرد دەبی پندر، سەر دینیتـە دەرکەنگر)

**ئەلیاس:** (هات الیاس ، ساڵ خلاس).

**نەورۆز:** (نەورۆزێ سوڵتانی، گای دەکوژی لەخانی خودانی پێ نزانی).دەڵێن: کابرایەك ناوی سوڵتان بووە، ولاغی خۆی لەشبنکەی راتەو لاندبیە هێواری لەخانی داکردییە بەبێ ئالیك، رۆژی نەورۆزێ بوویتە ساردیو فەرتەنە دەوارێ سوڵتانی لەخانیێ تۆپیە.

**چەند پەندێکی تر:**(١٢-١٨) ئاداری مەگرە بەبوهارێ رۆژەکە لەرۆژێ زستانێ بگرە دەرکێ کۆدانێ)(٢٤ ئاداری مەلکەزەن دێنە خوارێ، دەنگ دەکەن لەبوهارێ سەرێ دارێ وبنێ دارێ.دەڵێن لەو رۆژەی هێوارێ گۆپالی باوێی بۆسوبانێ نادینیەوە چونگە گیاو گۆل ئیزن دەدرێت هەڵبستێ. دەڵێن: ( چل چلە، چل پاش چلە، جلێ خۆ هەلگرە هەرو ئەوملە). ئەوجە چەند گول وکولیلك پەیدا دەبن دەڵێن:(کولیلکی گاگرۆ، بوهاری هینا بەدرۆ،

نەمامت هەیە نەفرۆ). (کولیلکێ نیسانێ، بوهاری هینا بەهەلقەتیزانێ) کولیلکە خاتووینە،بوهاری هینا بەتووینە)بەلاّم نێرگز زوو پەیدا دەبیت بۆیە دەلێن:(نێرگزێ حەیاسزێ،لۆ ناهێلی بوهار بزێ) دەلێن( کولکێ هێرو سۆر بوو، ماستێ بزنێ زۆر بوو) (وەختێ هێرو سۆران، هەر نەمالی حەیوان زۆران).دەلێن ئەوانە پەسەندن: ( بەرخێ چلەی -کارێ رەشەمەی، گۆلکێ ئاداریّ،جوانیێ (جاش) نیسانێ).لەزۆربەی دەڤەرەکانی گەرمیان وکوێستانی کوردستان لەکەش‌و هەوا ناسیدا ئەو هەردووخشتەی خوارەوە پەیڕەو دەکرێ بۆ خوێنەران دەخەینەبەرچاو وەکو زێدە زانیاری‌و بەراورد کردنیان لەگەلٚ یەکدی

## ئەوخشتەیە لەناوچەی دەشت‌و گەرمیان بەکاردێت ★

| ناوەکان | سالی کوردی | سالی زایینی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| بەرخندە | ١٤ بەفرانبار | ٤کانوون دووەم | |
| بێلندە | ٢١ بەفرانبار | ١١کانوون دووەم | |
| مێرەم | ٢٨ بەفرانبار | ١٨کانوون دووەم | |
| ئۆغەن | ٥ ڕێبەندان | ٢٥کانوون دووەم | |
| پیت | ١٢ ڕێبەندان | ١ کانوون دووەم | |
| پال | ١٩ ڕێبەندان | ٨ کانوون دووەم | |
| خدر | ٢٥ ڕێبەندان | ١٤ کانوون دووەم | |
| ئیلیاس | ٣ رەشەمێ | ٢٢ کانوون دووەم | |

## لەناوچە کوێستانی (شاخاوییەکان) بەکاردێتچەند تێبینییەکی گرنگ لەسەر

| ناوەکان | سالی کوردی | سالی زایینی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| بێل | ١٥ بەفرانبار | ٢ کانوون دووەم | |
| بێلندە | ٢٢ بەفرانبار | ١٢ کانوون دووەم | |
| بەند | ٢٩ بەفرانبار | ١٩ کانوون دووەم | |
| بەندرخە | ٦ ڕێبەندان | ٢٦کانوون دووەم | |
| مێرەم | ١٣ڕێبەندان | ٢ شوبات | |
| ئۆغەن | ٢٠ڕێبەندان | ٩ شوبات | |
| پیت | ٢٧ڕێبەندان | ١٦ شوبات | |
| پالۆز | ٤ رەشەمێ | ٢٣ شوبات | |
| خدر | ١١ رەشەمێ | ١ ئازار | |
| الیاس | ١٨ رەشەمێ | ٨ ئازار | |

# لێدوانی دووەم : لاوك ،زێبار ،سورچی

## لاوك لەدەڤەری گۆرانەتی

لاوكو حەیرانو ئەلاوەیسیو قەتارەو مقامات بەشێكن لەبەیت،هەر یەكێكیان تایبەتە بەناوچەیەك، وەك ئەلاوەیسی و قەتارەومقامات موڵكی ناوچەی گەرمیان ودەوروبەری كەركوك بەگرنگترین كەلتووری سەرەكی ناوچەكە دادەنرێت، هەروەها حەیرانیش بەشێكی گرنگی كەلتووری ناوچەی دزەیاتی دەوربەری هەولێرە. بگرە لەزێ بادینانەوە تا هەرێمی بۆتان جۆرە كەلتورێكی هەیە پێ دەگۆترێت لاوك. ئەم سترانە لاوكە دەربڕینی هەموو كێشەی كۆمەڵایەتیو فیكریو ڕامیارییە سەرهاتو چیرۆك. لاوك بێژ دەیگێڕێتەوە بەنزمو ئاوازو سەلیقەی تایبەت بەخۆیەوە.

مانای لاوك:. وشەی لاوك لەڕووی مۆرفۆلۆژییای زمانەوە ساغكردنەوەی دەوێت لەوانەیە لەوشەی لاو واتە: (خورت، جاحێل، گەنج، تۆلاز) هاتووە، وچونكە زیاتر لاوەكان نەبەردیو خۆڕاگرتن دەنوێنن لەبویەرەكاندا. لاوك بەشێكی گرنگی فولكلوری كوردیە زۆر لایەنی ژیانی كوردەواری گرتۆتەوە وەكو سۆزو خۆشەویستی، نیشتمان پەروەری ، شەرەف وباشی خێزانو پەروەردەكردنی نەوەێكی نوێ وخۆبەستن بەچاكترین خەسڵەتو ڕەوشتی بابو باپیران.وەبەڵگە بۆ سەلماندنی زنجیرەی مەمێ ئالان. . لاوك بەشێكی گرنگی داستانە لەفولكلۆری میللەتماندا شەوچەرەی شەوارەی ڕەمەكی جەماوەرە لەبەر ئاگردانی زستاندا. هەرلاوك وسترانەك دەنگ‌وئاوازو نزمێكی تایبەتی خۆی هەیە، بەگوێرەی ڕووداوەكانی سەلیقەیەكی گونجاوی بۆ دانراوە، نموونە: سەلیقەونزمی لاوكەكانی شین جودایی هەیە لەگەڵ دەنگ‌و سەدای جۆرە لاوكەكانی تر چونكە هەریەكە دەربڕی هەستو سۆزێكە . . لاوك دەبێت سێ قۆناغ و یان بەندوو یەكەمیان پێ دەگوترێت سەربەند وەكو پێناسە ڕووداوەكە یەو دووەمیان پێ دەگوترێت ناوبەندو ناوەڕۆكی ڕووداوەرێنمایی دەكرێت بەتەواوەتی ڕوون ئاشكردەبوو بۆ گوێ ڕاگرانو سێ یەمیان پێ دەگوترێت دوابەند، لاوك بێژ داوای چارەسەری كێشەكە دەكات، ڕاو بۆچوون دەردەبڕیوهەموو بەیەكەوە بەستراوە.

ومیوانداری و ڕێزگرتنو دڵپاکیو ڕاست گۆییو ئەمەكو وەفاو دڵسۆزی لەئەڤینداریدا، ڕاستی لەدۆستایەتیداو ئازایەتی، نەبەردی. . لاوك بەمیللەتی كورد سیفاتی شەڕو شۆڕی بەسەردا زاڵە. دەنگی لاوك بێژەكان گیانی مرۆڤی كورد دەلەرزێنێتو كزە لەجەرگ دێنێ تامو جێژێكی پڕ سۆزی لی ْهەیە. چونكە لەكانگای ژینگەی كەسایەتی كوردەو هەڵقولاوەو ڕابووردومان دەگێڕیتەوە لاوك ناوی دەشتو دۆڵیوكانیاو ڕووبارو چیاكان دەست نیشان دەكات كاتێ دەیانگۆت: (هانە ب منهانە، سەد جاران هانەوەرن شەڕو مەیدانە، دابزانن كێ بەرخەو كێ بەرانە). و بۆ ئەڤینداران، دەیانگۆت:(سنگ سپی یێ مەمك فنجانێ، چاو ڕەشێ بڕۆقەیتانێ، گەردەن كێلێ بەژن ڕحانێ، بسك شۆڕێ كەزی ل سەر نێكانێ، ئای دەلال هەی دەلال، شلو ملێ ناو قەد زراوێ).

لاوك بەزمانێك سادەو پوختو پاراو هۆندراونەتەوەو شوێنی گۆتی لاوك مامۆستا هێمنی شاعیر دەڵێ: شایەروبەیت بێژەكان ئەو بەیتانەیان لەكۆڕی دیوەخانی مەزنان لەلامێردانی گەورە پیاوانو لەگۆشەی مزگەوتی گوندانولە چایخانەو كاروانسەرای شاران بۆخەڵكی تینوو تامەزرۆ گوتووە، بەم جۆرە نەیان هیشتووە ڕووداو وكارەساتەكان لەبیربچنەوەو هەم زمان فەرهەنگو ئەدەبی فولكلۆری كوردییان ڕۆژ بەرۆژ دەوڵەمەندو دەوڵەمەند تری كردووە.

## لاوك لەكێندەرێ هاتیە .؟

پاش لەناوچوونی شۆڕەشی بەدرخانیەكان لەجزیرەی بۆتان كوردستانی باكوور گەلەك لەدانیشتوانی جزیرەی بۆتان دەربەدەربوون لەوكاتی چەندە سەرخێزانێك هاتنە ناوچەی گۆرانەتی لەگوندەكانی گەلووكو گردەپانو گەویلانو شێخالكو دڕین بۆتو تربەسپیو بشیریانو دووسەرە سەر بەناحیەی بەردەڕەشی نیشتەجێ بوون) ، بۆیە لاوك دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسەنایەتی ناوچەی جزیرەی بۆتان. (لەهەر كەسێكی تەمەن درێژی ناوچەی گۆرانەتی پرسیاری حەسەنو حەمۆی بكەی یەكسەر دەڵێن: بەڕاستی دوو لاوك بێژی دەنگ خۆشی نەقولا بوون زۆربەی خەڵكی لەوان فێرە لاوك گوتن بوون.؟ بەپێی زانیاری خەڵكی ئەو ناوچەیە حەسەن و حەمۆ دووبرا بوونەلەساڵێ ١٨٩٠ لەجزیرەی بۆتانی كوردستانی باكوور هاتوونەتە كوردستانی باشوور لەناوچەی بۆتان كەدەكەوێتە نێوان

هەردوو دوو ناحیەی بەردەڕەش‌و کەلەکی یاسین ئاغا سەربەقەزای ئاگریێو لەگوندی بشیریان نیشتەجی بوونە، پاش ماوەیەکی کورت هەردووکیان بوونە لاوك بێژو هاتوو چۆی خۆیانیش لە گەل جزیرەی بۆتان نەبڕی بوو. لەوێ لاوکیان وەردەگرت‌و دەگەڕانەوە خەلکیان فێردەکرد). نموونەیەکی دەگێرنەوە ئێوارەیەکی لەدیوەخانی ناحیەی مرێبا لەقەزای شێخان میوان بوون خزمەتکار قاپە شۆربایەکی ڕۆنی لەپێشیان دانابوو تەماشای یەکتریان کرد و گۆتیان : ( ئەرێ برا حەمۆ خزمەتکار شۆربەئانی بەرێ خۆ بدێ تێدا نینە دەنکێ دانی واتێدا دیارە شەقلەو کاریتێ خانی).

**حەمۆ دگۆ:** (برا حەسەن ئەگەر ئەتونەی مەلەوانی ئەمن تێدا مەلەی دەکەم لێدەدەم بەباسکانی) .لاوك بێژێکی تر ناوی خدۆیە هەولێ دەدا بۆ فێربوونی لاوك بێژی لەدوای سۆراغی ڕەسەنی لاوك دەچێتە جزیرەی بۆتان فێری سەروبنی لاوك‌و لاوك بێژی دەبێت بۆماوەی مانگێك دەگەڕێتەوە لەڕێ تووشی هەردوو برا حەسەن‌و حەمۆ دەبێت دەکەونە بەرامبەری یەکتری بەبێ دووبارە کردنەوە لاوکیان دەگۆت، توانای وانی نەبوو بەمامۆستایانی خۆی زانی لەدوای حەسەن‌و خەمۆ لاوك بێژێکی تر هەیە ناوبانگی دەکرد بوو ئەویش سەیدۆیێ جوی دانیشتووی گوندی گۆمەزەردە سەربەناحیەی بەردەڕەشە لاوك لەحەسەن وحەمو فێربوو، شارەزاییێکی باش‌و شاگردێکی لێهاتی لاوك بووە بەقوتابخانەیەك بۆ گەنجان کەڕوویان تێدەکرد بۆ وەرگرتنی نزم و ئاوازو سەلیقەی وشەی لاوك، یەکێك لەشاگردانە نەجۆی لاوك بێژ بوو و چەندانی تریش.

## بەلاوبوونەوەی لاوك بەدوو ڕێگا :.

١- لەبەرهەبوونی ژیانی کۆچەری‌و گەڕان لەنێوان زۆزان‌و گەرمیان بۆتە گەشە کردنی لاوك، بەلام لەنزم‌و سەلیقەوناوەڕۆك گۆڕینی بەسەر هات بۆتەلاوکێکی دەنگ بلند (بەرز) و بایەخدانی زیاتر ڕوخسار وەکو ئاوازو دەنگ خۆشی‌و سازکار چیاو گۆڕینی لەناوەرۆك بەتنێ لەسەر ئەڤینداری بەڕێوە دەچووو ناویان نا لاڤژە.

٢-لەبەر هەبوونی ئالوگۆڕی بەرهەمی کشتوکالی فێقی (میوە) بەگەنم‌و جۆ تێکەلاو بۆتە هۆی زاروەکردن (لاسایی کردنەوە) لاوك لەکۆڕومەجلیسان بلاوبوونەتەوە. بەلگەش

بۆ ئەم لاوك بێژانە. ئیبراهیم حەسەن مێرسیدی کەلاوکی مازی چنێ گۆتیە. و لاوك بێژی ئاکرەیی جەجۆ کاتی لاوکی دەگۆت لەپەنای بەردێك کچان نەیاندەزانی ئەو دەنگە خۆشەو وئاوازە دڵڕفێنە لەکوێ دێت وڕایانی دەوستاند. ولەناوچەی ڕۆژهەلاتی موسڵەوە لاوك بڵاوبوتەوە بەتایبەت ناوچەی شەبەکایەتی وەکو لاوك بێژە عەبوڵڵا شەبەك خەلکی گوندی باجربۆق بوو.

**گوندی زەنگەنان و لاوك**:گوندی زەنگەنان سەربەناحیەی بەردەڕەشە وبنکەی فێربوونی لاوك بوو لەتێکڕای ناوچە گۆرانەتیدا تاکو سالآنی هەفتاکان لەبەر بارودۆخی ئەم سەردەمو پێشکەوتنی ڕاگەیاندن، ئەم بزووتنەوە فولکلوریە بەرئاگردانی کوردەواری لاواز کرد زۆر جاران لەکۆچکی گوندی زەنگەنان هەر لەئێوارە گەڕە لاوژ لەدەستی ڕاستەوە دەستی پێدەکرد و ئەنجا دووکەسی دەکەوتنە بەرامبەری یەکتری بەبێ دووبارە کردنەوە لاوکیان دەگۆت،و بەردەوام دەبوو هەتا ڕۆژهەڵات هەر هەندی بەخۆیان دەحەسان وائافرەتانی گوندی چێلی داژونە گاڕانێ لەناو کوردەواری خۆمان دا درەنگ ترین کاتی بەیانییان گاڕان ڕۆیشتنە(٥٨)

هەرکەسێ لەدیوەخان ومیوانخانە نەبوایە لەشەوچەرەی گەڕە لاوژە ئەوە دەپچڕان لەهەمرودەنگو باسیوڕووداوەکانی ئەوگوندە ودەڤەرە بێ ئاگابوو پەیوەندی کۆمەلآیەتی کزبووو ناسیارو ئاشنا بوونی کەم و دادەبڕا.بگۆتنا ئاقلمەندەکی فرانس پۆل لاڤارگ، کورد حەز لەلاوکی مێرانی دکن لەدڵی دخولخولی مینانی کولیلکا سەرداری فێکیا دبشکڤە، بەهایەکی دیروکی پڕ مەزن هەیە. کورد گەلەکی حەز ژستڕانی سییاراو ستڕانی شەڕا ب لاوك د کە کو ژی هەڤە سەرێ چیا بە، دەشتێ بە، داوەتێ وشایێ بە، شینێ بەرڤ و پەزی بە، هیسیرێ بە، غەریبی بەدبێژن: (هەی لمنێ، هەی ل منێ، هەی لەمنێ ئەزێ بەدەشتا دیاربەکرا شەوتی کەتم، دڵی منێ ب منڕا شەوتی). لاوکی شەر دەربارەی ناکۆکی ناڤبەرا کوردا بۆتە کۆسپ لەخەباتی ڕزگاری گەلەکەمانداو لاوك بێژ بۆ گوێ گران دبێژت (برا خودێ خراب بکە شەڕێ خوە ب خوە تیی حالی کۆچەریێ) .هەر کوردەك ب ڕوح وجان شاعیرە دەنگ یێژ دبێژت: (دڵی من دشەوتە). ڤێجا دەسپێکی چیرۆك و سەرهاتی وبویەر تێدەگەی بەلاوك ڤەدگێڕی بشیوەی نزمو ئاوازی دەنگ بێژ،هەستەوی

ناڤ واندا هەیە، دەنگ بێژ کو پەیدا بوو، ئەوێ دەستێ خوە بیە بەر ب پەلەگوهێ خوەو سترانی میرانیێ بێژە.. میوان لەدیوەخان هەبووایە دەبا بەشداری لەلاوك بكردایە لەناو گەڕەلاوژە ئاشکرا بێت، ئەوە دگۆت (دەوەرن ڕونێ، بیناخوە بستینن). وناڤبەرا هەر بەندەکی بێنڤەدان کورت هەناسە کێشان هەبا داکو گۆی گر دگۆ (تەو، تەو، تەو) یان (دەنگی تە دنێبە) یان دەنگی تە خۆشی بەویان های هوو،های هوو.

<u>تێبینی</u>/ دەکرێت پاش گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو پەیدا بوونی ڕەوشی چینایەتی لەکۆمەڵگەدا بەرەو قۆناغی نێویوزاڵ بوونی سەروك عێل هۆزەکان ئاغەکان زیاتر کردن دەسەڵاتی خۆیان هێزو توانایان بەرامبەر خەڵکانی ڕەش وڕووت تر پیشان بدەن وەکۆمەڵگا بەپایەو دەست ڕۆیی ئەوان بزانن ڕێزیان لێ بێن گرنگیاندا بەشەو بیرو کۆکردنەوەی ئەو لاوك بێژانەی کەهەولی ئاغاو سەرۆك هۆزەکان دەکەن لاوك و مەتەك بەبەژن وبالاوو سوارچاکی ئەوان بلێین ئەمەش وەکو ئامرازێکی ڕاگەیاندن ئاغاو سەرۆك هۆزەکان بەکاریان دەهێنا بەبەرژەوەندی ئەوان بەئەنجام دەگەیشت

ناوی لاوك بێژە بەناوبانگەکانی دەڤەری گۆرانەتی ئەوانەن

١ـحەسەن وحەمۆ گەریدە بوون

٢ـسەیدۆ جوو گوندی گۆمەزەرد قوتابی حەسەن وحەمۆی بوو

٣- جەمیل ئیبراهیم ناسراو بە جەمیلە کۆر لە ناحیەی دارەتو- هەردووچاوی کۆرە نوو

٤ـمەحەمەد مەلا ـگوندی شێخلك/ بەردەرەش

٥- سمۆ گەلووکی /گوندی گەلووك ـبەردەرەش

٦ـبەکر سلۆ /گوندی قایماوە ـقەزای شێخان

٧ـمام جبرائیل دارەتووانی ـ ناحیەی دارەتو

٨ـخەتاب /گوندی پیربوب ـقەزای شێخان

٩- عەزۆ برای خەتاب/گوندی دیناران - بەردەرەش

١٠ـیوسف جوجەری/گوندیجوجەر- بەردەرەش ١١ـمحەمەد عبدالرحیم/گوندی گوبدەو

١٢ـیونس جەردیس(مەلا یونس)ـزەنگەنان ١٣- عبدالوهاب هاشم /گوندی زەنگەنان

١٤- سەیید شملی /دارەتوو ١٥ ئەحمەد مەحمود(احمد جەوێ)/ گوندی زەنگەنان

١٦يوسف قۆزێ/گوندی گلەشین ـ شێخان ١٧ـمحەمەد قادر ئاغا / گوندی زەنگەنان

١٨عبدوللاٚ شەبەك /گوندی باژێرا بووکا(ئەبو جەربوعە) ناحیەی باشیك

١٩وەلی رەسول ناسراوبە(وەلی خاتێ) زەنگەنان

٢٠ـ قاسم ئەحمەد / گوندی خاروك ـ بەردەرەش

٢١ ـ مجیدئەحمەد جبۆ/ دووگوندانی گەورە

٢٢ـ ئەمین حوسێن/گەویلان بۆتان ـ ناحیا کەلەك

٢٣سالح مەنۆ/گوندی گلەشین ـقەزای شێخان

٢٤قادر وەستا/گوندی بیۆك ـ قەزای بەردەرەش

٢٥مەجید رەمەزان/ گوندی پیربوب/ شێخان

٢٦عەزیز محمد جبۆ. دووگوندانی گەورە

٢٧ـ ئەحمەد شارێ / دووگوندانی گەورە ٢٨ـ جبرائیل حوسێن /ناحیەی دارەتوو

٢٩رشاد عبدولوتەلیب/ گوندی زەنگەنان ٣٠ـ درویش سەلمان/ گوندی زەنگەنان

٣١ـ ئەحمەد یاسین/کومەلگای شاویس ٣٢عبدولرەحمان یاسین/ قەزای بەردەرەش

٣٣ـ عەزیزسالح ناسراوبە(عەزیز بەبێ) ٣٤ـمحەمەد عزیزسالح/رشاد عزیزسالح

٣٥ـئیسماعیل رەزا /گوندی ئامیان

٣٦محەمەدخدر ناسراو بە (محەمەد کۆسە )

٣٧لاوك بێژی لاو و فۆلکلۆرپەروەر ناوداری دەڤەری گۆرانەتی (جلیل انور امین) لە دایك بووی ١٩٦٧ بەردەوامە لە گۆتنی لاوك /گوندی شەمسەخڕ

٣٨ـ وەسمان امین محۆ / گوندی شەمسەخڕ

زۆربەی لاوکەکانی ئەو لاوك بێژانە لە کتێبی **(لاوك و سترانی٘ کوردەواری )** نووسرایتەوە ،لەنووسین و ئامادەکردنی یاسین حسن سالی ١٩٩٧ چاپکرایە .

# زێبارو سورچی

لەژێر ئەو ناونیشانە تەنها باسی گۆران نەکەین، لەنێوان رووباری زێی بادینانو ئاوی خازردووعەشیرەتی گەورەیدیکەلەودەڤەرە دەژین ئەویش:زێبارو سورچی یە،پەیوەنییەکی باشیان هەیە لەگەڵ گۆرانەکان بەپێی زانیاریەکانی کۆمکردیتەوە باسیان بکەم :

**زێبار:** ناوی قەزایەکە کەسەر بەپارێزگای هەولێر، مەڵبەندی مێرگەسۆرە دوو یەکەی کارگێری هەیە ناحیەی موزوری باڵاو ناحیەی بلێ، لەو سەردەمی کۆی گشتی دانیشتووانی قەزاکە دەگەیشتە (٢٠٧٩٧) کەس پێش گواستنەوەی قەزای زێبار بۆ مێرگەسۆر گوندی بلێ سەنتەری قەزای زێبار بوو، لەبەرچەند هۆیەکی سیاسی گواسترایەوە مێرگەسۆر.

خانەوادەو کەسانی عەشیرەتی زێباری بەر بەڵاوون لەناوچەکانی نێوان باکووری شاری ئاکرێ تاکو باشووری رووباری زێی بادینان تاکو گوندی بیرەکەپرا. ووشەی زێبار لەدوو بڕگە پێك هاتووە زێ+بار بەواتای لەهەردوو ڕەخ یان هەردوو قام یان لەهەردوو باری ڕووباری زێی بادینان.

ناوی زێبار: لەکتێبی (مسالك الابصار) هاتیە لەدانانی فضل الله العمری لەساڵی٧٤٩ك کۆچی دوایی کردووە. هەروەها (ابو العباس احمد القلقشندی) لەکتێبی عومەری (صبح الاعشی) دەگێڕنەوە لەساڵی ٨١٤ك داینابوو، دەڵێت: زێباری (بلاد الدینار وهی بلاد کلی بلاد الجولمرکیە) تیرەیەکی گوردن پێیان دەگوترێت الدیناریە.

مامۆستا صدیق الدملوچی دەڵێت: لەناوچەی زێبارەتی عەشیرەتێك بەو ناوە دەژین، لەهەردوو باری زێ واتە لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای رووباری زێی بادینان دەژین.

مامۆستا تۆفیق وەهبی دەڵێت: ناوی زێبار ناوی عەشیرەت نیە، بەڵکو ناوی زێبار ناوی ناوچەیەکە، ئەو عەشیرەتە تێدا دەژین بەزێبار ناونرا ووشەی زێبار بەواتای ئەو خاکەی بەڕووباری زێی گەورەوەیە بەڵام ووشەی (زریبار) واتای دەریاچە (بحیرە) دەگەیەنێت کە٦٠ کیلۆمەتر لەپارێزگای سولەیمانیەوە دوورە بەلای ڕۆژهەڵاتی.

مامۆستا وەهبی دەڵێت ناوچەی زێباری ناکەوێتە سەر زێی بچووك کەمامۆستا العزاوی وا بۆی دەچێت بەڵکو ناوچەی زێبارەتی دەکەوێتە لای راستەی زێی گەورە کەبەزێی بادینان ناو دەبرێت.(٥٧)

بیروبووچوونی تر هەیە کەلەخەڵکی ناوچەی زێبارەتی وەرگیراوە دەڵێن*:

١) زێ+بار = زێبار، بەرهەمی ساڵانەی خۆیان لەئاوی زێی گەورە بار کردووە بەکەلەكو مەنجەڵو قایغ بۆ شوێنی تر هاتیتە گواستنەوە. زێ + بار ،زێدا بار کردووە.

٢) زێر+بار= زێربار، بەرهەمی ساڵانەی خۆیان لەپشتی دەوار کردییە، بەهای گران بوو، لەناوچەکانی تر فرۆشتیتیان زۆر بەقیمەت بووە، بەپارەو زێرپیان دایە، خەڵکی پێیان گۆتیە زێرە بارە : زێر + بار ، بوویتە (زێبار)

٣) ژیانوگوزەران هاتوو چۆیان هەر لەسەر ئەوبەرو ئەوبەری زێی بادینان بووە لەبەرهەندێ بەزێبار ناونرانە.

٤) زێبارە پێ رەشکە یان زێبارە رەشکە دوو مانای هە یە

أ/ پێلاویان لەمووی رەش دروست کرابو ب/زێبار ژمارە یان زۆرە وبەربەلاون

## هاتنی زێباربۆ باشووری کوردستان * *

ئەسلی زێباریان لەعەشیرەتی پنیانشین لە دەوروبەری دەریاچەی وانێ لە تورکیا بەلاون کە دەکەوێتە کوردستانی باکوور لەناوچەیەکن بەلای سەرەوە فەلەی تیارێ ،

یەکێك بەناوی (ئۆغز) ناوچەی پنیانیشی بەجێ دەهێڵێت بەخۆو بەهەفت کوڕەوە هاتبوونە دەڤەریزێبارەتی کوڕەکانی ئۆغز بەسەر ناوچەکە بەلاوە بوونە هەر بەخۆی ئێستا زێبار حەفت بەرە بابن.

پەندێکی بەلاوە لەناوچەکەدا دەگۆترێ (زێبار ئاخێ خورتایە) واتە هەرکەسێ بەهێزو خورت بێت دەڤەری زێبارەتی داگیرکردووە فەرمانرەوایەتی تێدادەکات.

دەگێڕنەوە : پاشای ئامێدی داوای کردبوو سەرۆك عەشیرەتو ڕدێن سپیو گەورە پیاوانی دەڤەری ئامێدی کۆبکاتەوە بۆ کارێکی پێویست بانك هێشتی هەموویانی کردبوو، دوای ئامادەبوونیان یەك بەیەك میر بەخێرهاتنی مێوانەکانی خۆی کردبوو. تەنها بەخێرهاتنی ئەو کوڕە زێبارەی نەکردبوو چونکە هێشتا ناسراو نەبوون لەسنووری فەرمانڕەوایەتی

میری ئامێدی. ئۆغزی زێباری لەدڵی خۆی هەڵگرت. یەکسەر گەڕایەوە ووتی دەبێت خراپیەکی بکەم هەستا چوو شانەی میری ئامێدی کوشتبوو،خەبەر گەیشتە میری بزانن کێ شانەیمیری کوشتی یە. بەدیارکەفت کوڕە لاوێکی زێباریە دوای لێکۆڵینەوە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە کەلەدیوانی میری بەخێرهاتنی گشت میوانان کرا میر بەخێرهاتنی منی نەکردبوو لەبەر هەندێ ئەو کارەم کرد تاوەکو خەبەر بگاتە میری میر کوڕە زێبارەکەی ئازاد کردوو کردییە ئاغا لەناوچەی زێباری بەکەیفی خۆ دەستەهەڵاتی دەگێڕا بەسەر ناوچە زاڵ بوو دەڵێن لەسەرەتای هاتنی ئۆغز بەحەفت کوڕەوەسەرەتا ببوونە شوانوگاوان لەناوچەی زێبارەتی خۆی ژیاندووە هێدی هێدی نەوەیان زۆربووە بەسەر دەڤەری زێبارەتی زاڵ بوونە.

لە کتێبی (القبائل الكردية فى الامبراطوريه العثمانية )مارك سايكس لاپەرە(٤٥) دەڵێت:زێبار ١٠٠٠سەر خێزان دەبن لە ٣٠ گوند نیشتەجێنە هەمووی کوردی زێبارن،کاری کشتوکاڵی دەکەن زۆر رژدن لە سەخبێریکردنیڕەزوباخەکانیان(زێبار لەدەڤەری گۆرانەتی بنی نۆك و بڕکی بیستان خەپار دەکەن)،کەسی غەریبەیان خۆشدەوێت ،بەلام لەناوخۆیاندا دژە یەکترن ، گەورەکانیان قەلاّی بچووکیان بۆ خۆیان دروستکردیە، خۆیان تێدا دەپارێزن

..........................................................................................

⋆ماموەستا کریم میرخان خۆشانی سەرپەرشتیاری پسپۆری لە پەروەردەی بەردەرەش ،

⋆⋆ مام ئەحمەد خەلکی گوندی هەشتکان ـ ناحیەی دینارتە

# سورچی★

مێژووناسان وا بۆی دەچن، پەسندیان کردووە، عەشیرەتی سورچی لەکوردستانی تورکیا لەدەشتی سرودێ هاتوونە لەگوندی کۆلەکان ناوی گوندێکی سەر بەناحیە گردەسێنە لەقەزای ئاکرێ نیشتەجێبوونە ، برا گەورەیان ناوی شێخ حاجی بووە، شەجەریان بەم شێوەیە:- شێخ محەمەد کوڕی شێخ ئەحمەدی کۆلەکی کوڕی شێخ عەبدولا شەهید کوڕی شێخ عەبدال کوڕی شێخ حاجی کوڕی شێخ هەمزە کوڕی شێخ عومەر کوڕی شێخ عەبدللا کوڕی شێخ عاصم کوڕی شێخ عومەر کوڕی شێخ محەمەد ئەمین کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عەبدوللا کوڕی عەلی کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محمەد کوڕی شێخ عەبدوللا کوڕی ئەمیرالمؤمنین عومەری کوڕی خەتاب.

مندالەکانی شێخ محمەد ئەوانەن کە١٨٢٠ز تاکو ١٩٠٦ ژیاوە.

١شێخ ئەحمەد کۆلەکی ٢ـشێخ عەبدوللا شەهید ٣ـ شێخ عەبدوللا ٤ـشێخ حاجی ٤ـشێخ هەمزە . کوڕەکانی شێخ محەمەد سورچی ئەوانەن : ١)محەمەد حافظ ٢) عبدالله ٣ ) شێخ بەدیع ٤) شێخ قەیوم. ٥) شێخ وەجیە ٦) شێخ شەفیق

هاتنی عەشیرەتی سورچی لەکوردستانی تورکیا بۆ دەڤەری ئاکرێ لەکوردستانی عێراق ٧ حەفت برا بوونە هەریەکە لەو شوێنانە دانیشتینەو ئێستا تێدا بەربلاوون ئەوانەن:-

١ ) مامەسام: بەسورچی مامەسامی ناو دەبرێن لەحەریرو باتاس دادەنیشن.

٢ ) شێرۆ: لەناوچەی شێروان مازن ئاکنجی بوونە.

٣ ) زرار: لەدەشتی بەرانەتی ناوچەی زرارەتی پێ دەگوترێ بەربلاوون.

٤ ) مامانۆمەر: لەهەموو ناوچەکانی سورچیان بەلاوبوونەتەوە.

٥ ) وەسف کاسکی: لەهەموو ناوچەکانی سورچیان بەلاوبوونەتەوە.

٦ )مام یال: لەهەموو ناوچەکانی سورچیان بەلاوبوونەتەوە.

٧ ) پیربال: لەگوندەکانی بەردەسۆر، چەمە، کێلەشێخ بزن، کێلە بسمیران کەبەکێلێو بێلێ ناودەبرێن. پیربال چواربرا بوونە.

١- سەرمردی: پیربال لەدوژمنداریەك بەسەریان هاتبوو ئەو برایەیان خۆی دووره پەرێز ڕاگرتبوو سورچی ناویان لەو برایه نا (سەرمردی).
٢- برای دووەم لەناو شاری ئاکرێ دانیشتبوو ژنه جوویەکی خواستبوو کردبوویه موسولمان.
٣- میرزا: نەوەکانی میرزا لەگوندەکانی قەرەقاجین‌و گردی ماوان‌و زرواو سەرکەورۆك لەناوچەی زرارەتی دادەنیشن.
٤- پیربال لەچەمەو بەردەسۆر کێلی‌و بێلی دادەنیشن. ئەو تیرەو بەرەبابانه تێکڕای سورچی بادینان‌و سۆران دەگرتەوه لەهەردوو دەڤەری سۆران‌و بادینان بەربلاووون. پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵ یەکدی هەیە. شێخەکانی سورچیان خواناس بوونەو ئەهلی تەریقەت بوونه. هەردوو تەریقەتی قادری‌و نەقشبەندیان گرتبووبەر، دەروێش‌و موریدیان لەزۆر شوێنەکانی کوردستانی گەوره هەبوو. شێخ حاجی لەگوندی کۆلەکان بەدین‌و دیانەت دەناسرا، هەروەها شێخ ئەحمەدی گەوره لەسەردەمی شێخ نورەدین بریفکانی ژیابوو پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەکدی هەبوو شێخ نورەدینی بریفکانی لەساڵی ١٨٤٧ز کۆچی دوایی کردبوو خوا لەئێمه خۆش بێت‌و لەگەل مردی هەمووومان
**شێخ عەبدوڵلای شەهید:** شێخ عەبدوڵلای شەهید کەدەکاته باوکی شێخ ئەحمەدی کۆلەکان لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی دەڕوێشتن دەروێش‌و موریدی زێده زۆری هەبوو. دەگێڕنەوە: ئێزدی سێ موریدی شێخ عەبدوڵلا یان کوشتبوو شەهیدکرابوون بەدەستی ئێزدیان ئەو سەردەمی کارەساتێکی گەورەبوو،خەڵکانی دەوروبەربگره لەهەردوو عەشیرەتی گۆران‌و سورچیان ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد سواری چەکدار ئاماده ببوون کەهێرش بکەنه سەر ئێزدیان. شێخ ئەمری کردبوو لەپشتەوه لەئێزدی بدرێت هەر لەحەریرو باتاس‌و ڕەوندزێ شەڕ دەستی پێ کرد ٢٨ بیست‌و هەشت ڕۆژی خایاندبوو لەو شەڕی شێخ عەبدوڵلا بەدەستی ئێزدیان شەهید کرابوو لەبەر هەندێ بەشێخ عەبدوڵلا شەهید ناودەبرێ.
سەرکۆل: کەسێکی بەدین بوو شوانی شێخ ئەحمەدی کۆلەکابوو لەساڵی ١٨٢٧ وەفاتی کردیە مەزاری سەرکۆل بەناوی ئەو شوانه دەناسرێ. دەگێڕنەوە: لەپێش هاتنی

دەستەهەڵاتی میری کۆرە میر محمەدی ڕەواندزی سێ میری سێودینی دەستهەلاتداربوون لە دەڤەری سورچیاتی ئەوانەبوو:

١) میر محفوز بەگ لەگوندی کەلەدێر دادەنیشت. ٢) میر حەسەن بەگ لەگوندی هیزان دادەنیشت. ٣) سەدیق بەگ لەکەلاتی جێ نیش ببوو.

دەگێڕنەوە ئەو سێ میرە زێدە حەزیان لەکەیفو سەفابوو دەڵێن میر محفوز دوو کوڕی مردبوو بەدۆڵو زورنا تەرمێ کوڕەکانی بەخاك سپاردبوو. تەمەندارەکانی سورچیان دەگێڕنەوە : لەناوچەکانی سورچیان لەنێوان هەردوو گوندی گەرمکا ژووریو گەرمکا ژێری بەرامبەر گوندی کێلان. قەڵایەك لەوێندەرێ دەبێت ئاوی بۆ راکێشابوو. شەڕێکی قورس لەنێوان خەڵکی ناوچەو لەشکری ئیسلامی روویدا بوو گەورەترین شەڕ بوو لەدوای شەری هەولێری دەڵێن ١١ یازدە سەحابەی پێغەمبەری (د.خ) لەوی شەهید ببوون هەر لەوێندەرێ بەخاك سپاردراون.

ساڵی ١٩٢٠ دەگێڕنەوە ئینگلیز عیراقی داگیرکرد بەرەو خاکی کوردستان کەوتەڕێ تاگەیشتنە دەڤەری سورچیان لەعەلی کەشانە پیاوەکانی شێخ وەجیە محمود سارمو پیرەکەو خالد رەواندزی بەرامبەر لەشکری ئینگلیزی راوەستان توانیان لەشکری ئینگلیز بشکێنن دەگێڕنەوە شێخ شفیقو عەلی ئاغای زێباری بریندار ببوون. بەڵام لەبەر توندی شەڕەکە لەشکریسورچیان گوندی کێلانیان بەردا بەرەو هەریرو باتاس رۆیشتن.لەوێندەری حکومەتی نیشتمانی هاتە دامەزراندن یەکەم قائیمقام لەرواندزی هاتە دامەزراندن بەناوی شێخ تاهیرکوڕی شێخ عبداللە بۆجێبەجی کردنی کاروباریدەڤەرەکە وەلەرۆژی ٢٠/٩/١٩٢٠ هاتە ئیعلان کردن شێخ رەقیب تەکلیف کرا بۆ پاراستنی چیای کۆدۆ لەهێزەکانی لەشکری ئینگلیز .

.................................................................................................

★زانیاریەکان لەسەرزاری ئەو بەرێزانە وەرگیرایە: شێخ اسعد لەگوندی چەمە ،مامۆستا سعود لە گوندی گەویلان ، مامۆستا شێخ جەمیل لە گوندی کێلان،..

# لێدوانی سێیەم: سەرهەلدان ، جوولەکە سەرهەڵدانی جەماوەری ـ١٩٥٨ ـ شەعبانیٚ ـ

بنەمالەی بارزانی بەردەوام لەشۆرش دابوونە،لەساڵی چلەکان شێخ ئەحمەدی بارزانی سەرکێشی شۆرشی کورد بوو،لە ساڵی ١٩٤٥ حکومەتی ئەو سەردەم بە هەموو هێزی خۆی پەلاماری کوردی دابوو، شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەل بارزانی نەمرو خەلکیکی زۆر بەخێزانەوە ئاوارەی ئیران بوون ،بارزانی لەو کاتی بوو پشکداری لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد کردبوو،دووای لەناوچوونی کۆماری مەهاباد لە ١٩٤٦ بارزانی لەگەل ٥٠٠ لە پێشمەرگەکانی خۆیان تەسلیم بەهیچ دەستهەلاتو رژێمێك نەکرد لەگەل هەڤالانی بەرەو روسیا کەفتە ریٚ ١٢ سالان لەروسیا مایەوە،تاکوشورشی عبدولکەریم قاسم لەساڵی١٩٥٨ راگەیاندرا کۆماری عیراق دامەزرا عبدولکەریم قاسم بەفەرمی داوای لە بارزانی کرد بگەرێتەوە عیراق،بارزانی لەرێکەوتی٦ـ١٠ـ١٩٥٨ گەرایەوەعیراق،حکومەتی عبدولکەریم قاسم دان ستاندنی لەگەل بارزانی کرد بۆ پێدانی هەندێك لە مافەکانی کورد،وەلە٩ شوباتی سالی١٩٦٠ بە ئاشکرابارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە کردنەوە دەستیان بە خەبات و کاری رێخستنی خۆیان کرد

## راپەرینی جەماوەری

پێش هاتنی زەعیم عبدولکەریم قاسم حوکمی عیراق مەلەکی بوو دەستهەلاتی تەواو درابوودەست میرو ئاغاو شێخ و بەگەکانی کوردستان تێکرای خەلکی کوردستان لەبن زولمی زۆرداری ئەوان بوون ، تاکوشورشی عبدولکەریم قاسم لەساڵی١٩٥٨ راگەیاندرا ،دان وستاندن لەگەل کورد کرا ،دابەشکردنی زەوی کشتوکالی بە سەر جوتیاران هاتە گۆڕی ،خەلکی گوێبیستی ڕاپەرینی خەلکی سۆران ببون لە هەولێریٚ لە بەر هەندیٚ خەلکی ڕەشوروتو جۆتیارە کاسب کارو گوند نشینەکانی دەڤەری گۆرانەتی دژی زولمی ئەوان هەستان،بەتایبەتی جووتیارانی گوند چونکی باجی دەغل ودان سەرانەی تاکە کەس ئاژەل و خاوە لێیان وەردەگیرا ،بۆیە ڕاپەرینی جەماوەری لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی

بەردەرەش دەستی پێکرد دژی میرو ئاغاو شێخ و بەگەکانی کوردستان تەقییەوە،بدروشمی جوراو جۆر دەگۆترا ،ئەوەش دەقی چەند درۆشمێکی جەماوەری ئەو سەردەمە:

ـ بژی سەرۆك بارزانی ،دونیای کردە هەرزانی ،بۆ شەعبێ (..........)ناوی گوندی خۆیان دەگۆت

ـ سەر قەلات و بن قەلات ،ئاغا هەلێ شەعب هات

ـ سەر قەلات و بن قەلات ،ئیستعمار هەلێ شەعب هات

ـ یعیش زعیمونا الاوحد عبدولکەریم قاسم یا...یعیش یا..... یعیش یا،،،،،یعیش یعیش زعیمنا التانی مستەفا ئەلبارزانی یا .....یعیش یا .....یعیش ،بەکوردی با...بژی با ....بژی با ...بژیتیاندەیانگۆت:عبدولکەریم زەعیمە،بەخۆیناولیوایە،٤ ١ مانگی تەموزێ، بەسر بەغدای دادایە.بەکوردی شەعب دەیانگۆت: شەعبێ عورم دەو بە قورم ئاغان هەلدەبرم ،

شەعبانە بەردەوام بووجەماوەری گوندەکان خۆیان ریکخست،رێکخستنێکی خودی خۆرایی،شەعب لەگوندەکان سەرۆك وموختارێکیان لۆ خۆدانا،ئاواییەکیان بۆ خۆ دیارکردوەکو بارەگا شەعب تێدا کۆدەبینەوە،پێیان دەگۆت شەبیبە ـ لاوان ـ لەزۆربەی گوندەکانی ناحیەی بەردەرەش ئەنجومەن و سەرۆکێك دەست نیشان کرا بۆ بەرێوەبردنی کاری ووژانەیان،ئەوەش ناوی سەرۆك شەعبەکانی هەندێك لە گوندەکان:

١ ـ مەلا عاصم لەگوندی گردەپانی دەڤەری بۆتان،دەکاتە باپیری مامۆستا عبدولفتاح و مامۆستا عادل و مامۆستا عەبدولغەنی ،بەراستی دەگێرنەوە مەلا عاصم رۆلێکی زێدە گرنگی هەبوولە هوشیار کردنەوەی خەلکی دەڤەری گۆرانەتی،بۆ ئەوەی جوتیاران دژی ئیستعمارو کۆنەپەرستان راپەرن.

٢ ـ حاجی محمدئەمین سەلیم،لە گوندی زەنگەنان دەکاتە باوکی تارق و عبدوللە ،هەروەها عزیز ئەحمەد جبۆ بە موختاری گوند دەست نیشان کرابوو

٣ ـ مام حەسەن حجی خدر ، لە گوندی گۆمەزەرد،

٤ ـ مەلا ئەکرەم سەعدی ، لە گوندی چەمەی مەلای گوند بوو توانی بەرێگای دین هەستی نەتەوایەتی خەلکی گوندی چەمەو دەوروبەری بجوولێنیت،

**٥ ـ مەلا بەکر سۆرانی لە گوندی بەنێنانی، مەلا بەکر لە سۆران گەورە ببوو ئەزموونی راپەرینی سۆرانی گواستەوە بادینان ،بەهاوکاری لەگەل ماڵی کوێخا عەزۆی ،خەلکی گوندی بەنێنانی هاندا**

**٦ ـ مالی سەیدەکان و حاجی نەجیم مەرجان لە گوندی دارەتوو**

**٧ـ عەزیز عەبدۆ لە *بەردەرەشی* گەورە**

**هەروەها کرمانجەکانی خێلەکی و زمزمۆك گربدەو ...... شەعبانە لێی روودابوو ،گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی بە تێکرایی ببوونە دوو بەرەکی ، چینی کرمانج وچینی ئاغاکان ، چینی کرمانج بە شەعب ناو دەبران ، بە ئاغاکانیان دەگۆت ئیستعمار. هەوایەك بوو کەفتبوو ناو خەلکەکەی،هەلسوکەوت و رفتاریان بەرامبەر یەکدی توندو تیژی مال سوونان برینداریو دەرکردن کوشتنی لێکەوتەو،هە لایەك یەکتری تاوانباردەکرد، ،تێگەیشتنیان و خوێندنەوەیان هەر ئەوەندە بوو ، پەیوەست بوو لەگەل واقیعی ژیان و بارودۆخی ئەو سەردەمی ،بەلام دەستهەلاتداری کۆماری عیراقی ئەو کاتی بەلێنەکانی بە کوردیان دابوو جێ بەجی یان نەکرد،**

**بارزانی لەسالی شێست چووبوو بەغدا بۆ گفتوو گۆ کردن لەگەل احمەد صالح عبدی دانیشتبووبۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ، بەلام بە دەموقال هاتبوون بارزانی کورسی راوەشاندبوو احمەد صالح عبدی و بارزانی لەکۆبوونەوەکە دەرچووبوو بەرەو کوردستان گەرایەوە،حکومەت لە١١ـ ئەیلوولی١٩٦١ دیسان پەلاماری بارەگاکانی پارتی و گوند نشینەکانی کوردی دابوو، شەڕ دەستی پێکرد شورشی ئەیلول هەلگیرسا ، لە بەرەبەیانی رۆژی هەینی رێکەفتی٨ی شوباتی سالی ١٩٦٣بەعسییەکان توانیان کۆدەتایەك دژی عبدولکەریم قاسم بەرپابکەن زەعیم عبدولکەریم قاسم لەناو ببەن ،عەبدولسەلام محمەد عارف حوکمی عیراق کەفتە دەستیان ، ، ئەوانە زیاتر قەومی بوون ، لەبەر هەندێ کورد خۆی لە نەتەوەییەکان (قەومییەکان ) نزیك کردەوە، لە رەددەی تەشرین لایەنە قەومییەکان بەعسیکانیان پالدا،حیزبی بەعسیان لە١٨تشرینی دووەمی ١٩٦٣دەرکردو لە ناویان بردن ، لەو سەردەمی هەندێ دروشم گۆڕا و دژی زەعیم عبدولکەریم قاسم دەگۆترا دەیانگۆت :**

ـ بژی مەلا مستەفای بارزانی ،دونیای کردە هەرزانی .

ـ بژی بابێ ئیدریسی ، عەردێ پش دەکا  بە گوریسی .

ـ جیم جیم جبهە  ،جبهە وەتەنیە ،بیها عەرەب و ئەکراد ، ما بیها بەعسییە .

ـ عالادلعۆنە عالادلعۆنە ،عەبدولکەریمی زەوەج بەزونە

ـ ماکو موئامرە صیدە،عێن الشعب مفتوحە ،هازا مصیر ئەلخەوەنە،ئەلئەعبال مەوجودە

عەبدولسەلام محمەد عارف سەرۆك کۆماری عیراق لە١٤ نیسانی ١٩٦٦لەناو تەیارەی لە عاسمانێ کەوتە خوارێ و سووتا ، عبدولرحمان محەمەد عارف لەجێگای دانرا تاکو ساڵی ١٩٦٨ حیزبی بەعس هاتەوە سەر تەختی فەرمانڕەوایی عیرا ق لە ڕێکەوتی ١٧تەموزی ساڵی ١٩٦٨ بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بکر ئەنجا صدام حوسێن بوو سەرۆك تاکو ساڵی ٢٠٠٣ .خشتەی سیستەمی حوکومڕانی لە عیراق هەر لە ساڵی١٩٢١ــ تاکو ساڵی٢٠١٢ ئێستا تێدایـنە

| ز | جۆری حوکوم | لە<br>تا | ناوی سەرۆکەکانی عیراق بەرێزە |
|---|---|---|---|
| ١ـ | مەلەکی | ١٩٢١ـ ١٩٥٨ | مەلیك فەیصەلی یەکەم،<br>مەلیك غازی یەکەم،عبدول ئیلاە علی،<br>مەلیك فەیصەلی دووەم |
| ٢ـ | کۆماری | ١٩٥٨ـ ٢٠٠٣ | محمد نجیب ئەلروبێعی،عبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام محمەد عارف، عبدولرحمان محەمەد عارف،احمد حسن البکر ،<br>صدام حسین ، |
| ٣ـ | فەرمانرەوای کاتی | ٢٠٠٣ـ٢٠٠٤ | پۆل برێمەری ئەمریکی |
| ٤ـ | سەرۆکایەتی | ٢٠٠٤ـ تا ئێستا | غازی یاوەر ،مام جەلال تالەبانی |

# جوولەکە  لە کوردستان⋆

**وێنەی مرۆڤی جوولەکە لە کوردستان پێش ئاوارەبوونیان بۆ ئیسرائیل**




**بسم الله الرحمن الرحيم**

(لَتَجِدَنَّ أْ◌َشَدَّ النّاسِ عَداوَةً لِلَّذينَ ءامَنوا اليَهُودَ) صدقَ اللهُ العَظيم ـ **ئایەتی ٨٢المائدە ـ**

**{ئەوبابەتەم نووسی نەك بۆ خاتری کوردە جوولەکەکانی کوردستان ،بەلکو بۆهەندێ نووسیم بۆ ئەوەی خەلکان و نەوەکانمان بزانن مللەتی کورد هەر لە کۆنەوە و بە بەردەوامی حەزی لەپێکەوە ژیان هەبووە و رێزی لە ئاینە جوداکانی کوردستان گرتووە ،فرە ئاین وفرە نەتەوە لە کوردستان هەرهەبووە،تاکی کورد ژیان و بەرژەوەندی جوولەکەکانی کوردستانی پاراستبوو دوور لەدەمارگیری ژیان پێگەیاندن ،چونکە خەڵك دەیانزانی بەزۆرەملێ رەوانەی کوردستان کرابون ،بە درێژایی مێژوو هەر لە ٥٠٠سال پ ـ ز تاکو ساڵی ١٩٥٢ جوو لە کوردستان هەبوون ، شان بەشانی گەلی کورد ژیانیان بردبوو سەر} ، جوولەکە پێشی٢٥٠٠ساڵە لەعیراق ژیاون ،ببوونە بەشێك لەکورد شان بەشاشانی**

کەسی کورد ژیانی رۆژانەی خۆیان دەگوزەراند،رۆلێکی بەرچاویان هەبوو لە پەرەپێدانی لایەنی ئابووری کۆمەلایەتی روشبیری ،جووەکان بە سێ قۆناغ هاتبوونە راگواستنەوە

١ـ ٧٣٢سالٚ پێشزاین ئاشوورییەکان لەسەردەمی مەلیك شلمەنصەری ئاشووری،پەلاماری (یهوداو ئیسرائیل)ی مەملەکەتی جووەکانی دابوو ،زۆربەی جووەکانی نەفی کردبوو بۆ وولاتی نێوان هەردوو رووبار زۆربەیان لەسەر خاکی کوردستان ئاکنجی ببوون ،

٢ـ پەلامارو ڕاگواستنەوەی دووەم ٥٠٠سالٚ پێش زاین بوو لە سەردەمی بابلییەکان ،جووەکانیان لە ئیسرائیل ڕاگواستبووە بابل و ناوەراستی عیراق و کوردستان ،

٣ـ لە سەردەمی ئیمبراتۆریەتی رۆمانی پەلاماری جووەکانیان لە ئیسرائیل دابوو ڕاگواستبووە شام و کوردستان و عیراق بەهۆی لەشکرکێشی ئەو سێ زلهێزانە جووەکان خۆیان لەگەل نەتەوەکانی ترو ئاین زاکان گونجاندبوو ، (٥٩)

جووەکان لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانو گوندە مەزنەکانی کوردستان وەکوسولەیمانی ،هەولێر ،دهۆك ،کەرکوك ، موسل ،هەروها لە زاخۆ و ئاکرێ و بەردەڕەش و ئامێدی و بارزان و رەواندز و دیانا و رۆستێ و کۆیەو بێتواتەو شاری سنە ......هتد،لە سولەیمانیە گەرەکێکی جوولەکان هەبوو لەئاکرێ لە گەرەکی جوستەیی ئاکنجی ببوون

جوولەکەکان لە سەردەمی دەستهەلاتدارێتی خاچ پەرستەکان هاتبوونە پەلامادان وزولمیان لێدەکراو پەلامار دەدران بەتایبەتی لەقودس وشام تورك لەبەر هەندێ زۆربەی جوولەکەکان لەترسی خاچ پەرستەکان بەرەو کوردستانی عیراق هاتبوون،

لێرەدا بەدیاردەکەویت خاکی کوردستان بەدرێژایی مێژوو هەردەم جێگای پێکەوەژیانی ئاینەکان و نەتەوەکانی تربووەشان بەشانی مللەتی کورد ،کورد لێکتێگەیشتنی تەواوی هەبووە و دوور بووە لەدەمارگیری، بڕوای بەرەگەز پەرستی نەبووە،لەهەندێ سەردەم لە لایەن دەستهەلاتداراندا هەندێجار تووشی زولم و ستەم و چەوسانەوە دەهاتن مالیان دەهاتە دزین......هەر لەبەر هەندێپەنایان دەبردە بەر خاوەن دەستهەلاتدارەکان بەتایبەتی ئاغاکان لە لایەن ئەوان دەحەوانەوە دەهاتنە پاراستن ،جل وبەرگو راپێچیان کوردی بوو،هەر کەسێك جووەکانی کوردستان دیتبایە دەقاودەق دەیانگۆت ئەوە کەسێکی کوردە تەنها دیانەتیان نەبێت دینیان جوولەکەبوو لەسەر ئاینی خۆیان موکوڕبوون

## کارو کاسبی و پیشەیان :

پیشەو کارەکانیان زیاتر سنعات وکاری دەستیان دەکرد وەکو:

پیستەدەباغ کردن،رستن وچنین ،خەم کردن، زێرینگری،بەخێوکردنی مەڕومالات و ئاژەلداری،کاری کشتوکالی،کرینوفرۆشتنی کوتال،ئالوگۆڕکردنی کەلوپەل وپێداویستییەکانی ناومال ،کرین و فرۆتنی کالاکان ،لە خەلکی دیکە دەست رەنگین تر بوون.........،

بازرگانی سەرپێیان دەکرد :بە دانەوێلەدەیانگۆڕییەوە لەشوێنی تر دەیانفرۆتن ،ژیان و گوزەرانیان باشتر بوو ،سەروەت و سامانیان زۆرتر بوو ،لەچاو خەلکانی دیکە ،بەلکو جۆتیارانی گوند پارەو دانەوێلەیان لە جووەکان بە قەرد وەردەگرت ،بەسەر خەرمان ،تاکو دەستیان بەخۆرادەگەیشت بۆیان دەگەڕاندەوە.

## کەپرە شینەیان

سالانە مەراسیمی کەپرە شینە دەهاتە زیندووکردنەوە گەورەترین جەژنیان بوو ، لە١٥/٩/هەموو سالێك کپریان دورست دەکرد ،لەو جەژنە نانی بێ خۆیان دەبرژاند و لەو جەژن دەیانخوارد، هەر وەها لە هەموو

## رۆژانی شەموو ئاگریان نەدەکردەوە

،بەلکو رۆژانی هەینی خواردنیان ئامادەدەکرد بۆ رۆژی شەمبی دەچوونە مالە جیرانی موسولمانەکان پێکەوە دەیانخوارد و ئاگریان بۆیان دەکردەوە،پەیوەندی کۆمەلاتیان بەهێز بوو لەگەل کورد ، کچە جوو دەبوو موسولمان ،ئافرەتەکەیان لێیان دەخواست ژنەکە دەبوو موسولمان ،بەو بەرە مالە دەلێن بن جوو ،هەتا ئێستا چەندەها مالٚ لە کوردستان هەیەبە نازناوی بن جوو ناو دەبرێن دێنە ناسین ، هەروەها بندیانیش هەنە فەللەیە بوویتە موسولمان . لەکوردستان چەند مەزارگەو شوێنی پیرۆزیان هەبوو وەکو(النعوم) لە ئەلقۆش،نەبی یونس لەموسل دانیال پێغەمبەر لەکەرکوك،حباکوك لە تویسەرکان ، هەروەها ئەستێرەومردوخای لە هەمەدان .......، ( ٦٠ )

دووای پەیمانی وەعد بلفۆر و دیاری کردنی کیانێك بۆجووەکان،دەرفەتی بەدەولەت بوونی ئیسرائیل هاتە کایێ بۆیە جووەکانی کوردستان لەسالی ١٩٤٨ تێکرای جووەکانی

کوردستان مال ومولکی خۆیان فرۆشت وله کوندەکان باریان کردووجوون بۆ شارەکان لەوێ بەرەو پایتەختی بەغدا ،ئەوجە باریان کرد بەرەو خاکی ئیسرائیل رۆیشتن حکومەت قەدەغەی کردبوو هیچ شتێك له گەله خۆیان ببەن ، چاوا هاتبوون وەتۆ گەڕاندییەوە، بەڕووتی هاتبوون به ڕووتی گەرانەوە ،داب و نەریتیان له گەل کورد ئاوێتە ببوو ،کاتی باریان دەکرد بۆکەسی کورد شوێنی ژیانیان یادەوەرییکانیان دەگریان ،بارکردنیان له سالی ١٩٤٨ ـتاکو١٩٥٢خایاندبووی،بە قۆناغ باریان کردبوو لەشارۆچکەو گوندەکان بەرەو شارە گەورەکان ئەوجە دەچوونە پایتەختی یەغدا لەوێندەرێبۆئیسرائیل،ئێستاژمارەی تەواوی جووەکانی ئیسرائیل دەگاتە ١٦٠هەزارکەسی جووی کورد له سەر خاکی ئیسرائیل دەژیت،کەلتورو داب و نەریت و زمان بەرگ ورفتاریان کوردەواریە،گەرەکی تایبەتی خۆیان هەیە ، کاتی رۆیشتن دەیانگۆت رۆژێك دادێت ئەم دەگرێنەوە ئێرە ،ژیانیان لەگەل باب وباپیرانمان کردبوو زانیاری تەواویان لەسەریان هەبوو ،بەلام نەوەی ئێستا هیچیان لێ نازانن ،*جوو یان جوولەکە له گوندەکانی رەشگەریانی دەڤەری گۆرانەتی قەزای بەردەوەش*:هەرلەکۆنەوە جوو خاکی ئیسرائیل به وولاتی خۆیان دەزانن ،لەبەرئەوەی پێغەمبەرەکانیان لەوێندەری ژیاون ،بەلام زۆرجاران بارودۆخی سیاسی وناکۆکی ئاینی شوێنی دانیشتنی کۆمەلگا دەگۆریت،بەناچاری یان لەسەر ویست وخواستی خۆی لەگەل نەتەوەوئاینی تر دەژیت وگوزەرانی خۆی دەکات ، له سەردەمی مەلیکی ئاشوری (شەلمەنسەر) خاکی جووەکانی داکیر کردبوو تەفرو تونایانی دابوو ،رایانی گواستبۆوە کوردستان و بابل ،زیاتر له شارەکانی کەورە دەژیان هەروەهاله شارو گوندەکان کوردستان بەلاو ببوونەوە،لەگوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی دەژیان وەکو گوندی زەنگەنان، خێلەکی ،دارەتوو،بەنێنان ، گۆمەزەرد ،بەردەرەش،پیرچاوش،گرکەجوو.......... ،

## ناوی ماله جووەکانی گوندی زەنگەنان:

١ ـ مۆشێ نیسان ، معلمی جووەکان معلم نیسان یان پێیان دەگۆت مالم ،ئەو ژنی له جووەکانی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی مارە دەکرد،هەروەها دەهاتن دەیانبردحەیوانی بۆیان سەردەبڕی ،جونکی جوو بسەربڕی دەستی خۆیان نەدەخوارد ،دەبی دەست کۆژی

معەلیان  بایە، بوو،ناوی خێزانی نیسان خاتوون بوو،٢ ـ ئیلیا نیسان : برای مۆشی بوو ،دووخوشکی هەبوو بە ناوی ئەستێرەو سومعە ،

٣ ـ حنۆکە :ژنی ناوی گوڵێ بوو٤ ـ داود ،پێیان دەگۆت  داوودۆك دوو کوڕی هەبوو ،بە ناوی عەزیزو  عێلیخێزانی  داود ناوی  غەزۆ بوو٥ ـ ماڵێ برایمۆکی ٦ ـ مالی  پینعەسی :خێزانی ناوی ئەستێرە بوو ،کە دەیکرد خوشکی معلم مۆشێ

## جووەکانی گوندی گۆمەزەرد:

لە هەموویان بەناوبانگ تر  سەیدۆ جوو بوو ،لەگەل مالی میرکۆو  هەندێکی تر سەیدۆ جوو:لاوك بێژێکی بە ناو بانگی نەقۆلابوو ، سەیدۆجوو لە حەسەن و حەمۆی فێری لاوك ببوو ،هەروەها  بەخۆی دەیتوانی بەسەر شەڕو ڕووداوەکان لاوك هەلببەستیت، لاووك بێژانی دەڤەری گۆرانەتی هەموویان  لە حەسەن و حەمۆ و، سەیدۆجوو،  فێری لاوك ببوو،واتە هەرسێکیان مامۆستای خەلکی دەڤەری گۆرانەتی  بوون بۆ لاوك فێرکردن،

## ناوی ماڵە جووەکانی گوندی بەنێنان:

١- یاقۆ خێزانی ناوی بنەوش بوو کورێکی هەبوو بەناوی عیمران بوو خێزانی عیمران ناوی خەزێم بوودەیکرد کیژی ئیسحاقی ،٢- حنۆکە خێزانی ناوی گولێ بوو، کورێکی هەبوو بەناوی ئێلیا،٣- ئیسحاق ژنی  ناوی گولێ بوو ، کورێکی هەبوو بەناوی ئێلیا،٤- شەرەف کوڕیکی هەبوو بە ناوی  فنعاس یان پینعاس،

٥- ئیسحاق گولە خێزانی ناوی فەرخە بوو ،٦- عازەر یان عازۆیان پێدەگۆت هاتە کوشتن

٧- نیسان ٨- ئێلیا

**لە ساڵەکانی** ١٩٤١/١٩٤٢ لەگوندی **بەنێنان باریان کردبوو چووبوونە شاری موسل**

## جووەکانی گوندی دارەتوو:

ماڵی میرکۆی ،ماڵی عیدۆی ،ماڵی وێنەی،

ئەمین ئاغای دارەتوو زۆر چاوی لێیان دەکرد ،کەس نەدەوێرا زولم  یان دەست درێژی بکاتە سەریان، جووەکانی بەردەرەشی گەورە لە (سەنتەری قەزا بەردەڕەش):سێ مالە جوولەکە لە گوندی بەردەرەشی گەورە هەبوون  ١ ـ مالی هارونی٢ ـ مالی مێرکۆری

٣ ـ مالی مۆشێ،لەگەل جووەکانی کوردستانێ گەرانەوە ئیسرائیل ،هەروەها چەند مالە مەسیحی لە سەنتەری ناحیەی بەردەرەش دەژیان ئەوانە بوون :

١ـمالی گورگیسی ٢ـمالّی گریغۆ ٣ـ مالی حننەی ٤ـ مالّی سایمنی ،لە سالی پەنجاکان لە ناحیەی بەردەرەشی گەورە باریانکردبوو بۆگوندی هەزار جووت و شوێنی دیکە ،

گوندی هەزار جووت سەربە یەکەی کارگێری روڤیایە لە قەزای بەردەرەش هەتا ئێستا مەسیحی تێدا دەژین لەدووای روخانی رژێمی بەعسی گۆر بەگۆر،حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەلگایەکی هاوچەرخی بۆ مالە مەسیحیەکان دروست کرد نزیکەی ٥٠ خانی دەبیت ،هەندێ مالّە فەللّە لە بەغدا و موسل گەرانەوە گوندی هەزار جووتی، خزمەتێکی بەرچاویان پێش کێش کرایە

.....................................................................................

⋆لە زاری چەند تەمەندارێکی دەڤەری گۆرانەتی وەرگیرایە

# لێدوانی چارەم : ئابووری

# ئابووری لەدەڤەری گۆرانەتی

**کشتوکال، ئاژەڵداری، پیشەی دەستکرد، بازرگانی ، نەفت : ــ**

**پێشەکی: کاری کشتوکالی:ژیان و کاروکاسبی زۆربەی خەلکی کوردستان پێش نیشتە جێبوونی کاری ئاژەڵ بەخێوکردن بوو، لەتەك بەخێو کردنی ئاژەل و مەڕومالات هەندی کاری کشتوکالی بەشێوەیەکی سادە ئەنجام دەدا،هێدی هێدیپەرەی بە کاری کشتوکالیدا و ژیانی نیشتەجێ بوون پی یدابوو، بەمانای کاری کشتوکالی زال بوو بەسەر کاری ئاژەڵ بەخێوکردن ،بەرێلەناو خانی کۆخ دەژیا ،دروستکردنی خانی بەقوڕولبن و کاریتە پەیدابوو،سەرەتا خانیەکان جزیری بوو ،پاشان بوو ئاخەبان ئەوجە قەسرو عیمارات بە بلوك و چیمەنتۆ،یان گیچ و کەرپووچ پەیدابوو،**

**کاری کشتوکالی: زۆرگۆرانکاری دیمۆگرافی بەسەر دەڤەری گۆرانەتی دا هاتییە ،بەتایبەتی دەشتی ناوکور،باب و باپیرانمان دەگێرنەوە دەشتی ناوکور هەمووی دەحلەو دڕی و زۆنگاو بووە ،کەس نەدەوێرا بەناو ئەو دەشتە تێبپەریت لە بەر دەعباو بەرازان ،بەلام لەدووای زۆربوونی دانیشتووان پەرە پێدانی کاری کشتوکالی هێدی هێدی زەوی کردە پەیدابوو ،چونکە دەلێن (دەست مولکی پەیدا دەکاتـ ) ،دەشتی ناوکور خاکیکی بەپیت وبەرەکەتە ،بەرێ بە هەنجاڕی بەهێزی ملی گاو دەواران زەوی دەهاتە کێلان ،دەبێ جوتیار تدارکی جوت و گای هەبایە ،لە مالێ زەلامی کارکەری خۆی لەبەر دەست ،ئەوجە دەشیا زەوی کشتوکالی بە عەمەل بهینیت،لەپێشتر دەیانگۆت گاو جۆتت هەبیت شۆلت رێکە،لەگەل ماینەکێ بۆسواری و سەفەر کردن ،جۆت کردن بە هێزی گای بوو زەوی دەهاتە کێلان ،دەبوو دەولەتمەنی ئاوایی، چونکە زیاتر زەوی کشتوکالی دەستەبەرو بێجەر دەکرد، رێزە ملە زورگی (رێی سەری) کەدەکەویتە نێوان هەردوو ناوچەی بۆتان و دەشتی ناوکور ،زیاتر بۆ بەخێو کردنی مەڕمالات بەکار دەهات ،لەوەڕگابوو ،ئەو ناوچە زورگاوییە ،کرابوو زەوی مولکی لەمیریدا ،دەیانفرۆشتە خاوەن مەڕومالاتان ،بەرامبەر بە پەنیر و**

ژاژی و هیزەی روونی خۆمانی ،بەمعامەاە پێك دەهاتن ، بەلام خاوەن مولکەکان مولکی خۆیان لە بەردەلان بۆ ناو دەشت گواستراوە ، ئەوەش لە دووای پەیدابوونی تەرەکتۆر ئامێری سەردەمی زەوی کێلان،پەیدابوونی تەرەکتۆر هەموو زەوییەکانی لەدەشت و زورگ دەهاتە کێلان ،کشتوکال پەرەی ساند ،

هێدی هێدی چەند جۆتیاریکی دەولەمەند لەگەل یەکدی بەشریکایی تەرەکتەرێکیان دەکڕی ،زەوی خۆیان پیَ دەکێلا و زەوی جۆتیارانی دەوروبەریان ،ئەوەش لەیاد نەکەین ، هەندێ لە مەلاکەکان لەگەل موسلاوییان خۆیان تێکەل کردبوو ،دەهاتن زەوی یان دەکێلا بە نیوە کاری بۆنموونە نایف هەواس مەسلەحەی خۆی هینابوو گوندی گربدەوی بۆ گێلانی زەوی مالی ونس ئاغای ،خەلکی جۆتیار پێشهاتنی دەڕاسە ،بە دەویَ داسیَ دروونەیان دەکرد ،مەلۆکێش بەقەلانگی سوالەکانی دروونەکەریان خڕ دەکردەوە سەریەك دەیانکرد بە گیشە ،بەشەغرەی لەسەر پشتیَ وولاغی دادەنراودەیانهیناوە جۆخینان بەگیرەیدەکوترا پاشان ئامێری جەنجەر پەیدابوو ،بەدوو ولاغان رادەکێشرا جۆخینیان پیَ دەکوتا،سەرەتاقرشە کوتیان دەکرد ،بۆدەرەوەی جۆخین هەلدەدراوە،بۆجاریدووەم هویردە کوت دەکرا بۆناو جۆخینیَ هەلدەدراوە،بەراستی کاری کشتوکالی وەکو زۆرخانەی بوو زێدە گران و زەحمەت بوو، وە لەسالی١٩٥٥ دەڕاسە هاتە دەڤەری گۆرانەتی،پەیدا بوونی تەرەکتەر و دەڕاسە کاری کشتوکالی زێدە سووك و ئاسان کردبوو ، دانەوێلەکانی دێمی:

دانەوێلەکانی دێمی زستانی دەهاتنە چاندن لەدەڤەریَ ئەوانەبوون ،گەنم ،جۆ ، نیسك ،نۆك ، پاقلە ،رەشکە ،دەرە، گەنمە شامی ،گژنیژ ، شملی ، گولەبەرۆژە ،جۆتیارانی دەڤەری گۆرانەتیبەروبوومی سالانەی خۆیان لەموسل دەفرۆشت و بەپارەکەی پێداویستی خۆیان پێدەکڕی ،یان بە گۆرینەوەبوو ، قەردو قەرداریش هەبوو، بە تابەتی ئەگەر بیانزانیبایە جۆتیارێك پارچە زەوی شۆ یان وەردی هەبایە ،ئەوە بە بیَ منەت قەردیان پێی دەدا،چونکی دەیان گۆت (وەرد وەلەد) واتە ئەوەی وەردی هەیە هەروەکو کوڕێکی کاسب و مالداری کەری هەیە،یان دەیانگۆت: (شۆ و تۆ و) =(شۆ وت هەبی تۆ وت دەبی سەرەڕای چاندنی دانەوێلەی دێمی زستانی ، شینایی دەهاتە چاندن وەکو : خەیار ، تەماتە ،بامیا ،باینجان ،فلفل،کودی کۆسە ،کودی سۆر ،تڤر ،سلق ،گوندۆرەو تەرۆزی ئاوی ،پیاز ،کەلەم

،پەتاتە ، سەرەڕای چاندنی ئەو دەراماتانە برنج و کونجی دەهاتنە چاندن بەتایبەتی لە حاویەکانی قەراغ ئاوی زێی بادینان و رووباری خازر ،هەر وەها لەگوندی جوجەر برنجی بەناو بانگ بوو ،جۆگە ئاوێك لە زیلکەی فاخر دەهات سەر بە ناحیەی گرەسێنە ،ئاوەکە هەر لەکۆنەوە زێڕکرڕبوو مولکی گوندی جوجەر بوو ، بەری شێست ساڵە دەشتی ناوکوڕ بولقەی دەهات لەئاویٰ ،چەند جێگا لە هەرچوار وەرزی ساڵیٰ رووبارە ئاوی لەبەر دەرۆیشت وەکو قوڕەبەگەکان ،بەستی کشتاویٰ ،بەستی شێخ بازیدی جۆمی دوستەکی ،جۆمی پیرچاوشی جۆمی ئامیانیٰ ،رووباری نێردۆش ،بەستی گردەپانی ،بەستی گەویلانیٰ، لەو جێگایانە ڕەزی بەری هەبوو ،دارو درەختی چڕ هەبوو ، وەکوو چەم وابوو، لەو شوێنانە ماسی زۆری تێدا هەبوو ،خەلك دەچوونە راوە ماسی ،ئاستی ئاویٰ زۆر نزیك بوو لە ڕووی زەوی ،لەزۆربەی جێگایەکان بیری دەستی دوو مەتر بهاتبایە کۆلین دەگەیشتە ئاویٰ ،یان ئاوی دست هەلێنج دەبوو ،بۆکاری کشتوکالی یان بەخێوکردنی ئاژەل بەکار دەهات،لەساڵی ١٩٥٨ بیری ئیرتیوازی بۆ ئاودانی بەرهەمی کشتوکالی لێدرا ،بیری ئیرتیوازی زۆربوون بەتایبەتی لەسالانی هەشتاکان تاکو ئەمرۆ بەردەوام بیری ئیرتیوازی وا دێتە کۆلان ،لەگوندەکانی دەشتی ناوکور،ئەوەش هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ دابەزینی ئاستی ئاو، هەروەها حیشکە ساڵی لە ساڵی ١٩٩٣ ئەویش هۆکارێك بوو لە دابەزینی ئاستی ئاو .

## ئاژەلداری:

ژیان و کاروکاسبی زۆربەی خەلکی کوردستان پێش نیشتە جێبوونی کاری ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕومالات بوو، لەتەك بەخێو کردنی ئاژەل و مەڕومالات هەندی کاری کشتوکالی بەشێوەیەکی سادە ئەنجام دەدا، بەرێلەناو خانی کۆخ دەژیا ،بەخێوکردنی مەڕومالات هەندە کارێکی ئاسان نەبوو ،بەلکو هەموو ئەندامانی خێزان خەریکی بەخێو کردنی ئاژەل و مەڕومالات بوون،بە شەو ورۆژ حەسانەوەیان نەبوو،سەرەڕاهەندیٰ دەبوایە گەرمیان و گوێستان بە مەڕو مالاّت بهاتبایە کردن ،هێدی هێدیپەرە بە کاری کشتوکالیدرا و ژیانی نیشتەجیٰ بوون یدابوو، بەمانای کاری کشتوکالی زال بوو بەسەر کاری ئاژەڵ بەخێوکردن ، دەڤەری گۆرانەتی زۆر دەولەمەندە بەلەوەڕگا و سەرچاوەی ئاو ،بۆیە لە

بارو گونجاوە بۆئاژەلداری ،بەتایبەتی ناوچە زورگەکان ، کاری کشتوکالی و ئاژەڵ بەخێوکردن لەتەك یەك ئەنجام دەدرا ، بۆخاتری ژیانی خۆیان بەرێوە ببەن،هەموو جۆرە ئاژەلێك بەخێو دەکرا وەکو (مەڕ بزن چێل کەر ماین هەسپ سەگ کوێریشك.....)بە خێوکردنی ماین و هەسپ و بارگین و کەر و گا زیاتر بۆ گواستنەوەیبەرهەمەکانیان بوو لە هەقاری بۆ ماڵ یان لەماڵ بۆ بازارەکان ،کاری کشتوکالی پێدەکرا ،جونکی بەرێ تورومبێل نەبوو ،تەرەکتۆر سیارە پەیدابوو بەخێوکردنی ئاژەلی گواستنەوە کەم بۆوە،هەروەها پەلەوەر بەخێو دەکرا وەکو (مریشك کەلەباب سۆنە _مراوی _ قاز شامە کوترجۆتیارسوودی لەبەرهەمی ئاژەل و پەلەوەر وەردەگرت ،لەکاتی پێویست هەندێ لە بەرهەمەکانی خۆی دەفرۆشت و جل و بەرگ یان پێداویستی ناو مالی پێدەکڕی ،

ژمارەی ئاژەڵ و پەلەوەرلە سنوری قەزای بەردەرەش لە ساڵی

٢٠٠٨تۆمارکرایە:★٢٥٠٠٠٠سەرە مەر ،٥٠٠٠٠سەرە بزن ، ٢٠٠٠٠٠مریشکی مالی ،، ١٠٠٠٠چێل، ٣٠٠٠ماین و هەسپ وهێستر و کەر★...

---

★لە ڤیتەنەری بەردەرەشی وەرگیراووە

## پیشە دەستکردەکانی کۆن :

هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دروست کردنیپیشەکانی دەستکردی کوردەواری،لە سەرتاسەری گوندەکانی کوردستان پیشەسازی پیشکەوتوو کەمە،زیاتر پیشەی دەستکردی خۆمالییە ،دەتوانین پیشەکان پۆلین بکەن نەم شێوەی خوارەوە : ــ

## پێداویستییەکانی ناومال:

حەسیر :ئافرەتی کورد بەوولاغی دەچوون حەسیریان لەقورەبەگی یان لە ئاوی زێو خازری حەسییان دەدووری دەیاهیناوە مالێبن یان بۆی دەچنی و حەسیریان تێدا دەهۆندەوە،لە جیاتی بەڕەو رایەخی لە سەری دادەنیشتن

تاتی :له لوای بەرخێ دروست دەكرا ،زیاتر كەسانی فەڵە گوند بە گوند دەگەڕان تاتی و تەكەلەیان بۆخەلكی دروست دەكرد بەپارە یان بەشتی تر بوو ،
لاندك :هەندێ وەستا هەبوون لاندكیان دروست دەكرد، بۆمندالانی ساوا تێدا بخەون ،له گوندان دەگەڕان دەیانفرۆشرت
دێدی :له دووای لاندك دێدییان دروست دەكرد له داری ،پاشان كارگەكان له ئاسنی دروستیان كرد ،له بازاری دەفرۆشرا،پێش دروست كردنی تەختی دار تەرواله دروست كرا ئەندامانی خێزان له سەری دەنووستن ،تەختی دار :هەندێ كەس لەگوندەكان نەجار بوون تەختی داریان دروست دەكرد تاكه كەسی ودووتەختەیی خێزان هەمووی له سەری دەخەفتن ،جۆنی ،دەستار ،ئاشی ئاوێ لەكتێبی كەلەپور نامەی كوردەواری بە درێژی باسی ئاش كرایە ، دنگ بۆ كوتانی ساوار و بروش بەكاردەهات لەدەوری ساڵی بیستەكان پەیدا بوو ،ستێرك دروست دەكرا داناش و نوین لەسەر دادەنرا ، هەر وەها مەركەب ،تەبەقۆر ،مەركەبۆك ،قەرتالە،دەست قەرتالە ،ئەوانە هەمووی لەشواركی داری بی دروست دەكران ، له گوندەكان هەندێ ئافرەتی دەست رەنگین ،یان زەلامی شارەزا دروستیان دەكرد،گەرم كەرەوە:بەرێ دەیانگێراوە دەیانگۆت بەردە سێل هەبوو ،پێناسەی بەردەسێل بەردە سێل: له ناوەراستی ناومالی خانی دانیشتنیان ،دوو بەردیان دادەنا پارچە تەنەكەیەكیان لەسەر دوو بەردەكە دادەنا ئاگریان لەبنی دەكردەوە ،ئەندامانی خێزان ئەگەر مێوانیش هەبایە ،دەورەیان له ئاگرەكە دەدا ، سەرگین و قشپل و كویزر وەكو سۆتەمەنی بە كار دەهات ، ژووری خانییەكە پڕی دووگەل دەبوو چاو چاوی نەدەدیت ،هەر له دەوری ئاگرەكە دەنووستن ،دوواتر سۆپەی بەبۆڕی پەیدابوو ،
سۆپەی بەبۆڕی لەسالی هەفتاكان هاتە درۆست كردن دوكەلی دەچووە دەرەوەی هۆدە ،
پێخەو یان نوینی خەوتنێ : دۆشەك ولێفە لەخوری و لۆكە دروست دەكران ،تەشكەبەڕ ،بەرماڵ ،لەدووای جاجم و لاكێشی بەن دروست دەكرا،تەندوور و تفایە ، ئەوانە هەمووی بازرگانی پێدەكران،هەر یەكە بە نرخی خۆی دەفرۆشرا ،مەشكەو هەمبانەو شیرمەشك /له یبستی مەڕ وبزن و وولاغ رەش دروست دەكران ،
مەشكە :مەشكەی كچكەو گەورە هەبوو بۆژاندنی ماست دەرهینانی كەرە ، ،

هەمبانە : هەمبانە دروست دەکرا بۆ دوو مەبەستان،
ا ـ داو داناش ودانەوێلەی خۆیان تێدەکرد بۆ رزقی ساڵێ خێزانیان،
ب ـ هەمبانە دروست دەکرا لەبن کەلەکێ دادەنرا ،بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان لەناو ئاوێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە ،لەجیاتی جوپی ئێستا بەکاردەهات ، کەلەك هەبوو ٢٠تا ٥٠ هەمبانەی لەبنی قایم دەکرد بۆ ئەوەی باری زۆری لێباربکەن ،

## کەرەستەکانی کاری کشتوکالی :

هەنجار لەهەندەشوێن پێی دەلێن ئامور ،جەنجەڕ ، نیر و کورپەتە ،جل و بن جل ،گاسن ،مەساسە ،دەست هەندو ،کلاوە ،دۆسە ،مژانە ،سەر مژانە ،گاسن لە ئاسنی دروست دەکرا بۆ کێلانی زەوی، زەنگولە ،قادەو بەنقادە،دارکلاوە،قەیناغ ،قەلعە ،خاکە ناس ، پێ مەڕە ،
زەرگال :جۆرە پێلاویك بوو لە چەرمی گای دروست دەکرا،
کلاش : بنی پەڕۆ یان لاستیك بوو سەربان بە بەنی خوری دەچنی
کورتان ، زین و مەعرەگە ،پاشەزین ،گوریس ،کەژی ، بەنقادە ، موو و خوری دەهاتنە رستن دەیانکردە بەن و ریسی دەیانهۆندەوە، گوریس ،کەژی ، بەنقادە یان لێدروست دەکرد،
دەرگا :دەرگای گەورەی دوو دەری دروست دەکران بە بزماری فەرەنگی قایم دەکرا ،کلیل و دۆرە یان پێدەخست ،چەند پشکیان بۆ دروست دەکرد ،هەر دۆرەیەك کلیلی تایبەتی خۆی هەبوو پێدەکرایەوە،جۆنی و دەستە جۆنی هەبوون دانەوێلەیان تێدا دەکوتا،

## پۆشاك و جل و بەرگ :

دورینی کراس و شەروال و دورست کردنی کلاوی بەسامتونی رەنگاو رەنگ،هەروەها کلاوی ئافرەتان وپۆشی و بەر پۆشی ،نەخش کردنی چارۆگ،دروونی قوتکی قەستۆری بەقەیتانی بریقەدار و سیماوی ،دروست کردنی ڕشی جەمەدانی ،ساقەو گۆری نەخشدار،غەرگەی بە لۆکە هاوینان لەبەر گەرمی زستانان لەبەر ساردی لەبەردەکرا،خاولی ،دەستەپەنجە، دۆخین،کر،شال وشەپك رەنگ وچۆغەل ،هەمووجۆرە کوتالێك رەنگ دەکرا زیاتر کەسانی جوولەکە کاری خم ورەنگ کردنیان دەکرد،

**نالْبەندی:** هەر کەسێك ماین و هەسپ و هێستری هەبایە ،ساڵێ جارەك دەبی هەر دوو دەستی واتە هەردوو پێی پێشەوەیان نالدەکرد ،لەبەر ئەوەی سمی درێژ دەبوو سەتمەی دەکردو بەردەبۆوە،یان بنێ پێی بریندار دەبوو ،پەندێکی کوردی هەیە لەسەر ئەو پیشەی لە کوردەواریدا دەلێن:(لەمولکان ئاش ، لە سنعاتان سم تراش ، لەقسان پێش و پاش) ، کارێکە شارەزایی پێویست بوو ، هەندە ئاسان نەبوو ،لەرێزە گوندی بەربنیان یەك نالْبەند هەبوو لەگوندی زەنگەنان عبدوللا نالبەند بەناوبانگ بوو ، هەتا ئێستا ئەو بەرە بابە بە ماڵی نالبەندی دەناسرێن بوویتە نازناویان،

## نەفت (زێڕی ڕە ش )

هەر لە کۆنەوە خاکی عیراق پڕ پیت و بەرەکەتە چ لە ڕووی گشتوکالییەوە دوو رووبار ئاوی دیجلەو فورات بە ناو خاکی تێدەپەرێت ،هەروەهاخاکەکەی پڕە لە جۆرەها کانزوای بە نرخ، زۆر دەولەمەندە بە یەدەکی نەفتی خاو لە ژێر زەوی ،لەعیراق بەگشتی و بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان ،تاکو رووخانی رژێمی بەعسی گۆڕبە گۆڕ هیج بایەخ بە لێکۆلینەوەو دەرهینانی نەفت لە کوردستان نەدەدرا ،بەلام لەدووای ئازادی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بە تایبەتی لە سالانی ئەم دووابیە دا حوکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لە گەل شەریکە جیهانییکان بەستا بۆ دۆزینەوەی بیرە نەفتەکانی ژێر زەوی بیر لێدان و دەرهینانی هەروەها دروست کردنی هێلی راکێشانی بۆری بۆگەیاندنی نەفت غازی کوردستان بۆدەرەوەی وولات داهاتەکەیبە یەکسانی بەسەر گەڵی عیراق دابەش بکرێت ،زۆر نەفتی خاوی ژێر زەوی لە دەڤەری گۆرانەتی دۆزرایتەوە بە تایبەتی لە گوندی بەنێنان و گۆمەزەرد خێلەکی و پیرچاوش و سێکانی،کانی هەسپان ،زەنگەنان ، گردەپان........ .بڕیارە ٤٠ بیری تر بێتە کۆلین لە ملە زورگی رێی سەری کە دەکەوێتە نێوان گوندی کانیلان تاکو دەگاتە گوندی بەنێنان سەر بە قەزای بەردەرەش ،

# لێدوانی پێنجەم:لـێرە و لــەوێ

## لـێرە و لـەوێلەنێوان زیێ بادینان و رووباری خازر

## ـــ مەلا به ناوبانگەکا

پێش هاتنی قوتابخانە رۆلێکی گرنگیان هەبوو لە دەڤەری گۆرانەتی

١ ـ مەلا شەریف ـ لەگوندی بشیریان ٢ـ مەلا عبدالرحیم ـ دارەتوو وەکیل قازی بوو

٣ـ مەلا عبدالله ـ گوندی زەنگەنان ٤ ـ مەلا عەلی خۆشناو قەلاسنجی ـ گوندی زەنگەنان

٥ـ مەلا انوەر گلەشینی ئۆمەر بلی بوو ،باوکی مەلائەحمەدی

٦ ـ شێخ محمد تاهر لەگەندی گردەپانی ٧ـ شێخ مایەر لەگوندی گربدەو

٨ـ مەلا یحیی ـ لەگردەپانی باپیری عبدالغنی و عبدالفتاحی ،

٩ـ مەلا ئەحمەدعمر بەمەلاکاکە دەناسرێ لەگوندی دوگوندانی گەورە

١٠ـ مەلا عبدالله برای مەلا محی الدین لە گوندی گربدەو،

١١ـ مەلا عبدالله لەگوندی زەنگەنان دەکاتە باوکی مەلا عبدالرحمان سۆنێ

ـــ **مهاجرەکانی وانێ**:بەکورتی لەیاداشتەکانی عبدالعزیز القصاب لاپەرە ١٧٤وەرگیرایە لە شەڕی جیهانی یەکەم لەنێوان روس و عوسمانیان هەروەها شەری ئەرمەن و موسلمانان لە وانێ روویدابوو دەلێن زیاتر لە ٨٠ هەزار کەسی کورد بە مال و مندالەوە ئاوارەی دهۆك و موسل ببوون،بە تایبەتی شاری موسل بەردوکان و کۆلانەکان پڕی خەلکی مهاجری کوردی تورکیا ببون، خلیل پاشا والی موسل بوو ،رۆژانە بەدەیان کەس لە برسان دەمردن،شارەوانی جەنازەحیشك و لاوازەکانی لە قەبرستانێ دەشاردەوە ،زۆر لەو مالە مهاجرانە لەشاری موسل وشەبەکستان و دەڤەری گۆرانەتی مانەوە، دووای شکانی تورك گرانیەکی گەورە روویدابوو ،لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم ١٩١٨ حکومەتی تورکیا فەرمانی گەرانەوەی مهاجرەکانی وانی دەرکرد ،پیاوێکی خانەدان ئەندامی ئەنجوومەنی بازێری وان بوو بە خۆ خێزانی و کەسێکی تری لەگەل مابۆوە بە دەڤەری زێبار

رۆیشتبوو پارەی نەبوو بگەڕێتەوە پەو کابرایە گۆتی(کاتی هاتینە موسل ٦ شەش هەزار کەس بووین ،ئستا ئێمە ٣سێ کەسین دەگەڕێینەوە ،ئەوانەی ترلە نەخۆشی و برسیەتی زۆربەی مردن ،هەندێك لە گوندەكان مانەوە ، ئەو قسانەی بە چاوی پڕ گریان دەگێڕایەوە ،ئیستا جۆن بگەڕێمەوە ئەوەندە کەسەمان لەناوچوو بەبێ سەروەت وسامان مایتمەوە پارەی گەرانەوەم پێ نەماوە)،( ٦٢ )

لەئەنجامی شەڕی جیهانی یەکەم ١٩١٤ـ ١٩١٧زۆر کوردی شکاك لە رۆژهەلاتی کوردستان و مهاجری کوردی وانێ لە باکوری کوردستان هاتبوونە دەڤەری گۆرانەتی وشاری موسل ،هەندێ مالە مەسیحی لە شاری وانێ هاتبوونە باشیك ببوونە موسلمان لە ناو شاری باشیك دەژین، مندالانی ئێزدی ناو باشیك ب موسلمانانی ناو باشیکیان دەگۆت: تێسی و بێسی و هەلانە ، هەرسێ گوندێ فەلانە ، تێسی و بێسی و هەلانە ناوی سێ گوندی فەلا بوو لە ولایەتی وانێ هاتبوونە باشیك ببوونە موسولمان ئێستالە ناو باشیك دەژین ،

**ـ ئاغایەتی:** قەزای ئاکرێ و قەزای بەردەرەش مەلبەندی عەشیرەتگەرییەو چەند عەشیرەتی مەزن و بەرچاو لێدەژین وەکو: ـ زێبار ـ هەرکی ـسورچی ـ گۆران، هەرچەندە گۆران لەعەشیرەت گەورەترە بەلام دیاردەی عەشیرەتگەری تێدا هەبوو بەلام ئێستا بەدەگمەن ئەگەر مابێت ـ دەڤەری گۆرانەتی تاکوسالی ١٩٧٠ هەرگوندێك ئاغایەکی تایبەتی خۆی هەبوو ، دەسهەلاتی تەواوی بەسەر جوتیارانی گوندی خۆی هەبوو ، سەرەرای دەسەهەلاتداری حکومەت بەسەر خەلکەکە، یان زۆر بەی ئاغاکان خۆیان کردبوو ئامێری دەستی دەسەلاتدارانی میری ،جێگای متمانەی حوکومەتەکانی سەردەمی خۆیان بوون. گوند نشینەکان ببونە قوربانی دوو دەسەلاتدار(فاقی دوو کەوانە )ئاغا و حوکومەت . هەرگوندێك دانیشتوانی زۆربایە دەیانگۆت ئاغا لەگەل جۆتیارانی باشە لەبەر هەندێ خەلك لای دەحەوێتەوە ، بەلام گوندی گچکەی بێ جووت و گا ، نیشانەی ئەوە بوو ئاغاکەی زێدە خراپە کەس لەکنی ناحەوێتەوە ، بەزولم و تەعدا بووە . هەتا ئێستا بۆنی ئاغایەتی لەهەندێ گوندی دەڤەری گۆرانەتی هەرماوە،چونکی پێکهاتەی زۆربەی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لەسەر بناغەی جینایەتی وبەرەباب دامزرانە،هەرچەندە نەوەکانی ئیستا دوورن لە دەمارگیری و عەشیرەت گەری ،

## هەندێ دیاردەی کۆنی ئاغایەتی :

١- ئاغا خانووی قەسری هەبایە،قەدەغە بوو لەجوتیارانی گوندی خانووی قەسر دروست بکەن ئەگەر حالیانیش خۆش بایە .

٢- ئاغاژن تەرزە قوماشێك لەبەر بکات ،نەدەبوو هیچ ئافرەتێکی گوندی ئەو جۆرە قوماش لەبەربکەن ،جگە لەخانەوادەی خۆیان نەبێت،

هەروەها ئاغای گوند دەستە قاتی بکردبایە نەدەبوو هیچ کەسێك قاتی وەکو قاتی ئاغای لەبەربکات، بە پێچەوانەوە ئەوکابرا ریسواو ئیهانە دەکرا ،

٣- نەدەبوو بەبێ رەزامەندی ئاغای کیژی خۆت بە مێرد بدەی ،

ئەگەر کرمانجی گوندی کیژی خۆی بۆدەرەوەی گوند بەمێرد بدابایە ، دەبێ برِەك لە پارەی نەختی کیژەکە بدرابایە ئاغای ،

٤- لە هەموو رێورەسمی بووك گواستنەوە ،دەبێ مالی بووك بوخچە یان هەمبانەیەك پرِی زلۆبی و ناسکەنان لەگەل قەسپ بۆدیوەخانی ئاغا ببردرابایە ،

٥- ئاغا سەفەری بکردابایە داوای ئەو شتانەی لە کرمانجەکانی خۆی دەکرد (ماست ،هیزەی روونی کارخانە ،بەرخ ،مەرِ ،بزن ،مریشك وکەلەباب ، هێلکە .......) بەبێ بەرامبەر بەخۆرایی لە خەلکی گوندی دەساند ، بەدەست بەتالی نەدەچوو سەرەدانان بەتایبەتی بۆفەرمانگەکانی میری .

٦ـخەلکی ئاوایی هەموو شەوێك دەبوو دوو کەس بەنۆرە پاسەوانی لەکۆچك و مالی ئاغای بگرن تاکو سوبیانێ،

٧- رِاپەرِاندنی گشت کاروباری کشتوکالی و کردەوەکانی تری مالی ئاغای لەسەر ئەستۆی خەلکی گوندبوو بە نۆرە ،

٨- باجی دەخلودانودەرامەتی کشتوکالی (تاپۆ )لە دەیان تەك بۆئاغای بوو.

٩- تاکو شانەی ئاغا رەزامەندی نەدابایە کەس بۆی نەبوو بەرهەمی سالانەی خۆی لە جۆخینێ باتەوە مال ، شانەی ئاغا لەدیار جێزی گەنم و جۆ ودانەوێلەکان رادەوەستا ، ئەوجە جێزیان برِ دەکرد ،هەر لە دە پیوان پیوانێك بۆ ئاغا بوو .

١٠- هەریەکیك لەگوندی بەبێی فەرمانی ئاغای بجوولابایەوە دەهاتە سزادان ،یان گوندی دەردەکرا بە پێی رفتارەکەی ،ئاغا دەستهەلاتی رەهەندی هەبوو لە ناو دەستهەلاتی حوکومەت بە مانای (دەستهەلات لەناو دەستهەلات )بوو .

١١- ئەوانەی دەچوونە حەج وەختی دەگەرانەوە گوندی دەبیوو یەکەم جار بچووبانایە دیوەخانی گوند ئەوجە بگەریابایەوە مالی خۆی .

١٢- زۆربەی ئاغاو میرو شێخەکان حەزیان نەدەکرد مندالی کرمانجەکانیان خوێندەوار بن ،یان رازی نەبوون قوتابخانە لە گوندی بکرێتەوە ،دەیانگوت مندالتان فێری عیلمی شەیتانی دەبن ، بە پێچەوانەوە مندالی خۆیان رەوانەی شارەکان دەکرد بۆ خوێندن و بڕوانامەی بەدەستبینن ،

**ـــ دۆزینەوەی گۆری میرێك:** لەگوندی دارەتوو سەر بەقەزای بەردەرەش لەکاتی جۆت کردن لەنزیك گردی حاجی سلێمانی دەوقورەبەگی دارەتوو قێلێك یان کێلێك لەسالی ١٩٩٧ دۆزرایەوە لەسەر نووسرابوو (قبرا لامیر بهائدین سلیمان بن داؤود مرحف الحمدی توفی فی نصف شعبان ـ اثنتی عشره (ق)،) ئەو کێلەیە دەست بەدەست هاتبوو فرۆشتن تاکوگەیشتبوو وولاتی سعودییەی عەرەبی ، لەرادیۆی ریاز راپۆرتێك لەسەر هاتبوو خوێندنەوە .

**ـ بەرەبابەکانی بنیاد ئێزدین** :لەسەردەمی میرانی سۆران دوو شالاوی گەورە کرابوو سەر ئێزدییان لەدەڤەری گۆرانەتی نەفیر عام کرابوو سەریان لەترسی کوشتن و گرتنی ئیزدیان چەند بەرەباب بوونەئیسلام ، ئیستا پێیاندەگوترێ بنیات ئێزدی.یان شێخانی لەوانە.مالی کورکۆی مام حاجی لەگوندی زێلکەی حتکو ـــ مالی مەلا سابیری لەخێلەکی دادەنیشن

ـــ مالی برایم ئاغایی لەخەبات دادەنیشن ـــ

ـ مالی حجی سمکۆی شێخالکی .باوکی خەلیل موختاری گوندی سەجەرەیان بەمجۆرەیە:(خەلیل ـ اسماعیل ـمیکائیل ـ عنتەر ـ عوسمان ـ عەلۆ ـ زەبین )

شێخانین مالی تر هتد .....

**ـ قڕبوونی منداڵ:** دەگێرنەوە تاکو ساڵانی چلەکان ١٩٤٠ لەسنووری قەزای ئاکرێ منداڵ زۆر کەم بوو بەتایبەتی لەبەر نەخۆشی سۆریکە ، کەدەهات منداڵی هەموو دەکوشت پەندەك هەیە دەڵێن ،عومر درێژی لەدوای سۆریکە جوانی لەدووای خوریکە لەسنووری قەزایئاکرێ تەنها ٣ سێ ناڵ نەبێت منداڵیان بەسۆریکە نەدەمردن لەئاکرێ دیار بوون ببونە بەنیشتە خۆشەکەی سەر زاریخەڵك ئەمانەن

١ ـ ماڵی ساسۆنی جوولەکە لەئاکرێ ٩ منداڵی هەبوو

٢ـ ماڵی سمایل ئاغای روڤیا ٩ منداڵی هەبوو

٣ ـ ماڵی حاجی مستەفای لەگوندی کەونەباك ١٠ منداڵی هەبوو

**ـ گوندی هەزار جۆت** :گوندی هەزار جۆتی ، دەکەوێتە سەر ئاوی خازر لەنێوان جسری حەسەنیوکۆمەڵگەی خەلیلکان لەکۆنەوە هەزار گا جۆت لەگوندی دەرکەفتینەبۆ جۆت کردن لەبەر هەندێ بەهەزار جۆت ناودەبرێ خانێ لەب زێرین یان ئەمیرخانی موکریانی لەو گوندەلەدایك بووە وبەرەوئێران بەرێکەوتییە لەدەسپێکی بەیتیقەڵای دمدم دەڵێن :ـ خانەك رابوو هەزار جۆتی ـــ ماڵ و ملکێ خۆ فرۆتی

گوندی هەزار جۆتی ١٠٠ سەد ماڵ زیاتر دەبێت هەمووی گۆرانن ساڵی هەفتا کان چەند ماڵە زێبار حۆیان بەسەر گوندی داسەپاند، سەر بەناحییەی رۆڤیایە لەقەزای بەردەرەش دەڵێن :کەریم خانی کوری محمود بەگی خەلیفەی بە رەچەڵەك خەڵکی گوندی هەزار جۆتیە لەبەر بابی ماڵێ خانۆی لەب زێرینە.

## قۆناغەکانی خویندن لەحوجرەی فەقێیان

دووای ختم کردنی قورئانی پیرۆز ئەوبابەتانە دێتە خوێندن: دەست بەخوێندنی عەقیدەو ئەحمەدی دەکاتفتح القریب /شەریعەتە، عوامل جورجانی/نحو بناء/صرف عوامل پاش ازهاری/نحو عزی/صرف ابن القاسم/شرحی فتح القریب ان الموجز/نحو منهاج/شریعە تصریف مەلاعەلی/صرف وصع/علم البیان استعارە/ نحو اعانە/شریعەت ، هەتا ئەو کتێبانەی سەرەوەتەواو دەکات هەرناوی فەقێیە

نزیکەی شەش سالان دەکێشی   ئەنجا شەش سالی دیکە دەخوێنی بە مستەعید ناودەبرێ مافی هەیە لەو شەش سالەی داهاتوو  سەلتەو کەوای لەبەر بکات لەو شەش سالەی داهاتوو ئەو کتێبانە دەخوێنی: ــ  جامی/ نحوـ فناری ــعیلم البیان ـ بەدرێژی  شرح الشمس ـ شرح  عقائد  علم البیان  وملکیات  ومختصر عیلم البیان ــ و ملکیات لەلای مەلایەکی زانا شەش سال دەخوێنی بە فەقێیاتی و شەش سال بە مستەعیدی دەکاتە ۱۲ سالی تەواو دەخوێنی  ئەنجا بە فەرمی چەند مەلایەکی ناودار رێورەسمی مەلایەتی بۆ دەگێرن سەلتەو کەواو مەندیلی سپی لەبەری دەکەن دەبێت بە مەلای فەرمی،خەرجی رێورەسمەکەلەئەستۆی ، موسوڵمانیخێرخواز دەبێت ــ ( لەگێرانەوەی مەلا رەشیدخەلیفە مەلای گوندی زەنگەنان قەزای بەردەرەش  )

**کەریم خان کوڕی مەحمودبەگی خەلیفە :** بەئەسل دەگەرێنەوە بۆگوندی هەزارجۆ لەدەشتی ناوکور سەر بەقەزای بەردەرەش ،لەبەرەبابی مالی خانۆی لەپ زێرینەشۆرشی قەلای دمدمی بەرپاکردبوولەکوردستانی ئیران ،خانۆی لەپ زێرین بەئەسل خلکی گوندی هەزارجۆتی یە لەدەشتی ناوکور   سەربە قەزای بەردەرەش، خانۆی لەپ زێرین گوندی هەزارجۆتی بەجێدەهێایت دەچیتە   کوردستانی ئیران،

**ـــسولەیمان بەگ لەسەردەمی** میریسۆران سولەیمان بەگ وەکیلی میرمەحەمەدیمیری رەواندزیبوو ،لەگوندی کەونەباکی دادەنیشت خەرج وخەراجی دەشتی ناوکورێ کۆ دەکردەوە بۆمیری سۆرانی رەوانەی دەکرد لەرەواندزێ، هەتا ئێستا خرابەیەك هەیەلەگوندی کەونەباکی بەناویخرابەی **سولەیمان بەگ** ناودەبرێ دەکەوێتە خواروی گوندی کەونەباکی لە قەزای بەردەرەش سولەیمان بەگ چەند کاری چاکەی ئەنجام دابوو لەوانە :ـــ هەندە مالە خدری لەگوندیزەنگەنان بوون دووای چارەسەرکردنی کێشەکانیان گەراندییەوە گوندی پیرچاوش ـــ هەندێ مالە زەنگەنان لە گوندی کەونەباکی بوون گەراندییەوە زەنگەنان

**جیهاد دژی روسیا:** بەسەرۆکایەتی شێخ نور محمدامین بریفکانی کەدەکاتەبرایشێخ عبدالرحمن ئەتروشی کۆمەلەکەسێکی دەڤەریگۆرانەتی پشکدار ببوون لەو غەزایە هەتاکو سەرجسری کێلۆ بازێ چووبوو بەلام بروسکە هاتبوو
روسیا گەڕایتەوە ناوی ئەوکەسانەی لەگوندی زەنگەنان بەشداریان کردبوو ئەوانەن
١- جبرائیل ابراهیم، بابی حاجی عەمەرجبانی ٢ - عبداللە رەسول
٣- خال عباس ،باوکی امین هەباسی/ لەگوندی زەنگەنان
٤- مکۆ زەینێ ،باپیریمقداد عیسا /خەبات ٥ - سلۆی برای محمد شەریفی

**- شوکورئاغایشکاک** لەدەسپێکی سەدەی بیستەم بەگشتی ژیانی مرۆڤ شلەژاو تێکچووبوو ئەویش گاریگەری هەلگیرساندنی شەڕی گیتی یەکەم بوو زۆر خەلك ئاوارە بوون برسی یەتی و قات و قڕی جیهانی داگرتبوو ،بۆیە زور شوێنی کوردستانی گەورە و ناوچەکانی کۆچرەوی تێدا روویدابوو ئەوانەی ئاوارەببون کرابوونە دوو بەش یان شکاك بوون لە رۆژهەلاتی کوردستان بەرەو باشوور هاتبوون یان مهاجر بوون لە باکوری کوردستان لە دەڤەری وانی هاتبوون لە کوردستانی باشوور ئاکنجی ببوون بە تایبەتی لە دهۆك موسل بەلاوببوونەوەلەدووای شکست هێنانی شۆرشی سمکۆی شکاك لە کوردستانی رۆژهەلات شکور ئاغای برای سمکۆی شکاکی هاتبوو گوندی جوجەر لەدەڤەری گۆرانەتی نیشتە جێ ببوو هەندێ مالی رۆستەم بەگی لەگوندی بەنێنانێ دادەنیشن ئەوانیش بەشێکن لەعەشیرەتی شکاك . لەدەوروو بەری سالی ١٩١٦ شوکری ئاغاو رۆستەم بەگ لەگەل چەند پیاو ماقولانی دەڤەری گۆرانەتی ، بەرەو کوردستانی رۆژ هەلات بەرێ کەوتبوون بۆ دلنیا بوون لەخزم و کەسو کاریان گەیشتبوونە گوندی پەسوە لای قەرەنی ئاغا مێوان ببون کەدەکەوێتە نزیك شاری خانێ لەبەر نائارامی بارو دۆخەکە گەرابوونەوە . گۆری خوا لێحۆش بوو شوکری ئاغای برای سمکۆی شکاك لەگوندی رۆڤیە یە لەناو تەکیەی مالی شێخ غبدالعزیزی رۆڤیەیە

**کوشتنی دوو فەقێ:** دەگێرنەوەلەسەردەمی عوسمانلیەکان دوو فەقێ لە کانی ماسێ بۆ خوێندن دەگەران گەیشتبوونە نزیك گوندی گودادی بناری چیای مەقلوبی شێخان شەویان بەسەرداهاتبوو ،لایاندابوو گوندێك نەیانزانی دانیشتوانی ئێزدی بوون، شەو لەوێ مانەوە ، خانوخۆی مالە ئێزدییەکە بانگی چەند کەسیکی نزیکی خۆی کردبوو پیلانیان دانا ئەو دوو فەقێ یە بکوژن ،هەردوو فەقێ یەکە بەخۆیان حەسیان ئەوشەو دەکوژرێن هیچ مەفەریان نەمابوو ،قورئانێك لایان بوو نووسراوێکیان نووسی لەناو دەقی قورئانەکەیان دانا ،ئەو شەوی هەردوو فەقێیان کوشت لۆ بەیانی قەوالی گوندی وادەدینی دێلە سەگ گوجیلەی خۆیان لەگوندی بۆ دەرەوە دەگواستنەوە هەر وەهاپشیلەو بالەفڕەکانیش نارحەتن جموجۆلیان نائاسایی ،قەوالی ئێزدی بانگی خەلکی گوندی کردگۆتی:کارێکی نارەوا یان زولمێکی گەورە لەوگوندەی ئێمە روویدایە پێم بلێن ،بەسەرهاتی کوشتنی دووفەقێ یەکەیان گێرایەوە ،گوتی مالمان کاول دەکرێت حەیوان وبالندە وا لەگوندی باردەکەن غەزەب بەسەرمان دەباریت ،خودان مال رۆژەکی قورئانەکەی فەقێ یانی بردبوو شاری موسل بفرۆشیت ،کەسێك هات بکریت نووسراوەکەی نادەقی قورئانی خوێندەوە رووداوی کوشتنی دوو فەقێ تێدایە ،یەکسەر ئاگاداری دەستهەلات کرایەوە و نەفیر عام بۆ ئەو گوندی دەرچوو ،هێرش کرایە سەر ئێزدیان ئەوەیگیرا وکوژراو یەخسیرکرا ،کەسی ئێزدی قوتار نەبوو ،تۆلەی دوو فەقێ یە بێ تاوانەکە کرایەوە،

لە سەردەمی عوسمانیەکان زۆر جاران بە ناوی دین نەفیر عام دەکرا سەر ئێزدخانە لێرە دەستهەلاتداری عوسمانی دەیویست کوردی ئێزی سەرکوت بکات بۆ ئەوەی بەسەر میرەکانی ئامێدی زال بێت ، چونگی ئێزدی هێزێکی کوردی بەرچاو بوون، وەکو پارسەنگ لەهەر لایەك بانایە ئەولا سەردەکەفت .

# ژیانی نووسەر



ـ له سالی ١٩٥٤ له گوندی زەنگەنان سەر بە قەزای بەردەرەش لەدایك بوومە لە سالی خوێندنی ١٩٦١ـ ١٩٦٢ لەپۆلی یەکەم سەرەتایی وەرگیرام ، لەسالی ١٩٧١ قۆناغی ناوەندیم لە بەردەرەش تەواو کرد ،لەساڵی ١٩٧٢ لە ئامادەیی هەولێری کوڕان قوتابی بووم ،

ـ لەساڵی١٩٧٤ بە خێزانەوە پشکداری شۆڕشی ئەیلوولی مەزنمان کرد، ئاوارەی ئیران بووین،پاشان دوورخراینەوە بۆ باشور سالێك و نیو لە پارێزگای ناصریە ماینەوە ، پۆلی شەشەمی ناوەندیم بەشی وێژەی لە دوواناوەندی قەزای رەفاعی تەواوکرد

ـ لەساڵی ١٩٧٧ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی پارێزگای ناصریە وەرگیرام :

ـ لەساڵی ١٩٧٧ مانگی٥ لە باشوری عیراق هاتینە گواستنەوە بۆگۆمەلگای شاوێس

ـ لەسالی ١٩٧٨ پۆلی دووەمی پەیمانگام لە پارێزگای هەلێر تەواو کرد

ـ لە ١/١٠/١٩٧٨ بۆیەکەم جار بەمامۆستا لەگوندی بەبێل سەر بەقەزای مێرگەسۆر دامەزرام هەروەها مامۆستا بوومە لەو شوێنانە : گوندی شێتنە /دیانا هەردوو گوندی سپیگرەو سۆلاوکە لە دەڤەری خۆشناوەتی هەروەها لە قوتابخانەی گارە لە گۆمەلگای شاوێس ،

ـ دووای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ گەراینەوە گوندی زەنگەنان/ قەزای بەردەرەش

ـ لەسالی٢٠٠١ بووم بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ ،

ـ لە سالی ٢٠٠٨ پەروەردەی قەزای بەردەرەش دامەزرا ،ئێستا لە پەروەردەی قەزای بەردەرەش سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەرەتیم بابەتی بیرکاری .

## بەرهەمەکانی نووسەر:

١. لاوك ستڕانێ کوردەواری سالی ١٩٩٨ لە وەزارەتی وۆشنبیری چاپکرا

٢ ـ پەندی پێشینان وبەسەرهاتی کوردی سالی٢٠٠٦ لە وەزارەتی وۆشنبیری چاپکرا

٣. هەقایەت وئەفسانەی بەرئاگردانی کوردەواری سالی٢٠٠٩لە دەزگای مۆزیك کەلەپوری کورد چاپکرا

٤. کەلەپوورنامەی کوردەواری سالی ٢٠١٠ لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپکرا

٥. پێنج داستانی کوردەواری سالی٢٠١١ لە وەزارەتی وۆشنبیری چاپکرا

٦. گۆران لەنێوان زێی بادینان رووباری خازر ٢٠١٤چاپکرا

٧ـ فەرهەنگی ووشەکانی قورئانی پیرۆز پەیڤ و رامان سالی ٢٠١٤چاپ

٨. رێبەری ماموەستای بیرکاری قۆناغی سەرەتایی لەپەروەردەی پاکری بەلاوکرایەوە

٩. ئامۆژگاریەکانی ژیان دەستنووسە لەبەر دەست دایە بۆ چاپ

١٠. کوردی شەبەك لە پارێزگای مو سل لەبەر دەست دایە بۆ چاپکردن

## سەرچاوەكان


١. باسيل نيكيتين . (الاكراد ) دار الرائع بيروت ص ٢٠

٢ - الدكتور مسعود محمد (لسان الكرد)بغداد ١٩٨٧ ص ٨

٣ - احمد شوكت الشبك الكورد المنسيون چاپی ٢٠٠٣ ل ٢٩ كتێب بەزمانی عەرەبی

٤- احمد عونی ترجمه كتاب (تاريخ الدول ولامارات الكرديه ) محمد امين زكی بەگ

٥ - احمد حامد العراف .الشبك مگبعه المعارف بغداد ١٩٥٤ ص ١٢

٦- باسيل نيكيتين . (الاكراد ) دار الرائع بيروت ص ٢٠

٧ - سليمان سائح تاريخ الموصل ج١ المگبعه السلفيه مصر ١٩٢٣ ص٢٤

٨- ياسين حسن گۆران نووسەری ئەم كتێبە ،

٩ - احمد شوكت سەرچاوەی پێشو ل ٣٠

١٠ - ياسين حسن حسين گۆران سەرپەرشتياری پەروەردەی بەردەرەش

١١ - مێژووی پۆلی يازدەی وێژەیی / پرۆگرامی خوێندن - هەرێمی كوردستان ل ٢٢

١٢- ياسين حسن حسين گۆران سەرپەرشتياری پەروەردەی بەردەرەش

١٣ ـ مەلا جەميل بەندی رۆژبيانی تاريخ الگۆرانيون دەست نووس

١٤ ـ باسيل نيكيتين الاكراد چاپی بەيروت دار الرائع لاپەرە ٢٦٢

١٥ـ باسيل نيكيتين الاكراد چاپی مۆسكۆ ١٩٦٤ لاپەرە٢٢٤

١٦ـ الكورد و گۆران سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٧٦

١٧- عبدالكريم ئەفندی هۆزێت كورد چاپی١٩٩٦ دهۆك

١٨ـ - گەشتەكەی مێجەرسۆن لە نێوان دووئاوان وكوردستان لە وەلگێرانی ميرزا غولام شيرازی و فۆاد جميل ج١ بغداد ١٩٧٠ ص ١٣٨

١٩ـگ.پ.اكويف (هاكۆپيان ) الكورد الگۆران ولە فارسيەوە نزار ئەيوب گولی لاپەرە٣٧

٢٠- رۆژنامەی ئيتحاد (جريده الاتحاد)بەزمانی عەرەبی - ی.ن.ك يەك شەممە


رێكەوتی٢٠٠٩/٨/٢٣ لەنووسين محمد مندەلاوی

٢١ ـ سعيد مەموزينى  كتێبى موسل وكورد لە دوواى ئازادى چابى ٢٠٠٨ ل٧

٢٢ ـ فۆاد حمە خورشيد اللغە الكرديە التوزيع الجغرافى للهجاتها ل ١٠ سنە ١٩٨٣

٢٣ ـ سەرچاوەى پێشوو فۆاد حمە خورشيد ل١٥

٢٤ ـ زبير بيلال اسماعيل (تاريخ اللغە الكرديە ) گبع ١٩٧٧ بغداد ص ٦١

٢٥ ـ ياسين حسن گۆران سەرپەرشتيارى بنەرەتى لە پەروەردەى قەزاى بەردەڕەش

٢٦ ـ فۆاد حمە خورشيد سەرچاوەى پێشو  ل١٩

٢٧ ـ هەمان سەرچاوەى پێشوو  ل٢٠

٢٨ ـ عبدالرحمان هەژار موكريانى (شەرەفنامە)ى بدليس چاپى كوردى ١٩٧٢

٢٩ ـ زبير بلال اسماعيل (تاريخ اللغە الكرديە )مگبعە حوادث بغداد ١٩٧٧ ص ٧٠

٣٠ ـ زبير بلال اسماعيل سەرچاوەى پێو ل ٦٢

٣١ ـ هەمان سەرچاوەى پێشو ل ٦٣        ٣٢ ـ هەمان سەرچاوە

٣٣ ـ ياسين حسن حسين

٣٤ ـ فۆاد حمە خورشيد سەرچاوەى پێشو ل٤٤

٣٥ ـ عدالستار گاهر شريف ـ المجتمع الكردى ـ منشورات جمعيە اليقافەالكرديە ص٤٤

٣٦ ـ ياسين حسن گۆران سەرپەرشتيارى بنەرەتى  لە پەروەردەى قەزاى بەردەرەش

٣٧ ـ احمد شوكت الشبك سەرچاوەى پێشو ل٨٤

٣٨ ـ ياسين حسن گۆران سەرپەرشتيارى پەروەردەيى قەزاى بەردەرەش ،

٣٩ ـ لە زارى چەند رۆشنبيرێكى دەڤەرى گۆران وەرگيرايە ،

٤٠ ـ دكتۆر شاكر خصباك  العراق الشمالى مەتبەعەت شفيق بەغداد لاپەرە٣٣

٤١ ـملحمە الموسل تحقيق وتعليق سعيد الديٚوەچى ص ١٩

٤٢ ـ حسين حوزنى موكريانى مێژووى ميرانى سۆران هەولێر١٩٦٢ لاپەرە ٦٦

٤٣ ـ ممتاز عمر ئاغا تاريخ الموسل فى زمن العتمانى ٢٠١٣ لاپەرە  ١٤٧

٤٤ ـ بارزان والحركە الوعى القومى بە پێنووسى  پێ رەش ،

٤٥ ـ شەرەفنامەى شەرەفخانى بەدليسى /مامۆستاهەژار موكريانى بۆ كوردى،لاپەرە  ٢١٥

٤٦ـ هەمان سەرچاوەیپێیشو لاپەرە ٢٢٢
٤٧ـ سەرژمێری رێکخراویwfpبۆ خۆراك لە سالی ١٩٩٧،
٤٨ـ پارێزەر جمال بابان ( اسماءالمدن والمواقع العراقیه ) لاپەرە٤٥
٤٩ـ السید سولتان عەلی رفاعی دفین بغداد، دەست نووس سەید فاخر الرەفاعی.
٥٠ـ گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە ( ٨ ) ساڵی ١٩٩٨
٥١ـ سەرچاوەی پێشوو
٥٢ـ سەعید مەموزینی بەرکولێك لە مێژووی کورد و کوردستان چاپی ٢٠٠٧
٥٣ـ سعید الدیوەچی تاریخ الموصل جزئ دووەم لاپەرە ٤٥٩
٥٤ـ ابن الحوقل ابو القاسم النصیبینی صوره الارص ص ١٩٦
٥٥ـ گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە ( ٨ ) ساڵی ١٩٩٨
٥٦ـ ممتاز عمر ئاغا،الموسل من ١٥١٦ـ١٩١٨ز فی زمن العتمانی ٢٠١٣ لاپەرە ٢١٤
٥٧ـ پارێزەر جمال بابان ( اسماءالمدن والمواقع العراقیه ) بەشی یەکەم لاپەرە ١٩٦
٥٨ـ یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزای بەردەرەش ،
٥٩ـ هەلوێست قادر (یهود کوردستان ) لاپەرە ٢٧
٦٠ـ بشار واسق العبوسی حیاه یهود کوردستان ،
٦١ـ گۆڤاری خازر ژمارە ٣سێ بابەت تەکیەی رۆڤیا ،
٦٢ـ ممتاز عمر ئاغا تاریخ الموسل من ١٥١٦ـ١٩١٨ز چاپی ٢٠١٣ لاپەرە ٤٠٦

**⋆ بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکان سوود لەوسەرچاوانە وەرگیرایە ،**

- مێژووی کوردو کوردستان بە شی یەکەم، محەمەد مردۆخ.
- خلاصه تاریخ الکرد وکردستان من اقدم عصور التاریخ حتی الان، ئەمین زەکی بەگ.
- مێژووی کورد لەسەدەی ١٦ شازدەهەمدا، د. شەمسەدین محەمەد ئەسکەندەر.
- الاکراد فی کتب البلدانین والرحاله والمسلمین ، زبیر بلال اسماعیل ١٩٩٨.
- الکامل فی التأریخ، لابن ئەسیر، بەشی هەشتەم.
- الاکراد فی بادینان، انور مائی.

- شاهنامەی فیردوس، ملحمه فرس الكبری.
- عیمادەدین زەنگی، د. عیمادەدین خەلیل.
- چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری خازر
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆری ژمارە (٣)
- عشائر كوردستان كۆمەڵە توێژینەوەیەك ٢٠٠١.
- ئیمارە بادینان، كاوە فەریق ئەحمەد شاوول ئامێدی.
- ئیمارە بادینان ئەلكوردیە، صدیق الدملوچی
- ئیمارە بادینان العباسیە، مەحفوز ئەلعەباسی.
- اكراد بادینان، انور مائی
- الاكراد زبێر بیلال ئیسماعیل.
- غەرائب الئەسەر، لە كتێبی یاسین ئەلعومەری
- گۆڤاری رامان، ژمارە ٣١ لاپەرە ١٧٣.،
- كتێبی گەرید ئولیڤەیەی فەرەنسی ١٧٩٤-١٧٦٩
- د عبدالواحید مشیر دزەیی زاراوە كوردییەكان چاپی ٢٠١١ ل ٨٥
- الگۆیان المۆلف اسماعیل عمر الگۆیانی ٢٠١٣ میلادی
- القبائل الكردية فى الامبراطورية العثمانية ن/مارك سايكس ٢٠٠٧

**تەمەندارەكانی دەڤەری گۆرانەتی: وەكو سەرچاوە سوودم لێیان وەرگرتیەئەمانەن:**

١- ئەسەف مەحمود لەگوندی دارەتوو. ٤- مەحمود نادر سلیمان / كەلەك.
٢- محەمەدئەمین یاسین ئاغا گومەزەرد. ٥- حەسەن مەدێ حەسەن لە گوندی چەمە.
٣- مەلا عەبدولرەحمان تاها گوندی دارەتوو. ٦-عەبدولسەلام نادر مەلا گوندی بەنێنان.
٧- عەبدوللا قادر ئاغا زەنگەنان. ٨- حاجی نوری سەلیم گوندی كەونەباك.
٩- عەمەرە بۆت دانیشتووانی گوندی دووسەرە.
١٠- مامۆستا یونس سەرپەرشتیاری پسپۆری، كەلە كچی

١١- خەلیل ئیسماعیل میکائیل، شێخالك. ١٢- ڕەشاد مەنسور گەویلانی کوردان.
١٣- ئەمین حوسین ئیسماعیل گەویلان. ١٤- گوێخا فەتاح صالح ، بەردەرەشی گچکە.
١٥- حاجی محەمەد عەلی، بەڕدەرش. ١٦- کەریم مشیر ئاغا، گوندی بامەرزێ
١٧- سەعید دینارانی، گوندی دیناران. ١٨- سەعید شاوێلی گوندی زەنگەنان.
١٩- شێخ ئەسعەد شێخ حتۆ سورچی، ٢٠-سەیدئەمین عەلی، گوندی چەمە.
٢١- عەبدولعەیز تالۆ، گوندی قاتسی گەورە
٢٢- موستەفا مەلا ڕەحیم دولەمەڕی، گوندی بەبێل، مێرگەسۆر.
٢٣- سەعید ئەحمەد عەزۆ دۆلەمەری، گوندی شێتە، دیانا.
٢٤- بەکر ئاغا/ گوندی بەنێنان ، ٢٥ - عوسمان ئاغا/ گوندی گۆمەزەرد.
٢٦/ اسماعبل احمد خدر- سەرپەرشتیار٢٧ محمدامین یوسف قاسم سەرپەرشتیار
٢٨- حاجی میران محەمەد بەنێنانی ،٢٩- حاجی وەسمان کاکل بەنێنان
٣٠-محەمەد خدر باوکی دکتۆر خدر٣١ - سەید ئەمین علی /ناحیەی روڤیا
٣٢ماموەستا عبدالقادر عبدالله /بەردەڕەش
٣٣-سەید مجید سەید عیسی/ بەردەڕەش
٣٤-سەید جەلال سەید ئەمین / بەردەڕەش
٣٥- شێخ جەلال نجم الدین /جوجەری کچکە

ئامادەکردن و نووسینی :

یاسین حەسەن حوسێن گۆران

ســـەرپەرستیاری پەروەردەیی لە پەروەدەی قە زای بەردەڕەش

بە پشتەوانی خودای گەورە ٢٠١٤زاینی تەواو بوولەگەل ڕێزم


نەخشەی دەڤەری گۆرانەتی
ئامادەکردنی یاسین حسن گۆران
ئاکرێ
شێخان
موسل
حەمدانیە
پارێزگای هـــەولێر


MORAD
پاریزگای نەینەوا
کانیلان
شیخالك
زیکناو
گومەزەرد
بلاجمان
خاروك



# گـــــــــۆران

## له نێوان زێی بادینان و رووباری خازر

ياسین حەسەن گۆران

دەڤەری گۆرانەتی پانتاییەکی پان و بەرین و گەورەی بە خۆوە گرتییە،دەکەوێتە نێوان زێی بادینان لەرۆژهەلاتەوە ، تاکو دەوروبەری رووباری خازربەلای رۆژئاواوە ،

گۆران عەشیرەت نییە ،سیمایەکانی عەشیرەتگەری پێوە دیارنییە ،بەلکومیللەتێکی بەرچاوە بەشێکی گەورەیە لە بادینان ، گۆران لە چەند عەشیرەتێکی گەورەو تیرەو بەرەبابێکی زۆری کوردی رەسەن پێکهاتییە. ئەو دەڤەرە زۆر دەولەمەندە بەئەدەبی سەرزاران و کەلتوور و داب و نەریتی کۆنی رەسەنی کوردەواری لە خۆگرتییە.

هەروەها شوێنەواری مێژوویی جاخەکانی کۆنی تێدا بەرچاوە ،بەتایبەتی خرابەوگردە دەستکردەکانی ناو دەشتی ناکور کە دروست بوونی بۆ سەردەمی میدیاکان و ئەسکەندەری مە قدۆنی دەگەرێتەوە

شەڕی گۆگامیلا لەسالی ۳۳۱پ ـ زلە نێوان هەردوو ئیمپراتورییەتی یونانی و فارسی لەناو جەرگەی دەڤەری گۆرانەتی رویدابو ،

دەڤەری گۆرانەتی بە تایبەتی دەشتی ناوکور بە رێگای هاتوو چۆی ومەلیك و شاهان دەناسرێت ، رێگای کاروانی بازرگانان و لەشکرکێشی بووە ، لە کۆنەوە پێش سالی زاینی بە رێگای حەریر ناودەبرا ، لەدووایيدا بەپێی توانای خۆم وەکو تاکێکی دەڤەری گۆرانەتی هەولمدا ئەو زانیاریانە بنووسمەوە هیڤیدارم پێناسەیەك بێت وەکو ناسنامەی مێژوویی دەڤەری گۆرانەتی لەدوارۆژدا ببێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی ئەم دەڤەرە ، هەرکەموکرتییەکی هەبێت لێم ببورن ، لە گەل رێزم .......

ياسین حەسەن گۆران

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی قەزای بەردەڕەش